# چاوپۆشینێك لە ئێستا

# و

# تراجیدیایەك بۆ سبەی

نووسینی: هەژێن



سەرنجدانێکی ڕەخنەییە لە پەرتووکی
"نیگایەك لە ئێستا و خەونێك بۆ سبەی"ی
مەریوان وریا، ئاراس فەتاح،
بەختیار عەلی، ڕێبین هەردی



لە بڵاوکراوەکانی سەکۆی ئەنارکیستانی کوردستان
ئەپریلی ٢٠١١

بەرایی

خوێنەرانی هێژا، ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە، سەرنجدانێکی ڕەخنەییە لە پەرتووکۆکەی گیرفانی "نیگایەك لە ئێستا خەونێك بۆ سبەی" نووسینی ( مەریوان وریا، ئاراس فەتاح، بەختیار عەلی، ڕێبین هەردی)، پاشکۆی ڕۆژنامەی ئاوێنە، چاپخانەی ئاوێنە، چاپی یەکەم- ٢٠٠٩.

لەوانەیە ئەم پرسیارە بۆ خوێنەری هێژا بێتە پێشەوە: ئەم سەرنجدانە پاش ماوەیەکی زۆر، بۆ لە ئێستادا و ئامانج لەم کارە چییە؟

ڕاستییەکەی، پارساڵ هاوەڵێکم زەنگی دا و هەواڵی بڵاوبوونەوەی ئەم پەرتووکۆکە گیرفانییەی پێڕاگەیاندم و وتی من پەرتووکۆکەکەم بۆ هاتووە و لەم ڕۆژانەدا لە خوێندنەوەی دەبمەوە، بە ڕای من خراپ نییە بیخوێنیتەوە! منیش لەبەرئەوەی کە لە سەروبەری هەڵبژاردنەکاندا بوو و لەلایەن چوار نووسەرەوە نووسرابوو، دەستم بە خوێندنەوەی کرد و پاش خوێندنەوەی، گەیشتمە ئەو بڕوایەی لەبەرئەوەی هەم جیهانبینی و هەم تەواوی پێکهاتەی هزری نووسەران دەخاتە ڕوو، بە پێویستم زانی شتێکی لەسەر بنووسم. بۆ ئەم مەبەستە کەوتمە هەوڵی پەیداکردنی پەرتووکۆکەکە بە شێوەی فایلی ئینتەرنێتی، ئەوەش لەبەر دوو هۆ: یەکەم، گواستنەوەی بەشە ڕەخنە لێگیراوەکان وەك خۆیان، دووەم، دیاریکردنی هەژماری دووبارەوەبووی هەڵە زمانەوانییەکان. بۆ ئەو مەبەستە داوام لە کۆمەڵێك هاوەڵ کرد، بەڵکو لە شێوەی فایلی ئینتەرنێتی (Word, HTML, PDF) بۆم پەیدا بکەن، بەڵام بەداخەوە، ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوم بەدەست نەهێنا و پاش چاوەڕوانییەکی زۆر، دواجار لە ئۆگوستی ئەم ساڵ ٢٠١٠ پاش نائومێد بوونم لە دەستکەوتنی نووسینەکە بەو شێوەیە، بڕیاری دەستبەکاربوونم دا و ئەم بابەتە دووروودرێژەی لێکەوتەوە. ڕاستییەکەی ناچار بوونم بە نووسینەوەی

ڕستە و پەرەگرافگەلێك، کە لەڕووی زمانەوانەوە، هەڵەیان تێدا ببینم، زۆر ئازارم دەدات و لە لای من لە بێگاری گەلێك سەختترە، هەر ئەوەش بووە هۆی دواکەوتنی ئەم بابەتەی بەردەست.
وەها ناچاربوونێك بۆ خۆی بەرهەمی قۆرخکردن و دەستکۆتاکردنی خوێنەر و ڕەخنەگرە، کە نووسەران بەگشتی لەبەر دوو هۆ پەنای بۆ دەبەن: یەکەم، قۆرخکردن بە مەبەستی دارایی واتە فرۆشتنی فرەتری بەرهەمەکە، دووەم، بەمەبەستی ڕێگری لە ڕەخنە و سەرنج، کە ئەوڕۆکە دونیای ئینتەرنێت یەکێکە لە مەیدانە بەرچاوەکانی ئەو بوارە و کەسانێك کە لە ڕەخنە دەترسن، هەوڵی بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانیان لە ئینتێرنێتدا دەدەن، بەڵام بە پێچەوانەوە بە خۆیان و کەسانی دەوروبەریان بۆ پیاهەڵدانی بەرهەمەکانیان لە ئینتەرنێتدا هاندەدەن و ئەمەش بووەتە یەکێ لە نەخۆشییە دیارەکانی سایت و بلاگە کوردییەکان؛ پیاهەڵدان و شوێنکەوتنی قەرەباڵخی، کە زۆرێك بەبێ خوێندەوەی بابەتی نووسەرێك، تەنیا لەبەر قەبەیی ناوەکەی لە ماسمیدیای کوردیدا، دەروێشئاسا دەکەونە جووینەوەی وشە هەزاربارەوەبووەکانی و نووسەرەکە و شاگردەکانی.

لە وەها بارێکدا ناچار بووم و دەستم بە نووسینەوەی سەرنج و ڕەخنەکانم لە دوو بەشدا: (بەشی ناوەڕۆك، بەشی زمانەوانی وەك پاشکۆ). هەرچەندە سەرنج و ڕەخنەکانی من دووردودرێژن، بەڵام بە مەبەستی شکاندن و ناچارکردنی قۆرخگەران، هەوڵ دەدەم لە ئینتەرنێتدا بەش بەش بیانخەمە بەرچاوی خوێنەران و هیوادارم خوێنەرانی هێژا بەسەر هەڵە و لاوازییەکانی مندا تێنەپەڕن و زوو ئاگادارم بکەنەوە. هەروەها لێرەوە دەخوازم بە خوێنەرانی هێژا بڵێم، ئامانجی من لەم کارە وروژاندنی قسەوباسە لەسەر بابەتگەلێك کە بەداخەوە لەژێر کارایی هەڵای ماسمیدیا و پاشماوەی خۆشباوەڕی بە هێزگەلێك [چ ئەوانەی کە دوێنێ بەرهەڵستکار بوون و ئەوڕۆ قۆرخگەری

دەسەڵاتن، چ ئەوانەی ئەورۆ بە فریودانی خەڵکی نارازی دەیانەوێت بگەنە پارلەمان و پلەوپایەکانی دەسەڵاتداری و بەدەستهێنانی بەشێك لە تالانی و گەندەڵی] لە پانتایی ڕۆشنبیری کوردیدا نەبوونەتە جێی مشتومڕ و لەبەر ڕۆشنایی خواست و بەرژەوەندی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا هەمەلایەنە لێیاننەکۆڵدراوەتەوە و شینەکراونەتەوە.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەو تێبینییە بە خوێنەرانی هێژا بدەم، هەڵەی ناو ئەو تێکستانەی هێڵیان بەژێردا هاتووە، وەك دەستپاکی بەرامبەر دەقی لێوەرگیراو و وەك نیشاندانی کلۆڵی نوسەران لە کوردینووسیندا، هەولمداوە و خۆم ناچار کردووە، کە ئەو بەشانەی وەرمگرتوون، وەك خۆیان بەهەڵە بیاننووسمەوە، واتە ئەو کارەی کە زۆرم بەلاوە سەخت بوو و نووسینی سەرنج و ڕەخنەکانمی لە (پار)ەوە بۆ ئەمساڵ دواخست.
هەروەها پێش ئەوەی کەسانێك ئاگاهانە یا نائاگاهانە بێن و بکەونە شێواندنی بۆچوونەکانی من، پێویستە ئەوە بزانن، کە ڕەخنەی من لە جیهانبینی نووسەران لە ڕوانگەی سۆشیالیستی ئازادیخواز (ئەنارکیزم)ەوەیە، وەك دژەدەسەڵاتێك، دەسەڵات بە گشتی لە ژێر هەر ناوێکدا بێت، پارلەمان هەر کەس تێیدا نوێنەر بێت، دەستەبژێریی و ئۆتۆریتەگەری و سکتاریزم هەر کەس خوازیاریان بێت، ڕەتدەکەمەوە و لە بەرامبەردا خەبات بۆ کۆمەڵگەیەکی ناچینایەتی ئازاد لەسەر بنەمای هەرەوەزی و یەکگرتنی خۆخواستانەی تاکەکانی کۆمەڵگە دەکەم. لای من، تاك و ئازادی تاك لە کۆتوبەندە ئابووریی و ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییەکان پێوەر و بنەمان بۆ بوونی یەکسانی هەمەلایەنەی تاکەکان و هاتنەدی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ هەمووان. بۆیە تاکو دەسەڵات و دەستەبژێریی و بەرتەری ئابووریی و کۆمەڵایەتی و سەروەری چینایەتی لە ئارادا بن، بەدیهاتنی کۆمەڵگەیەکی ئازادی وا ئەستەمە. هاتنەدی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی (ئەنارکی) بەبێ شۆڕشی کۆمەڵایەتی و لەناوبردنی پایە ئابوورییەکانی کۆیلەتی مرۆڤ

[خاوەنداریێتی تایبەتی و کاریکرێگرتە]، دەچێتە خانەی دژەشۆڕشەوە. شۆڕش لای من کاتژێری سفر و بانگەوازی خۆبەڕابەرزانان و تەقوهوڕی چەکدارانە نییە، بەڵکو پیادەکردنی ئەڵتەرناتیڤە سۆشیالیستییەکان و لێدانی هەر ڕۆژەیە لە پایە کۆمەڵایەتییەکانی سەروەری و پەروەردەکردن و هەڵخرانی هێزی ئازادیخوازان و هەڵچنینی خشت بە خشتی کۆمەڵگەیە لە خوارەوەرا بەپیادەکردنی دیمۆکراتی ڕاستەخۆ و بنکۆڵکردنی سیستەمی چینایەتییە وەك ئامادەکردنێك بۆ خاڵی تەقینەوەی شۆڕش و لە گۆڕانی یەکجارەکی سیستەمی چینایەتی.

ڕەخنەی من لە بۆچوونەکانی نووسەران بۆ ئەم بنەڕەتە دەگەڕێتەوە، هیوادارم ڕەخنەگران، لەسەر بنەمای تێڕوانین و بۆچوونەکانی نێو ئەم دەقە، وەبەر ڕەخنەم بدەن و سەرنجەکانیان بنووسنەوە و پەنا نەبەنە بەر تۆمەت و تڕۆهاتی ئایدیلۆجی و ڕامیاریی.

## نیگایەك لە ئێستا خەونێك بۆ سبەی

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی نووسەرانی دەرکەوتەی پاش ڕاپەڕین، لاوازی زمان و هەژاریی و دەستەپاچەییە لە گەڕان بە دوای هاوواتای واژەکاندا و واژەکانیان وەك نوشتە لێکردووە و بۆ هەموو دەردێك هەر ئەوانە دەنووسن. وەك دەزانین هەر یەکە لە بوارەکانی سەربازی و ڕامیاری و ئابووری و فیلۆسۆفی و هزر و ئەڤینداری و ...تد زمانی تایبەتی خۆیان هەیە و واژەیەك کە لە بواری فەرماندان و هێرشکردنی سەربازیدا بەکار دەبرێت، ناکرێت بۆ پەیوەندیگرتنی ئەڤینداریی بەکار ببرێت و بەو جۆرە لە بوارەکانی دیکەشدا کۆمەڵێك واژە هەن و دەربڕینەکان وێنای تایبەت بە پێویستییان بەرجەستە دەکەن. لێرەدا مەبەستم لە دەستپێکی پەرتووکۆکەکەی نووسەرانە، کە هەر لە تایتڵەکەیەوە ئەو دەستەپاچەییە زمانەوانییەیان لە خۆیان نیشان داوە و وێنە زمانەوانی و کۆمەڵایەتییەکانی پشت ئەو واژانەیان لەبەرچاو نەگرتووە، ئەوی کە لەبارەی ئەم پەرتووکۆکەوە شتێکی نەبیستبێت و لە جامخانەی پەرتووکفرۆشییەکدا بەرچاوی بکەوێت، ئەوا دەستبەجێ خەیاڵی بۆ ڕۆمان یا هۆنراوەیەکی ئەڤینداری دەچێت، نەك "جیهانبینییەك" کە هەموو بوارەکانی ڕامیاریی و ئابووریی و کۆمەڵناسیی و هزریی گرتووەتەوە.

چونکە "نیگا"، تەماشاکردنێکی کورت و ڕواڵەتییە، بە واتای لێوردبوونەوە و تێڕامان و سەرنجدان نابێت، فرەتر لە دونیای دڵداری و ئەویندارییدا بەکار دەبرێت و لە بواری دڵڕەقانەی ڕامیاریدا زوو دەفلیقێتەوە و ناسکی و سۆزاویبوونی نیگا لە دونیای بەرامبەرکێ و ململانێی دەسەڵاتخوازیدا جێگەی نابێتەوە. ئەگەر نووسەران بە واتای (سەرنج) بەکاریان بردبێت، ئەوا هەڵەیە، چونکە (نیگا) فرەتر ڕێکەوتییە و (سەرنج) فرەتر ئاگاهانەیە و دەکرێت درێژخایەن بێت.

واژەی گونجاو بۆ ئەو مەبەستە، کە نووسەران دەستیان پێی ڕانەگەیشتوە، "تێڕامان"ە، کە بە واتای وەستان و وردبوونەوە لە شتێك دێت. ئەگەر لە دونیای کۆمیونیکەیشندا بۆ هاوتای واژەی "نیگا" بگەڕێین، ئەوا دەکاتە یەکەم دیتن و سەیرکردن و ئەمەش بە (٧) چرکەی یەکەم لە دیتن و ناسین دادەنرێت و زۆر جار بە ڕێکەوت ڕوودەدات و وێنە سەرەتاییەکانی پەیوەندیگرتن یا ناسینی تێدا گەڵاڵە دەبن. بەڵام تێڕامان وردبوونەوەیە، کە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن دەخوازێت و تێڕوانەر، وەك نیگاگەر، سەرپێیانە مامەلە لەتەك شتەکاندا ناکات.

"خەون"، شتێکە کە مرۆڤ ئارەزووی دەکات و بەڵام بەدیهاتنی لە سەرووی توانای خۆیەوە دەبینێت و بۆی دەچێتە خانەی شتگەلی ناکەتواری، کە لە خەونبینیندا لە دەرەوەی بازنەی کارکردی ئاگاهانەی مرۆڤەوە ڕوودەدەن و هیچ دەسەڵاتی بەسەریاندا ناشکێت.

ئەگەر نووسەران خوازیاری وەدیهاتنی گۆڕانی کەتوارین لە کۆمەڵگەدا، ئەوا دەبوو ئەڵتەرناتیڤ بۆ سبەی (داهاتوو) پێشنیار بکەن، نەك خەوبینین لە دەرەوەی بازنەکانی ئاگاهی (بەخەبەربوون) دا. بەم جۆرە دەبینین نووسەران هەر لە دەستەواژەی یەکەمەوە خەریکی ڕواڵەتیانە دوان و خۆشباوەڕکردنی خەڵکن بە ڕوودانی گۆڕانەکان لە دەرەوەی ویست (ئیرادە) و چالاکی و بڕیاری خودی تاکەکانی کۆمەڵگە. ئەگەر لەڕووی زمانەوانییەوە، بمانەوێت دەستەواژەکە دروست بۆ دونیای پڕ هەراوهوریای ڕامیاریی دابڕێژینەوە، ئەوا بەم جۆرەی لێدێت: (تێڕامانێك لە ئێستا و ئەڵتەرناتیڤێك بۆ سبەی)!

... <u>بوونی سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیمان دەخاتە بەردەم هەڕەشەو مەترسی گەورەی چاوەڕوانکراوەوە.</u> ل.٦

"ئێمـــە"ی نووســـەران کێـــن؟ ئەو بـــوونە ڕامیـــاریی و کـــۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەی هەمـــووان، کـــە نووســـەران بەناویـــانەوە قســـە دەکەن، کامەیە؟ بوونی ڕامیاریی کێ؛ چین، نەتەوە یا دەسەڵات و سەروەری؟

ئەگەر مەبەست لـە "ئێمـە" چینـی فەرمـانڕەوای کوردسـتان بێت، ئەوا دروسـت نییـە، چـونکە قـۆرخگەرانی دەسـەڵات لـە کوردسـتانی پـاش ڕاپەڕین وەك نوێنەرانی چینـی بۆرجـوازی کـورد، ئەوەی پێـی هەسـتاون، تـەنیا ڕاپەڕاندنی ئەرکی چینایەتی خۆیان بووە و هیـچ دژەخونییەکیـان لە ئامـانجی چینەکەیـان وەك هاوبەرژەوەنـدییەکی جیهـانی مشەخۆران نەکردووە و هیچ کاتیش ئاوەزگیر و لۆژیکپەسەند نییە، بۆرجـوازی بـە پێچەوانەی ڕەوتـــی سیســـتەمە جیهـــانییەکەی و بەرژەوەنـــدی خـــۆی و چینەکەی هەنگـاو بهـاوێت، وەهـا چاوەڕوانییەك تەنیـا لـە خۆشخـەیاڵی وردەبورژوازی ڕیفۆرمیست یا فریودەردا جێی دەبێتەوە.

ئەگەر مەبەست لە نەتەوە بێت، ئەوا ئامـانجی کەمـایەتییەك نـاتوانێت خەون و ئارەزووی زۆرینـە بگرێتـە خـۆی. بۆرجـوازی وەک کەمینەیەکـی سـەروەر هیـچ کـات و سـەردەمێك زۆرینەی پێکنەهێنـاوە و هیـچ کـاتیش سـووتەمەنی شـۆڕش و ڕاپەڕینەکـان نەبـووە، بەڵکـو وەك لـە ڕاپەڕینـی ئـازاری ١٩٩١ و ڕاپەڕیـن و شۆڕشـەکانی تـری جیهانـدا دەبینیـن، چینـە داراکان و دەستوپەیوەندەکانیان تەنیا حازرخۆرانی سفرەدڕن و بوون!

ئەگەر مەبەست لە "فەرهەنگ" ڕۆشنبیری بێـت، ئەوا وەك ڕەنگـدانەوەی ڕۆشـنبیری زاڵ، چ پێش ڕاپەریـن و چ دوای ڕاپەڕیـن لـەبەر قـورخکردنی دەسـەڵات لەلایەن نـوێنەرانی ڕامیـاریی بۆرجـوازی عـەرەب و کـوردەوە، ڕۆشـنبیری بـاڵادەست هەریەك ڕۆشـنبیری بـووە؛ ڕۆشـنبیری سـەروەر و بندەست، کە هیچ جیاوازییەکی لەتەك ئەوەی پێشووتر نییە و پلەیەکـی بـاڵاتری پەرەسەندنی ئەوی پێشووە. چونکە ڕۆشنبیری گشتی و جێگەوتـە

لــــە کـــۆمەڵگەی چینایەتیـــدا نـــاتوانێت لــــە دەرەوەی بازنـەکـــانی دەسەڵاتداری، سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت.

ئەگەر نووسەران بوونی دەسەڵاتی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەی کوردستان بەهی خۆیان دادەنێن، ئیتر من ناتوانم نکۆڵی لەوە بکەم و ڕاستگۆیانەترین دەربڕینە، بەڵام ئەوەی دەمەوێت لێرەدا لە بارەیەوە بدوێم، گۆڕانی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە، کە ڕەوتێکی هەردەم ئامادەی هەموو کۆمەڵگەکانە و ئەوەی ئەو گۆڕانە بە چ ئاراستەیەکدا مل دەنێت، ئەوەیان بە ئامادەیی و کارکردنی ڕۆژانەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەوە پەیوەستە.

بەگشتی گۆڕانێك کە دەسەڵاتخوازان دەیانەوێت، گۆڕانی فڵان بە فڵان و جێگۆڕکێی دەسەڵاتداران و پارلەمانتارانە لە سەرەوە، بەڵام گۆڕانێك کە چین و توێژە بندەستانی کۆمەڵگە دەیخوازن و لە بەرژەوەندییانە، گـــۆڕانێکە کـــە لـــە خـــوارەوە دەســـتپێدەکات، واتـــە ڕێکخســـتنەوە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە خوارەوە [لە گوند و گەڕەك و شوێنی ژیان و کار و خوێندنەوە تا ئاستی شار و هەرێم و وڵات و کیشوەرەکان] لەڕێی ئۆرگانە ڕاستەوخۆ هەڵبژێردراوەکانی کۆمیونیتی و کارگە و فەرمانگە و خوێنـــدنگە و کێڵگـــە و بەشـــەکان و کۆتاییهێنـــان بـــە نـــوێنەرایەتی دەســـەڵاتخوازان و مشـــەخۆری ڕامیـــاران بەســـەر ســـامان و داهـــاتی کۆمەڵگەوە. بەگشتی، ئەگەر چاوەڕێ بین گۆڕانەکان لەناو دەسەڵاتەوە یا لە سەرووەرە [لە لوتکەی دەسەڵاتی هیرارشیدا] لەسەر دەستی دەستەبژێرێك ڕوو بدەن، ئەوا بێجگە لە کاژگۆڕینی دیاردەکۆنەکان و فۆرمۆڵکردنەوەی ڕواڵەتییانەی گوتارەکان، هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە چییەتـــی شـــتەکاندا ڕوو نـــادات و بنەمـــا کەتوارییەکـــانی ســـتەمی کۆمەلایەتی لەجێی خۆیاندا پاریزراو دەبن و ڕۆشنبیری پاش ڕاپەڕینە تێکشکاوەکەی ئازاری ١٩٩١یش بەشێکە لەو گۆڕانە ڕواڵەتییە.

ئەوەی ئێمەی لەم ساتەدا هێناوەتە قسە، خەمو ترسمانە بەرامبەر بەو دونیایەی لە هەژدە ساڵی دوای ڕاپەڕیندا دروستکراوە. ل.٦

ئایا ئەو دونیایەی کە لە هەژدە ساڵی دوای ڕاپەڕیندا دروستکراوە، هیچ جیاوازیەکی لەتەك دونیای پێش ڕاپەڕیندا هەیە؟
من لەو باوەڕەدا نیم، چونکە فرەپارتیی پاش ڕاپەڕین و تاکپارتیی پێش ڕاپەڕین، جیاوازییان نییە. ئەگەر هەر یەك لەو دوو پارتە دەسەڵاتدارە بیتوانیایە لە ڕێگەی کودەتای سەربازییەوە بە دەسەڵات بگات، بێگومان لە ڕژێمەکەی بەعس خراپتری دەکرد، بەڵگەشمان بۆ ئەمە شەڕ و کوشتارە بەردەوامەکانی شەڕە ناوخۆییەکانی ١٩٦٣-١٩٩٨ و پاشترن، بەڵام ئەوەی کە ڕاپەڕینی جەماوەریی ئازاری ١٩٩١ ڕێگە بۆ گەڕانەوەی پارتە پەنابەرەکانی ئەو دیو سنووری ئێران خۆش دەکات، ئیتر بوار بۆ تاکپارتایەتی نامێنێتەوە و دواجاریش هاوئامانجیان لە تێکشکاندنی ڕاپەڕیندا لەتەك هێزە هاوپەیمانەکان و خودی ڕژێمی بەعس زیاتر ناچاریان دەکات، مل بە نەخشەی هاوپەیمانەکان بدەن و بچنە پای پەرلەمانی فیفتی بە فیفتی.

هەروەها وردە پارتەکان یا پارتە کۆپیکراوەکانی دیکە، کە لە ڕۆژانی جەنگی ناوخۆی ١٩٩٤-١٩٩٨دا دیتمان بەسەر دوو دەسەڵات و دوو ناوچەدا دابەش بوون، هەمان لاساییکردنەوەی پارتە کارتۆنییەکانی سەردەمی (ڕژێمی بەعس)ن و ئەگەر بشبنە هێز لە وەرگرتنی دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتیدا، ئەوا لە دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی ئێستا، کە زۆر جار پارتی دایکن بۆ پارتۆکەکانی دیکە یا ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتخواز، باشتر نابن. ئەگەر ئەوە بخەمە ئەولاوە کە من بەگشتی پارت ڕەتدەکەمەوە، ئەوا دیسانەوە بەڵگەی پێویستمان لەبەردەستدایە، کە پارتۆکەکانی دیکە هەم لە شەڕی ناوخۆدا لایەنگرییان لە بەدرانی پشکەتاڵانی کرد، هەم لە پارلەمانە سەرتاسەریی و ناوچەییەکانیدا

بەشداربوون و تەنانەت لە هەندێك شاردا لەوانە ئیسلامییەكان بەڕێوەبەر و بكوژ و ببڕ هەر خۆیان بوون، كە ڕووی پارتە دەسەڵاتدارە سەرتاسەرییەكانیان سپی كردەوە.

ئەگەر سەرنجی باری ئابووری تێكەڵ و تایبەتی بدەین، دەبینین، ئەوەی ئەوڕۆكە لە كوردستان پارت بە نێوی جیاواز و جۆری وەك دەزگەی نۆكان و كۆڕەك و چی چییەوە كەرتە گشتییەكان، تایبەتی (پارتیی) دەكاتەوە، هەمان كارە كە لە پاش جەنگی (عێراق و ئێران)ەوە ڕژێمی بەعس دەستی پێكرد و دەست و پەیوەندەكانی خودی ڕژێم لە ڕژێمی هەراجگەریان دەكڕییەوە. ئایا ئەمڕۆ لە كوردستان هەر ئەوە نییە، كە بە بەرچاوی هەمووانەوە ڕوودەدات؟

ئەوەی كە جێی پرسیارە، بەقسەنەهاتنی نووسەرانە "ئەوەی ئێمەی لەم ساتەدا هێناوەتە قسە" لە ساتەكانی دیكەی ١٨ ساڵی ڕابوردوودا، ئایا لە هەژدە ساڵی رابوردوودا سەركوت نەبووە، دەسەڵات سەرووخەڵكی نەبووە، ئایا تالان و ئاودیوكردن و گەندەڵی نەبووە، ئایا پارتەكان و دەسەڵاتداران هەر هەمان نین، كە لە ساڵی ١٩٩١ەوە چەپاوڵی داهات دەكەن و كۆمەڵ دەستەمۆ دەكەن؟ ئەی ئەو دونیایەی كە لە ١٨ ساڵی ڕابوردوودا دروستكراوە، هەر ئەوە نییە، كە هەیە و خەڵك لێی هاتووەتە دەنگ و هەندێك خوازیاری گۆڕانن و هەندێك خۆزگە بە گەڕانەوەی سەردەمی ڕژێمی بەعسی داگیرگەر دەخوازن، ئیتر بۆ نووسەران خەم و ترسیان لێنیشتووە؟

هەژدە ساڵ لەمەوبەر، كاتێك كە دەسەڵاتی سەرووخەڵكی بووڕجوازی كورد خەریكی پێكهێنانی پارلەمان بوو، كەم نەبوون ئەوانەی كە دژایەتی ئەو دەسەڵاتەیان كرد و پێشبینی ئەوەیان كرد، كە لە هەژدە ساڵی ڕابوردوودا لە تالان و ئاودیوكردن و جەنگی ناوخۆ و گەندەڵی و

سەرکوت و بێسەروشوێنکردن و .. تد ڕوویدا. هەروەها هەم نارازیانێکی ئازادیخواز و یەکسانیخواز لە هەژدە ساڵی ڕابوردوودا پێیان لەسەر ئەوە داگرت و هەم ڕووداوە کەتوارییەکانی هەژدە ساڵی ڕابوردووی هەرێمی کوردستان ئەوەیان سەلماند، کە ئەوەی لە هەژدە ساڵی ڕابوردوودا دروستکراوە و نووسەران خەمی لەدەستدانیان لێنیشتووە، ئەوە نییە کە لە ساڵی ١٩٦١وە خەڵکی وێنای ئازادبوونی خۆی تێدا دەکێشێت و خۆی لە پێناویدا بەکوشت دەدات، نە درێژەی ڕەوتی ڕاپەڕینی جەماوەری ئازادی ١٩٩١یشە! هەر بۆیە بێدەنگەی ١٨ ساڵی ڕابوردوو و خەم و ترسی نووسەران لەو ساتەدا ئاشکرایە، لە ١٨ ساڵی ڕابوردوودا وەك چەند مانگی پێش بەدەنگهاتنی نووسەران، خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری خەڵك بەرجەستە نەبووبوو، هەروا لە ١٨ ساڵی ڕابوردوودا پێکهاتنی ئۆپۆزسیۆنێکی دەسەڵاتخوازی پێکهاتوو لە کۆنەدەسەڵاتدارانی دوێنێ نەبووبووە پێداویستی پاراستنی دەسەڵات لە خەڵك و خۆشباوەڕکردنەوەی خەڵك بە دەنگدان و بەو پێیەش جیهانبینی وەها ئۆپۆزسیۆنێك نەبووبووە بەشێك لە خەم و ترسی نووسەران. بە واتایەکی تر، نارەزایەتی خەڵك بەو ئاستە نەگەیشتبوو، کە دەسەڵاتداران لە خۆیان لیست و کۆمپانی بە ڕواڵەت نارازی [بەڕواڵەت لەبەر ئەوەی کە خوازیاری کۆتاییهێنان بە تاڵانی نین، بەڵکو خوازیاری بەشی زیاتر لە تاڵانی و گەندەڵین] بۆ فریودانەوەی جەماوەری نارازی بە پارە و کۆمەکی خۆیان دروستبکەن!

بەبێ گۆڕینی ئەم جیهانبینییە، بەبێ دەسکاریکردنو دارشتنەوەی چوارچێوە گشتییەکانو وێنەکان، گۆڕانو دەستکاریکردنی بەشو شتە بچووکەکان ناتوانێت کاریگەری ڕاستەقینەی هەبێتو ناتوانێت ڕێگایەک بۆ دەرچوونی کۆمەڵگای ئێمە لەو کێشانە پێشنیاربکات، ل.٦-٧

لێرەوە ئیتر نووسەران نیازیان ئاشکرا دەبێت، جۆری گۆڕان و سیستەم

و جیهانبینییەك كە خەونی پێوە دەبینن (نەك كاری بۆ دەكەن)، دەردەكەوێت. ئەوان تەنیا لە سەرەوەڕا لەسەر دەستی دەستەبژێرێك لەتوانادابوونی گۆڕان دەبینین و قسە لە گۆڕینی شێوەیەك جیهانبینی دەكەن، نەك گشتییەتی جیهانبینی. دواتر لە بەشەكانی تردا دەردەكەوێت، ئەوان باس لە دەسكاریكردنی واتە چاكسازی و داڕشتنەوەی چوارچێوەی گشتییەكان دەكەن. ئەوەش بەواتای ناكارایی گۆڕانی كۆمەڵایەتی و ڕۆڵی بزاڤە كۆمەڵایەتییەكان دێت، ئەوان گۆڕانی هەر ڕۆژە و بەردەوام و لە خوارەوەڕا (لەسەر دەستی خەڵكی و لە ناوەندەكانی كار و ژیاندا) ناكارا دەبینن و پێیانوایە گۆڕانی ڕاستەقینە بەرهەم ناهێنێت.

كۆمەڵێك پرنسیپی گشتییە كە دەیەوێت دونیابینییەكی نوێ پێشنیاربكات، كۆمەلێك پرنسیپ كە لە دەستنیشانكردنی كێشە هەرەسەرەكییەكانی كۆمەڵگای ئێمەوە وەرگیراون. ل.٧

ئەوەی جێی سەرسورمانە، ئەوەیە، كە لە لای نووسەران، ئەوە پرنسیپڵە جیهانبینی دیاری دەكات، نەك پێچەوانەكەی، هەروەها پرنسیپڵەكان لە دەستنیشانكردنی كێشەكانەوە هەڵدەهێنجێنرێن، نەك ئەوەی لە جیهانینییەوە وەربگیردرێن!

ئەوەی ئێمە لێرەدا پێشنیاریدەكەین بەرنامەیەكی سیاسی كۆنكرێت نییە هێزێك لە هێزەكان بەتەنیا هەڵگریبێت، بەڵكو كۆمەڵێك ئاراستەی گشتیو شیوازی بیركردنەوەو ڕوانگەی بینینە كە دەشێت زیاد لە هێزێكو زیاد لە گروپێكی كۆمەڵایەتی بەهی خۆی بزانێت. ل.٧

بەپێچەوانەی ئەوەی نووسەران پاگەندەی بۆ دەكەن، ئەوەی لەو پەرتووكۆكەدا نووسیویانەتەوە، بەرنامەی دیاریكراو و كۆنكرێتە بۆ

لیستی گۆڕان، بەڵام ئەوەی کە ئەو توانا جادووییەی هەبێت، کۆمەڵێك ئاراستەی گشتی، شێوازی بیرکردنەوە، (ڕوانگەی بینین!!) لە جیهانبینییەکدا یا بە واتایەکی دی جیهانبینییەك لەو تێکەڵەیە چێ بکات، تەنیا (جیهانبینییەکی هەتیمچەیی[١]) لێدەردەچێت، کە بە کەم و زیادکردنی کەرەستە پێکهێنەرەکان، دواجار خواردنەکە هەر شۆربای هەتیمچە دەردەچێتەوە و هیچ کات نابێتە چێشتی بایزنجان یا کولەکە یا بەرسیلە یا نیسکێنە یا شلەبرنجی تەواو و وەها شۆربایەك هەموو کەسێك دەتوانێت ببێتە ئاشپەزی!

ئەمە بەرهەمی دەستکورتی هزری و کەمی ئایدیا و گیرخواردنە لە بازنەیەکی داخراودا. بەڵام ئەوەی کە لە ڕاستیدا نووسەران خەریکن بەرنامەیەك بۆ قوتارکردنی سەروەری بۆرجوازی لەبەر ڕۆشنایی ئایدیۆلۆجیای ناسیونالیستیدا دادەڕێژن، بە دڵنیاییەوە زۆر گروپ و هێزی هاوئاراستە، هاوجیهانبینی و هاوشێواز دەتوانن کەڵکی لێوەربگرن و ئەمە نکۆڵی لێناکرێت.

باوای دابنێین، کە دەکرێت هەتیمچەیەك لە ئاراستەی گشتی و شێوازی بیرکردنەوە و ڕوانگە دروست بکەین، ئایا دەکرێت ئاراستەی گشتی و شێواز و ڕوانگەی ناسیونالیستی، ئایینی، مارکسیستی، پێکەوە کۆبکەینەوە و دەرخواردی هەتیوانی کوردستانی بدەین، ئەگەر وەڵام ئەرێیە، دەکرێت بزانین چۆن؟

ئەگەر مەبەستیش لە ئاراستە ناسیونالیستەکان و بیرکردنەوە ناسیونالیستەکان و ڕوانگە ناسیونالیستەکان بێت، منیش دەڵێم، بەڵێ، دەکرێت هەموویان لە دەوری قیبلەکەیان واتە دەوڵەتی بورژوازی (لە ژێر دێوجامەی نەتەوەیی)دا کۆبکەنەوە، بەڵام کۆکردنەوەی هەموو ڕوانگە جۆراوجۆرەکان بەبێ دیاریکردن، ئەستەمە و مەگەر لە توانای

جادووییەکی ئاوادا هەبێت، کە نووسەران خەریکن لە خەڵکی دەکەن!

<u>کێشەیەک بۆئەوەی چارەسەربکرێت دەبێت سەرەتا بووبێت بە کێشە، زمانێکی دۆزیبێتەوە بۆ ئەوەی خۆی لەوڕێگایەوە بناسێنێتو دواتریش لەناو جیهانبینییەکدا جێگیربووبێت</u> ل.٧

ئایا لە هیچ سەردەمێکدا کێشە هەیە، کە نەبووبێتتە کێشە یا کێشە نەبێت؟
من ئەمە بە مەتەڵ تێدەگەم، ئاخر کێشە، کێشەیە و بوونی بە کێشە، چ واتایەك دەبەخشێت؟ کێشە، زمان دەدۆزێتەوە یا کێشەداران زمانی دەربڕین و خستنەڕووی کێشەکە دەدۆزنەوە؟ کاتێك کێشەیەك لە ئارادا بێت، ئیتر ناساندنی واتە چی؟ ئەگەر مەبەستیش قسە لەسەر کردنییەتی لە پارلەماندا، ئەوا بەئاگاهاتنی خەوتووانی سەر کورسی و وەرگرانی بەخشیشەکانی پارلەمان لە کێشەیەك، بە واتای سەرهەڵدان و پێناسەی کێشەکە نییە، بەڵکو دەستنیشانگەری دەمی تەقینەوەیەتی و ئەو کات ئیتر کار لە کار ترازاوە.

لە هەر شوێنێك یا کۆمەڵگەیەکدا کێشەیەك هەبێت، کەواتە ناوەندێکی کۆمەڵایەتی و سەرخانێکی ڕامیاری و ژێرخانێکی ئابووری دیاریکراو هەیە، کە لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکەوە بزاڤێکی دژ بە باری جێگیر یا سیستەمێکی سەپاو، کە بە هۆی ناکۆکبوونی سیستەمەکە لەتەك ویست و خواستە کۆمەڵایەتییەکان، کێشمەکێش دروست دەبێت و دێتە ئاراوە. کاتێکیش بزاڤێکی کۆمەڵایەتی هاتە ئاراوە، ئیتر ئەوە ئەو کاتەیە، کە ئاراستە ڕامیارییە دەسەڵاتخوازەکان لەبەر ڕۆشنایی جیهانبینی- یەکانیاندا خۆیان بە بزاڤەکەدا هەڵدەواسن و وەك گیاکەڵە لە هێز و گەشەکردنی سروشتی خۆی دەخەن؛ وەك ئەوەی کە لیستی "نیئۆ- جەلالیزم" بەنێوی "گۆڕان"ەوە سوار ملی بزووتنەوەی گۆڕانخوازی

هەرێمی کوردستان بوو.

ئەگەر هەڵـــە ڕیزمانییەکـــان وازلێبهێنـــم، ئەوا مـــن لـــە تەواوی ئەو پەرەگرافەدا تەنیا وشەڕیزکردنی بێواتا دەبینم، یا ئەوەتا دەرکی من لە ئاستی فۆرمۆلکردنی دەستەواژەکانی نووسەراندا لاوازە و پێویستم بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە!

مەترسی قوڵی دونیای دوای ڕاپەڕین لەوەدایە کە سیاسییەکانی کورد، بەتایبەت ئەو نوخبەیەی لەسەری سەرەوەی هەرەمی سیاسیدایە، کێشەکانی ئەو دونیایە نابینن‌و ناناسن کە خۆیان دروستیانکردوە....، زمانێکیان نییە بۆ قسەکردن لەسەر ئەو دونیایەو دونیابینییەکیش شکنابەن قوڵیی ئەو کێشانە نیشانبدات ل.٨

وەهـــا تێگەییشـــتنێك، ئەگەر خۆشـــباوەڕکردنی خەڵـــك نەبێـــت، ئەوا تێنەگەییشتنە لە ئامانج و بنۆسی هەڵپەی ڕامیاران بۆ گەییشتن بە دەسەڵات و بەشداربوون لە کایەکانی پارلەمان. ئەگەر ئەمە هەوڵێك نەبێت بۆ گێڕانەوەی خۆشباوەڕیی خەڵك بە سیستەمی نوێنەرایەتی، ئەوا دەبێـــت بڵێیـــن، هەش بەســـەر ئەو ڕامیـــارانەی کـــورد، کـــە ئەم نووسەرانە دەکەنە ڕاوێژکاری خۆیان. من لەوە دڵنیام، چ ئامانجدارانە یـــا لـــە ڕێـــی خـــودادا بێـــت، نووســـەران خەریکـــی ئاودانـــی گیـــاکەڵەی ئایدیۆلۆجیای ناسیونالیستین، ئایدیۆلۆجیایەك، کە هەردەم دەخوازێت لـــە خۆشـــباوەڕیی و دەســـتەمۆیی خەڵکـــدا قەوارەیەك لـــە بەرژەوەنـــدی هاوبەش و یەکسان و تەبایی و هاوخوێنی تاکەکانی کۆمەڵێکی هاوزمـان یـا هاوجوگرافیـا چـێ بکـات و لەوێشـەوە نادادوەرییەکـانی سیسـتەمی دەوڵەتیـــی و فەرمـــانڕەوایی ناســـیونالیزم بـــۆ نەزانـــی و گەمژەیـــی سەرکردەکان بگێڕێتەوە و لە خولێکی هەڵبژاردن و سەرۆکایەتییەوە بۆ خولێکی تر چاوەڕوان ڕایانگرێت.

نووسەران، کە لە نێوەندی ڕۆشنبیریدا وەك سەرتۆپی هوشیاریی و دانشمەندان قسە دەکەن، کەچی لەم سەردەمەی شۆڕشی زانیارییەکاندا، هاوکات دەوێرن قسە لەوە بکەن، کە ڕامیارانی وڵاتەکەیان، کێشەکان نابینن! من نازانم لە کوێی دونیادا کێشەی بێ دژەبزاف هەیە و لە کوێدا بزاڤی بەرهەڵستکار هەیە و سەروەر نایبینێت و نایناسێت؟ تۆ بڵێی سەروەرانی کوردستان لە خۆڕایی ئەو هەمووە لەشکر و پۆلیس و دەزگە سیخوڕی و تیرۆرستانە دروست بکەن؟ بڵێی ئەوانە پڕۆژەی چاکەخوازی بن و بۆ بەگەڕخستنی بێکارانی کوردستان دروستیان کردبن؟

سەیر لەوەدایە کەسێك خۆی بە هوشیار بزانێت و بوێرێت بڵێت ڕامیارانی کوردستان زمانێکیان بۆ قسەکردن نییە. ئەی ئەو هەمووە لە سێدارەدان و زیندانیکردن و تیرۆر و ڕاونانە چییە، مەگەر ئەوە زمانی سەروەران نییە، کە بۆیان بلوێت بەکاری دەبەن و هەر کاتێکیش بۆیان نەلوێت ڕۆشنبیرانی فریودەر لە بری ئەو دەزگانە دەخەنە گەڕ؟

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە قسە لە سەروەرانی کۆمەڵگەیەك بکەی، کە ١٨ ساڵە تەڕاتێن دەکەن و جیهانی سەرمایەداری لە ناوچەکەدا بە پێشڕەوی دیمۆکراسییان دادەنێت، کەچی تۆ بێیت و بڵێت جیهانبینیان نییە! دەکرێت کۆمڵێك چەتە و ڕێگر هەبن و هەریەکەیان بکوتێتە سەر دێهاتێك و بڵێی جێهانبینی نییە، بەڵام فەرمانڕەواییەکی هەرێمی، کە جێی ئومیدی بازارئازاد و نئیۆلیبراڵیزم بێت و بڵێی جیهانبینی نییە، ئەمەیان ئاوەز پەسەندی ناکات. ئایا دەکرێت نووسەران پێمان بڵێن، جیهانبینی چییە، چ جادوویەکە، کە ئێمە (خوێنەر) و سەروەرانیش نایزانین و لێی تێناگەین؟

گەمەکردنێکی وا بە ئاوەز و ئارەزووەکانی تاکی کۆمەڵگە، شتێکی تازە

نییە، لەوەتەی دەوڵەتە بۆرجوازییە بەناو نەتەوەییەکان پێکهاتوون و سیستەمی نوێنەرایەتی سەراپاگیر بووە، وەها پاگەندەگەلێك بەردەوام لەلایەن نووسەرانی دەسەڵاتخوازەوە بەردەوام پەرەی پێدەدرێت، گەمەیەك کە ئامانجی ڕاگرتنی ناهوشیاریی تاك و مانەوەی سەروەرە لە بەردەوامییەکی نەبڕاوەدا.

<u>سیاسییەکانی کورد لە دوای ڕاپەڕینەوە، ڕێک وەک سیاسی ناو سیستمە هەرە قەیراناوییەکانی دونیا، لە باتی دەرککردن بە مەترسییەکان، سەرگەرمی ژماردنو ئەزبەرکردنو باسکردنی ئەو شتە بچووکانەن کە وەک دەسکەوتو ئینجازات دیانناسێنن</u>. ل.٨

ئەم دەستەواژەیە بەو سەرئەنجامەمان دەگەیێنێت، کە نووسەران دەرکیان لە سەروەری و ڕۆڵی ڕامیاران ڕۆشن نییە و پێیانوایە دەسەڵاتدارانی کورد، دەتوانن پێچەوانەی سیستەمە چینایەتییەکەیان، دژی بەرژەوەندی گشتیی سەرمایەداری و پێچەوانەی ئایدیۆلۆجیای ناسیونالیزم و دەسەڵاتخوازی بجووڵێنەوە. ئیتر ئەمە کارەساتە، کە وەها چاوەڕوانییەکت هەبێت و پێتوابێت لە جیهانی سەرمایەداریدا سیستەمی بێقەیران هەیە و دەوڵەتێك یا فەرمانڕوایەك هەیە، کە بتوانێت خۆی لە قەیرانەکانی سیستەمەکە، لە شێوازی کارکرد و بەڕێوەبەرایەتی بازاڕئازاد و نیئۆلیبراڵیزم دابڕاو بکات. ئەوان هێشتا لەوە نەگەیشتوون، کە دەوڵەتی ناسیونالیستی دابڕاو لە قیبلەی سەرمایداری، دیکتاتۆری وەك چاڤێز و کاسترۆ و ئەحمەدی نەژاد دروستدەکات و لە باشترین باردا فەرمانڕەوایی بۆرجوازی پشتبەستوو بە بەرنامەڕێژی ناسیونالی، واتە دیکتاتۆری تاکپارتی و لە بەرامبەردا فەرمانڕەوایی بۆرجوازی پشتبەستوو بە ڕەوتی نیئۆلیبراڵیزم، دەکاتە ئەوەی لە کوردستاندا هەیە. ئەوا ئەوەیان لەبیرچووە یا دەرکی ناکەن، کە ئابووری ناسەربەخۆ، قەوارەی ناسەربەخۆ دەخوازێت و ئەوی

وازۆیەكی خستە سەر ڕێككەوتننامەیەكی سندوقی دراوی نێودەولەتی و بانكی جیهانی و ئیمپریالیزمی ئەمەریكی، بێچەندوچوون دەبێت دەرگەی پارلەمانەكەی وەك دەرگەی (خان) بۆ ڕامیارییەكانی نیئۆلیبرالیزم ئاوەڵا بێت!

لێرەدا دیسانەوە ناچارم بپرسمەوە، ئەگەر دەسەڵاتدارانی كوردستان ئەو كارانە نەكەن، ئەدی چۆن خەڵكیان پێڕادەگیرێت و چی بكەن؛ بڵێن خەڵكینە ئێمە ستەمكاری ئێوەین، ئێمە كۆمەڵێك مشەخۆر و خوێنمژی ئێوەین و لەسەر تەختی ناهوشیاری ئێوە فەرمانڕەوایی دەكەین؟! ئایا پەردەلادان لەسەر ئەو ڕاستییانە، ئەركی نووسەرانی ئازادیخوازە یا دەسەڵاتداران؟
هەروەها ئەو مەترسییانە كامانەن، كە نووسەران لە ترسی ڕوودانیان مامەخەمەیی بۆ سەروەری بۆرجوازی كورد دەكەن؟ وەك لەم پەیوەندەدا دیارە، مەبەستی نووسەران دەولەتانی ناوچەكە و زلهێزەكان نین، چونكە دەسەڵاتی بۆرجوازی كورد لە ناوچەكەدا برابچووك و تەواوگەری ئەو هێزانەن. ئەدی مەترسییەكانی سیستەمە قەیراناوییەكانی چین و لە كوێوە سەرهەڵدەدەن؟

<u>ئەوەی ئێمە لێرەدا دەیڵێینو دەینوسین هەوڵدانێكە بۆدەرچوون لەم بێزمانیو بێوێنەییو بێجیهانبینیە</u> ل.٨

ئەگەر دەستەواژەكانی پێشوو و ئەمانەی ئێستا لەیەك بدەین، تەنیا خەمخۆری ڕۆشنبیرانی وردەبۆرجوا بۆ دەسەڵاتداران دەردەكەوێت، كە لەتاو سەرهەڵدان و هێزگرتنی بزاڤە كۆمەڵایەتییە نارازییەكان هەراسان بوون و خەمی نەمانی نانەچەورەی سایەی دەسەڵاتدارانیان لێنیشتووە. ئەوەتا بەزمانی خۆیان دەڵێن دەسەڵاتداران و ڕامیاران لە بێزمانی قوتار دەكەین و جیهانبینییان بۆ دادەڕێژین. هەرچەندە ئەركی

یەکەمیان لەجێی خۆیدایە، بەڵام ئەرکی دووەمیان خۆخەڵەتاندنە یا فریودانی خوێنەرە، وەك پێشتر ڕۆشناییم خستەسەر.
لێرەدا دەستی نووسەران کە سەرەتا وەك خەمخۆری زۆرینە و نەتەوە و تاك خۆیان دەناسێنن، دەردەکەوێت و هەموو خەم و ترسیان لەوەدا چڕ دەکەنەوە، کە زۆردارانی ئێستا لە قەیران و تێکشکان ڕزگار بکەن. ئەمە ڕێك پێچەوانەوەی ئەرکی نووسەری ئازادیخوازەیە، کە پێویستە هەموو توانایییەکانی بۆ هوشیاربوونەوەی تاك و شکاندنەوەی تەرازووی هیز بەلای ئازادی و سەربەخۆیی تاککدا بخاتە گەڕ.

<u>ڕاشمان وایەوەک کۆمەلێک ڕۆشنبیری بێلایەن کە لەسەرەتای ڕاپەڕینەوە لە سەر ئەم کێشانە دواوین، دوور لە هەر گیانێکی تاقمگەراو حیزبگەرا، ئەرکێکی ئەخلاقیو مێژوویی ئێمەو ڕۆشنبیرانی دیکەشە لە پێناسەکردنی ئەم قەیرانەو لە ناونانو پشکنینیدا بەشداربین.</u> ل.٨

ئەگەر لەم دەستەواژانە وردبینەوە، ئەوا بە ئاسانی دەتوانین شێوەنی هەریسەکە ببینین. ڕاستە ئەوان لە پاش ڕاپەڕینەوە لە (فەرماندەیەکی سەربازی) باشتر بەرژەوەندی گشتی بۆرجوازی کوردیان دیوە، ئەمە نکوڵی لێناکرێت و ئەوان هەردەم خوازیاری یەکگرتنەوەی فەرماندەکانی شەڕی ناوخۆ بوون، لە چۆنییەتی فەرمانڕەوایی (فەرمانبەسەرداکراوان)دا. ئەوان هەمیشە بە زمانی بۆرجوازی نەتەوەیی دواون و سەنگەرگرتنیشیان لەو ڕوانگە و ئامانجەوە بووە. ئەوان لە بری ئاودیوی کارگەکان و سەدەکان، خوازیاری دەستبەسەرداگرتنیان بوون وەك کۆڵەکەی ژێرخانی ئابووریی سیستەمی بۆرجوازی، بەڵام ئەوەی دەرکیان نەبووە یا نەبووەتە هۆی جیاوازی تێڕوانینیان لەتەك ئاودیگەرانی کارخانەکان، یەك شتە، ئەویش نەبوونی دەرکی ڕۆشنیان بووە لە ڕۆڵی دەوڵەتە ناوچەییەکان بەگشتی

لە سیستەمی سەرمایەداری یەك بلۆكدا، كە تەنیا ڕۆڵی كۆمەڵێك فەرمانبەری نالەشكرییە و ئەو كۆمەڵگەیەش، كە پاسەوانی دەكەن، تەنیا دەتوانن ساخكەرەوەی كالاّی كۆمپانییە جیهانلوشەكان و دابینگەری كەرەستەی خاو بۆ ئەو كۆمپانیانە بن. بەم جۆرە دەبینین، سەرتیپێكی ئاودیوگەری كارگەیەك یا بەنداوێك دەركی لە دەركی ئەم بەڕێزانە جیهانیتر بووە و زانیویەتی كە كوردستان لە سایەی ئیمپریالیزم و بازارئازاددا دەلاڵخانەیە نەك كۆمەڵگەی بەرهەمهێن و بڕیاردەر!

پاشان پلەوپایە بەخشینەوە و داگیركردنی پلە و خۆناونووسكردن بۆ ڕیزی یەكەمی دەربازگەرانی كەشتییەكەی نوح (دەسەلاّتی بۆرجوازی)، دیسانەوە هاوتای پاگەندەكانی دەسەلاّتە، كە بەخەڵك دەڵێت، كانییەكمان هەڵداوەتەوە و دەك منەت بتانگرێت، ئەگینا (ڕوانینی ئێمە .... و بەشدارین..... ) چ جیاوازییەكی لەتەك بەشداواكردنەكەی نەوشیروان موستەفا و هەواڵی قیرتاوكردنی جادە و هەڵدانەوەی لاپەڕەی شەوە ناشۆڕشگێڕییەكانی ینك و پدك و ئەوانیچییە؟
پاشان نووسەران نەك تەنیا خۆیان بە پێشڕەوی دەسەلاّت دەزانن، بەڵكو خۆشیان لەوانە جیادەكەنەوە كە بە "ڕۆشنبیر"یان ناو دەبەن. ئەگینا "ئەركێكی ئەخلاقیو مێژوویی ئێمەو ڕۆشنبیرانی دیكەشە" چی دەگەیێنێت؟ ئەگەر ئەوانیش وەك ئەوانی دیكە ڕۆشبیرن و پایەیەكی ئاسایی ئەو ڕۆشنبیرانەی دیكە بە خۆیان دەدەن، بۆچ خۆیان جیادەكەنەوە؟ "ڕۆشنبیران"ی دیكە كێن، بۆچ لە دەرەوەی كایەكەی ئەمانن و جیاوازییان چییە؟
بە پێچەوانەی پاگەندەی نا دەستەگەربوون، كە نووسەران دەیكەن. كاتێك كە لە دەرەوەی ئەوان "ڕۆشنبیران"ی دیكە هەبن، كەواتە ئەمانی دەستپێگەر، داخراو و دەستەگەربوون، بۆیە بە ناچاری لە دەرەوەی ئەمان "ڕۆشنبیران"ی دیكە هەن یا كۆبوونەوەتەوە!

کاتێك کە "ڕۆشنبیران" لەسەر بنەمای دەستەبژێریی لە کۆمەڵگەدا بەرتەرییان پێدەدرێت، ئایا تاکە "ڕۆشنبیر"ەکانیش وەك تاکی نەتەوە و توێژ و چینەکانی تر، هاوبەرژەوەندیی و هاوخەمیی و هاوئەرکیی و هاوئامانجییان هەیە؟ ئەگەر هەیە، بۆ نووسەران خۆیان جیا دەکەنەوە؟ ئەگەر نییە، کەواتە شتێك لەیەك جیایان دەکاتەوە. ئەی ئەو شتە چییە؟ سەر بە پارتبوون، سەر بە چین و توێژی کۆمەلایەتییبوون، هەبوونی تێڕوانینی جیاواز بۆ گۆڕینی دونیای نائازاد و نایەکسان و نادادوەر؟ ئەگەر یەکێك لەمانە بێت، ئەی ئەمە بەڵگەی بوونی چین و توێژی بەرژەوەندی ناکۆك لەناو کۆمەڵدا نییە؟ ئەگەر ئەوەیە، ئەدی پاگەندەی هاوبەرژەوەندیی نەتەوەیی لەپای چییە؟

پێشمان وایە بەشێکی هەرە گرنگی قەیرانی سیاسی لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چارەسەرییە نیوەناچلانە کە لە تێگەیشتنی نیوەناچڵی کێشەکانەوە هاتوون. سیاسییەکانی کورد بە تەنیا ناتوانن قووڵیی و فراوانیی و گەورەیی قەیرانەکە ببینن، لەبەرئەوە ناشتوانن بەتەنیا چارەسەرییکەن. ل.٨

ئەگەر سەرنجی ئەم بەشە بدەین، دەبینین، کە نووسەران داوای بەشداربوون لە بڕیاردان و دەسەڵاتدا دەکەن و دەڵێن ڕامیارانی کورد تەنیا ناتوانن گرفت و کێشەکان چارەسەری یەکجارەکی بکەن. پاشان درێژە بە ناڕۆشنی دروستکردن لە ڕۆڵی ڕامکاراندا دەدەن و دەیانەوێت بەئاگایان بهێننەوە یا مانگرتنە خەیاڵییەکەیان پێبشکێنن.
لێرەدا ئەوە بۆ من پرسیارە؛ ئەو نووسەرانەی کە ئەم نووسەرانە مەبەستیانن، کامانەن، کە تەواوکاریی دەسەڵات دەکەن و کاریان لە کاری خودی ئەمان جیاوازترە؟ هەروەها ئەو جیاوازییە کامەیە و تاچەندە ناوەڕۆکییە؟
بە بڕوای من، جیاوازی تەنیا لە ڕواڵەتدایە، کە نووسەرانی فەرمی

دەسەڵات، کار بۆ خۆشباوەڕکردنی خەڵك بە دەسەڵاتدارانی ینک یا ینک + پدک دەکەن و ئەم نوسەرانەش کار بۆ هەمیشەییکردنی سەروەری چینایەتی ینک و پدک و نەمرکردنی سەرمایەداری دەکەن! لە کۆتایی ئەم دەربڕینەدا دێنە سەر دیاریکردنی ئەوانیتر، کە پێویستە لە بڕیاردان و چارەسەرکردندا ڕۆڵیان هەبێت، کە هەر دەکاتەوە خودی خۆیان و دیسانەوە شیوەنی هەریسەکەیە.

<u>بەڵکو بۆئەوەیە بەشداریبەک بکەین لە دۆزینەوەی چارەسەری هێمنانەو دیموکراسیانە بۆ ئەو قەیرانە گەورەیەی ئەزموونی حوکمڕانی لە هەرێمدا تووشیبووە</u>. ل.٩

چارەسەری هێمنانە کامەیە و مەبەست لە چییە؟ بەرداشتی من لەو شێوە گۆڕانە، کە نووسەران دەیخوازن و لە سەردەمی هەڵبژاردنەکاندا کاریان بۆ کرد و ئەم بەرنامەیان بۆ دارشت، گۆڕانە لە سەرەوە و بە لوتف و بەزەیی ڕامکارانی ڕێفۆرمخواز و فیلۆسۆفانی مرۆڤدۆست، نەك گۆڕانێك کە دواجار دەبێتە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕزگاربوونی کۆمەڵگە. ئەگەر بە کورتی ڕۆڵ و کارکردی ئەم نووسەرانە دیاری بکەین، دەکاتە دڵنەرمکردنی دەسەڵاتداران و لە خەو ڕاچڵەکاندنیان یا هاندانی خەڵك بووە بۆ دەنگدان بە لیستێك. ئایا نووسەرانی دەسەڵاتیش کە بە فەرمی ئەوە پیشەیانە، بێجگە لەمە هیچیتریان کردووە؟

"دێمۆکراسییانە" کامەیە و تکایە نموونەیەکی خوازراو؟ کامە دێمۆکراسی و لەسەر دەست و کارکردی کێ؟ ئەو دێمۆکراسییە پشت بە کامە شێواز و میکانیزم دەبەستێت، تاکو فیلتەر بۆ سەرهەڵنەدانەوە یا پەروەردەکردنی دزێکیدروست بکات؟
کامە چارەسەر، چارەسەری قەیرانێك، کە ئەزموونی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستاندا تووشیبووە، یا هاوخەباتی و هاوسەنگەری

قوربانیانی ئەو فەرمانڕەواییە بۆ چارەسەری گرفتەکانیان؟

نووسەران ئەوە دەرك ناکەن یا خۆیان لەوە لادەدەن، کە قەیرانەکانی دەسەڵات لەو ساتەوە دەستپێدەکەن، کە جەماوەری ستەمدیدەی ژێردەست بەئاگادێت و لە خەبات و بەرەنگاری ڕۆژانەدا هوشیار دەبێتەوە! ئەگینا دەسەڵاتی بۆرجوازی کورد لەچاو سەرەتای دامەزراندن و جێکەوتەبوونی، تۆکمەتر و دیمۆکراسییترە (مەبەست دیمۆکراسییەکە کە نووسەران دەیخوازن، دیمۆکراسی نوێنەرایەتی)! بۆ نموونە لە سەرەتای ڕاپەڕیندا ژنیان بە بەرنامە و دەستەی تێرۆریستی خۆیان ڕەشەکوژی دەکرد، بەڵام ئێستا بە باوك و برا و سەرۆکهۆز و ئیمامی ئاییني، لە ئایاری ١٩٩٢دا بە ناوبژی و فشاری ئەمەریکا ملیان بە فیفتی فیفتی یەکتردا و دەنگی ئەوانیتریان دزی، لە ئێستادا مل بە چوونی ئۆپۆزسیۆن دەدەن و دەسەڵاتیان پێدەبەخشن و بواری خۆکاندیدکردنی کەسانی ئاساییش بۆ پلەی سەرۆکایەتی (خوایەتی) هەرێم دەدەن، لە ساڵی ١٩٩٣دا (نەزیر عومەر- ئارام)یان بە پەرمێز سوتاند و لە دەرەوەی شارۆچکەی سمێڵ فڕێیاندا، لە ئێستادا گولە بە ناودەمی ڕەخنەگرانیانەوە دەنێن و لە موسڵ فڕێیان دەدەن. ئایا دەسەڵاتێکی ئاوا، قەیرانی فەرمانڕەوایی زیاتر یا کەمتر دەبێت؟ بەڵام ئەوەی کە نووسەران نێوی دەنێن "قەیرانی فەرمانڕەوایی و لە ساڵیادی (٢٠٠٦) کیمیابارانیدا لە سەرکوتی ڕاپەڕینەوەی خەڵکی هەڵەبجەدا بە قەیرانی مۆراڵی نێویان دەبرد، قەیرانی پاگەندەی فڕیودەرانەیە و خودی نووسەرانیش ئەوەتا خەریکی پەڕوپینەکردنی ئەوەن، کە جارێکی جەماوەری ناڕازی بەلایەکی تردا بەرن و ناکۆکییەکان و ستەمەکان و هەڵاواردنەکان، نادادوەرییەکانی بۆرجوازی بۆ ئەم سەرتیپی نەخوێنەدوار و ئەو ئەندماپارلەمانی ناپسپۆڕ دەگێرنەوە. ئەوان دەیانەوێت ئەوە بشارنەوە، کە هەر قەیرانێکی ڕامیاریی و ئابووریی و سەربازیی سیستەمە جیهانییەکە خۆبەخۆ بەپێی ڕێوشوێن و کارایی

دەسەڵاتە ناوچەییەکان بەسەر فەرمانڕەواییەکاندا دەشکێتەوە، ئیتر ئەو فەرمانڕەوایانە فیلۆسۆف بن یا چەتە و ڕێگر!

تەنیا دووبارەکردنەوە یاخود تۆمارکردنی هەڵویستی مێژوویی نییە لە ساتەوەختێکی قەیراناویدا، بەڵکو بەشداریکردنە لە بینین و یارمەتیدانی یەکدی لە تێگەیشتنی ڕاستییەکان؛ هەوڵە بۆ گێڕانەوەی ڕێز بۆ دەوری ڕۆشنبیر وەک بینەر، وەک ناونەر، وەک بکەرێکی ڕاستەخۆو بەشدار لە دروستکردنی هوشیاری گشتیدا، وەک بکەرێکی ناڕاستەخۆش لە دیاریکردنی چارەنوسی وڵاتەکەیدا ل.٩

دیسانەوە شیوەنی هەریسەکە دێتەوە پێشەوەی شانۆ و پەردە لەسەر ئەوە لادەدات، کە نووسەران خوازیاری چین! باشە ئەوە زانیمان "ڕۆشنبیر"ی بینەر چییە، ئەی دەکرێت بزانین، "ڕۆشنبیران"ی ناونەر چییە؟ لێرەدا تەنیا یەك ئەگەر هەیە بۆ واتابەخشین؛ ناونانی کێشە و گرفت و قەیرانەکان بەو جۆرەی کە لە بەرژەوەندی ڕۆشنبیران و دەسەڵاتدایە، کە دەکاتەوە بەلاڕێدابردنی خەڵك لە کەتواری شتەکان. پاشان دەکرێت لە "دروستکردنی هوشیاری" تێبگەیێنرێن؟ مەگەر هوشیاری کەرەستە و ئامێرە تا دروست بکرێت؟
ئاساییە کە دەستەبژێر وەها لە هوشیاری بدوێت، چونکە خودی خۆبژارکردن لەناو خەڵکدا و خۆدەستەکردن لەم پارت و لەو بانددا، لەسەر ئەو بنەما لیڵ و نامرۆییە وەستاوە. هوشیاری نە پۆشاکە تا دەسەڵات لای"ڕۆشنبیران" بە دوورینی بدات، نە کەرەستەیە تا لە دەرەوەی خۆمان بەرهەمبهێنرێت. هوشیاری بەرهەمی کار و چالاکی خودی مرۆڤ (تاك)ە لە ژیانی ڕۆژانە و کارایی ڕووداوەکان و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەلایەن تاکەوە بەپێی پێداویستی و هەوڵی مانەوە. چونکە هیچ "ڕۆشنبیر" و ڕامیارێك تا ئێستا نەیتوانیوە پێش ڕووداو بکەوێت و لە بارەیەوە هوشیاریمان بداتێ، بەڵکو هەموو

پێسبینییەك بە ئەزمووونی چەند بارەوەبوو پشتئەستووره و بەس. بۆیە هوشیاری مرۆڤ لە دەرەوەی خودی مرۆڤەوە نییە و پێویستی بە هیچ پەیامهێنەرێك نییە. وەها تێڕوانینێك بۆ هوشیاری لە خۆڵەپۆتەی ئایدیالیزمدا چینە دەکات، کە دروستبوون و ڕێنوێنی مرۆڤ، بۆ پێش مادە کەوتنی هوشیاری واتە خودا، دەگێڕێتەوە و نوێنەرانی هوشیاری "ڕۆشنبیران" لەسەر زەوی هەمان پلەوپایە بە خۆیان دەدەن. بەڵام هەم ئەزموونی مرۆڤ و هەم تاقیکاری لەسەر زۆرێك لە ئاژەڵە خزمەنزیکەکانی مرۆڤ، ئەوەی نیشانداوە، کە هوشیاری بەرهەمی تاقیکردنەوە و وانەوەرگرتنە لە ئەزموونە تێپەڕێنراوەکان. هەروەك چۆن منالێك بەر لە سووتان ناتوانێت لە واتای ئازاری سووتان بگات، ئاواش نووسەران لە ١٨ ساڵی ڕابوردوودا بەبێ تێپەڕکردنی ١٨ ساڵ ئەزموون، نەیاندەتوانی وەها مانیفێستێك بۆ ڕزگارکردنی بۆرجوازی کورد لە قەیران، بەرهەمبهێنن!

<u>ئەوەی ئێمە لێرەدا دەیخەینە ڕوو پرۆگرامی سیاسی نییە، چونکە ئێمە نەحیزبینو نە سیاسەت دەکەین، بەڵکو ئەوەی ئێمە دەیکەین پێداگرتنەوەیە لەسەر ئەو ڕۆڵە ئەخلاقیو فیکرییەی کە پێمانوایە دەبێت ڕۆشنبیرانی کورد هەیانبێت،</u> ... ل.٩

ڕاستە ئێوەی نووسەران لە پارتێکدا نین یا ئاشکرا نین، بەڵام بە دڵنیاییەوە خەریکی ڕامیاریکردنن. چونکە ڕامیاریکردن تەنیا کاری پارتیی نییە، بەڵکو ڕامیاریکردن بە واتای لێزانانە کایەکردن بۆ گۆڕینی بارودۆخێکی ڕامیاریی، ئابووری و کۆمەڵایەتی. هەروەها مرۆڤی ناڕامیار بوونی نییە، تەنانەت ئەوانەش کە لە کۆمەڵگە و کاروبارەکانی گۆشەگیری دەکەن. مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا بوونەوەرێکی ڕامیارە، یا لە بازنەی ڕامیاری کەسانی تردا سەرگەردان دەسووڕێتەوە یا بەخۆی خەریکی تێکشکاندنی بازنە ڕامیارییە جێگیرەکانە.

ئەو سوێندخواردنە ناپێویست و نابەجێییە بۆ بڕواپێهێنانی خوێنەر، بەوەی کە ڕامیاری ناکەن و بەرنامەکەیان ڕامیاریی نییە، خوێنەر بە گێلزانینە، چۆن دەکرێت مانیفێستی ڕیفۆرمی ڕامیاری پێشنیار بکەیت و ڕامیار نەبیت و خەریکی ڕامیاریکردن نەبیت؟ ئەمە سەلمێنەری بۆچوونەکەی منە، کە نووسەران وەك سەرانی بۆرجوازییان خەریکی ڕامکردنن نەك ڕامیاری. ئینجا لەسەر ئەو بنەمایەش ئەوەی بیر لە چارەسەری ڕیشەیی کێشە و گرفتەکان بکاتەوە، هیچ کات دەسەڵاتی بۆ گرنگ نییە و ئەوی خەمی ڕزگارکردنی کەشتی تێکشکاوی دەسەڵات بێت و داوای بەشداریکردنی دەسەڵات بکات و پێناسەی فریادڕەسی بۆ خۆی دیاری بکات، خەریکی ڕامکردنی خەڵکە بۆ سەروەری چینێك.

ئایا دەکرێت نووسەران بۆمان دیاری بکەن؛ کامەیە ئەو مۆڕاڵ و هزرە، کە لای نووسەران پێویستە پێوەری ڕۆڵی "ڕۆشنبیران"ی هەتیمچەکەی کوردایەتی بێت؟ ئایا پێیانوایە کەسی بێمۆڕاڵ و کەسی بێهزر لە کۆمەڵگەدا پەیدا دەبێت؟ بەواتایەکی دیکە تر پێیانوایە نووسەرانی پارتەکان بێمۆڕاڵ و بێهزرن؟ بە چ ئاوەزپەسەندی و لۆجیك و پێوەرێك؟ کەسی بێمۆڕاڵ تەنیا دەتوانێت مردوویەك بێت، لەوێدا کە بە مردن، کۆتایی بە کردار دێت، چونکە مۆڕاڵ لە بوون و کرداردا دەتوانێت بەرجەستە بێت. هەر بەو پێیەی کە مرۆڤ خاوەنی هزر و ئایدیلۆجیا و ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتی جیاوازە، هەروەها خاوەنی مۆڕاڵی جیاوازە، بەڵام هیچ کات بێمۆڕاڵ نییە و بەجۆرێك لە جۆرەکان پەیڕەوگەری هزر و مۆڕاڵێکە و مۆڕاڵی جێکەوتووش لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا، مۆڕاڵی چینی سەروەرە، چونکە مۆڕاڵ لە چەمکە چینایەتییەکان بەدەر نییە و وەك هەر دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی، پابەند و ڕەنگدانەوەی ئاستی پەیوەندییە مرۆییەکانە. ئەوی مۆڕاڵی جێکەوتە بە کردەوە ڕەتبکاتەوە، هاوکات خەریکی جێخستنی مۆڕاڵێکی ترە، ئەوی خوازیاری مۆڕاڵی مرۆڤدۆستانە بێت، بێجگە لە دژایەتی مۆڕاڵی کۆنەپەرستانەی باوی

سەروەران، ڕێگەیەکی تری بۆ نامێنێتەوە!

<u>کۆمەڵگای کوردی ئەمڕۆ بە تونێلێکی تاریکدا دەڕوات کە هەڵەی ژمارەیەکی زۆر کەم لە خەڵک دروستیانکردوە، کە گوێ پێنادەن و کورتبینی کۆمەڵێک سیاسی خولقاندوویەتی</u> ل.٩

ئەوەی ئەمڕۆ کۆمەڵگەی کوردستان بەدەستییەوە دەناڵێنێت، لەوە بەدەر نییە، کە کۆمەڵگەکانی ئەرژەنتین و ئەفریکای باشوور و تایلەند و کیرگستان و ..تد گیرۆدەی بوون و سەرچاوەکەشی بۆ سیستەمەکە چینایەتییە جیهانییەکەی دەسەڵاتداری بۆرجوازی دەگەڕێتەوە. تەنیا چارەسەریش بۆ پاراستنی دەسەڵات و قوتارکردنی لە قەیرانەکانی ئەوەیە، لەو شوێنانەی [کوردستان بە نموونە] کە بزاقە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکخراو نین، کوشتوبڕ و تیرۆر بەگەڕ بخرێت و لەو شوێنانەی [ ئەوروپا بە نموونە] کە تاك تاڕادەیەك لە ڕۆڵی ڕامیاران و سیستەمە جیهانییەکە هوشیاربووەتەوە و دێوجامەی نەتەوەگەرایی و ئایین کڕیاری کەمە، کارمەند و شالیارەکان وەلا بنرێن و کەسێکی دیکە شوێنیان بگرێتەوە، هەر ئەو کایەی کە نووسەران دەخوازن ڕۆڵی پێخەمبەربوونی بگێڕن!
ئەگەر وانییە جیاوازی گەندەڵی میری هەرێم و میری بریتانیا لە چیدایە؟ ئەگەر وانییە، بۆ پاش هەزاران ساڵ دەسەڵاتی چینایەتی و چەند سەدە سیستمی پارلەمانی نوێنەرایەتی، هێشتاکە پارلەمانێکی ناگەندەڵ و دەسەڵاتێکی ناگەندەڵ و پارتێکی ناگەندەڵ و سەرۆکێکی ناگەندەڵ و دێمۆکراسییەکی ناگەندەڵ و "ڕۆشنبیر"ی ناگەندەڵ و ژورناڵێکی ناگەندەڵ سەریهەڵنەداوە؟
پاش ئەم هەموو ئەزموونە لە دووبارە بوونەوەی بەدبەختییەکان، مەگەر فیلۆسۆفانی جادووگەری کوردستان، بتوانن لە چاندنی دڕکودالی دێمۆکراسی سەروەران، گەنم و گەنمەشامی بۆ ژێروەران بەرهەم بهێنن!

تاوانبارکردنی کۆمەڵێك بۆ پاراستنی گشتیی سیستەمەکە، لاسایی نموونە سواوەکانی ئەوروپایە؛ میدیای ئاڵمانی هەرچی وێنەی ناشیرین و سێکسیستی هەبوو بۆ (ئەنجێلا مێرکل) سەرۆکشالیارانی ئەو وڵاتە لەپێش خۆکاندیدکردنیدا دروستی کرد و تەنانەت پۆشاکی لەشفرۆشیان لەبەر کردەبەر، کێچێک نەبووە میوانی دەسەڵات، بەڵام کاتێك سەرۆککۆماری ئەو وڵاتە لە سادەییەوە، ڕاستگۆیانە دان بە هۆی ئامادەبوون و ڕۆڵی سوپای ئاڵمان لە ئەفگانستان دەنێت، کە دەیان ساڵە لە یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتەدا داڕێژراوە و بەفەرمی ناسراوە، ناڕاستەوخۆ ناچار بە دەستکێشانەوەی بە ڕواڵەت خۆویستانە دەکرێت. یا کاتێك خۆپیشاندانێك دژی بەشداری لە شەڕی کۆسۆڤۆ و ئەفگانستان و عیراق دەکرێت، چالاکانی خۆپیشاندانەکان بۆ چەند ساڵ لە زیندان دەمێننەوە! ئایا نووسەران، خەریکی دروستکردنی ئەو خۆشباوەڕییە نین، کە تاکە دەسەڵاتدارەکان بە گەندەڵی تاوانبار بکرێن و سیستەمەکە، کە بەخۆی سەرچاوەی گەندەڵییە، پارێزراو بێت؟

"ڕۆشنبیر"، ئەی تاریکبیر کێیە؟ ئایا هەموو تاریکبیرێك ناتوانێت و ناکرێت خۆی بە "ڕۆشنبیر" بزانێت و بەرامبەرەکەی بە تاریکبیری تاوانبار بکات، بە واتایەکی دیکە دیکە ناکرێت هەموو کەسێك، کە پاگەندەی "ڕۆشنبیر"ی دەکات، لای بەرامبەرەکەی تاریکبیر بێت؟ کەواتە ناتوانرێت لەسەر کێشی خوێندەوار و نەخوێندەوار، هەندێك خۆیان بکەنە "ڕۆشنبیر" و هەرچی لە دەرەوەی خۆیان مایەوە، بیکەنە تاریکبیر. دەکرێت، ئەوەی کە بۆ من ڕۆشنبیریی بێت، بۆ کەسانی دیکە تاریکبیری بێت. بەم جۆرە ویست و حەزی ئێمە ناتوانێت پێوەری ڕۆشنبیریی بێت، بەڵکو ئەگەر بریار بێت، ڕۆشنبیری، ماك و تایبەتمەندی کەسانێك بێت، کە دەیانەوێت مرۆڤایەتی بەرەو هەرچی زیاتر ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری و سەربەستی تاك هەنگاو بنێت، ئەوا هەموو دەسەڵاتخوازێك چ سەرۆکێك بێت یا فیلۆسۆفێك دەچێتە

خانەی تاریکبینی و کۆنەپاریزی و کۆنەپەرستییەوە!

نووسەری چییە و نووسەر کێیە؟ نووسەری ئەرکێکی ویژدانییە، کە باوەڕێك هاندەرییەتی. کاتێك کە نووسەری دەبێتە پیشەی موچە بەدەستهێنان، ئیتر جیاوازی پۆلیس و نووسەر نامێنێت؛ پۆلیس بە چەك و کوتەك ناڕازییان سەرکوت دەکات، نووسەریش بە پێنووس و دەستەواژەکانی نا□ڕازییان فریو دەدات و هەردووکیان دەبنە پارێزەری یەك سیستەم و یەك دەسەلات، دەسەلاتی چینایەتی مشەخۆران و چەوسێنەران، کە بۆ مانەوەی خۆی هەموو شتێك بە کرێ دەگرێت، نەك تەنیا نووسەران و فیلۆسۆفان بەڵکو جادووگەر و فالچییەکانیش دەتوانن ئەو ڕۆشنبیرییە بلاو بکەنەوە، کە هەندێك داوای دەستەبژێریی بۆ دەکەن!

یەکەم: داکۆکیکردن لە مافەکانی ئینسانی کوردو هەوڵدان بۆ گۆرانی وێنەکان

<u>١- ئەزموونی سیاسی کوردی لە ئەزموونی شۆڕشگێڕانەوە بۆ ئەزموونی گەندەڵکاران ل.١١</u>

کامە شۆڕشگێڕی، شۆڕشگێڕیی لای نووسەران چ واتایەك دەبەخشێت؟ ئەی مافەکانی مرۆڤە ناکوردەکانی هەرێم چی؟ ئایا ئەمە ناسیونالیزمێکی پەلهاویشتوو بۆ شۆڤێنیزم نییە؟

وەك دەزانین کۆمەڵگەی کوردستان (هەرێم) لە کۆمەڵێك پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی جیاواز پێکهاتووە و هەژمارێکی ناکورد دەگرێتە خۆی و لە ئێستا و سبەینێشدا هەزاران و ملیۆنان کەس چ بۆ کارکردن و ژیان چ بۆ گەشتوگوزار و پرۆژەی دیکە ڕوو لەم دەڤەرە دەنێن، ئایا ئەوانە مافی خوارتر لە کوردانیان دەبێت؟ کاتێك نووسەران قسە لەسەر

ماف دەکەن، زۆر بە دیایکراوی باس لە مافە مرۆییەکان (مافە بنەڕەتییەکان، مافە گشتی و هاوبەشەکانی مرۆڤ) دەکەن، نەك لە مافە نەتەوەییەکان. ئیتر لێرەدا هیچ بوارێك بۆ پاساو و خۆدەرکێشان لەژێر ساباتی ناسیونالیزم وەك ئایدیلۆژیای دەوڵەت نامێنێتەوە. لێرەدا زۆر بە زاقی ناسیونالیزمی پەلهاویشتوو بۆ شۆڤێنیزم و هەڵاواردنی مرۆڤە ناکوردەکانی کۆمەڵگەی کوردستان یا هەرێم لە مافە بنەڕەتییەکان، خۆ نێشان دەدا و لەتەك دەسەڵاتدا چاوشارکێ دەکات. ئەوەی لە عیراق، بەتایبەت لە هەرێمدا ژیابێت، باش ئەوە دەزانێت، کە لە سایەی دەوڵەتی بۆرجوازی عیراقیی پشتبەستوو بەناسیونالیزمی عەرەبی پەلهاویشتوو بەرەو شۆڤێنیزم، تەنیا تاکی کورد لە مافە بنەڕەتیی و نەتەوەیی و کولتوورییەکانی بێبەش نەبووە، بەڵکو تورکمان و کلدانی و ئاشوورییەکانیش بە هەمان شێوە بێبەشبوون و ئەو کەمەنەتەوانە کەوتوونەتە سنووری جوگرافی هەرێمی کوردستان و نووسەران دەخوازن لەو چوارچێوەدا مافی مرۆیی کورد داکۆکی لێبکرێت! پرسیار ئەوەیە، بڕیارە لە بەرامبەر کێ و کامە دەسەڵاتدا داکۆکی لێبکرێت، مەگەر لەو سنوورەدا خودی بۆرجوازی کورد سەروەر نییە، کە دەسەڵاتدارە؟

ئایا ئەمە بۆ خۆی بەڵگەی ئەوە نییە، کە دەسەڵات هەر شوناسێکی هەبێت و هەر پۆشاکێکی بەبەردا بکرێت، هێشتا هەر چەوسێنەری ئەو تاکانە دەمێنێتەوە، کە پاگەندەی نوێنەرایەتیان دەکات؟

ئەگەر دەسەڵات و دەوڵەتی نەتەوەیی، دەسەڵات و ویستی هەموو تاکە پێکهێنەرەکانی نەتەوە بێت، ئیتر داواکردنی مافی مرۆیی بۆ تاکەکانی ئەو نەتەوەیە لە کێ و لەپێناو چی؟ یا ئەوەتا داواکەی نووسەران نابەجێیە یا ئەوەتا دەوڵەت و دەسەڵاتی نەتەوەیی دێوجامەیەکە بۆ فریودانی ئەو تاکانەی کە نووسەران بە ڕواڵەت داوای مافی مرۆییان بۆ دەکەن؟ ئەگەر ئەو دوو ئەگەرەش نەبن، ئەوا تەنیا یەك ئەگەر دەمێنێتەوە، کە ڕووی ڕاستەقینەی مافی مرۆییە لای ناسیونالیستەکان،

کە ئەویش خواستی دەوڵەت و دەسەڵاتی کەمایەتی بۆرجواکانە لەژێر پەردەی مافی نەتەوەیی و مافی مرۆیی تاکەکانی ئەو نەتەوەیە!

با بە جۆرێکی دیکە لەم شتە بڕوانین، ئەگەر کەسێك یا گروپیك لە ١٩٢٠-١٩٥٨ بانگەوازێکی لەو جۆرەی هەبوایە و تەنیا خوازیاری داکۆکیکردن بوو بێت لە مافی مرۆیی عەرەب لە عیراقدا و کورد و تورکمان و کلدان و ئاشوورییەکانی فەرامۆش کردبێت، ئەوڕۆکە چۆنی دەبینین؟ ئایا ئەوە هیچ جیاوازییەکی لەتەك بانگەوازەکەی نووسەران هەیە؟

کامە ئەزموونی شۆڕشگێڕانە؟ بە کامە پێناسە و پێوەر ئەزموونی بەرهەلستکاری چەکدارانەی بۆرجوازی کورد دەچێتە خانەی شۆڕشگێڕییەوە، کە ئاوا ئەم نووسەرانە هیچ گومانێکیان لەو شۆڕشگڕییە نییە؟
لای هەمووان ئاشکرایە کە بوونی واژەگەلی جیاوازی وەك هەڵچوون، ڕاپەڕین، کودەتا، شۆڕش بۆ بوونی جیاوازی ئامانج و ستراتیژێك، کە ئەو چەمکانە هەڵگری دەبن، دەگەڕێتەوە. تا ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر شۆڕش، بە واتای ڕەتکردنەوەی بارودۆخ یا سیستەمی ڕامیاریی و ئابووریی و کارگێریی چ بە گۆڕینی درێژماوەیی چ بە لەناوبردنی دەستوبردی، دێت.
پێش ئەوەی بێمە سەر ئەم بەراوردە، باشتروایە سەرنجی بزاڤی چەکدارانەی ناسیونالیزمی کورد بدەین، کە بەداخەوە زۆرێکمان لەو پێناوەدا قوربانیمان داوە و زۆرێك لە هاوەڵان و هاوڕێ و ئازیزانمان لەو پێناوەدا لەدەستداون.

وەك دۆکومێنتەکانی، کەس و دەوڵەتە دەسەندکار و هاوکارەکانی بزاڤی ناسیونالیستی کورد نیشانی دەدەن، بزاڤی چەکداری هەر لە سەرەتاوە

خۆرسك نەبووە و لە پای پرسی ستەمی نەتەوایەتی نەهاتووەتە بوون. ئەمە بێجگە لەوەی کە ناسیونالیزم وەك ئایدیۆلۆجیای سەراپاگیر یا گشتخوازی بۆرجوازی هیچ پەیوەندی بە ستەمی نەتەوەیی و ڕزگاربوون لە دەست داگیرگەر وئیمپریالیزم نییە. بۆ دەرکەوتنی ئەمە، تەنیا بەسە سەرنجی هودنە و گفتوگۆ و سازشەکان لەتەك ڕژێمە نەیارەکان و بەستینی هاوپەیمانی لەتەکیان و شەڕە ناوخۆییەکان لەسەر قۆرخکردنی ناوچەکان و هاوسەنگەری و بەرلەشکری و سیخوڕی بۆ داگیرگەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و نەیارانی کاتی ڕژێمی داگیرگەری ئەم بەشەی هەرێم بدەین، باشترین بەڵگەی جیایی و دووری ئامانجی تاکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیەك، کە زۆربەی کات کرێکاران و جوتیاران زۆرینەی سوتەمەنی بزاڤەکان پێکدەهێنن، لەتەك ئامانجی دەستەبژێری ڕامکار و ڕۆشنبیری دەسەڵاتخواز، کە هەردەم بێ زیان و دەردیسەری لە نەهامەتییەکانی جەنگی ڕزگاریدا هاتووەتە دەر. بزاڤی چەکداری ناسیونالیزمی کورد بەشی باشوور لە ١٩٦١- ١٩٧٥ بەڵگەنەویستە کە دەستکرد و دنەدراوی ساواك و ئیسرائیل بووە و زۆربەمان هێشتا نێو و ڕوخساری ساواکییەکانمان بە پۆشاکی کوردییەوە لە هۆشدا ماوە و قوربانییەکانیش بوونەتە سووتەمەنی ئامانجی ئەو دەوڵەتانە. کاتێکیش کە بەرژەوەندییان لە دنەدانی کوردان نەما و ئامانجەکانیان بەدەستهاتن، ئەو بزاڤە گەورەیان وەك چەپکەگولێك لەسەر مێزی ڕێکەوتنی بەرژەوەندییەکانیان لە ریکەوتنی ١٩٧٥ی (جەزائیر)دا دانا.

خولی دووەمی بزاڤی چەکداری ناسیونالیزمی کورد بەشی باشوور (نیئۆجەلالیزم)، وەك بەڵگەنامەکان نیشانی دەدەن و تاڵەبانی خۆی دانی پێداناوە، "لەبەر خاتری برا بەعسییە دەسەڵاتدارەکانی سوریە، هەڵیانگیرساندووە" و لەولاشەوە بۆ داگیرکردنەوەی مەیدانەکە، هێنانەوەی نەیارەکانیان (قیادە موەقەتە) لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە

دێتە پێشەوە، کە سەرەکیترین ئەرکیان، سەرکوتی ئازادیخوازان و ڕزگاریخوازانی خۆرهەڵاتی کوردستان بوو.

بەکورتی ڕۆڵ و ئامانجی بزاڤە چەکدارییەکان، لەباربردن و قۆستنەوەی نارەزایەتی تاکی ستەملێکراوی کورد بووە لەلایەن سەرۆکهۆز و وردەبۆرجوازییەوە لە پێناو هێنانەدی ئامانج و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە و دەسەڵاتخوازانی بورژوازی کورد بووە و ناڕاستەوخۆش دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم و دەوڵەتەکانی ناوچەکە.

تا ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر هەڵچوونە بەراییەکانی کورد، بەهەمان شێوە نارایەتی جوتیار و زەحمەتکێشی کورد لەلایەن دەرەبەگ و شێخ و مەلاوە بۆ جێگرتنەوەی ستەمکار قۆستراوەتەوە.
لێرەدا لە نووسەران دەپرسم، کامە شۆڕشگێڕی؟ نەك تەنیا لە بزاڤی نەتەوەیی کورددا، بەڵکو لە سەرتاسەری دونیادا یەك نموونە لە شۆڕشگێڕی دەسەڵاتخوازان بخەنە بەردەست. ڕاستە تاکی کرێکار و زەحمەتکێشی کورد بە مەبەستی ئازادی و ڕزگاری و سەربەستی گیانی خۆی فیداکردووە، بەڵام هیچ کات بەو ئاراستە خەباتییان نەڕۆیشتووە و دواجاریش ئەگەر ڕاپەڕینی خودی جەماوەری خەڵك نەبووایە، ئەو پارتانەی کە نووسەران شوناسنامەی شۆڕشگێڕیی لە بەرۆکیان دەدەن، ئێشتاش هەر پەنابەری ئەودیو سنوورەکان دەبوون!
کامە شۆڕشگێڕی، بێجگە لە دژەخونی لە خەڵك و بەقوربانیدانی خەڵك بۆ ئامانجی هاوبەشیان لەتەك ڕژێمەکانی ئێران و تورکیە و سوریە و عیراق؟ کامە شۆڕشگێڕی بێجگە لە سەرکوتی ئۆپۆزسیۆنی ڕژێمەکانی ئێران و تورکیە و سوریە و فرۆشتنی هەڵەبجە و هۆرامان، بەکامە پێوەر ئەو پارتانە کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیان لێوەشاتەوە، تاکو ئێستاکە جێی ئەفسوس و ئاخهەڵکێشان بێت؟

مـافی ڕامیـاریی تـاكی كـورد یـا مـافی دەسـەڵاتداریی بۆرجـوازی كـورد؟
لێرەدا مەبەستی نووسەران لە مافی ڕامیاریی كورد، ئازادی چالاكی ڕامیاریی بۆ تاك و گروپ و چین و توێژە كۆمەڵایەتییەكان نییە، بەڵكو مافی سەروەری ڕامیاریی و دەسەڵاتییە، كە نوێنەرانی بۆرجوازی كورد لە تێكشكانی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١دا توانییان بۆخۆیان قۆرخی بكەن، واتە سەپاندنی ویستی كەمایەتییەكی هەلپەرستی كورد بە سەر زۆرینەی جەماوەری ڕاپەڕیوی كورددا. هەر ئەو مافە، كە هەردەم ئامانجی وردەبۆرجوازی یا ڕۆشنبیرانی ناسیونالیزمی كوردبووە و لە بەرامبەر ئامانجی زۆرینەدا، كە ئازادی و یەكسانی و دادپەروەری كۆمەڵایەتی بووە و هەنووكەش وەك سەردەمی پێش ڕاپەڕین، تاكی كورد وێڵی ئەو ڕێگەیە، كە بەو ئامانجانەی دەگەیێنێت. هەوێنی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەوەكانی پاش ڕاپەڕین، هەر ئەم ئامانجە سەرەكییانەی تاكی كوردن، وەك هەر مرۆڤێكی چەوساوە لەم سەر تا ئەو سەری دونیادا.

بەڵام ئەوەی لێرەدا، كە خەمی نووسەرانە، میكیاجكردنەوەی ناوەڕۆكی وێنە ناشیرینە ئاشكرابووەكانی دەسەڵاتی بۆرجوازی كوردە، بە ڕەنگ و ڕوخساری مافە خوازراوەكانی تاكی كورد. ئەم هەوڵە دەیەوێت، بۆ ماوەیەكی دووروودرێژتر خەڵك لە خۆشباوەڕی و چاوەڕوانیدا بهێڵێتەوە و بە پۆشینی بەرگێكی بە باڵای دێوەزمەی بۆرجوازی كورددا، هەر وەك چۆن پاش ئاشبەتاڵی ١٩٧٥، نیئۆجەلالیزم لە بەرگی كۆمەڵەی ڕەنجدەران و چەپێتیدا، وەك مۆدێلی ئەو سەردەمە بە باڵای جەلالیزمی ١٩٩٦دا پۆشی. ئەمە تەواوگەری هەوڵە مەیدانییەكانی باڵە جیاواز و پێشبركێگەرەكانە بۆ بەدەسەڵاتگەیشتن.

من لە نووسەران دەپرسم؛ ئەگەر گوتاری هاوبەشیی نەتەوەیی و نیشتمانی دروست و كەتوارییە، چۆن دەكرێت كوردێكی باكوور و

خۆرهەڵات و خۆرئاوای کوردستان لە ماڵ (نیشتمان)ی خۆیاندا پەنابەر و میوان بن؟ چۆن دەکرێت قۆڵبەست بکرێن و وەك چەپکەگوڵ لەسەر مێزی (اطلاعات)ی ئێران، (میت)ی تورکیە و (استخبارات)ی سوریە دابنرن؟ دەکرێت بزانین، بەتەمان کەتواری وێنە ڕاستەقینەکانی دەسەڵاتی بۆرجوازی کورد، چۆن بگۆڕن و چۆن ئارایشیان دەکەن، لە کاتێکدا کە مافی یەکسان بە تاکی هاونەتەوەی خۆتان ڕەوا نابینن و تاکە ڕۆژێك و بۆ یەکجاریش دژ بە سەرکوت و تێرۆر و فرۆشتنیان و ئاودیوکردنەوەیان نەهاتوونەتە قسە و پرسیارتان لە هۆکاری "بانێکە و دوو هەوای" نەتەوایەتی و مافی تاکەکانی نەتەوە نەکردووە؟

بە ڕای من، وێنەی تاکی ئازادیخوازی کورد، هەنووکەش هەمان وێنەی جارانە و بگرە جوانتر، چونکە تاکی کورد هوشیار بووەتەوە و بەئاسانی کڵاوە نەتەوەییە دەستکردەکانی بۆرجوازی و وردەبۆرجوازی پورتوبۆڵەگەری ناچێتە سەر، هەروەك چۆن وێنەی دەسەڵاتخوازانی کوردیش هەمان وێنەی جارانە و تەنیا لە هۆشی نووسەران و هاوبیرانیاندا گۆڕاوە، چونکە هەروەك ئەورۆ گەندەڵ و پێشێڵگەر و ستەمکارن، دوێنێش هەروا بوون، بەڵام ئەوە خۆشباوەڕی نووسەرانە لە دوێنێدا، وایلێکردوون، کە هەنووکەش ئەو پاشەڵە بۆگەنەی بۆرجوازی کورد بە شۆڕشگێریی ببینن. ئەگەر مەبەستیان لە دونیای دەرەوە و دۆستانی کورد، ئیمپریالیزم و دەوڵەتە ناوچەییەکانن، ئەوا ئەوان بە خۆیان ئەندازیاری هەموو گەندەڵی و ستەمکارییەکن، کە چ لەلایەن داگیرگەرانەوە یا لەلایەن بۆرجوازی کوردەوە بەسەر تاکی کورددا هاتوون و دێن و بەردەوامیش دەبن و دێنەوە.

نووسەران هەر لە یەکەم دەستەواژەی پاش پێشەکییەکەیاندا چاویلکەی خەمخۆریی و میرزایەتی دەسەڵاتیان لە چاو کردووە و بە چاوی ئەوەوە کورد و ستەم لە کورد و مافی نەتەوەیی کورد و دۆست و دوژمنی کورد

دەخـوێننەوە. بەو جـۆرە درێـژە بە خۆشـباوەڕکردنی تـاکی کـورد بە شۆڕشگێڕیی بۆرجـوازی کـورد دەدەن و پێیـانوایە بۆرجـوازی دەتـوانێت بەڕێوەبەرایەتی مرۆیی و ناگەندەڵ و تەندروست بگرێتە خۆی و ئەوەی ئێستا لە ئارادایە، لە نەزانییەوە سەرچاوە دەگرێت!

ئەز لێیان دەپرسم، گەندەڵی کابینەکەی هێلمۆت کۆل لە پێش ١٩٩٨دا و گەندەڵی (لەیبەر پارتی) لە پارسالدا و کڕین و فرۆشتنەکانی پۆستی سەرۆککۆماری ئەمەریکا لە سەرەتای هەزارەی سێیەمدا، بۆ چی دەگەڕێنەوە؟ مەگەر دیمۆکراتیترینی ئەو دیمۆکراسییە نین، کە نووسەران خەریکن لە تاکی کوردی دەکەن بە بەهەشت؟ مەگەر ئەوان ئۆلگوی خەونەکانی نووسەران نین و خەون بە دیمۆکراسییەکەی بریتانیا و ئالمانیا و ئەمەریکاوە نابینن؟ ئەگەر نا، با نووسەران ئەو چاکەیەمان لەتەکدا بکەن و ببنە چاوساخمان و سیستەمێکی بۆرجوازی ناگەندەڵ و تەبا لەتەك مافی مرۆیی تاك و کۆمەڵ بۆ ئێمەی "مێگەل[٢]" لەم سەر تا ئەو سەری دونیا دەستنیشان بکەن؟!

نووسەران هەر لە سەرەتاوە، دەیانەوێت ئەو کەمە مافە بنەڕەتییانەی کە تاکی ئەوروپی و ئەمەریکی و ئوستڕالی و کەنەدی لە درێژەی خەباتی چەند سەدەییدا بە قوربانی نەوە لە دوای نەوە بەدەستی هێناون، بکەنە نیشانەی جوانی دیمۆکراتی نوێنەرایەتی! دەکرێت بزانین، بۆ خەریکە لە سایەی ئەو دیمۆکراتییەدا [کە ئەوان خەریکن لە ئێمەی بکەن بە ناگەندەڵ] ڕێکخراوەی جەماوەری و خۆپیشاندان و مانگرتنی گشتی و هاوخەباتی چینایەتی لە نێوان کرێکارانی ولاتانی تەنانەت ئەوروپای یەکگرتووەکەشیاندا یاساخ دەکرێن و کرێ و پشووی سالانە و خانەنشینی و خزمەتگوزارییەکان و ئاوەدانکردنەوە و پەروەردە و فێرکردن کەم دەکرێنەوە و لە بەرامبەردا بوار بۆ قازانج و مشەخۆری و بەهرەکێشی زیاتر دەڕەخسێنن؟ ئایا دەکرێت پێمان بلێن،

بۆ لە ئاڵمانیا هێشتاکە بەپێی یاساکەی سەردەمی هیتلەر مانگرتنی گشتی [وەك مافی چین و توێژە بندەستەکان بۆ بەرگرتن لە هێرشی سەرمایەدارەکان بۆ سەر دەستکەوتەکانیان] یاساخە؟ ئەمە لە کاتێکدا کە توانا مادیی و تەکنۆلۆژییەکانی کۆمەڵگە و ڕادەی بەرهەمهێنان لە هیچ سەردەمێکدا بە قەد ئێستا بەرز و فراوان نەبوون! بۆچی لە وەها بارێکدا مرۆڤی سەرەتای هەزارەی سێیەم لەچاو نیوسەدە پێشووتردا تینووتر و برسیتر و نەخۆشتر و قوربانیتر و چەوساوەتر و بێمافترە و ڕۆژانە نوێنەرانی بازارئازادەکەی نیئۆلیبراڵیزم لە پارلەمانەکان و لە ڕیزی پێشەوەی میلیشیاکانیاندا هێرشی بەردەوام دەکەنە سەر دەستکەوتگەلێك کە بە خەبات و قوربانی دوو سەدە زیاتر بەدەستهاتوون؟

نووسەران پێیانوایە کە ئەرکی ڕامیارکاران، خەمخواردنە لە مافی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە. ئەمە دیوی ڕاستەقینەی مرۆڤگەلێکە کە خەڵك بە "مێگەل" دادەنێن و خۆیان بە ڕێنمایگەری دەسەڵاتداران دەزانن. بە ڕاستی بەدبەختییە، کە ئاوەزی مرۆڤ لە ئاستی دەرکی ڕاستییە هەزارباربووەکانی مێژووی سیستەمی سەرمایەداریدا هێندە گیرۆدە بێت. بەڵام هەروەك چۆن پێموانییە، کە دەسەڵاتداران نەزان و گێل بن، هەرواش پێموانییە، کە "کەڵە نووسەران"ی بۆرجوازی کورد، دەرکی ئەو ڕاستییە نەکەن، کە چۆن فرۆشیارێك لە خەمی مافی کڕیارەکانیدا نییە، چۆن تلیاکفرۆشێك لە خەمی قوربانییەکانی مامەڵەکەیدا نییە، هەرواش ئەندامانی سەرکردایەتی پارتێك، ئەندامانی پارلەمانێك، کارگێڕانی میرییەك و سەرانی دەوڵەتێك لە خەمی مافی مرۆیی تاکەکانی کۆمەڵ و کۆمەڵگە نین و ئەو ڕۆژەی کە بڕیارە لەسەر ڕێنوێنی نووسەران، بکەونە خەمی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگە، ئەوا ئەو ڕۆژەیە، کە دەسەڵاتداران ویژدانیان هانیان دەدا و بە ویستی خۆیان و بەپێی خۆیان دەچنە قەفەزی دادگەی خەڵکی ئازاد

و ویژدان دەیانهێنێتە پای درکاندنی ڕێکەوتن و مامەڵە و لیستی کارە دژەمرۆییەکانیان. ئەمەش خەونی فیلە بە فڕینەوە و بڕواناکەم مرۆڤێکی هوشیار و ئاوەزتەندروست و ویژدان زیندوو و بە ئەزموون هەبێت، کە خەون بە کەتواریبوونەوەی وەها ئەفسانەیەکەوە ببینێت!

... بەرادەیەک ئەمڕۆ کوردستان بۆتە میوانێکی بەردەوامی لیستی ئەو وڵاتانەی بەشێوەیەکی بەرفراوان مافی مرۆڤیان تیا پێشێل دەکرێت .... یەکێکە لەو گۆرانە ترسناکانەی تارادەیەکی زۆر پەردە لەسەر هەڵەو کەموکورییە بنیادییەکانی ئەم سیستەمە سیاسیو کۆمەڵایەتییە هەڵدەماڵێ کە لە دوای ڕاپەڕینەوە لەکوردستاندا باڵادەستە. ل.١٢

نووسەران لە سەراپای مانیفێست(پەرتووکۆکە)کەیاندا، لە هەوڵی یەك شتدان، ئەوە لە تاکی کورد ئاڵۆز و لێڵ بکەن و بشارنەوە، کە کوردستان و ئەفگانستان و سعودیە و کۆشکی سپی، یەکەی پێکهێنەری یەك سیستەمن و شەقەزللەیەك کە پۆلیسێك لەبەردەرکی سەرای سلێمانی دەیسرەوێنێتە بناگوێی ژورنالیستێك، پێشتر بە دەستی جەنراڵێکی ئەمەریکی یا بریتانی، بناگویی تاڵەبانی وەك سەرۆککۆماری عیراق تەزاندووە!

نووسەران دوو ئەرك، کە تەواوکەری یەکترن، لە ئەستۆ دەگرن؛ یەکەم، پاراستنی سەروەری بۆرجوازی کورد لە ڕەخنە و داگرتنی تاوانەکان تا ئاستی تاکە کارگێرەکانی دەسەڵات.

دووەم، پاراستی سەراپای سیستەمی جیهانی سەرمایەداری و شانخاڵیکیردنی لە گەندەڵکارییەکانی بە تاوانبارکردنی ئەم یا ئەو کابینەی میرایەتی. ئەمە کرۆکی ئەرك و ئایدیای نیئۆلیبراڵیزم و ماسمیدیایە و لە کوردستاندا ئەم نووسەرە بەرجەستەکراوانە نوێنەرایەتی دەکەن و ڕایدەپەڕێنن.

ئەگەر کەسێکی نەشارەزا لە ئەستێرەیەکی ترەوە بێت، وادەزانێت سیستەمی جێگیر لە کوردستاندا لە دەریای دیمۆکراسی پارلەمانیدا پێچەوانەی سیستەمە جیهانییەکە سەوڵ لێدەدات، یا پاشماوەی بلۆکی هەرەسکردووی (ڕوسیا)یە!
ئەوەی وەك بەرەنجامی شکستی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١، ئەو دوو پارتە سەرەکییە و بەرەی کوردستانی دەخاتە سەرتەختی فەرمانڕەوایی، ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانین لە جیهان و ناوچەکەدا. ئەگەر لەتەك خۆمان ڕاستگۆ بین، ئەوا ئەو دوو پارتە چ بە شەڕ و چ بە ئاشتی و چ بە فیفتی- فیفتی و چ بە دوو پارلەمانی و دوو میرایەتی، تەنیا بەندەی جێبەجێگەر "عبدالمأمور" و ڕاپەڕێنەری نەخشەکانی ئەوانن. بەڵام ئەوەی کە لەناو کارگێرانی ناوەندە جیهانییەکاندا کەسانێك پەیدا دەبن، کە هەندێك وردەگلەیی دەنووسنەوە یا ئەوەی چەند کەسایەتییەکی فەرمانڕەوای دوێنێ لە پارتەکانیان دێنەدەر و بەرەیەکی بە ڕواڵەت- ناکۆك دروست دەکەن، کاردانەوەیە بەرامبەر بە هەڵچوون و خۆپیشاندانی جەماوەری هەڵەبجە و کەلار و ڕانییە و سۆران و ناوچەکانی تر، تەنیا بۆ ڕێگرتنە لە هوشیاربوونەوەی زیاتری خەڵك!

کاتێك کە دەنگی ناڕەزایەتی دیواری حەوشەی ماڵان دەبڕێت و دەبێتە دەنگدانەوەی شەقامەکان، ئیتر فریادڕەسانی سیستەمەکە لە ناوخۆ و دەرەوەدا دەکەونە ئامادەکردنی ئەڵتەرناتیڤی گونجاو بۆ کاتی پێویست [وەك پارەی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش]. ئەو بەرنامەیە، ئەو ئامانجە و ئەو بەرەیە، کە ئەم مانیفێستەی بۆ نووسراوە، بەشێکە لەو هەوڵە دژەخونانە لە بەرەی ناڕەزایەتی جەماوەر. گەندەڵی و ناڕەزایەتی بەرامبەر بە گەندەڵی خۆڕسکانە لە منداڵدانی سیستەمە جیهانییەکەدا پەروەردە دەبن. ئەگەر واژەی (بۆرجوازی) وەرگێڕینە سەر کوردی دەبێتە (مشەخۆر) و بەبێ گەندەڵی یا گەندەڵخۆری، مشەخۆر پەروەردە

و گەورە نابێت و ناتوانێت درێژە بە ژیان بدات. کاتێك كە نووسەران خوازیاری نایەكسانی یاسایی و فەرمین، هەرواش دەبێت و پێویستیشە خوازیاری گەندەڵی بن، تاوەكو بۆرجوازی كورد ببێتە خاوەنی 20 ملیاردلێر لە شارێكی وەك سلێمانیدا كە بێجگە لە هەراجخانەی كەرەستە ئێكسپایەر و بێكەڵكەكانی ئێران و توركیە و سوریە و چین، هیچی دیكە نییە!

گەندەڵی دیاردەیەكی جیهانیی سیستەمی سەرمایەدارییە و تایبەتمەندی كوردستان و میرایەتی تاڵەبان و بارزان نییە، بەڵكو لە قیبلەگاكانی سەرمایەداریدا لەدایك دەبێت و لە كوردستان و فلیپین و باشووری ئەفریكا و ئەرژەنتین پەلوپۆ دەكات و تەشەنە دەكات!

<u>پاراستنی ئەو وێنە ئەخلاقییەیە كوردوەك میلەتێكی خەباتكەر بۆ ئازادیی و دادپەروەریی و مافی یەكسان و دیموكراسیەت نیشاندەدات</u> ل ١٣

نووسەران بە ئەنقەست وێنەكان تێكەڵ دەكەن، ئەمەش بۆ یەكیكردنی ناسیونالیزم وەك ئایدیۆلۆجیای دەوڵەتی سەراپاگیری بۆرجوازی و خواستی سەربەخۆیی نەتەوەیەك لە داگیرگەر و ئیمپریالیزمە. ئەمە پەلەقاژێیە وەك بەرەنجامی كاڵبوونەوەی وێنە دۆرینەكانی بەرژەوەندی باڵا و هاوبەشی چین و توێژەكانی نەتەوەیە لە سایەی سەروەری بۆرجوازیدا.

ئێستاش تاكی بێدەسەڵاتی كورد، ئاڵمانی، ئەمەریكی، عەرەب و ... تد خەون بە ئازادی و دادپەروەری و مافی یەكسان و دێمۆكراسی ڕاستەوخۆوە دەبینێت، بەڵام لە هیچ سەردەمێكدا دەسەڵاتداران هەڵگری ئەم خواست و ئامانجانە نەبوون و ناشبن، ئیتر ئەو دەسەڵاتدارانە چ كۆمەڵێك چەتە و ڕێگر بن یا كۆمەڵێك فیلۆسۆف و زانا و نووسەر!

<u>لەدەستدانی ئەم وێنەیە یەكێكە لە كۆڵەكە ستراتیژییەكانی پاراستنی</u>

بوونو مانەوەی میللەتی ئێمە ل.١٣- ١٤

ئەو وێنە تێکەڵکراوەی خەون و خەباتی خەڵکی کورد لەتەك خەون و هەلپەرستی دەسەڵاتخوازانی بزاڤی ناسیونالیستی کورد، هیچ کات یەکێك نییە لە کۆڵەکە ستراتیژییەکانی پاراستنی بوون و مانەوەی نەتەوە. ئەمە داهێنراوی فیلۆسۆفاندنی پاگەندە پارتی (حزبی)یەکانە. سەدان کەمەنەتەوە هەن، کە هیچ کات چانسی دەوڵەتبوونیان بۆ هەڵنەکەوتووە، کەچی ماونەتەوە و دەشمێننەوە؛ لەوانە بلوجەکان، تامیلەکان، کە وەك کورد بەسەر وڵاتانی دەوروبەردا دابەشێنراون و هەموو شتێکیشیان یاساخە و ئەو چانسە کولتوورییانەی کە کورد هەیبوون، ئەوان نەیانبوون و لە ئێستاشدا ئەو چانسەیان نییە. ئیتر نازانم ئەم تیئۆریستانەی ئاخرزەمان، ئایدیای ئەم تێڕوانینەیان لەکوێوە هێناوە؟ ئەمە بێجگە لە ختووکەدانی ناهوشیاری تاکی گێرۆدەی دەمارگیریی ناسیونالیستی، هیچی دیکە نییە.

میللەتی ئێمە ناتوانێت سیستەمە سیاسییەکەی لەسەر شێوەی ئەو سیستمانە دروستبکات کە لە ناوچەکەدا هەن، ل.١٤

دیسانەوە نووسەران دەکەونەوە بینینی فیلەخەون بە فڕینەوە، ئەوان ئەوە پەردەپۆش دەکەن، ئەگەر ناسیونالیزمی عەرەب، تورك، فارس لە بارودۆخێکی جیاواز لەوەی ئێستا ئەو چانسەیان بۆ هاتبێتە پێش، تا دەوڵەتێکی یا سەروەری ڕامیاریی تاڕادەیەك پشتئەستوور بە ئابووری نیمچە سەربەخۆی پێکبهێنن، ئەوا لە ئەورۆدا پاش ٨٠ ساڵ ئەوانیش وەك سەروەری پاشاکانی هەرێمی کوردستان، ناچارن بەپێی بەندەکانی پرۆگرامی سندوقی درواى نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی و سەرلەشکریی ئەمەریکا و پۆلیسی (یو ئێن) دەرگەی حەرەمی دەسەڵاتی بەناو نەتەوەییان بۆ چەکمە ئاسنینەکانی بازارئازادی نیئۆلیبراڵیزم بخەنە

سەر پشت. سەیرە چاوەڕوانیت لە تاقمێکی دروستکراوی دەستی ئەو ناوەندانەی سەرەوە هەبێت، بێن و پێچەوانەی ڕە□شەبای سیستەمە جیهانییەکە لە دەریالووشی گەندەڵیدا سەوڵ لێدەن و شۆڕشی ئاخرزەمان بەرپا بکەن و ببنە پاڵەوانی ئەفسانەکانی ئەم چوار نووسەرە. با ئاوای دابنێین، کە ئەوان لەبەر خاتری خوێنی ئارياييان و خزمایەتییان لەتەك سەروەرە جیهانییە چاوشینەکان بواریان دەدرێتێ، ئابووری سەربەخۆ و مۆدێلی تایبەت و سیستەمی کارگێڕیی داڕێژراوی ئەم نووسەرانە، کە لە باشترین باردا لەوەی هۆڵەندە و دانیمارك و ئاڵمان لە پێشتر نابێت، کە ئەم نووسەرانە خەونی پێوەدەبینن، دابمەزرێنن. ئەی چی لە لیستی گەندەڵی و کارخانەکانی چەکسازی و دەستتێوەردان لە سەربەخۆی وڵاتانیدەکەن، کە دەسەڵاتی دێمۆکراتیی ئەو وڵاتە خەونییانەی نووسەران، ئەنجامییان دەدەن؟ دەکرێت پێمان بڵێن، چۆن مافی مرۆڤ و مامەڵەی چەکفرۆشتنەکان تەبا دەکەن؟ تۆ بڵێیت لاقپەڕین بە مین و تێرۆر بە چەکە ئۆتوماتیکەکان و بۆمباران بە ڕۆکێتە ژیرەکان، پێشکەوتن بن لە مافی مرۆڤدا؟ دەکرێت پێمان بڵێن، جیاوازبوون لە سیستەمەکانی دەوروبەر، چۆن دەکرێت و چۆن دەبێت و لەسەر چ زەمینەیەکی کەتواری مەیسەر دەبێت و خۆی ڕادەگرێت؟

من ناتوانم ئەمانە بە خەیاڵیش بچوێنم، چونکە خەیاڵ دەتوانێت مامانی کەتوار بێت، بەڵام دەتوانم لە ڕیزی خەونبینین و ئەفسانەدا ڕیزییان بکەم!

<u>هەموو کۆپیکردنو لاسایکردنەوەیەکی ئەو سیستمانە، ئەو ژێرخانە ئەخلاقیوویژدانیو مەعنەویيە وێراندەکات کە مافی بوونی سیاسی سەربەخۆ بە میللەتی ئێمە دەبەخشێت</u> ل.١٤

نووسەران لاق لە ئەفسانەوێژی ڕادەکیشن و مۆڕاڵ و ویژدان و شتە مەعنەوییەکان دەکەنە ژێرخانی سەربەخۆیی ڕامیاری نەتەوەیەك. ئا

ئـەمـەیـە تێکـەڵکردنـی تـەپاڵـە و تیئۆری! ئـاخـر لـە کـوێـی مێـژوودا لـە کـوێـی دونیادا و لـە کـامـە سیستـەمدا چ دیکتاتۆری، چ پاشـایـەتـی، چ کۆمـاری و چ پارلـەمـــانـی و چ لـــە سۆشـــیالیزمـەکـەی لێنیـــن و ماوتســـی تۆنـــگ و (چاوشیسکۆ)شـدا ڕوویـداوە، کـە مـۆراڵ و ویـژدان و شـتـە مـەعنـەوییـەکـان ژێرخـــانـی ســـەربـەخۆیی ڕامیـــاری نـەتـەوەیـەك بـــن؟ ئـەوە کـــامـە ئـاوەز پـەسـەنـدی دەکات؟ لـە هـەشتاکانـی سـەدەی ڕابـوردوودا لـە هـەر (پ.م)ێکـی بـەدبـەختـتـی (کـۆڕەك) بپرسیایـە؛ سـەربـەخـۆیـی ڕامیـاری پابـەنـدی چییـە، دەمودەست دەیـوت "ئـابووری کۆڵـەکـەی شۆڕش و سـەربـەخـۆییـە". مـن چیـتـر بـە نووسـەرانـی نیئۆلیبڕالیزمـی کورد بێژم؟

لـە کوێدا سیاسـەتکردن لـە کوردستـان لـە سیاسـەتکردن لـەبـەشـەکـانـی تـری نـاوچـەکـە چـوو، لـەوێدامـەترسـی تـەنیـاکـەوتنـی سیاسـیو نـەمـانـی دۆسـتـی ڕاســتـەقینـەو نـەمـــانـی متمـــانـەی دونیـــاو میللـەتـــی کـــورد خۆشـــی بـە سیاسییـەکانـی دێتـەکایـەوە. ل.١٤

من ئـاوا لـەم دەستـەواژانـە تێدەگـەم، هیـوادارم ئـەگـەر بـە هـەڵـەدا چـووبـم، خـــوێنـەرانـی هێـــژا بـــۆم ڕاســـت بکـەنـەوە؛ "لـەکـوێـــدا بـەرژەوەنـــدی دەســـەڵاتدارانـی کوردســـتـان لـەتـەك کۆمـــاری ئیســـلامـی ئێـــران و ڕژێمـــی پـــارتـی بـەعســـی عـەرەبـــی سۆشیالیســـتـی، یـەکـــانگیربوو، ئـەوا لـەوێـدا درز دەکـەوێتـە نێـــوان ســـەرانـی کـــورد و دۆســـتـە ڕاســـتـەقینـەکـانیان، واتـە ئیسرائیل و ئـەمـەریکا و ئـەوروپا"!
ئـەوەی کـە هیـچ یـەك لـەو دوو بـەرەیـە دۆستـی نـەك تـەنیا کورد، بـەڵکو ئـەو نـەتـەوانـەش نیـن، کـە بـەنێویـانـەوە سـەروەری دەکـەن، هیـچ گومـانم نییـە، هـەرواش هیـچ گومـانم لـەوە نییـە، کـە ئیمپریالیزمـی ئـەمـەریکا دۆستـی بـرا گـەورەی بۆرجـوازی کـوردە و کۆمـاری ئیسلامـی ئێـران و ڕژێمـی سـوریـە و تـــورکیـە و ئـەگـەر ســـەدام و بـەعســـییـەکـانیش بگـەڕێنـەوە ســـەر تـەخـــتـی ســـەروەری، بـە هـەمـــان ڕادە دۆســـتـی بۆرجـــوازی کـــوردن، هـەروەکـــو بـــوون.

ئەگەر سەرنجی هاوبەرژەوەندیی بزاڤی ناسیونالیستی وەك پێشەنگانی دەسەڵاتداری بۆرجوازی کورد لە ڕابوردوودا لەتەك ڕژێمەکانی ئێران و تورکیە و سوریە و عیراق و چاوپۆشی ئەوڕۆکەیان لە تۆپباران و کوشتوبڕی هەر ڕۆژەی خەڵکی سنوورنشینانی کوردستان لەلایەن تۆپخانە و فرۆکەکانی ڕژێمی ئێران و تورکیەوە بدەین، هاونەتەوەیی و دۆستایەتی ڕاستەقینەی بۆرجوازیمان بۆ دەردەکەوێت. مێژووش ئەوەی نیشاندا و لەئامێزگرتن و ماچەکانی سەرانی بۆرجوازی کورد لە گۆنای سەدامی پاش ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە، پێکە شەرابەکەی ئیمام خومەینی پاش جەنگی ٨ ساڵەی بەسەردا سەپاو و ئاگربەستی ناپلیۆنی سێیەم و پروسەکان بۆ سەرکوتی کۆمونە نموونەی زیندوون لە مێژوودا، کە لە دەمی دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکانەوە تا ئەمڕۆ، بەڵگەی هاوبەرژەوەندییەتی گشتی بۆرجوازی وەك چینێکی جیهانی بێنەتەوە، دەخەنە بەردەستمان.

ئەگەر خوێنەر سەرنجی ڕستەکانی دواتری نووسەران بدات، دەبینێت و سەد جارە دەبنەوە، کە نووسەران لارییان لە چەوساندنەوە و کۆیلەبوونی تاکی کورد بۆ سەروەری بۆرجوازی لەژێر پەردەی بەرژوەندی نەتەوەیی و گشتیدا نییە و تەنیا خەمێك کە هەیانە، ئەوەیە نەکا مەسرور و قوباد وەك کوڕەکانی حافیز ئەسەد سوریە و حوسەین پاشای ئوردن، جێگەی باوانیان بگرنەوە! با وای دابنێین لەبری تاڵەبانی و بارزانی یا هەر پلەدارێکی تری میری، ئەم چوار نووسەرە بن و بە نۆرەی گاڵتەجارییەکی دیمۆکراتی نوێنەرایەتی چوار ساڵ جارێك بگۆڕدرێن، دەکرێت بزانین ئەمە چی لە کۆیلەتی تاکی کورد دەگۆڕێت یا چی لە ناوەڕۆکی چەوسێنەرانە و دژەمرۆییانەی سەروەری دەگۆڕێت؟

<u>وێنەکانی ئەم مەسەلەیە لە یاداوەری خەڵكو دونیادا خەریکە</u>

بەتەواوی کورتدەبێتەوە بۆ وێنەی قەوارەیەک تێیدا سیاسەتو ئابووری بە چەشنێکی مافیایی تێکەڵ یەکدی بوون. ڕێگای بۆ پێشێلکردنێکی بەرفراوانی مافو یاسا کردۆتەوە. ل.١٤

نووسەران خۆیان لە دەرکی ئەو ڕاستییە لادەدەن، یا دەرکی ناکەن، کە کۆتایی هەموو هەوڵ و کۆششێك لەژێر ئایدیۆلۆجیای ناسیونالیستیدا، سەری لە دەسەڵاتێکی مافیاییەوە دەردەچێت، ڕووداوەکانی دوو سەدەی ڕابوردوو ئەوەمان نیشاندەدەن و لە باشترین باردا قەسابخانەکانی ستالین و هیتلەر و پۆلپۆت و سەدام و .. تد بە دیاری دەهێنن. هەرچەندە من گومانم لە ئەگەری یەکەم هەیە!

یاسا، جادوویەك کە بەردەوام سەروەران و ئیدئۆلۆگەکانیان تاکی بەدبەخت و ناهوشیاری پێ خۆشباوەڕ دەکەن و وەهای لێدەکەن، کە تاك لە دونیای ئەفسانەکاندا بۆی بگەڕێت. لێرەدا جێی خۆیەتی لە نووسەران بپرسین؛ ئەو یاسایە، کە پێیانوایە لە کوردستاندا پێشێڵدەکرێت، کامەیە؟ مەگەر هەر بەپێی ئەو یاسایە نییە، کە دەمی نووسەران دەدوورن و ڕۆژنامەنووسان تێرۆر دەکەن و بڕیاری ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی دەیان کەس دەدەن؟ ئیتر کامە بەند و کامە پەرەگراف و کامە ڕوونکردنەوەی پێشێڵکراوە؟ با لەبەر خاتری نووسەران وەهای دابنێین، کە لە کوردستان یاسا سەروەر نییە، خۆ لە بریتانیا سەروەرە، دەکرێت پێمان بڵێن، بۆ تاکێکی بێدەسەڵات بەپێی یاسا لەسەر نەبڕینی تیکت یا فڕاندنی خواردەمەنییەك یا دزینی شووشەیەك مەی دەرگەی زیندانەکانی بۆ دەخرێنە سەرپشت و هەر لە سایەی هەمان یاسادا کۆمەڵێك شالیار و سەرۆککۆمار لەسەر دزینی ملیۆن ملیۆن پاوەند لە گوڵ کاڵتریان پێنەوترا؟ مەگەر ئەمە ئەو یاسایە نییە، کە دەتانەوێت لێمان بکەن بە دوائامانج و مەرجی بەختەوەری مرۆڤایەتی؟ نووسەران و زۆرێکی دیکە پێویستە ئەوە بۆ خوێنەر یەکلایی بکەنەوە، لە

کوردستان یاسا نییە یا هەیە و پێشێل دەکرێت؟
ئەگەر دەڵێن نییە، دەی با بفەرموون و بەبێ مۆڵەت و پرسی دەسەڵات و لەبەرچاوگرتنی بڕیارەکانی چالاکییەکی هونەری، ڕۆشنبیریی، ڕامیاریی، کۆمەلایەتی ئەنجام بدەن، ئایا دەتوانن؟ بێگومان نا و نەخێر. کەواتە هەیە و سەروەریشە! ئەگەر دەڵێن هەیە و پێشێل دەکرێت، کەواتە دان بە بوون و سەروەربوونی یاسایەکدا دەنێن، کە هیچ ڕەخنەیان لێی نییە و تەنیا گلەییان لە پێشێلکردنی هەیە. لەم بارەدا دەتوانن تاقە خاڵ و بەندێك لەو یاسایەی کە لە کوردستان سەروەرە، بهێننەوە، کە لەتەك ماف و خواست و ویست و خەونی مرۆڤی ئازادیخوازدا تەبابێت و پێشێلکرابێت؟

لەڕاستیدا سیستمی سیاسی لە کوردستاندا تاقە سیستمێکە لەناوچەکەدا کە بەبێ ئۆپۆزسیۆن دەژی. تەنانەت ئەزموونە سیاسییە تۆتالیتاری‌و نیمچە تۆتالیتاریەکانی ناوچەکە ئۆپۆزسیۆنیان هەیە، لایەنی کەم ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاونراو بۆدەرەوەی وڵاتەکانیان، کەچی ئەزموونی کوردیی ئەزموونێکی بێئۆپۆزسیۆنە. ل.١٤- ١٥

نووسەران پرسیار و نیشانەی سەرسوڕمان لەسەر نەبوونی ئۆپۆزسیۆن بۆ دەسەڵاتی کوردی دەکەن و دادەنێن. هەڵبەتە ئەوان مەبەستییان لە ئۆپۆزسیۆنی خەڵکفریودەری نێوپارلەمانە، ئەگینا دەسەڵاتی بۆرجوازی کورد پێش ئەوەی دەستەچەکدارەکانی لەو دیو سنوورەکانەوە ئاودیو بنەوە، لە لایەن کەسانی سۆشیالیست و ئازادیخوازەوە دژایەتییان کراوە. وەڵامی ئەو پرسیار و سەرسوڕمانە نابەجێیە، کە لەلای ئەوان بووەتە مەتەڵ، گەلێك ئاسانە. ئەویش ئەوەیە کە بەپێی نەڕەوینەوەی خەرمانەکانی پیرۆزی خەونە درۆینە نەتەوەییەکان و تەمەنکورتی دەسەڵاتی بۆرجوازی کورد، هێشتاکە باوی خەڵك بەنۆکەرکردن و سیخورناساندن ماوە و هێشتا لەنێو خەڵکی ناهوشیاردا کڕیاری ئەو کاڵا

ڕزیوانەی دەسەڵات پەیدا دەبن. هەروەها لە ئەشکەنجەدەرێکی ناو زیندانەکانەوە بگرە تا ئەندامپارلەمان و نووسەرە فریادڕەسەکانیان، دەستەواژەکانیان بە واژەگەلی وەك ئازادی، ڕزگاری و سەربەستی کۆتایی پێدەهێنن و خۆیان فەرمانڕەوا و خۆیان ئۆپۆزسیۆنن، خۆیان پۆلیس و خۆیان دز، خۆیان مافپێشێلگەر و هەر بەخۆشیان مافپەروەر، نەك هەر ئەمە، بەڵکو واتای واژەکانیش شێوێنراوە و ڕاوێژکارانی دەسەڵاتدارانیش ئەو چەمکانەیان شێواندووە.
لەولاشەوە بوونی ئۆپۆزسیۆنی پارلەمانی، لە کاتێکدا دەبێتە پێویستی کە بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان شەقامەکان دەکەنە مەیدانی بەرزکردنەوە و سەپاندنی داخوازییەکان. ئا لێرەوەیە، کە بوونی ئۆپۆزسیۆن بۆ دەسەڵات دەبێتە پێداویستییەکی ژیانی و خۆی ناچار بە دروستکردنی دەبێت، تاوەکو کۆڕی سەرشەقامەکان چۆڵ بکات و بیانکاتە دەنگدەر و پاشڕەوی مانیفێستە خەڵەتینەرەکانی ئۆپۆزسیۆنەکەی. ئەمە ئەو یارییەیە، کە دەیان ساڵە بگرە لە سەد ساڵیش زیاترە لە ئەمەریکا و ئەوروپادا بازاری گاڵتەجارییەکانی پارلەمانی پێ گەرم ڕادەگیرێت و هەر چوار ساڵ جارێك کڵاوی جادووگەرانەی پارتێکی ڕامکار دەنرێتە سەر دەنگدەران. بەوجۆرە دەنگدەران لە چاوەڕوانی و خۆشباوەڕی و نادەربەستیدا ڕادەگرن و ئۆپۆزسیۆنیش بەپێی هەڵچوون و داچوونی شەقامەکان ڕێژەی کورسییەکانی زیاد و کەم دەکەن، هەر بەو ڕیژەیەش سەروەری چینایەتی لە مەترسی و فەوتان قوتار دەکەن. ئەوە هەر ئەو پێداویستییەیە، کە جەلادان و گەندەڵکارانی دوێنێ دەکاتە ئۆپۆزسیۆنی ئەمڕۆ و هەر ئەو پێداویستییەیە، کە نووسەران دەکاتە نووسەرەوەی مانیفێستی وەها ئۆپۆزسیۆنێك، تا سواری شەپۆلەکانی نارەزایەتی ١٨ ساڵەی تاکی بندەست و چەوساوەی کورد لە دەست سەروەری بۆرجوازی، بەجۆرێکی و لە دەرگەیەکی ترەوە بکاتە دەنگی سەر کارتێکی دەنگدان و سەرۆککۆماریی تالەبانی پێ مسۆگەر بکرێتەوە! هەروەك چۆن لە ئێراندا ئایەتوڵلا بوونە ئۆپۆزسیۆنی ئایەتوڵلا، هەروا لە کوردستانیشدا

جەلالی بووە ئۆپۆزسیۆنی جەلالی و نووسەرانیش بوونە تیئۆرسیۆنی ئاخرزەمانی ئەو ئۆپۆزسیۆنە فریودەرانەیە!

نەیتوانیوە وابکات گروپە ئەتنیو دینییەکانی ناو ناوەچە دابڕاوەکان لە کوردستان بەویستی خۆیان داوابکەن بیانخەنە سەر هەرێمی کوردستان، ل.١٥

ئەز لە نووسەران دەپرسم؛ گروپە ئەتنی و ئاییینیەکانی ناوچە دابڕاوەکان، چۆن بە خواستی خۆیان داوای شتی وا دەکەن، تا بیانخەنە سەر هەرێمی کوردستان، کە تیئۆریسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆنەکەی تەنیا قسە لە داکۆکیکردن لە مافە مرۆییەکانی مرۆڤی کورد بکەن، وەك ئەوەی کە کوردستان تەنیا کوردی تێدا بژیت، یا ئەوەی هەرێمی کوردستان لەلایەن ناکوردەوە فەرمانڕەوایی بکرێت! یا ئەوەتا ئەوانی تری ناکورد شایانی یەکسانی لەو مافە مرۆییەدا نیین، کە نووسەران تەنیا بۆ کوردانی دەخوازن؟
ئەگەر بڕیار بێت تاکی ئەو کەمەنەتەوە و ئایینیانە لە پلەدووی دەسەڵاتی ناوەندیی بۆرجوازییەوە ببنە پلەدووی دەسەڵاتی بۆرجوازی هەرێمی، ئایا ئەو شوێنگۆڕکێ ملکەچانەیە هیچ لە ماف و ڕێوشوێنی ئابووریی و ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییان دەگۆڕێت؟
بە بڕوای من تەنیا یەك شت دەتوانێت وا لەو کەمەنەتەوە و کەمایەتییە ئایینیانە بکات بە خواستی خۆیان داوای چوونە سنووری هەرێمی کوردستان بکەن، ئەگەر بێتوو لە هەرێمی کوردستاندا مافی خۆبەڕێوەبەرایەتی و پاراستنی کەڵچەر و خوێندن بە زمانی دایکیان بۆ دەستەبەر کرابێت! ئەم پێشمەرجەش نەك لە ئارادا نییە، بەڵکو تەنانەت ئاخێوەرانی دیالێکتەکانی تری کوردی و کەمینە ئایینیەکانی تری ناو کورد و هەرێمی کوردستان مافی خوێندنی زمانی دایك و پەیڕەوی ئایین و کەلچەری خۆیان دابین نەکراوە و دەستەبژێری

ڕۆشنبیرانی کورد لەو هەرێمەدا داوای سەپاندنی دیالێکتێك بەسەر دیالێکتەکانی دی و دەسەڵاتیش ئایینی ئیسلامی بەسەر ئایینەکانی دیدا سەپاندووە و هەڵگرانی ئایینەکانی دی لەوانە کاکەییەکان، کەڵچەرییان دەشوێونرێت و سووکایەتی پێدەکرێت!

نووسەران نەك باوەڕیان بە مافی ئەو کەمینانە نییە و ئامادەش نین کار بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان بکەن، تەنانەت لەو ڕستانەشدا کە بۆ فریودانیان ڕیزکراون، وەك کەمینەی نەتەوەیی و ئایینی نایانناسن، بەڵکو بە گروپ ناویان دەبەن، لە کاتێکدا کە ئاشکرایە (گروپ) بۆ دەستە یا کەسانێکی ڕێکخراوی ڕامیاریی و ئابووریی و هونەری و ... تد بەکار دەبرێت و لە بەرامبەردا پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیە گچکەکان بە کەمە یا کەمینەی نەتەوەیی و ئایینی نێودەبرێن.

سیاسەتی بە حیزبیکردنێکی پەرگیری هەموو جیهازی ئیداریو هەموو ڕەهەندەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسی لەو ناوچانەدا، هەموو ئەو گروپو لایەنانەی تۆقاندوە کە وەك کەمەنەتەوەو گروپی ئەتنیو دینی تەماشای دەسەڵاتی کوردی دەکەن. ل.١٥

چۆن کەمینەکان سڵ نەکەنەوە، کە میدیای کوردی بەتایبەت بەشە بەنێو سەربەخۆ (نەك ئازاد[٣])کەی پڕە لە لە هاندانی دەمارگیری نەتەوەیی بەرامبەر عەرەبە ئاوارەکان؟ ئایا بەڕێزانی تیئۆرسیۆنی مافی مرۆف و ئازادی تاکی کورد، ئامادەن ئاوا لە بەرامبەر نووسینەکانی( شوان ئەحمەد )دا مانیان لە نووسین بۆ ئەو ڕۆژنامانە گرت، هەرواش لە بەرامبەر وتە و هەواڵ و بابەتی ڕۆژنامە ستووندەرەکانیان، مان لە نووسین وەك بەرگرتن لەو سووکایەتییەی کە بە عەرەبە هانابردووەکانی سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیری و دژایەتی بیری نیئۆنازیزم لە کوردستاندا بکەن؟

پاشان من لەم دەستەواژەیە تێناگەم "هەموو ئەو گروپو لایەنانەی تۆقاندوە کە وەك کەمەنەتەوەو گروپی ئەتنیو دینی تەماشای دەسەلاتی کوردی دەکەن"کێ گروپی ئەتنی و ئاینییە و کێ بەو جۆرە تەماشای کێ دەکات؟

بیێتە ململانێ لەنێوان دوو مۆدێلی جیاوازی حوکمرانیدا. یەکێکیان کراوەو دیموکراتو شەفافو ناگەندەڵو ڕێزگر لە ئینسانو لە ئیرادەو سودو قازانجی گشتیی، ئەویتریان پێچەوانەی ئەمە. ل.١٦

دیسانەوە نووسەران هانا بۆ خەوبینین بە فڕینەوە دەبەن و دیسانەوە دەست بە ئەفسانەوێژی و جوینەوە دەکەن. ئاخر چۆن هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە سیستەمێکی سەپێنراوی دەستی ئەمەریکا بەسەر عیراقی داگیرکراودا، دەتوانێت پێچەوانەی ناوەند و سیستەمی دایك هەنگاو بهاوێت؟ ئەمە دەستکاریکردنی جینەکانی بۆرجوازییە بەپێی ئابووریناسیی نووسەران، ئەمە شێواندنی ئاوەز و بیری خەڵکە، چونکە نەك تەنیا هەرێمی کوردستان ناتوانێت پێچەوانەی یاسای بنەڕەتی دەوڵەتی عیراق بجووڵێتەوە، بەڵکو دەوڵەتی ناوەندیی عیراقیش ناتوانێت لە دەرەوەی ڕێکەوتننامەکانی سندووقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی و کومپانییە سەروونەتەوەکان، هیچ هەنگاوێکی ئابووریی و ڕامیاریی بهاوێت، ئەمە یاسای پاژنە ئاسنینەکانی سیستەمی سەرمایەدارییە و کوردستان تێیدا تەنیا کان و بیرێکی کەرەستەی خاوە و بەس، ئیتر نازانم ئەم تیئۆسییانەی ئاخر زەمان بەکامە لۆجیك، داوا لە پاسەوانانی ئەو کان و بیرانە دەکەن، تا سەرپێچی لە یاسایەك بکەن، کە ئەو ناوەندانەی نێوم هێنان، هەزاران ملیارد دۆلارییان بۆ سەپاندنی بەسەر عیراقییەکاندا خەرج کردووە و دەیان هەزار سەرباز و سەدان تۆڕ و دەیان دەزگەی بەناو چاکەخوازی سیخوڕییان ناردووەتە ناوچەکەوە تا بەرژەوەندییەکانیان دابین بکەن.

ئەگەر لەوەش بگوزەرێین، دەکرێت نووسەران وەڵامی ئەم پرسیارە لاسارانەی ئێمەی "مێگەل" بدەنەوە؛ وەها سیستەمێکی کراوە و دێموکرات و ڕوون و ناگەندەڵ و ڕێزگر لە مافی مرۆڤ، لە ویست و سوودی گشتی، کە نووسەران پاگەندەی بوونی لە سایەی سیستەمی میلیتاریستیانەی نیئۆلیبراڵیزمی سەرمایەداریدا دەکەن، لە کام دوورگەی (واق واق) هەیە، تاکو بۆرجوازی تینوو بە سوود و خوێنی کورد لاسایی بکاتەوە و لە ناوچەکەدا نوێنەرایەتی بکات؟!

چونکە بەبێ بەرزکردنەوەی مەسەلەی کورد بۆ ئەو ئاستە ئەخلاقیو ویژدانییە، ئەگەری تەنهاکەوتنی میللەتی ئێمە ئەگەرێکی زیندووەو مێژووی سەدەی بیستەمیش نیشانیداین تەنیاکەوتنی میللەتو گروپە ئەتنییە بێدەسەلاتو لاوازەکانو جینۆساید چەند لەیەکترییەوە نزیکن ل.١٦

نووسەران لە ڕێگەی تێکەڵکردنی خواستی ڕزگاری نەتەوەیی لەتەك خواستی بۆرجوازی بۆ دەوڵەت، وێنە و دەمامك تێکەڵ دەکەن، لەو دونیایەدا، کە نووسەران خەونی پێوە دەبینن، ناوەند و کۆمپانیا جیهانلووشەکان لە پشت دەمامکە نەتەوەیی و دێموکراسی و پارلەمانییەکاندا فەرمانڕەوایی دەکەن!

بێگومان ئەگەر گوندێك، شارێك، چینێك، نەتەوەیەك و وڵاتێك چارەنووسی خۆی بداتە دەست پارت و دەوڵەت، هیچ کات مەترسی جەنگە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و قڕکردنی ژێردەستان دوور نابێت. بۆ ئەمەش ئەزموونەکانی مێژوو نێشانیانداوین، کە بێجگە لە ئامادەیی و یەکگرتنی ئەو قەوارانە، هیچ لەمپەرێك ناتوانێت بەر بە چاوچنۆکی و شەڕەنگێزی و دژەمرۆیی پارت و دەوڵەتەکان بگرێت، هەر بۆیە لە دۆشدامان و دەستەمۆیی ئەو قەوارانەدا بۆ پارتەکان و دەوڵەت،

جینۆساید دەبێتە وێستگەی داهاتووی ڕووداوەکان!

بەو ئاراستەی کە نووسەران کاری لەسەر دەکەن، نەك مەترسی و ئەگەری کوشتوبڕ و جەنگەکان دوور ناکەوێتەوە، بەڵکو پاش ئەو پێگەیشتنەش، هەر دەمێنێت. بۆ نموونە دەوڵەتی تورکیە، کە پێشینەیەکی ئیمپراتۆریشی هەیە و نەوەد ساڵیشە هەیە، کەچی هەردەم ئەگەری شەڕی لەتەك یۆنان هەیە و بەخۆیشی بەردەوام پاساو بۆ جینۆسایدەکانی دەهێنێتەوە و کاریان لەسەر دەکات. نەك تەنیا دەسەڵاتی ڕامیاریی پارتەکان و دەوڵەتی نەتەوەیی هیچ کات لەمپەری جەنگ و کوشتار نین، بەڵکو بوونیشیان بۆ خۆی هۆکاری جەنگ و کوشتارەکانە و هەموو شەڕەکانیش بە درێژایی مێژووی کۆمەڵگەی چینایەتی هەر لە پێناو سەپاندن یا مانەوەی دەسەڵاتی چینایەتیدا بوون و تاوەکو ئەو سەروەرییەش بمێنێت، ئەگەری کوشتوبڕ و جینۆساید و سەرکوت بەردەوام سێبەر بەسەر بەختەوەری مرۆڤدا دەکات.

<u>بەڵکو بەوەدەبێت لەناوەوە کار بۆ گۆڕانی ئەو سیستمە بکرێتو ئەو شوێنانەی ڕەخنەکراون دابڕێژرێنەوەو چاکبکرێنەوەو بگۆڕدرێن</u>. ل.١٧

بەدبەختی نووسەران و ناجێگیری هزر و ئایدیایان ئەوەیان لە بیر دەباتەوە، کە ئەوان پێشتر داوای پشکداربوونی مرۆڤپاکانی وەك خۆیان و دواتریش ئۆپۆزسیۆن بۆ گۆرانکاری دەکەن، کەچی لە کۆتایی هەمان بەشدا، ئامۆژگاری دەسەڵاتداران دەکەن، تا لە بری لەشکری سیخور و بەکرێگیراو و دەزگەی پانوپۆڕی درۆدەلەسە، لە ناوەوە پەڕوپینەی سیستەمەکە بکەن و ئەرکەکە بەخۆیان (واتە بە گەندەڵکاران) دەسپێرنەوە. دەی خوێنەرانی هێژا وەرن، با ئێمەش داوا لە بەعسییەکان و ئاخوندەکان و کەمالیستەکان و برا بەعسییەکانی سوریە (تاڵەبانی وتەنی) بکەین، گوندەکان ئاوەدان بکەنەوە، ئەنفالەکان

بگێڕنەوە و هەڵەبجە و هۆرامان و بالیسان و سەردەشت لە کیمیایی پاکژ بکەنەوە، چونکە بە پێوەری نووسەران، باشترین وەستا و ئەندازیار هەر خودی تاوانباران و گەندەڵکارانن!

<u>٢- نیشتمان لە ماڵی پارتەوە بۆ ماڵی هەمووان</u> ل.١٨

بەرقوڵ با بەم پرسیارە لە سەردێڕەوە دەستپێبکەین؛ ئایا لە وڵاتانی ئەوروپی و ئەمەریکا و ئوسترالیا و کەنەدا، کە لە ڕوانگەی نووسەراندا لەو وڵاتانەدا نیشتمان ماڵی هەمووانە، ئایا بە ڕاستی نیشتمان هی هەمووانە؟

حەز دەکەم، نووسەران پێمان بڵێن، کە ڕووبەری خانووی دەسەڵاتداران و ڕامکاران لەتەك كارتۆن و گونییەی ژێر سەری لانەوازان [ئەویش ئەگەر پۆلیسەکانی نیشتمان چاوپۆشی بکەن و بهێڵن سەرخەوێکی ساردوسڕ بشکێنن]، یەکسانە؟ ئایا هەمووان وەك یەك لە داهاتی نیشتمان بەهرەمەندن؛ بۆ نموونە موچەی سەرۆکشالیار و کرێی کرێکارێك، موچەی ئەندامپارلەمان و بیمەی بێکارێك وەك یەك وایە؟ ئایا هەمووان لە بەردەم سەروەری یاسا و دەزگە سیخوڕیی و پۆلیسیی و کارگێرییەکاندا یەکسانن؟ من ناڵێم سەرۆککشالیاری بریتانی یا شاژنی هۆڵەندە، بەڵام ئەگەر خاوەنی بارێك یا سۆپەرمارکێتێك و کەسێکی ماڵبەکۆڵ بچنە بەردەم دادگە، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس، یا فەرمانگەی کاروباری کۆمەڵایەتی، ئایا هەردوولا هەر وەك یەك هاوکاری و مامەڵەیان لەتەکدا دەکرێت؟

ماوەیەك لەمەوبەر سەرۆککۆماری ئاڵمانیا وازی لە لە پۆستەکەی هێنا، بەڵام تا مردن لە هەمان ناز و بەخشیش و موچە بەهرەمەندە، لە بەرامبەردا کرێکارێك کە ئەگەر (٢٠) ساڵ بەردەوام کاری کردبێت و کارەکەی لە دەست بدات، نەك ١٠٠%ی مانگانە کرێکەی وەك بیمەی

بێکاری وەرناگرێت، بەڵکو تەنیا بۆ ماوەی یەك ساڵ بیمەی بێکاری وەردەگرێت و دواتر فڕێیدەدەنە لیستی بیمەی کۆمەڵایەتی و ڕۆژانە وەك تەوەزەڵێك [وەك تەوەزەلەکانی ناو پارلەمان بە ڕێزەوە نا] مامەڵەی لەتەکدا دەکەن و نووسەران بەخۆیان دەزانن، ئەو مامەڵەیە چۆنە و بەرامبەریان دەکرێت! خۆ ئەو کرێکارە بەدبەختە ئەگەر زوو کارێکی هەرچۆنی پەیدا نەکرد، ئەوا کاری یەك یۆرۆیی چاوەڕێی دەکات [کە لە بەرامبەر ٨ کاتژیر کاردا، ٨ یۆرۆ وەردەگرێت] و خۆ ئەگەر مل بەو فەرمانە دیمۆکراتییەی فەرمانگەی کار نەدات، ئەوا تا نزیکەی ٣٠% لە کۆمەکە کۆمەڵایەتییەکەی دەبڕن! ئایا هیشتاکە نیشتمان و سامانەکەی هەر موڵك وماڵی هەمووانن؟

حەز دەکەم بزانم ئەو دوورگەی (واق واق)ە لە کوێیە، کە لە سایەی دیمۆکراسی بۆرجوازیدا، نیشتمان ماڵی هەمووانە؟ ئەوەندەی من ئاگادار بم، لە هەموو دەوڵەتە تۆپ-دیمۆکراتەکانی سەرمایەداریدا ڕووبەڕی کۆشك و تەلاری چەند سەد دەسەڵاتدارێك یەکسانە بە ڕووبەری سەرپەنای کرێچییانەی چەند ملیۆن کرێکار و بێکار و لانەوازێك! ئایا ئەو ئاوەڵێڵەی کە دەسەڵاتدارانی گەندەڵ و دز و مشەخۆری هەرێمی کوردستان و عیراق و ئەفگانستان قاچی تێوەردەدەن، سەرچەشمەکەی لە پارلەمانە تۆپ-دیمۆراتەکانی ئەمەریکا و ئەوروپاوە هەڵناقوڵێت؟

دەکرێت بزانین چەند کەس نەك چەند ملیۆن تاکی بریتانی، دەتوانن لە دانیشتن و گەشتی پارکێکی لەوەی شاژن، بەهرەمەند بن؟ مەگەر نیشتمان ماڵی هەمووان نییە، دەکرێت بزانین بۆ لە ئەمەریکای باکوورەوە بگرە تا یابان، لە ئەمەریکای باشوورەوە بگرە تا ئوسترالیا و ئەفریکا، لە ئەوروپاوە بگرە تا ئاسیا، زۆرینەی هاونیشتمانان دەبنە کرێچی ناو نیشتمانەکەی خۆیان، مەگەر کەس هەیە کرێ بە خۆی بداتەوە یا لە خۆی بسێنێت؟ ئەگەر نیشتمان هی هەمووانە بۆ هەمووان مافی بەهرەمەندییان لە پارچە زەوییەك وەك سەرپەنا، وەك شوێنی

کـــــار، وەك ئارامگە لە گۆڕســـــتان نییە و بە مردوویـــــش لە خـــــاکی نیشتمانەکەیاندا هەر کرێچی دەبن و کرێی گۆڕەکەیان دەدەن، ئەگینا پاش چەند ساڵ کێل و ناوەکانیان لادەبەن و بەسەریاندا دەیڕووخێنن؟! ئایا لە ماڵە هەموانییەکەی نیشتماندا ئاوا گۆڕی زۆرینە بە کرێ دەگیردرێت و پاش چەند ساڵ لەبەر نەبوونی پارە تێکدەدرێنەوە، گۆڕی ڕامیاران و دەوڵەتمەندان و سەرمایەدارەکان و دەستەبژێرە ڕامیار و ڕۆشنبیرەکان پاش چەند ساڵ تێکدەدرێنەوە و گۆڕبەگۆڕ دەگرێن؟ ئیتر نیشـــتمان چـــۆن مـــاڵی هەمـــووانە، کە هەر لە یەکەم ڕۆـــژی لەدایکبوونمانەوە تا پاش مردنیش هەر کرێچی و کرێگرتە بین و هەر چاوەڕێی بەزەیی سەروەران بین؟ نیشتمان هی هەموانە یا هی خواکان؟

<u>نیشتمان تەنیا پارچە زەوییەکی جوگرافی نییە، بەتەنها کۆمەڵێک شاخو دەشـــتو دۆڵو نـــزار نییە، نیشـــتمان بەر لەهەمووشـــتێک سەرزەمینێکی سیاسیو یاساییو ئەخلاقیو ئیداریو ئینسانییە.شوێنێکە مرۆڤ تیایدا هەم مافو هەم بەرپرسیارێتی هەیە</u>. ل.١٨

لێرەدا ناچارم دەست بە گۆچانە جادووییەکەی نووسەرانەوە بگرم و داوایان لێ بکەم، هەموو (پێشمەرگە) گیانبەختکردووەکانی کوردستان، هەموو قوربانییانی ئەنفاڵ و کیمیاباران زیندوو بکەنەوە، چونکە بە هەڵە خۆیان بەکوشت داوە، هاوکات گیانبەختکردووان بە هەژماری پیتەکانی ڕاگەیاندنی ینک و پدک، حشع، حسک و بالکع و هتر دارکاری نووسەرانی وتارە ئاگراوییەکان و ویژەرانی ئێزگە ڕادیۆییەکان بکەن، کە خەڵکیان لە پێناو داربەڕوو، چیا و دۆڵ و دەشت و بان و تەپۆڵکەکان بەکوشـــت دا و کـــردە گەرووی شـــەڕەکانەوە. ئینجـــا چەپڵەیەك بـــۆ تیئۆرسیانی بۆرجوازی لێدەدەم و دەڵێم، ئافەرین بۆ چۆنیەتی لەخشتەبردن و شێواندنی چەمکی نیشتمان. باشە بۆ چی نیشتمان بۆ

ئەنگۆی بەڕێز پارچە زەوی 150– 300 میتری چوارگۆشە بێت و ئەو مافە بە خۆتان بدەن، بەڵام بۆ خەڵکی بەدبەخت تەنیا ئەرك و بەرپرسیارەتی (گوێڕایەڵی) بێت؟

سەرزەمینی ڕامیاریی، دەوڵەتی بۆرجوازییە و یاساکەش، ئەو مافیا و گەندەڵگەرییەیە، کە لە سایەیدا نووسین بووەتە کاڵای بەنگگەری لاوانی نارازای و هەر کەس باشتر بتوانێت لاوان لە خشتە بەرێت، پارچە زەوی گەورەتر و نزیکتر لە ناوەندی شارەوە وەردەگرێت!

ئەزیزانم، نیشتمان بێجگە لە پارچە زەوییەك هیچی دیکە نییە، کە کۆمەلێکی لەسەر دەژی و بۆ قۆرخکردنی دەسەڵات لەو چوارچێوە جوگرافییەدا، سەدان هەزاران کەس بە کوشت دەدرێن و دوایش چەند سەد کەسێك بۆ خۆیان و پابەندەکانیان هەر لە پۆلیسەوە بگرە تا نووسەران، داگیری دەکەن!

<u>نیشتمان بریتییە لە کۆی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیو کولتووریو سیاسییانەی کە تیایاندا هەستکردن بە بەرپرسیارێتیو ئازادیو بەختەوەریی تاکو گروپەکانی کۆمەڵگا پێکەوە گرێدرێت</u> ل.١٨

ئەوەی نووسەران لێیانگۆڕاوە، ئینتیمایە نەك خودی نیشتمان، چونکە نیشتمان واتە شوێنی لەدایکبوون و پانتاییەك کە یاداوەرییەکانی ژیانی بەسەرچووی تێدا ڕوودەدەن؛ دەکرێت نیشتمان گوندێك، ماڵێك، هەوارێك و تەنانەت زیندان و ئوردووگەیەکی پەنابەریش بێت. بەڵام ئەو پانتاییە، کە مرۆڤ هەم ماف و هەم ئەرکی تێدا هەیە، پەیوەندییەکانی کۆمەڵن نەك نیشتمان.بۆ نموونە لە هزر و تێڕوانینی ناسیونالیستانەی خودی نووسەراندا، نیشتمان پەیوەندی بە بوونی نەتەوەییەوە هەیە، واتە هی ئەندامانی نەتەوەیەکە، کە لەسەر

نیشتمان دەژین و بەناوییەوەیە. ئەگەر بە تێڕوانینی نووسەران بێت، ئەوا دەبێت دانیمارك و هۆڵەندە و ئاڵمان، نیشتمانی ئەم نووسەرانە بێت، چونکە هەم لەو وڵاتانەدا خاوەنی ماف و هەم ئەرك و لێپرسراوەتییان لەسەر شانە. بەڵام نە خودی نووسەران ئەو وڵاتانە بە نیشتمانی خۆیان دەزانن و نە ناسیونالیستانی ئەو وڵاتانە و دەسەڵاتەکان ئەو وڵاتانە بە نیشتمانی بیانییانی وەك نووسەران دادەنێن. بەمجۆرە دەبینین، بە کردەوەش تێڕوانینی نووسەران بۆ نیشتمان نە لەلایەن خۆیانەوە نە لەلایەن هاوبیرانیانەوە لەو وڵاتاندا پەیڕەو ناکرێت، نەك هەر ئەمە، بەڵکو تەنانەت کوردەکانی خۆرهەڵات و باکوور و خۆرئاوای کوردستان، لەلایەن نووسەران و دەسەڵاتی بۆرجوازی هەرێمی کوردستانەوە، ئەو مافەیان پێ ڕەوانابینرێت، هەر چەندە بە کردەوە لەوێ دەژێن و کار دەکەن و زیندانی دەکرێن و دەچەوسێنرێنەوە، هەروەك چۆن نازییەکان، ئاڵمان وەك نیشتمان بە نووسەران نابەخشن!

بەم جۆرە دەبینین، لە کەتواردا نیشتمان تەنیا بوونێکی هۆشییە و وەك پانتایی یاداوەرییەکان لە ڕابوردوودا ئامادەیە و لە ئێستادا وەك پارچە زەوییەك و سەرپەنایەك بۆ هەمووان ئامادە نییە و بەڵکو زۆرجاریش دەبێتە زیندان بۆ زۆرینەی بێدەسەڵات. ئەگەر وردەکاری لە واتای نیشتمان بۆ خەڵکی بێبەش و زەحمەتکیش بکەین، ئەوا بێجگە لە ئۆردووگەی کاری زۆرەملێ، هیچی دیکە نییە و نابێت!

<u>لەم نیشتمانە حیزبییەدا تەنیا ئەوانە ئازادن کە بێباکانە لەدەرەوەی هەموو بەرپرسیارێتیو لێپرسینەوەیەک سامانی نیشتمان تالاندەکەن</u> .
ل.١٨

باشە ئەگەر کەسێك هەستی بە بەختەوەری و ئازادی و بەرپرسیارەتی

نەکرد، ئایا نیشتمانی نییە و بە پێوەری نووسەران بستۆکەیەك زەویشی بەرناکەوێت؟
بێگۆمان وا نییە، چونکە هەم عیراق و هەم ئێران، کە بە سەرکوتکراوی تیایاندا ژیاوم و هەم کوردستان کە تیایدا زیندانی کراوم و هەم تورکیە کە چەند مانگێك بە ترس و لەرزەوە تیایدا پەنابەری نایاسایی بووم، پارچەکانی نشتمانی من پێکدەهێنن، بەس تەنیا ئەو بەشانەی کە تیایاندا ژیاوم و یاداوەرییان لە هۆشی مندا هەیە؛ هەروەك چۆن ئەو بەشانەی کوردستان، کە یاداوەریم تیایاندا نییە، نابنە نیشتمانم و لەو نیشتمانەدا، کە نووسەران باسی دەکەن، تەنیا چانسی ئەوەم هەبووە، لە بری هاوینەهەوارەکانی کوردستان، تەنیا زیندانەکانی و گەڕەکە هەژارەکانی ببنە نیشتمانم!

نەك تەنیا لە "نیشتمانی پارتیی"ی دەسەڵاتدارانی کورستاندا، بەڵکو لەو نیشتمانانەشدا کە نووسەران بە هی هەمووانیان دەزانن، ئازادی تەنیا بە واتای ئازادی و مافداری ئەو باڵندە و ئاژەڵانە دێت، کە مرۆڤە دڕندەکان لە ماڵەوە لە قەفەزییان دەنێن و پاگەندەی خۆشەویستنییان دەکەن. ئازادیش لە دەولەتە تۆپ-دێمۆکراتەکانی سەرمایەداریدا تەنیا بە واتای ئازادی هەرچی بکەی [ئازادی کێ دەکەیتە سەروەری خۆت، ئازادی ئەندامی کام پارت و ملکەچی کام پەرستگە دەبی، لە کوێ کرێچی دەبی، هێزی کارت بە کێ دەفرۆشی، چەقۆکیشی کێ دەبی، کڕیار و فرۆشیاری ژنان بی، باندی مافیایی و ..د بی]، بەڵام بەمەرجێك سنوورەکانی پیرۆزی سەروەری چینایەتی نەبەزێنی. واتە ئازادبوونی مرۆڤ لە چوارچێوەی قەفەزەکانی نەتەوە و نیشتمان و ئایین و سیکسیزمدا، بەلام خەونی دەرچوون لەو قەفەزانەدا [دەربازبوون لە سنوورەکانی سەروەری] ئێستاش وەك سەردەمەکانی دەسەڵاتی کەنیسە بڤەیە!

ئەم نیشتمانە حیزبییە ئەخلاقییەتێکی بێباکانەی لەناو تاکو گروپە کۆمەڵایەتییەکـــان بەرهەمهێنـــاوە کە خۆشەویســـتی نیشـــتمانو بەرپرســـیارێتی هاونیشـــتمانیانەی بچـــووککردۆتەوە بـــۆ هەســـتی حیزبگەرایی‌و ناوچەگەرایی‌و خێڵگەرایی. ل.١٩

لەبەرئەوەی نووسەران بەرژەوەندییان لە بوونی پارتدا دەبیننەوە، بۆیە لەوە نـاگەن، کە لە دونیـای هاوچەرخـدا پـارت، خێڵێکـی مۆدیرنە و بەجـۆرێکی تـر خێڵەکیکـردنەوەی تـاکە هەڵهاتووەکـانی سـەردەمی خێڵایەتییە. چـونکە هەروەك ئەوەی کـە بەرژەوەنـدی دەسـەڵاتدارانی پـارت وەك سـەرانی خێـڵ لە سـەرووی حەزی تـاك و ئازادی تـاك و بەرژەوەندی گشتییەوەیە و سەرانی پارت وەك سەرانی خێڵ بکوژ و ببڕ هەر خۆیان و ئەندامانی پارت وەك ئەندامانی خێڵ، دەبێت گوێرایەڵ و ملکەچی فەرمانەکانی سەرووی خۆیان بن و بەبێ سێ و دوو جێبەجێیان بکەن، جیاوازییەك لە نێوان خێڵ و پارتدا نییە. پارت لە ئەفریکا بێت یا لە ئەوروپا، لە ئاسیا بێت یا لە ئەمەریکا، تەنیا تۆڕی ڕاوکردن و ڕامکردنـی تاکەکـانی کـۆمەڵگەیە و لەیەکـترداب‌ڕین و دەرهێنانیـانی تاکەکـان لە بـزاڤە نـاڕازییە کۆمەڵایەتییەکانـدا و کردنیـان بە نەیـاری ئایدیۆلۆژی و سکتاریستی و ڕەقیبی یەکتر ئەرکـی پـارتە، هەروەك چۆن لە گەڕکێکدا ئەندامانی خێڵ، وێڕای هەبوونی ژیـان و داخـوازییگەلێکی هاوبەش، کەچی هەڵگری ماکی خێڵـن و لە کـاتی پێکدادانی خێلەکانـدا، دراوسـێ لەتەك دراوسـێ دەبنە دوژمنـی یەك، ئاواش ئەنـدامانی پـارت، کە بە زۆری سەر بە چین و توێژی کۆمەڵایەتی بندەستن، لەتەك کشان و چوونەوەیەکی هەوای نێوان پارتەکان، دەبنە دۆست و دوژمنی هاوچین و هاوتوێژ و هاوسێ و تەنانەت ئەندامانی خێزانەکانی خۆشیان.

پاشان لە بیرمان نەچێت، ناسیونالیزم و دەوڵەت پێویستی گیانییـان بە پـارت هەیە و بۆرجـوازی بەبـێ پـارت، لاقـی گەیشـتن بە سـەروەریی دەشکێ و تاکەکانی کۆمەڵی بۆ دەستەمۆ ناکرێن و ناتوانێت لە ناوەنـدی

خێزانەوە بگرە تا گەڕەك و خوێندنگە و فەرمانگە و کارگەکاندا بیانکات بە گژی یەکتردا، لە سایەی پارتایەتیدا سەروەران و سەرانی پارت و میری پاشایانە لەسەر تەختی ناهوشیاری و کۆیلەتی زۆرینە "مێگەلی نووسەران" دادەنیشن.
ئیتر بەم جۆرە پارت کۆنەپارێز بێت یا سۆشیال-دیمۆکرات و کۆمونیست، هیچ لە ئامانج و کارکردە پارتییەکەی ناگۆڕێت. وەها گەورەکردنەوەی پارت، تەنیا ئامانجی شاردنەوەی پاشەڵی بۆرجوازییانەی سیستەمی لە پشتەوە وەستاوە و دەیانەوێت بڵێن، ئەگەر ئەم پارتانە ڕیفۆرم بکرێن، ئەو دەسەڵاتە ڕیفۆرم بکرێت، ئەوا کوردستان دەبێتە بەهەشتی سەرزەمین. بەڵام هەی هوو، هیشتا لە کوێمانە، با وەك وڵاتانی فلیپین و یاپان و کۆریای باشوور و وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەلاتی، شارەکانمان ببنە ڕابواردنگەی ئەفسەرانی داگیرگەر و باجی لەشفرۆشخانەکان و کڕین و فرۆشتنی منالانی نەدار، ئالای سەروەری بۆرجوازی بشەکێنێتەوە، ئەوسا زۆرێك لە خەونبین بە بەهەشتی ناسیونالیزمەوە ڕادەچڵەکێن و بیرێك لە ڕێزی مرۆییانەیان لە دەرەوەی دێوجامەکانی بۆرجوازی (نەتەوە و نیشتمان) دەکەنەوە!

<u>ئەوانەی لەناو ئەم چوارچێوەو بازنە حیزبییە تەسکەدا دەژین، بەشدارن لە دابەشکردنی سامانو دەسەڵاتو بڕیاری سیاسیدا، ئەوانەشی لەدەرەوەی ئەم بازنەدان، پەراوێزکراوو بێبەشن لە هەموو چەشنە بەشداربوونێک لە نەخساندنی دواڕۆژی دواڕۆژی سیاسی کۆمەڵگادا</u> ل.١٩

نووسەران ڕەخنە لە ڕادە و چۆنییەتی بەشداری هەمووانی تاکەکانی کۆمەڵگە لە سایەی جووتپارت دەسەڵاتیدا دەگرن و خوازیاری بەشداری ئەوانەی دەرەوەی بازنەکانی دەسەڵاتن. لێرەدا ڕۆشن نییە، ئەوانی دیکە کێن؛ هەموانێك کە خاوەنی نیشتمانی هەمووانین یا دەستەیەکی

تـــر؟ هەروەهـــا وەك ئەوەی، کە ئەوان لـە نـــاوەڕا خوازیـــاری ڕیفـــۆرمی هەمـان سیستـەمن، لـە پشـت ئـەم ڕوانگـەوە خۆشـباوەڕی بـە بـوونـی وەهـا نیشـتمانێك و بـەشـداری هەمـووانـی لـە سیستـەمی هەنـووکـەیی جیهانـیـدا بەگشـتـی و لـەم نـــاوچـەدا بەتـــایبەتی، چاوشـــارکێ دەکـــات. ئایـــا لـە سیستـەمی دیمـۆکراتـی پارلـەمانیـدا بـوار بـۆ بەشـداری هەمـووان وەك نووسـەران پاگـەنـدەی بـۆ دەکەن و دەخـوازن "لـە دابەشـکردنـی سـامان و دەســـەڵات و بڕیـــاری ڕامیاریـــدا"، لـە هیـــچ دوورگـەیەکـــی واق واقـــی سـەرمایەداریدا بـوونـی هەبـووە و هـەیە و دەبێـت، تـاوەکو دەسـتـەبژێری ڕۆشـنبیرانـی وردەبۆرجـوازی لـە پاسـەوانانـی سیستـەمی سـەرمایەداری جیهانـی لـە ناوچـەکەدا (ینک و پدک) داوای بکەن؟

ئـەوەی ئـەم بەشـانـەی مانیفێسـتـەکەی نووسـەران بخـوێنێتەوە، زۆر بـە ئـاشکرا واتـای پشـتپەردەیی واژەگـەلـی وەك "هەمـووان" و "ئـەوانـی تـری دەرەوەی بـازنـەی پارتـەکـان"ی بـۆ دەردەکـەوێت. هەمووانێـك یـا ئـەوانـی دیکە کە لـە دەسـتـەواژەکانـی نووسـەراندا مەبەسـتن، پـاڵـە و ڕەنجـدەری هـەرێمی کوردستان نین، کرێکاران و بێکاران نین، بـەکورتـی مـەبەسـت لـە زۆرینـەی هـەژاران نییە، بەڵـکـو دەسـتـەبژێری هەمـووانێکی کەمـایەتـی دەسەڵاتخوازە، هەمووان تـەنیا مەبەستییان خۆیـانن، ئـەگینـا هەمـوومـان دەزانـن، کە ئـەوان خوازیاری دەسەڵاتدارێتـی گشتـی بە واتـای لـەناوبردنـی دەســـەڵاتـی ســـەرووخـەڵکیی دەســـتـەبژێر (چ دەســـتـەبژێری ڕامکـــار و چ دەسـتـەبژێری نـۆکەرە-ڕۆشـنبیری ڕامکـاران) نیـن، بەڵـکـو مەبەسـتیان دەســـەڵاتـی هەمـووانـی دەسـەڵاتخوازانـە، ئـەوانـەی کـە خۆیـان بـە شـوان و ڕێنماییگـەر و پارێزەری زۆرینـەی "مێگـەل" دەزانن.

ئـەگـەر شتێك بـەنێوی خـەون و ئـەفسانـە بـوونـی هەبێت، ئـەوا بـەشـداری هەمـــووانییە لـە دابەشـــکردنـی ســـامان و دەســـەڵات و و بڕیـــارە ڕامیارییەکانـدا لـە سـایەی سـەروەری چینـایەتیدا، ئـیتر ئـەو سـەروەرییە

چینایەتییە لەسەر مۆدێلی دیمۆکراتی نوێنەرایەتی (پارلەمانی) بێت یا لەسەر مۆدێلی نوێنەرایەتی دیکتاتۆری پرۆلیتاریی پارتە کۆمونیستەکان بێت، هیچ لەوە ناگۆڕێت، کە کەسانێك یا دەستەبژێرێکی ڕامکار خۆی لە بری هەمووان دەکاتە نوێنەر و بە نێوی هەمووانەوە بڕیاری جەنگەکان و کوشتوبڕی هەمان هەمووان یا هەمووانی، وەك ئەرکی پیرۆز و زانایانەی خۆی لە بەرامبەر زۆرینەیەدا، کە بە نەزان و کەمتر لەوەیان دەبینێت، کە بتوانن ژیان و کۆمەڵگەکانی خۆیان بەڕێوەبەرن، دەدات!

ئەگەر نووسەران بڕوایان بە بەشداری هەمووان لە ڕێگەی نوێنەرایەتییەوە هەیە، لە کوردستاندا لەسەر بنەمای ئەو نوێنەرایەتییە، ینک و پدک و پارتە کلکەکانیان، بە زۆرینەی دەنگی هەمووان، سامان دابەشدەکەن و دەسەڵات دەبەخشنەوە و بەنێوی هەمووانەوە بڕیاری ڕامیاریی و تەنانەت سەرکوتی خودی هەمووان دەکەن!

مەگەر لەسەر مۆدیلی دیمۆکراتی ناڕاستەوخۆ (پارلەمانی) خودی نووسەران نییە، کە هەمووان بە هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ ماوەی چوار ساڵ، بڕیار و داخوازی و خەونەکانیان بە کۆمەڵێکی دەستەبژێر دەسپێرن و دوای چوار ساڵی تر، ئینجا هەڵبژێرانی دەسەڵاتداران مافی لێسەندنەوەی ئەو بڕیارەیان لە نوێنەرەکانیان هەیە؟

ئەگەر ئەم مۆدێلە بۆ نووسەران ڕەخنەی تێدا نەبێت، ئەوا بەرەنجامەکانیشی شیاوی ملپێدانن، بەڵام ئەگەر بەرەنجامەکانی هەڵە بن، کەواتە دەبێت پرسیار ئاراستەی خودی بنەماکانی ئەو مۆدێلە لە دیمۆکراسی بکرێت، کە کۆمەڵگە بەسەر دوو دەستەی زۆرینەی "مێگەل" و کەمینەی "شوان"دا دابەش دەکات!

ئەوە سروشتی نییە، کە ینک و پدک سروشتێکی سەروو- خەڵکی ناوازەیان هەبێت و پێتوابێت پێچەوانەی گشتێتی میکانیزمەکانی سیستەمە جیهانییەکە پەلدەهاوێن، ئەمە لە سیستەمی نوێنەرایەتیدا ناوازە نییە، بەڵکو سروشتییە و بەڵگەی هاوئاراستەبوونی دەسەڵاتەکەی هەرێمی کوردستانە وەك کلك و پۆی کۆمپانی و ناوەندە جیهانییەکانی سەرمایە، کە میکانیزمەکانی سیستەمەکە ئاراستەیان دەکا و ئەگەر پێچەوانەی پەلبهاوێن، ئەوا لە چاوتروکانێکدا بۆ ناوزبڵدانی یەکە لەکەڵکەوتووەکانی خۆی فڕیان دەدات!

ئەوەی خوازیاری ئاڵوگۆڕ لەو سیستەم و ڕیزبەدنییەدا بێت، پێویستە لە دەرەوەی خولگەکانی سیستەمەکە بۆ کایەی جیاواز بگەرێت، کە میکانیزمەکانی کارکردی کارگێڕیی و دابەشکردن و بڕیاردان و بەڕێوەبەرایەتی بەگشتی تەواو پێچەوانەی ئەوەی ئێستای هەیە و دەبزوێن و کاردەکەن، واتە میکانیزمگەلێك کە لە بری بیرۆکراسی دروستکردن، دێمۆکراتیزە (لە خوارەوەڕا، لەسەر بنەمای دێمۆکراسی ڕاستەوخۆ) دەکات و لە بری جێگیرکردنی ڕامیاریی شوان و مێگەل، بەشداری هەمووانی بە ڕەخساندن و چالاکردنەوەی گیانی خۆبیرکردنەوە و خۆبڕیاردان و خۆجێبەجێکردن و خۆبەرێوەبەرایەتی لە تاکەکانی کۆمەڵدا زیندوو دەکاتەوە و بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری مەیسەر دەکات.

<u>نیشتمان ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ تیایدا مافەکانی پارێزراوبێت و دادپەروەریی لەنێوان تاکو گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا پیادەبکرێت و هەست بە بەختەوەریی و ئارامیی و ئاسایش بکات، هەستبکات ئینتیمای بۆ شوێنێک هەیە ئینسانبوونی دەپارێزێت و گەشەی پێدەدات و ڕێزی لێدەنێت.</u> ل.١٩-٢٠

وێـرای ئـەوەی کـە نووسـەران دان بـە شـوێنبوون (یەکەی جوگرافیـایـی)ی نیشتماندا دەنێن، دیسانەوە ناچارم بپرسم، دەکرێت نیشتمانێکمان بەو پێناسەیەی خۆتان نیشان بدەن، کە ئەو ئامانجانەی تێدا مسۆگەر بن؟
هەروەها ئەوە شوێن (نیشتمان) نییە، کە مرۆڤبوون دەپارێزێت، بەڵکو ئەوە ئامادەیی و هوشیاریی تاك خۆیەتی لە پێداگری و سەپاندنی ویست و خواستە مرۆییەکانیدا بەسەر کۆمەڵگەدا، کە مرۆڤبوونی دەپارێزێت و نیشتمان تەنیا لە بوونی مرۆڤی شوناسداردا واتا پەیدا دەکات و ئەو شوناسەش خودی مرۆڤ بە خۆی دەبەخشێت و لە دەرەوەی خۆی هیچ ناتوانێت شورەی پاراستنی بێت!

من ناچارم، هەردەم لەو وێنە جادوویانە بدەم، کە نووسەران ناڕاستەوخۆ بۆ ئەو کۆمەڵگەیانەیان دەکێشن، کە پێیانوایە کاریزی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی لە پارلەمانەکانەوە هەڵدەقوڵێت و بەرەو کون و قوژبنەکانی کۆمەڵگە و دوا گوندە دووردەستەکانی خوڕ خوڕ دەڕوات. ئەوان خۆیان لەوە لادەدەن، کە ئارامی و ئاوەدانی نیشتمانەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا لەسەر دەمکوت و تالانی نیشتمانە وێران و دزراوەکانی ئێمە و چەوسانەوەی هاوچینانی ئێمە لەو وڵاتانەدا، ڕاگیراون.

ئەوان دەیانەوێت ئەو وێنانە بشارنەوە، کە ڕازیکردن و بێدەنگڕاگرتنی هەژاران و بێکارانی ئەوروپا بە شتومەکی یەك پاوەنی و هەرزانبابییەکان و بە مەمرەومەژی کرێکارانی پۆشاکدووری بەنگلادیش و هیندوستان و پاکستان و فلیپین و ژنە کرێکارەکانی مەراکیش و وڵاتانی تری ئەفریکی، کە خۆراکە دەریاییەکان بە کەمترین کرێی ڕۆژانە و دڕندانەترین ڕەفتاری بۆرجوازییانە ئامادە دەکەن، دەوەستێت و تەواو دەبێت. ئەوان نایانەوێت وێنەی ڕاستەقینەی نیشتمانەکانی ئەوروپا نیشانی لاوانی کوردستان بدەن، کە تۆڵاشەبەردی قەڕاخ هێڵی

شەمەندەفەرە تیژڕەوەکانی ئەوروپا، ڕۆژانە بە هەزاران برین لە دەست و دەموچاو و جەستەی منالانی بەردشکێنی ئاسیادا بەجێدەهێڵن. ئەوان نایانەوێت، لە پشت وێنەی نیشتمانە بە بەهەشتکراوەکانی ئەوروپا [لای لاوانی کوردستان]، وێنە ڕاستەقینەکانی نیشتمانپەروەری لە تف و جنێوی ڕاسیستەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا و ئوستترالیا و کەنەدا، وێنە ڕاستەقینەکانی ناسیونالیزم لە چەقۆکێشی نیئۆنازییەکانی ئەڵمانیا و ئەمەریکادا نیشانی لاوانی فریوخواردووی کوردستان [بە بەهەشتەکانی دیمۆکراسی بۆرجوازی] بدەن!

کاتێك بە وردی نێوان و پشتپەردەی دەستەواژەکان دەخوێنینەوە، ئەو خەونە ژاراوییەی بۆرجوازی کورد دەبینین، کە ئەگەر بواری هەبێت، ئەوەی ئەوانی دیکە نەیانتوانیوە پێهەستن، ئەم ئەنجامی دەدات. ئەو هەموو وردەگیرییەی وردەبۆرجوازی لە دەسەڵاتەکەیان، کەچی بۆ جارێکیش زمانیان ناگەڕێت، باسی خزمەتکارە ئەفریکی و کەناسە بەنگلادیشی و سریلانکییەکان بکەن، چونکە ئەوانە مرۆڤی ناکوردن و مافێك کە نووسەران داوای دەکەن، نەك کرێکارانی کۆچەر ناگرێتەوە، بەڵکو کرێکارە کوردەکان و کەمەنەتەوەکانی تر؛ تورکمان و کلدان و ئاشوورییەکانیش لای نووسەران، شایانی نین!

<u>... هەر حیزبەو بە ئارەزوووی خۆی تیایدا بێپلانو بەرپرسیارێتی، بەبازدان بەسەر سادەترین پێدراوی نەتەوەییدا نەخشەی ئابووریو سیاسەتو ئیدارەو هونەرو فیکرو پەروەردەی تایبەت بەخۆی دادەڕێژێت.</u> ل.٢٠

نووسەران داهێنانێکی تریان خستووەتە سەر خەرمانی داهێنانەکانی تری دەسەڵاتخوازان و لە پاڵ هەراوهوریای بێیاسایی و بێڕابەری و بێپارتی دەدەنە پاڵ دەسەڵاتدارانی بۆرجوازی کورد. ئەمەیان لە

نەزانییەوە نییە، بەڵکو بە ئەنقەست بۆ لادانی سەرنجی تاکی نارازی کۆمەڵگەیە لەسەر هۆکارە بنچینەییەکانی سەرکوتی ئازادی و نادادوەری و نایەکسانی. ئەوی خۆی گێل نەکاتن، ئەوا دەزانێت، کە لە سەردەمی جیهانگیریدا، ئیتر شتێك نییە، نێوی ئابووری نەتەوەیی و دەوڵەتی نەتەوەیی بێت و ئەوەی هەیە، تەنیا پاسەوانیی بازارەئازادەکانی نیئۆلیبراڵیزمە و تەنیا سەروەرییەك، کە هەیە سەروەری کۆمپانی و بانکە جیهانلووشەکان و نۆکەرە ناوچەییەکانیانە. لەو پەیوەندەشدا دەسەڵاتدارانی بۆرجوازی کورد و عیراق و ئەفگانستان و .. تد تەنیا پاسەوانن و توانانی دانانی پلانی ئابووری و پرۆژەی بەرهەمهێنان، کاری ئەوان نییە، هەروەك چۆن زیندانیکردن و بەرەڵاکردنی زیندانییەك، کاری زیندانەوانێك نییە و سەرۆك و بەڕێوەبەران بریاری لەسەر دەدەن!

پاشان بۆ پلان نییە، مەگەر ئەو هەمووە ڕاوڕووتە بەبێ پلان دەکرێت، ئەو هەمووە سەرکوت و زیندانی و لە سێدارەدانە، بەبێ پلان دەکرێت؟ پارتە بۆرجوازییەکانی کورد لە شاخیش بە پلانەوە کاریان کردووە و بە پلانەوە ئێمەیان بە کوشت دەدا. بەڵام پلانی ئابووری و ڕامیاری و ستراتیجی کاری ئەو کۆمپانیا و ناوەندە جیهانیانەیە، کە لەشکرەکانیان ناردە ئەفگانستان و عیراق. مەگەر ئەوە پلان نییە، کە بەپێی بەرنامەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی، هەموو کەرتە دەوڵەتییەکان، تایبەتی دەکەنەوە و لە هەراجخانەی بازارئازاددا، میری فرۆشیارە و پارتەکانی ناو بازنەی میرایەتی خۆیان کڕیارن و بەو جۆرە یەکەمین هەنگاوەکانی بازارئازاد لە کوردستاندا دەنرێن. ئەگەر ئەوە پلان نەبێت، دەکرێت نووسەران پێمان بڵێن پلان چ سەیروسەمەرەیەکە؟

<u>کوردستانی نیشتمان تا ئەمڕۆ خاوەنی سرودی نیشتمانی خۆی نییە،</u>

خاوەنی زمانی فەرمی یەکگرتووی خۆی نییە، خاوەنی دەزگای گەیاندنی حکومی بێلایەن نییە، خاوەنی کارەباو ئاوو پۆستو کشتوکاڵی خۆی نییە، خاوەنی ئابووریـیەکی سیاسی نەتەوەیی نییە، خاوەی جیهازێکی ئیداری بیرۆکراسی بێلایەن نییەو لە ڕاستیدا خاوەنی حیزبێکی سیاسیش نییە. ل.٢٠

نووسەران، کۆمەڵێك نییە و نییە ڕیز دەکەن، لێرەدا ناکرێت کاتی خوێنەرانی هێژایان پێوە بەفیڕۆ بدرێت، ئەگینا سرووودی نیشتمانی بێجگە لەوەی کە دەتوانێت کۆمەڵێك دروشمی هەڵخەڵەتێنەر بێت و ڕۆڵەی هەژاران بە قوڕگی شەڕە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا بکات، یا لە باشترین باردا وەك سرووودەکەی هیتلەر ببێتە سەرچاوەی توندترین بەهرەکشی کار بەنێوی "کار مرۆڤ ئازاد دەکات" و لە پاڵیشیدا وا لە تاکی ناهوشیار بکات، نەتەوەکەی بەرزتر و باشتر لە نەتەوەکانی دیکە ببینێت، بۆ تاکە بندەستەکان چ سوودێکی هەبووە و هەیە و دەبێت. ئیتر ئەم شیوەنە بۆ قێزەونترین شت، کە سرووودی سەروەری بۆرجوازییە، بەناوی نەتەوە و نیشتمانەوە، لە پای چییە؟

زمانی یەکگرتوو نە کار و ئەرکی دەسەڵاتدارانە و نە بەکوتەکی شۆڤێنیستانەی دەستەبژێرێك دروست دەبێت، یەکگرتن لەسەر بنەمای ئازادی بوونی دەبێت، ئەگینا دەبێتە سەپاندن و سەرکوتگەری، ئەگەر کەسێکیش خوازیاری ئەوەیە، دەبێت بگەڕێتەوە سەر ئەزموونی هاوچینەکانی "کەمالیستەکان"، کە پاش حەفتا ساڵ سەپاندن، هەنووکە ناچارن مل بە خوێندنی زمانی کوردی "تورکە کێوییەکان" بدەن!

زمان و خوێندنی زمان و بەکاربردنی زمان و هەڵبژاردنی زمان، یەکێکە لە هەرە سەرەکیترین پێداویستییە کەسییەکان لە پاش هەناسەدان و خواردن و خەوتن و پاشەڕۆفڕێدان، هەروەها یەکێکە لە هەرە

سەرەکیترین ئازادییە کەسییەکان و کەس مافی ئەوەی نییە لەژێر هیچ بیانوویەکدا زمان یا دیالێکتێك بەسەر کەسی تردا بسەپێنێت و نەتەوەش هیچ ڕەسەنییەتی نییە، تاوەکو مرۆڤ لە پێناویدا ناچار بە وازهێنان لە ئاخاوتنی خۆی بێت. نەتەوە، خێڵی گەورەبووی ڕۆژگارە یا کۆی پێکهاتنی خێڵەکانە و هیچی تر. ئەگەر خێڵ و ناوچەگەری شەرمەزاری بن، ئەوا نەتەوە، کە پیربوون و گەورەتربوونی خێڵە، شەرمەزاریترینی شەرمەزارییەکان دەبێت.

لێرەدا باسی زمان بۆ هەلێکی دیکە هەڵدەگرم، بەس ئەوەندە بە پێویست دەزانم بڵێم، کە نەك کەمینەکان و ناوچەکان مافی خۆیانە زمانی خۆیان بخوێنن و بپارێزن و پەرەی پێ بدەن، بەڵکو هەموو لادێیەکی چەند ماڵە مافی خۆیانە بە بنزاراوەی خۆیان بخوێنن و بنووسن و کارەکانی خۆیان بەڕێوەبەرن، نەك هەر ئەوە، بەڵکو هەموو کەسێك و گروپێك مافی خۆیەتی تەنانەت زمانێکی دەستکردی وەك (ئێسپرێنتۆ) یا هەر زمانێکی دیکە بکاتە زمانی ئاخاوتن و خوێندن و بەڕێوەبەرایەتی خۆی. لە بەرامبەریشدا ئەوە دەرکی بۆماوەیی خێڵەکییانەی نەتەوەیە، کە زمان دەسەپێنێت و ئەوانی دیکە ناچار بە بەکاربردنی دەکات. ئایا مرۆڤایەتی هیچ سوود و بەهرەمەندییەکی لە ناوەندێتی دەسەڵات و سنوورەکان بردووە، تاوەکو زمانی ناوەندی سەپێنراو سوود و گرنگی بۆی هەبێت؟

ئەو پاگەندە شۆڤێنیستییانەی ئەوڕۆکە دەستەبژێرێك لە سایەی دەسەڵاتی بۆرجوازیدا بۆ زمانی ستانداردی دەکات، هیچ نییە بێجگە لە دەرکەوتنەوەی پاوانخوازیی و سەرپاگیریی خێڵەکییانەی جاران. سەندنەوەی ئازادی بەکاربردن و خوێندن و نووسینی زمان لە دەڤەرێك یا تاقە گوند و خێزانێك بە بیانووی ئەوەی ناسیونالیزم وەك ئایدیلۆجیای بۆرجوازی خێڵە گەورەکە (نەتەوە) لە سەرووی ویست و

ئازادی و ماف [ لەوانەش بەکاربردنی زمان (دیالێکت) بە دیاریکراوی]ی تاکەکانەوە دادەنێت، نەك هەر شۆڤێنیزمە، بەڵکو ژێرپێخستنی مرۆڤایەتی تاکەکان و چەپاندنی سروستی مرۆڤیشە!

دەزگەی گەیاندنی میریی بێلایەن چییە؟ ئەگەر مەبەست لە دەزگەکانی ڕاگەیاندنە، ئەوا هیچ کات بێلایەن نین و ئەگەر کەسێك فریودەر یا ناهوشیار نەبێت، ئەو ڕاستییە دەبینێت. ئەگەر نووسەران نموونەیەك لە ڕاگەیاندنی بێلایەن لە دونیای سەرمایەداریدا شك دەبەن، با ئەو چاکەمان لەتەکدا بکەن و بە ئێمەی نیشان بدەن. بەڵام ئێمە دەتوانین، لە ئایدیالترین دەوڵەتدا کە ئەوان لە ئێمەی دەکەنە بەهەشت، نیشانی بدەین، کە بە درێژایی ساڵ دەزگەکانی ڕاگەیاندن هۆشی بینەر و خوێنەر و بیسەر، بە ژاراوی چینایەتی دەشۆنەوە و لایەنداری ئەو دەزگەیانە دەشارنەوە، بەڵام هەر لەتەك ڕوودانی خۆپیشاندانێکی ناڕەزایەتی بەرامبەر دەوڵەت یا کۆمپانیییایەك یا مانگرتنێکی گشتی ڕوویدا، ئیتر دەستە شاراوەکانی بۆرجوازی و دەستەبژێرەکانی لە پشت ئەو میدیا بێلایەنانەی نووسەرانەوە دەردەکەون و دەبنە مشتی ئاسنین و دەمی خەڵکی دەکوتن!

پیشەسازی و کشتوکاڵ و ئابووری و ڕامیاری نەتەوەیی، وەك وتم تازە مەگەر بەخەون یا لەو دونیای ئاسمانەکاندا، یا ئەوەتا نووسەران بە تیئۆرییە جادووییەکانیان مرۆڤایەتی و مێژووەکەی بۆ دووسەد ساڵێك بگێڕنەوە دواوە و لەبری شێخ و مەلاکانی ئەو کات، ئەم ڕۆشنبیرانە ڕابەرایەتی ناسیونالیزم بگرنەدەست و دەوڵەتە خەوناوییەکەیان دامەزرینن! ئەگینا لەبەر چاوی کاڵی کوردانەی نووسەران، ناوەندە جیهانییەکانی سەرمایە، لە ناوچەکە و جیهاندا دیاردەیەکی ناوازە دروست ناکەن. لێرەدا مەبەستم لە دەوڵەتی بۆرجوازی کوردی نییە [چونکە ئەگەر بەرژەوەندی ناوەندە جهیانلوشەکان بیخوازێت، ئەوا لە

ماوەی چەند مانگێکدا چوارپارچەکە بەیەکەوە دەلکێننەوە و دەیانکەنە دەوڵەتێك و زۆرینەی دەستهەڵبڕەکانی ناو UN دەنگی پێدەدەن]، بەڵکو مەبەستم ئەو دەوڵەتەیە، کە نووسەران دەیانەوێت لەسەر بنەمای ئابووریی و ڕامیاریی سەربەخۆی نەتەوەیی دروستی بکەن!

بە بۆچوونی من، چیتر ئەستەمە خەونە ناسیونالیستییەکان وەك سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، بتوانن پێپیەکیان لە کەتواردا بێت، لە باشترین باردا لە دەسەڵاتی (ینک) و (پدک) باشتر نابن. پاشان باسکردن لە کشتوکاڵ و پلان و ئابووری و ڕامیاری نەتەوەیی .. تد، لە سەر کامە زەمینەی کەتواریی لە سایەی بالادەستی سەرمایەداری جیهانیدا، هەرێمی کوردستان، کە بەخۆی بەشێکە لە وڵاتکی داگیراو (عیراق) و دەسەڵاتەکەشی بەشێکە لە میرییەکی سەپاو، دەتوانێت سەربەخۆیی ئابووریی و ڕامیاریی خۆی بپارێزێت، ئیتر ئەم دەستەواژە فرۆشتنە بە تاکی کورد، لەپای چییە؟

نووسەران لە دوادێری ئەو پەرەگرافەدا خوازیاری دەزگەیەکی بەڕێوەبەرایەتی بیرۆکراسی بێلایەنن و دواجاریش پارتەکان بە ناڕامیارییبوون تاوانبار دەکەن، نازانم ئەم وشە ڕیزکراوە بێواتایانە لە پای چین و بۆچین؟ من وەڵام بۆ خۆیان بەجێدەهێڵم و تەنیا هێندە بەسە، کە بنووسم "بەبێ توانج"!
ئاخر پارتی ناڕامیاری کامەیە و لە چ قوتویەکی عەتاردا پەیدایان کردووە؟ پارت یا بوونی نابێت یا کە پەیدا بوو، ئەوا بۆ ڕامکردن (ڕامیارییکردن)ی خەڵك دروستی دەکەن! لە کاتێکدا کە "پارتی کەران"یش ناتوانێت ڕامیاریی نەبێت و بەبێ ئامانج نەهاتووەتە بوون، کە ئامانجیشی هەبوو، ڕامیاری بۆرجوازیش وەك فێڵ و لەخشتەبردن پێویستە، چونکە پارتی بێڕامیاری، وەك چەکی بێ گوللە وایە و ڕاوی پێناکرێت!

بیرۆکراسی، ناشیرینترین ڕووی سیستەمی بۆرجوازییە، بەڵام نازانم ئەو بێلایەنە داهێنانی کام سەردەمە و کامە هێز لە پشتییەوە وەستاوە. بە ناڕامیاری هەژمارکردنی پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانیش، بە بڕوای من لە هیچ فەرهەنگێکدا بێجگە لە فەرهەنگی خۆشباوەڕکردنی تاك بە پارت و پارتایەتی، لە هیچ شوێنێکی تردا جێی نابێتەوە.

<u>ئەم نیشتمانە بووە بە کەرتێکی گەورەی ئابووری تایبەت بە هەردوو حیزبەکە.</u> ل.21

نووسەران لە بیریان کردووە، کە چەند دێر پێشتر پێناسەی نیشتمان بە ئینتیما و کۆمەڵێك هەست و پەیوەندی دەکەن، لە بیریان دەچێت و دەگەڕێنەوە سەر پێناسە ڕاستەقینەکەی ناسیونالیزم بۆ نیشتمان؛ بیرەنەوت و کارگە و کێڵگە و تەلار و سێبەری داربەڕووەکانی، ئینجا بۆ پاکردنەوەی پێی چینی سەروەر و سیستەمەکەی، هەموو خەتاکە بۆ پارتەکان دەگەڕێننەوە، زۆر زیرەکانە ئەم ئامانجە لە تەواوی (100) لاپەڕەی پەرتووکۆکەدا کاری لەسەر کراوە.

ئەوەی بۆ بۆرجوازی وەك چینێکی جیهانی بێنەتەوە، نیشتمان تەنیا کەرتی تایبەتییە و نەتەوەش دێوجامەی شاردنەوەی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی، ڕاستییەکی نکۆڵیهەڵنەگرە و مێژووی شۆڕش و شەڕ و هەڵبژاردنەکان، ئەوەیان سەلماندووە و پەردەیان لەسەرلاداوە.
ئەوە هیچ گومانی تێدا نییە، کە نیشتمان لە سایەی سەروەری چینایەتیدا یا مارەکراوی (پارت)ە یا هی (میری)، ئەوەی خەون بە نیشتمان هەمووانی " نەتەوە و کۆمەڵ" یا "مرۆڤایەتی"یەوە دەبینێت، ئەوا ئەگەر لێهاتووی ئەوەی تێدابێت و بەدوای ڕاستیدا بگەڕێت، پێویستە لە دەرەوەی سنوورەکانی دەسەڵات و دەسەڵاتخوازیدا بۆ پانتاییەك بگەڕێت، کە مرۆڤەکان تێیدا ئازاد و یەکسان و تەبا بژین و

هەمووان لە سامان و داهاتی بەهرەمەند بن و هەمووان لە بەرامبەر ئاوەدانی و بنیاتنانیدا لێپرساو بن.

نووسەران لە بیر دەکەن، کە تاوەکو نیشتمان بەشێك بێت لە دارایی بۆرجواکان و سەروەری چێنایەتییان بەسەر چین و توێژە ناسەروەرەکاندا، ئەوا لێپرساوەتی بۆ تاکی بێنیشتمان (ناسەروەر و بێسەرمایە) بە کۆیلەتی تەواو دەبێت و چەندی بچێتە پای شەڕ و پلانە نیشتمانییەکان، هێندەی دیکە زنجیرەکانی دەستی توندتر دەکاتەوە. تاکی ناسەروەر، لە بری لێپرساوەتی و پارێزگاری لە نیشتمانێك، کە ئەو خاوەنی نییە، پێویستی بە تێکشکاندنی سەروەرییەکە، کە نیشتمان دەکاتە زیندانی کۆیلەتی تاکی بندەست!

نووسەران ئەوەشیان لەبێر دەچێت، کە نیشتمان بە واتا دروستەکەی و بە واتاکەی ئەوانیش، ناتوانرێت مۆرکی نەتەوەیی لێبدرێت و هەر کاتێك شتێکی وا ڕووبدات، ئەوا ناسیونالیزمی بەرهەڵستکاری دەسەڵاتی شۆڤێنیزمی سەردەست، بەخۆی جێگەی هەمان شۆڤێنیزم دەگرێتەوە. چونکە ئەگەر کوردستان تەنیا نیشتمانی کوردان بێت، ئەی نیشتمانی کلد و ئاشوور و تورکمان، کوێیە؟

ئەگەر بەو پێوەرە بێت، کە نووسەران نیشتمان بە نەتەوە تایبەت دەکەنەوە، ئەوا هیچ کات تاکی کلدان و ئاشوور و تورکمان لە بەرامبەر نیشتمانێکدا کە کوردستانە، هیچ ئەرك و لێپرساوەتییەکان لەسەر شان نییە و مافی خۆیانە، کە ببنە تێکدەر و دژایەتی بکەن!

هەردوو حیزبەکەش لە حکومەتو پارلەماندا وەک دەستی راستو دەستی چەپی یەک جەستە مامەڵە لەگەڵ سامانی ئەموڵاتەدا دەکەن. دەستی چەپ نایەوێت بزانێت و ببینێت دەستی راست چیدەکات،

هەروەها بەپێچەوانەشەوە ئەوا قرۆپێکی کوشندەی لێدەکەن، چونکە هەردوو دەستەکە هەمان تەماحو ئارەزوو و نیاز دەیانجولێنێت. ل.٢١

نووسەران درێژە بە خۆشباوەڕکردنی تاکی کۆمەڵگەی کوردستان دەدەن و ڕاستییەك، کە خۆی لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابوردوودا بەرجەستە و ئاشکرا بووە، خەریکن دەیشارنەوە. ئەوەی کە نەك تەنیا دوو پارتە باڵادەستەکەی ناو پارلەمان، بەڵکو هەموو پارتەکان یەك مەبەست [دەسەڵات و مشەخۆری] دەیانجولێنێت و دواجار لە پشتی هەموو هەراوهوریای دەزگە پاگەندەگەرەکانی پارت و بەرنامە کاتییەکانی هەڵبژاردنەوە، یەك ئامانج هەیە، ئەویش گرتنەدەستی دەسەڵات و باشتر پاراستنی سەروەری چینایەتییە، کە دواجار دەکاتەوە ئامانج و بەرژەوەندی و ئەرکی سەرەکی و هاوبەشی هەموو پارتەکان، ئیتر لە هەر قوماشێك بن و هەر ڕەنگێکیان هەبێت.

بۆ ئەوەی ڕازی یەکدەستی (ینک) و (پدک)مان بۆ دەرکەوێت، پێویستە سەرنجی ئەفگانستان و هەڵبژاردنەکان و براوەبوونی بەردەوامی دەسەڵاتدارانی دەهەیەك لەمەوبەر و تاپۆبوونی کورسی سەرۆکایەتی بۆ خەزائی، وەك یەکەمین دیاردەکانی دێمۆکراتی بە دیاریهێنراوی دەم لوولەی تانك و فرۆکە جەنگییەکان بۆ خەڵکی بەدبەختی ئەفگانستان، بدەین، پێویستە سەرنجی گەندەڵیی و دیارنەمانی ملیاردان دۆلار لە خەزێنەی دەوڵەت و داهاتی کۆمەڵگەی ئەفگانستان بدەین، کە لە هەموو ڕوویەکەوە پراکتیك و بڕیارەکانی پارلەمان و دەسەڵاتدارانی کوردستان و عیراق، شوێنپێهەڵگرتن و دووبارەکردنەوەی ئەزموونی هاوچینەکانیانە لە ئەفگانستان.

تێگەیشتن لەو ڕازە زۆر ئاسانە و یەکەمین جاریش نییە لە مێژوودا، شتی وا ڕوو بدات. بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەمەریکا و هاوپەیمانانی

هێرش بکەنە سەر ئێران یا کۆریای باکووری، ئەوا هەمان سیناریۆی ینک و پدک لەوێندەرێش چەند بارە دەبێتەوە!

ئەوەی کە دەستە تالانگەرەکان ناهێڵین بە یەکتر بزانن یا چاوپۆشی لە یەکتر دەکەن، ئاساییترین و سروشتیترین دیاردەی دەسەڵاتی مشەخۆرانەی چینایەتییە، چونکە ئەگەر هەڵپەی دەسەڵات لەلایەن پارت و دەستەبژێری ڕامیارەوە لە پێناو مشەخۆری و قۆرخکردنی ئازادی خەڵك و سەپاندنی سەروەری نەبووایە، ئەوا نە جەنابانی ڕامیار خۆیان لەو بەرەوژوورکەیە دەدا و نە پێویستی بە سەرکوت و زنجیرکردنی زۆرینەی کۆمەڵگە دەبوو. چونکە دەسەڵات لە پێناو مشەخۆری بەسەر کۆمەڵگە و کۆیلەڕاگرتنی بەرهەمهێنەران و پاراستنی دەوڵەتمەندییە و هیچ پەیوەندی بە ئاسانکاری ژیان و ڕێکخستنی کاروبار و دابینکردنی ئاساییشی ژیانی خەڵکەوە نییە. میکانیزمەکانی کاردکردی دەوڵەت و دەسەڵات بەخۆیان دروستگەری زەبروزەنگ و پارێزەری بەرتەری چینایەتی و نادادوەری کۆمەڵایەتین.

<u>بیناکردنەوەی ماناکانی نیشتمان ئەرکێکی گرنگی ریفۆرمی سیاسییە لەوڵاتەکەماندا. لەم ئاستەدا ناکرێت ریفۆرمی سیاسیو ریفۆرمی ئەخلاقی لەیەکدی دابڕێن. ریفۆرمی ئەخلاقیش مەحاڵە بەبێ ریفۆرمی دەسەلات لە کوردستاندا</u>. ل.٢١

نووسەران لە لایەك خەریکی ساختەکردنی واتاکانی نیشتمانن [لە شوێنگەی ژیانەوە بۆ ماف و لێپرساوەتی هەمووانی] و لەلایەکی ترەوە خوازیاری چێکردنەوەی واتاکانی نیشتمانن. ئەگەر بڕیار بێت نووسەران ئەو ئەرکە بە هێزە ڕیفۆرمیستەکەیان بسپێرن، ئەوا هەوڵەکەی خۆیان بۆ ساختەکردنی واتاکانی نیشتمان پوچ دەبێتەوە، چونکە جاران کە خەڵك بۆ نیشتمان خۆی بە کوشت دەدا، نیشتمان بە واتای شوێنی

ژیانی دەهات. چێکردنەوەی واتاکانی نیشتمان، بە واتای گێڕانەوەی ئەو واتایانەیە کە نووسەران ڕەتیان دەکەنەوە. دەکرا نووسەران ئەرکی گۆڕینی واتاکانی نیشتمان بە هێزە ڕیفۆرمیستەکەیان بسپێرن، واتە گۆڕینی نیشتمان لە شوێنگەی ژیانەوە بۆ ماف و لێپرسراوەتییەکەی نووسەران، بەڵام چێکردنەوەی ئەو واتایانەی کە هەیبوون، بە واتای ڕەتکردنەوەی تێزەکەی خۆیان دێت، کە هەر لە سەرەتاوە بە مەبەستی فریودانی خوێنەر بە یاریکردن بە وشەکان، هانای بۆ دەبەن.

ئەوەی ڕامیاری پابەندی خواستە ئابوورییەکانە، نووسەران خۆیانی لێ لادەدەن و هاوکێشەکە ئاوەژوو دەکەنەوە و دەیانەوێت پەیوەندییە ئابوورییەکان لە خواست و ویستی چینی باڵادەست دوور ڕابگرن و ریفۆرمە ڕامیارییەکان بە پابەندبوون یا نەبوونی پارتەکان بە خواستەکانی کۆمەڵگەوە ببەستنەوە و دواجاریش خەونی جادوویانەی دەسەڵاتی باشی پێکهاتوو لە پیاوچاکانی فیلۆسۆف و هۆنەرمەند لەتەك ڕامکارانی دڵسۆز و خۆنەویست پێکبهێنن. ئەو هەمووە ڕاکە ڕاکە بە دوای سەرابی دێمۆکراسیدا، ناچار ڕیفۆرمی ڕامیاری پابەندی ڕیفۆرمی ئاکاری (مۆراڵی) دەکەنەوە و ئەوانیش پابەندی چێکردنەوەی واتاکانی نیشتمان، سەرابێك، کە خۆشیان نازانن چۆن پێناسەی بکەن. وەها سەرلێشێواندنێك لە خوێنەر ئەرکی دەستەبژێری خاوەن بەرتەرییە و لە سەراپای مێژووی کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکاندا، ئەمە هەوڵی نەگریسی وردەبۆرجوازی بەشبەرنەکەوتوو بووە، کە بۆ شاردنەوەی خەونی بەدەسەڵاتگەیشتن و دەستەبژێری هانیداون.

پێشتر وتم ڕێفۆرمی ڕامیاری یا سەرخانی کۆمەڵگە پێداویستی و وەڵامدانەوەیە بە گەشە و ئاڵوگۆری ژێرخانی کۆمەلگە (پەیوەندییە ئابوورییەکان و بنەما ئابوورییەکان). ئەوەیش ئەمڕۆکە لە کوردستاندا ڕوودەدات، ڕێك وڵامدانەوەیە بە پەیوەندییە ئابوورییە بۆرجوازییەکان

و ڕێکخستنی بازار، ئەوەی کە لە کوردستان بەجۆرێکە و لە ئەمەریکا بە جۆرێکی تر، ئەوەیان دوو شت دیاری دەکەن:
یەکەم، ڕێوشوێنی کۆمەڵگەکان لە سیستەمە جیهانییەکەدا (کوردستان پەراوێزە و ئەمەریکا ناوەند)، دووەم، ئامادەیی و هوشیاری چینایەتی چین و توێژە کۆمەڵایەتییە بندەستەکان بەرامبەر بە بازاری تالانی ڕەنج و لە پێناو خەونەکانی تاکی ئەو کۆمەڵگەیە، کە دیسانەوە کوردستان لە سەرەتای ئاشکرابوونی ئەودیوی دێوجامەکانی نەتەوەگەرایی بۆرجوازی و نیشتمانپەروەری هێزەکانەدایە.

کۆمەڵگەیەکی خاوەن بنەمای ئابووریی بەهێز یا بێهێز، بەو پێیەی کە توانای کۆنترۆڵ و شەتەکدانی بە بەرنامە و پلانی کۆمپانیا جیهانلووشەکانەوە هەیە، بە هەمان ڕادەش هوشیاری تاکەکان لاواز دەبێت و ڕێوشوێنی پارت، سەرۆك و خێڵ و گەلێ شتی پەرپوتی دیکە، زاقتر و فراوانتر دەبێت. بەپێچەوانەشەوە، بەو ڕادەیەی کە بەرگری [بەرگرتن] لە تالان و گەندەڵکردنی کۆمەڵگە لە ئارادابێت، بەو ڕادەیەش پرۆژەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی و ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و ئەوروپی و پاسەوانەکانیان تووشی شکست و ناکامی دەبن. بۆیە بەبێ دژایەتی و بەرهەڵستی و بەرگرتن بە ڕێکەوتننامە و پرۆژەکانی ئەو ناوەندە جیهانلوشانە، ناتوانرێت ئاڵوگۆڕی ئابووریی و ڕامیاریی و کۆمەلایەتی و .. تد ئەنجام بدرێن!

ئینجا ڕیفۆرمی مۆڕاڵی با لەولاوە بوەستێت، کە نووسەران ئەوە نادیدە دەگرن، ڕۆشنبیری و مۆڕاڵ و کولتوور، شەتەکدراو و مارەکراوی چینی سەروەرن و ئەوەی هەیە و نییە، بالانوێنی گەندەڵی و داهزرانی مۆڕاڵ و گەلێك چەمکی ترە لە سایەی سەروەریدا. ئەوەی کە نووسەران دەرکی ناکەن، ئەوەیە هەر گۆڕانێکی ڕامیاریی لە ماف و بڕیاردانی تاکەکاندا پابەندی ڕێوشوێنی ئابووری خودی ئەو تاکانەیە و مۆڕاڵی تاکەکانیش

ڕەنگدانەوەی پابەندییانە بە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەوە، کە ئەویش پابەندی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. بەم جۆرە بێجگە لە ئاڵوگۆڕی ئابووریی لە ڕێوشوێنی تاکەکاندا [ئازادبوونی تاك لە وابەستەیی بۆ دەسەڵاتە هیرارشییە ئابووریی و ڕامیارییەکان، کە بە دیوەکەی تردا دەکاتە لەناوچوونی بنەماکانی ناچاری فرۆشتنی هێزی کار و ملدان بە سیستەمی نوێنەرایەتی] بە واتای شۆڕشی کۆمەڵایەتی، هیچ چانسێك بۆ ئاڵوگۆری ڕامیاریی و مۆراڵی ڕادیکاڵ لە ئارادا نامێنێتەوە.

<u>لە ئاستێکی دیکەدا دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان دەسەڵاتێکی دابڕاوە لە خەڵک</u>... ل.٢١

ئەوەی لە کوردستان دەسەڵاتی ڕامیاریی لە خەڵك دابڕاوبێت، شتێکی ناوازە نییە، چونکە لە چوارچێوەی سیستەمی چینایەتیدا ئیتر ئەو سیستەمە هەر ناوێکی لەسەر بێت، لەبەرئەوەی لەسەر بنەمای ڕابەر و ڕێبەرکراو، سەرۆك و سەرۆکایەتیکراو، شوانە و مێگەل بنیاتنراوە، خۆبەخۆ دەسەڵات دەبێتە کوتەکی دەستی کەمایەتییەك بەسەر زۆرینەی فەرمانڕەواییکراودا و فەرماندان و فەرمانبردن، باڵادەستبوون و ژێردەستبوون، دووتای هاوکێشەیەکی ناهاوسەنگن، کە لەسەر بنەمای نایەکسانی تاکەکان لە بەهرەمەندی لە بەرهەمهێنان و داهات و سوودوەرگرن لەو بەرهەم و داهاتە و نایەکسانی لە ماف و بڕیارداندا پێکهاتووە. بەکورتی نایەکسانی ئابووریی و ڕامیاریی و دواجار ناهاوسەنگی کۆمەڵایەتی، کە لە سیستەمی چینایەتیدا ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتی پابەندی توانای ئابووریی و ڕامیارییە و توانادارای ئەم دووانەی دواییش، پلەوپایەی نایەکسانی کەسەکان لەبار دەکەن، بەو جۆرە تاکو نایەکسانی لەو بووارانەدا هەبێت، قسەکردن لە بەڕێوبەرایەتییەك، کە بتوانێت سەرخانی بنەما ئابوورییە یەکسان و

پەیوەنــــدییە كـــۆمەڵایەتییە تەباكـــان بێـــت، ئەســـتەمە و نەك هەر خەونبینینە، بەڵكو جادووگەری و خەڵكفریودانە!

بەســەركردنەوەی ژیــانی هاوڵاتییــان كە ئەركێكــی سیاســیو ئەخلاقــی سادەی سەرۆكی هەریمو حكومەتو پەرلەمانە، ل.٢١

پێش ئەوەی ئەرك بە سەرۆك بسپێرین و لەسەر كەمتەرخەمی لۆمەی بكەیــن، پێویســتە پرســیار لە خــودی پێداویســتی بــوونی ســەرۆك و سەرچاوەی ڕەوایەتیدان بەو پێداویستییە بكەین؛ سەرۆك چییە و لە كوێــوە دێــت و ئەركەكــانی كامــانەن؟ ئەوی لە دووتــوێی خەونێكــی پۆستمۆدێرندا سەرۆك لەسەر ڕانەپەڕاندنی ئەركەكانی لۆمە دەكات، هێشــتا لاقێكــی لە ژێــر خێــوەتی خیــڵ و هۆزەكــانی ســەدەی نــۆزدە و سەرەتای سەدەی ڕابوردوودایە! هەروەها بیەوێت و نەیەوێت، خەریكە لە سایەی سەرۆكدا ڕێوشوێنێك بۆ پلەوپایە و بەرتەری خۆی خۆش دەكات، كە بە كورتی من تەنیا بە میرزاكانی سەدەیەك لەمەوبەر دێنە بەرچــاوم. ئەگینــا لە دەمێكــدا كە داواكــاری بەشــداری هەمــوانی یــا نیشــتمان هەمــوانی دەكەن، ئیــتر كــامە ڕۆڵ بــۆ خواوەنــدیی ســەرۆك دەمێنێتەوە، یا ئەوەتا وەك وتم، هەموان مەبەست لە دەسەڵاتخوازانە بە سەرلەشكر و مەلا و زانا و فیلۆسۆفەوە، یا خەریكی خەڵكفریودانن بە لە توانــادابوونی كەتــواریكردنەوەی وەهــا ئەفســانەیەك [یەكســانی هەمــوانی و بەشــداری هەمــوانی و نیشــتمان هەمــوانی لــە ســایەی سیستەمی چینایەتیدا] ؟!

كاتێك كە بڕیارە مافی یەكسان و هاوبەش بە هەموان بدەن، ئیتر سەرۆكی باڵا و سەروومرۆڤ و سەرووتوانا و دەسەڵاتتان بۆچییە و لەپای چــی؟ "بەســەركردنەوەی ژیــانی هاووڵاتیــان وەك ئەركێكــی ڕامیــاریی و مــۆڕاڵی ســادەی یــا ســەرەتایی ســەرۆكی هەرێــم و میــری و پارلەمــان"

بۆخۆی ڕەتکردنەوەی توانای هەمووانییە و زۆرینەی فەرمانبەسەرداکراو دەخاتە خانەی سۆزپێداهاتنەوە و جێگەی بەزەیی و سەرپەرشتی، کە بەخۆیان ئاوەزیان پێینەشکێت و دەرکی پرسەکان و پێداویستی و چۆنیەتی بەدیهاتنی خواستەکانیان نەکەن، یا ئەوەتا بە دیوەکەی تردا، دان بە پێداویستی خێڵایەتیی سەرۆکایەتی هەرێمدا دەنێن و ڕەوایەتی پێدەبەخشن و لە بەرامبەریدا گوێڕایەڵی و ملکەچی تاکەکانی بازنەی سەرۆکایەتی وی بە فەرمی دەناسن؟

ئەمە لە شیوەن و سوێندخواردنەکانی (ستالین) بۆ (لێنین)ی ڕابەری دەچێت، کە مسۆگەرگەری هەریسەکە بوو بۆ خۆی! چونکە سەرۆك پێویستی بە ڕاوێژکارانی ژیر و تەکبیرزان هەیە و وەك لە پیشەکییەکەشدا چەند جار ڕاناوی "ئێمە" بەبێ پێویستبوون، قوتدەبێتەوە، باشترین دەستەبژێرێك، کە بتوانێت کەشتی شکاوی دەسەڵاتی بۆرجوازی هەرێم لە تۆفانی هەڵچوونی جەماوەری قوربانیانی دوێنێ و نێچیرانی ئەمڕۆ، ڕزگار بکات، ئەوە دەستەبژێرە "ڕۆشنبیر"ەکەی نووسەرانە!

پاشان، وردەگیری لە دەرنەکەوتنی سەرۆك، تەنیا دەتوانێت بەدبەختی و خۆبەکەمزانی، وەك ئەوانەی لە ڕیزی کۆیلەتیدا چاوەڕێی تێپەڕبوونی شازنی بریتانیا دەکەن، پەروەردە دەکات. ئەگەر بەو پێوەرەی نووسەران بێت، ئەوا سەرۆکایەتی (سەدام حوسەین) لەبەرئەوەی کە زوو زوو خەڵکی بەسەر دەکردەوە و دەترساندن یا میدالیای بە هەندێك دەبەخشی، دەچێتە خانەی سەرۆکە هەرە باشەکانەوە؟!

ئای کە بەدبەختییە مرۆڤ لە بری خۆڕزگارکردن لە مۆتەکەکانی پێویستی سەرۆکخێڵ و هۆز و نەتەوە، گلەیی لە سەرۆکەکەی بکات و بەوە تاوانباری بکات، کە کەمتر دەردەکەوێت، لەولاشەوە باس لە

نیشتمان هەمووانی و یەکسانی هەمووانی تاکەکانی نەتەوە بکات!

بەو پێیەی کە نووسەران خوازیاری پەروەردەکردنی هەستی نیشتمانپەروەری و ئاوەدانکردنەوەی نیشتمان و پاراستنی نیشتمان و گۆڕینی واتاکانی نیشتمان بە ماف و لێپرسراوەتین، ئەوا بە دەستەونزاوە چاوەڕێی بەخشینی (هیتلەر)ێکن بە کورد، گلەییشیان لە سەرۆکەکەیان هەر لێرەوەیە. ئەز حەز دەکەم بزانم، بە کامە ئاوەز سەرۆك دەبێتە پەروەردەگەری هەستی ئاوەدانکردنەوە و پاراستنی کۆمەڵگە، لە کاتێکدا بوونی سەرۆك بە خۆی لەنێوبەری هەموو هەستە هاوبەشەکانە و مرۆڤەکان بەسەر مرۆڤی باڵا (سەران) و مرۆڤی خوار (ڕەشەخەڵك)دا دابەش دەکات؟!

وەها تێڕوانینێك لاقێکی لە نێو کلیسا و لاقەکەی تری لە دیواخانی بەگ و ئاغاکانی سەدەکانی ناوەراستدایە، لەوێدا کە قەشەکان باسیان لە دەوڵەتی باش و میرزاکانیش باسیان لە بەگ و ئاغای باش و بە شەرەف دەکرد. ئەگەر سەرنجی دیوە شاردراوەکەی ئەو بۆچوونە بدەین، جێگەی بەزەییبوونی ئەندامانی خواری کۆمەڵگەیە، کە پێویستیان بە بەزەیی و چاودێری دەسەڵات و سەرۆکانە، لە کاتێکدا کە خودی هەبوونی سەرۆك و دەسەڵات لە سەرووی کۆمەڵگەوە نیشانەی بێڕێزی و چەپاندنی ئەندامانی بێدەسەڵاتی کۆمەڵگەیە!

ئەو دەسەڵاتەی لەسەرووی هەموو کۆنترۆڵو لێپرسینەوەیەکی یاساییەوە وەستابێت، ناتوانێت هەستی بەرپرسانەو هاوکاریو خۆشەویستی بۆ نیشتمان بەرهەمبهێنێت. ئەو دەسەڵاتەی دادپەروەرانە سامانی نیشتمان دابەشنەکات، ئیرەیی کۆمەڵایەتیو مرۆڤی نائومێدو تووڕە بەرهەمدەهێنێت. ل.٢٢

وەك ئاشكرایە و زۆرینەی كەسانی هوشیاریش دەركی دەكەن، هەردەم دەسەڵات دیكتاتۆری بێت یا دیمۆكراتی، پاشایەتی بێت یا كۆماری، فیئۆداڵی بێت یا بۆرجوازی لە سەرووی لێپرسینەوەوەیە و بە خۆشی داڕێژەری یاسایە و لە سیستەمی چینایەتیدا یاسا تەنیا لە پێناو پاراستنی خودی دەسەڵات و سەروەری چینایەتیدایە، بەو پێیەش خودی دەسەڵات سەپێنەری یاسایە، كەواتە لە سەرووی یاسا و دادگەوەیە و لێپێچینەوە تەنیا كەسانێك دەگرێتەوە كە یاسا بۆ ملكەچكردنیان و كۆیلەڕاگرتنیان سەریهەڵداوە و دەسەڵاتداران وەك لە سكانداڵی دەوڵەتانی دیمۆكرات [پارلەمانی]ەوە بگرە تا دیكتاتۆر دەبینین، هەمیشە لەژێر نێوی بەرژەوەندی گشتیدا شانی خۆیان لە ژێر كارەچەوتەكانیان خاڵی دەكەن و هەروەها هەر بەنێوی بەرژەوەندی هەمووانی و گشتییەوە درێژە بە ڕامیارییە دژی خەڵكییەكانیان دەدەن. ئەوە گومانی تێدا نییە، كە دەسەڵات نەك هەر ناتوانێت بەرهەمهێنەری هەستی بەرپرسیاریی و هاریكاری و خۆشەویستی بۆ خۆشباوەڕیی (وهم)ە دروستكراوەكانی وەك نیشتمان هەمووانی و هاوخوێنی نەتەوەیی و مافی هاووڵاتی و یەكسانی یاسایی بەرهەم بێت، بەڵكو تەنانەت لێپرسراوەتی و هاریكاری و خۆشەویستی و هەستی هاوجۆری سروشتی و هەبوو و ئامادەی نێوان خودی مرۆڤەكانیش لەنێو دەبات و مرۆڤەكان لە بەرامبەر یەكتردا دەكاتە دوژمنی یەك؛ هاوسێ بەرامبەر بە هاوسێ، هاوكار بەرامبەر هاوكار، گوند بەرامبەر بە گوند و شار بەرامبەر بە شار و هەرچی هەیە و نییە لە پێناو مانەوەی سەروەری چینایەتی دەیكاتە دوژمنی ئەوی دیكە.

كاتێك كە دەسەڵات لەپێناو پاراستنی مشەخۆری و تاڵانی داهاتی كۆمەڵگە سەریهەڵدابێت، ئیتر چۆن دەتوانێت ببێتە دابەشگەری دادپەروەرانەی سامانی كۆمەڵگە؟ مەگەر دەسەڵات بۆ پاراستن و ڕاگرتنی كۆمەڵگەی چینایەتی و سیستەمەكەی نییە؟ ئەگەر وانییە،

ئەی بۆ چییە؟ ئەگەر بۆ ئەوەیە، ئەی سەرچاوەی مەترسییەکان بۆ سەر سیستەمەکە کامەیە و بۆ دروست دەبن؟ ئەگەر دەسەلأت بۆ پاراستنی کۆمەڵگەیە، ئەدی بۆ لە بری زەبروزەنگ و سەپاندن، هانای بۆ لەناوبردنی سەرچاوەی دروستبوونی مەترسییەکان نەبردووە؟

کاتێك کە کۆمەڵگە بە زەبروزەنگ و سەپاندن بخرێنە ژێر باری نایەکسانی ئابووریی و ڕامیاریی و کۆمەلأیەتی، ئیتر سەرهەڵدانی نارەزایەتی و تووڕەیی و توندوتیژی [ئەوەی نووسەران بە ئێرەیی کۆمەلأیەتی و نائومێدی و تووڕەیی نێوی دەبەن] ئاساییترین و چاوەڕوانکراوترین کاردانەوەی مرۆڤە چەپێنراوەکانە و لەناوبردنی نایەکسانی و پشێوی و ناتەبایی کۆمەلأیەتی و پەروەردەکردنی مرۆڤی نوێ و هیوادار و ئارام، پێویستی بە لەناوبردنی زەمینەکانی نایەکسانی و پشێوی و تووڕەیی و توندوتیژییە، کە ڕوودانی وەها ئاڵوگۆڕێك بەبێ لەناوبردنی خودی سەروەری چینایەتی و پایەکانی ئەو سەروەرییە، ئەستەمە، چونکە خودی دەسەلأت و دروستگەرەکانی سەرچاوە و ڕاگری هەموو نادادوەرییەکن!

ئەو دەسەلأتەی ولأتەکەی خۆی خۆشنەوێتو هاونیشتمانیان بەسەرنەکاتەوە، ناشتوانێت خۆشەویستیو هەستی بەرپرسیارێتی لەناو تاکو گروپەکانی کۆمەڵگادا بەرهەمبهێنێت، ئەو دەسەلأتەی بەرژەوەندی نەتەوەیی کورتبکاتەوە بۆ پارستنی دەستکەوتە دەستەییو خێزانییەکی، ناتوانێت سیاسەتو ئاسایشی نەتەوەیی داڕێژێت. ل.٢٢

نووسەران باش وێناکردنی دەسەلأتێکی خزمەتکار و ملکەچی خەڵك و داخوازییەکانی، بە کۆمەڵێك دروشم لە چەشنی دروشمە پارتییەکان بەسەر دەسەلأتدا هەڵدەدەن و دواجار پەنادەبەنەوە بەر دێوجامەکەی بۆرجوازی "بەرژەوەندی نەتەوەیی"، هەروەك چۆن فەرەنسییەکان لەبەر

"بەرژەوەندی نەتەوەیی!!" لەتەك پروسەكان ڕێكدەكەون و كومونەی پاریس، كە دیمۆكراسی ڕاستەخۆ و بەڕێوەبەرایەتی خەڵك بوو، خەڵتانی خوێن دەكەن، بۆلشەفیكەكان لەسەردەمی لێنین و ترۆتسكیدا لە پێناو بەرژەوەندی گشتی لەتەك دەسەلاتدارانی ئالمان و نەمسا شەڕ ڕادەگرن و كۆمونەكانی ئۆكرانیا سەركوت دەكەن و دواتر ستالین و هیتلەر لەسەر پرسی پۆلۆنیا و "بەرژەوەندی نەتەوەیی!!" ڕێكدەكەون، ئەمەریكا لە جەنگی جیهانی دووەمدا لەبەر "بەرژەوەندی نەتەوەیی!!" هیرۆشیما و ناكازاكی بە بۆمبی ئەتۆم وێران دەكات، شای ئێران و ڕژێمی بەعس بە چاودێری ئەمەریكا لەسەر "بەرژەوەندی نەتەوەیی!!" هەرسێ لایەن، گەلی كورد سەركوت دەكەن و (ڕژێمی بەعس)یش لەبەر بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمان زیاتر لە سێ هەزار گوند ڕاگوێز و دوو سەد هەزار گوندنشین ئەنفال و پینج هەزاریش كیمابارن دەكات، بەم جۆرە لیستی سەركوتی بزاڤە كۆمەلایەتییەكان و شەڕەخوێناوییەكان و فریودانە پارلەمانییەكان لەژێر نێوی "بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی!!"دا هێندە درێژە، مانیفێستەكەی نووسەران نایگرێتە خۆی!

ئایا دەكرێت بزانین لە هەر یەك لەو نموونانەدا تاكی بێدەسەلاتی فەرەنسی، ڕوسی، ئەمەریكی و ئێرانی و عیراقی و ... تد چ بەرژەوەندییەكی هەبووە و چی دەستكەوت بووە؟ ئایا لە كاتی ڕوودانی ئەو تاوانەدا ڕۆشنبیرانی دەستەبژێری وەك نووسەرانی ئەم مانیفێستە، هەر خەریكی میكیاجكردن و پەردەپشكردنی ڕوخساری ڕاستەقینەی سەروەری چینایەتی نەبوون و هەروەك ئێستا بەنێوی دیمۆكراسی و مافی نەتەوەیی و سەروەری یاساوە، ئەو تاوانانەیان پاساو نەداوە؟ ئایا ئەمە ئەوە ناگەیێنێت، كە دیمۆكراتانی دوێنێ، لە هوشیاری ئەمڕۆدا خوێنڕێژن و دیمۆكراتەكانی ئەمڕۆش لە هوشیاری سبەینێی تاكی كورددا، چەقۆكێشانی ڕۆژگار و ڕاوێژكارانیان بتە شكاوەكانی

داهاتوو دەبن؟

ئیتر تاکی کورد لە سایەی بۆرجوازی کورددا چی بەرژەوەندییەکی هەیە، لە کاتێکدا کە دەبینین، بۆرجوازی لەپێناو ئامانجی چینایەتی خۆیدا ئامادەیە شتێك بەنێوی نەتەوە قوربانی بکات؛ ماچەکانی سەرانی بەرەی بۆرجوازی کوردستان لە ڕوومەتی دیکتاتۆر، هاوکاری بۆرجوازی کورد لەتەك لەشکری ڕژێمەکانی ئێران و تورکیە و سوریە و چاونوقاندنی دەسەڵاتدارانی هەرێم لە بۆمبارانەکانی هەر ڕۆژەی ناوچە سنوورییەکان و .. تد. ئایا ئەمانە بە خاتری هەمان "بەرژەوەندی نەتەوەیی!!" نین، کە نووسەرانی دەسەڵات پاگەندەی دەکەن و دەسەڵاتخوازان بەو دێوجامەوە ڕاکیشی سندووقەکانی دەنگدانمان دەکەن؟ ئایا گشت تاوانە بەرچاوەکانی مێژوو هەر بەنێوی بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە ئەنجام نەدراون، بەرژەوەندی و ئاسایشێك، کە بێجگە لە بۆرجواکان و دەربارەکانیان کەس لێی بەهرەمەند نییە!

ئەگەر کەسانێك پەیدا دەبن و پاگەندەی ئەوە دەکەن، کە ئەوانە نوێنەری ڕاستەقینەی نەتەوە و نیشتمان نین، دەکرێت لە سەراپای مێژوودا نموونەیەکمان نیشان بدەن، کە بۆرجوازی نوێنەرایەتی بەرژەوەندی گشتی کردبێت و ئەو چاوەڕوانییانەی بەدیهێنابێت، کە ڕۆشنبیرانی بۆرجوازی تاکەکانی پێ خۆشباوەڕ دەکەن؟

<u>نێوان سیاسەتو کۆمەڵگا، پێویستی بە بیناکردنەوەی بڕواو متمانە هەیە لەنێوان دەسەڵاتو گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا، پێویستی بە ئاشتکردنەوەی ڕای گشتییە لەگەڵ سیاسەتدا، پێویستی بە بنیاتنانی بەهایەکی نوێی خۆشەویستی هەیە بۆ نیشتمان کە لە سەرووی بەرژەندی بەرتەسکی حیزبیو دەستەگەریو خێڵەکیدا بێت</u>. ل.٢٢

نووسـەران هەرچەنـدەیان کۆشـابێت، بەڵام نەیـانتوانیوە ڕۆڵـی نـاوبژیگەری خۆیـان بـۆ ئاشـتکردنەوەی خەڵکـی نـاڕازی و لەتەك ملیاردلێرانی مشەخۆردا بشارنەوە، ئەوەتا باس لە گێرانەوەی بڕوا و متمانە لە نێوان دەسەڵات و گروپە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن! سەرەتا گروپـی کـۆمەڵایەتی کێـن و کـامە ڕێوشـوێنیان هەیە؟ ئەمە هەمـان گەشـەدانە بە ڕامیـارییەکەی بەعـس، کە دەیویسـت بە گـۆڕینی نێـوی (کرێکار) بۆ (فەرمانبەر)، پەردە بەسەر ملمڵانێی کرێکاران وەك چینێك بەرامبەر خۆی وەك دەسەڵاتی بۆرجوازی، بدات. نووسەران بە هەمان ئامانج و میتۆد، هاتوون چین و توێژی کۆمەڵایەتییان گۆڕیوە بە گروپی کـۆمەڵایەتی! نووسـەران ئەگەر لە هیـچ بـوارێکی تـردا داهێنانیـان نەکردبێـت، ئەوا لەم بـوارەدا شایسـتەی شاباشـی تـایبەتی (دەسەڵاتدارانی هەرێم)ن و پێویستە ئەم داهێنانە بەنێوی خۆیانەوە تۆمار بکەن، تاوەکو ئەگەر هەر دەسەڵاتێك لە ناوچەکەدا لە یاسای کار و یاسـای بنەڕەتیـدا ئەم دەسـتەواژەیەی بەکـار بـرد، پاداشـتێکی سەرمایەی یا سیمبولی بەم کۆمەڵناسە داهێنەرانەی هەزارەی سێیەم ببەخشێت!

نووسەران بێجگە لە دووبارەکردنەوەی ڕستە و پەرەگرافەکانی پێشوو، شـتێکی تریـان نەوتـووە، بەڵکـو بـە جـۆرێکی دیکە هەمـان داخـوازی و خۆشباوەڕییان داڕشتووەتەوە، خوێنەر دەتوانێت بەراوردی سێ بەشی وەرگیـراوی پێشـوو و بەشـەکانی داهـاتووش بکـات. هەروەهـا پێویسـتە خوێنەر لێرەوە پەی بە گرنگی و داهێنانە نوێیەکانیان لە بواری ڕیفۆرم ڕامیـــاری و پلانە ئابووریـــدا ببـــات و گرنگـــی بە داهێنـــانە ئاخرزەمانییەکـانی نووسـەرانی پۆسـتمۆدێرنەی هەرێمـی کوردسـتان بەرێت!

<u>چەمکـی خۆشەویسـتی نیشـتمانو بەرپرسـیارێتیو بەختەوەری، بەبـێ</u>

بەداموودەزگاییکردنی سیاسەت، بەرزڕاگرتنی یاسا، پاراستنی ماف، فراوانکردنی ڕووبەرەکانی ئازادی، بەهێزکردنی هەستی بەرپرسیارتیو بەرزڕاگرتنی ڕێز بەرامبەر بە خەمو پێداویستییە هەنووکەییو ئایندەییەکان، ناتوانێت دروستبێت. گۆڕینی کوردستان لە دەغیلەیەکی حیزبییەوە بۆ نیشتمانێکی نەتەوەیی، ئەرکێکی گرنگی هەر ڕیفۆرمێکی سیاسییە لە کوردستاندا. ل.٢٣

نووسەران درێژە بە ڕیزکردنی دروشم و ڕازاندنەوەی بێبەڵگە و بێبنەما دەدەن و دەیانەوێت کۆمەڵێك سەراب بکەن بە ئامانج و داخوازی خەڵك. ئەگەر واز لەوە بهێنین، کە مێژووی دەوڵەت و سەروەری و دیمۆکراسی نوێنەرایەتی نیشانیداوە، کە نیشتمان هەمووانی درۆیەکی پیرۆزە بۆ فریودانی ژێردەستان بە بەختەوەری لە سایەی سیستەمی تینووبەخوێن و ئەشکەنجە، سیستەمی شەڕ و وێرانکردندا چیکراوە، ئەوا نیشتمانی نەتەوەیی سەرابە و بەرزڕاگرتنی یاسای سەروەریش، دەکاتە درێژبوونەوەی تەمەنی کۆیلەتی مرۆڤ، لەبەرئەوەی کە لە سایەی سیستەمی چەوسێنەرانەی چینایەتیدا، یاسا دەتوانێت تەنیا نەخشی قامچی سەروەران لەسەر پشتی ناڕازییانی سیستەمەکە بێت. ئەگەر ماف و ئازادی وەك نووسەران پاگەندەی بۆ دەکەن، دیاری و بەخشیشی بۆرجوازی بووایێن بۆ مرۆڤایەتی، ئەوا دەبوو مرۆڤایەتی چەند سەدە لەمەوبەر بەبێ خەبات و قوربانیدان بەو دەسکەوتانە بگەییشتایە، کە هەنووکەش دەستەبەرنەکراون و هەروەها بەپێی بەڵێن و خەونە سەرابییەکانی نووسەران بێ، دەبوو ئەوڕۆکە لە بری ئەوەی کە هەیە و کەتوارە، ماوەی کار کورتتر و داهاتی تاك بەرزتر و بیمە دەرمانی و کۆمەڵایەتییەکان باشتر و ڕووبەری ئازادی چالاکی تاك فراوانتر بوونایە، نەك بەو جۆرەی دەبینین بۆرجواکان و ڕاوێژکارانیان (پیاوە عەقڵانییەکانی سەرەتای هەزارەی سێیەم) خەریکن ماوەی کار بەرەو ماوەی کاری سەدەی نۆزدە دەبەنەوە و کەمکردنەوەی کرێی کار و

سڕینەوەی پشووی ساڵانە و خزمەتگوزارییەکان بەرەو ئاستی چەند سەدە لەمەوبەر دادەگرنە خوارەوە. ئیتر نازانم لە پای چی ئەو بەڵێنە سەرابییانە بە هەژارانی کوردستان دەدەن؟

ئەگەر نووسەران پێیانوایە ئەوە بۆ نەزانی فلانە سەرکردە و گەندەڵی فلانە پارت دەگەڕێتەوە، با لە وڵاتانێك کە تیایاندا دەژین و سەرتۆپی بەهەشتەکەی سەرمایەدارین، چاویان بکەنەوە و لە ژیانی دراوسێکانیان وردبنەوە! ئەوان خۆیان لەوە نائاگا دەکەن، کە بۆرجوازی سەروەربێت، سامان و داهاتی نێستمان تەنیا دەچێتە سەر هەژماری بانکیی سەرمایەدارانەوە، ئیتر ئەو سەرمایەدارانە سەر بە پارت بن یا بێلایەن و ڕۆشنبیر، ئەوە هیچ لە کرۆکی مشەخۆرانەی سیستەمەکە ناگۆڕێت و ناتوانێت بەر بە نادادوەرییەکان بگرێت، هەروا هیچ لە سوودخوازی و خوێنمژی سەرمایەدارەکان ناگۆڕێت!

۳- گۆڕینی ئینسانی کورد لە بوونەوەریکی بریندارەوە بۆ بوونەوەرێکی ڕێزدار

... لەبەرئەوەی بونەوەرێکی خاوەن ماف و خاوەن سنوورێکی یاسایی و بەهایەکی گەورەی خۆیەتی ل.۲٦

نووسەران زۆر جار ئەم دەستەواژانە دووبارە دەکەنەوە "بوونەوەری بچووک و بێڕێز... بوونەوەرێکی پڕبەها.... بونەوەرێکی خاوەن ماف و خاوەن سنوورێکی یاسایی و بەهایەکی گەورەی.."

لەم دەستەواژە ڕیزکراوانەدا تەنیا چەندبارەی تێڕوانینە ئایینییەکان لەمەڕ بەهاداری مرۆڤ و بێبەهایی بوونەوەرانی تر، کە بەخاتری باڵابوونی مرۆڤ ئافەرێنراون، سەرەتاتکێمان لەتەکدا دەکەن. چونکە ئەگەر ڕێز و بەها و لەسەر بنەمای بوونەوەری بێت، ورچ و مێروولە و

جرجیش بوونەوەرن. ئەو ڕێز و بەهایانەش، کە بۆ هەر بوونەوەرێك بەپێی پێداویستی مرۆڤی بوونەوەر بۆ ئەوانی دیکە دیاریکراون، تەنیا دەتوانن نیشانە و بەڵگەی بێڕێزی مرۆڤ بن بە بوونەوەرەکانی تر، هاوکات مرۆڤ کە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆیدا لاسایی یاسای جەنگەڵ و بەرخوردی بوونەوەرە دڕندەکان بەیەکتری دەکاتەوە، واتە لاسایی ئەو بوونەوەرانەی، کە خۆی بێڕێز و کەمبایەخ لەبەرچاویان دەگرێت؛ ملکەچی و نێچیربوونی بێهێز بۆ بەهێز، کەچی مرۆڤ هێشتاکە پاگەندەی بەڕێزی و بەهاداری بۆ خۆی دەکات! ئەو لاساییکردنەوەیە نەك تەنیا لە بواری زۆرانبازیدا، بەڵکو لە ڕژێمی خواردن و شێوازی سێکس و مامەڵەی کەسانی تری دەرەوەی خێزان و خێڵ و نەتەوە و گروپە ڕامیارییەکان، مرۆڤ هەروەك بوونەوەرە دڕندە و خوارەکانی خۆی ڕەفتار لەتەك هاوجۆرەکانی خۆی دەکات!

بە بڕوای من مرۆڤ، ئەو بوونەوەرەی، کە هەنووکە خەریکی وێرانکردنی دەروبەر و کوشتوبڕی بوونەوەرەکانی ترە چ بۆ سەرگەرمی و چ بۆ خواردن، دڕندەترین بوونەوەرە، چونکە بە هوشیارییەوە، بە بەرنامەوە دڕندەیی ئەنجام دەدات![٤] پاشان گەڕاندنەوەی ڕێز لە ڕێگەی وەبیرهێنانەوەی فلانە کارگێڕ و فیسارە ڕامکارەوە ڕوونادات، بەڵکو لەوێوە ڕوودەدات، کە مرۆڤ وەك تاك، دەسەڵاتدار و پۆلیسەکانی ناخی بکوژێت و بچێتە پای هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ یاسای زاڵی دڕندەکانی سەروەری؛ فەرماندەر و سەروەر، مرۆڤی بە ویست و توانا، مرۆڤی کارا و چالاك، نەك بەرکار و ئۆبجێکتی سەروەران، بەرێت. گەڕانەوەی بەهای مرۆیی لە ڕێگەی پیادەکردنی یاساکان یا سەروەری یاساکانی سەروەری بۆرجوازییەوە نییە، بەڵکو لە لەناوبردنی خودی یاساکانی سەروەرییەوەیە، لە گەڕانەوە و بوونەوەی خۆیەتی مرۆڤ بە بەشێك لە سروشت و دۆستایەتی بوونەوەرەکانی تر، ئەمەش تەنیا بە دژایەتی سەروەران و هەوڵەکانییان بۆ لە قڵبدانی

ویست و داخوازییەکانی مرۆڤ دێتە دی.

من نازانم نووسەران لە کوێوە ئەوەیان هێناوە، کە مرۆڤ خاوەن سنوورێکی یاساییە؟ مرۆڤ بەشێکە لە سروشت و ژیان و ئازادی و بەرێزبوونی تەنیا دەتوانێت لە چوارچێوەی یاسا سروشتییەکاندا پەرە بسێنێت، بەپێچەوانەشەوە یاسا دەستکرد و دانراوەکانی سەروەری چینایەتی، چەپێنەری ماکە مرۆییە سروشتییەکانن و لەتەك سروستی مرۆڤدا نایێنەوە و کێشەکانیش بەگشتی لێرەوە سەرچاوە دەگرن، کۆتوبەندکردنی مرۆڤ لە یاسا دەستکردەکاندا.

<u>لەهەمووشی بێرێزتر تەماشاکردنی خەڵکە وەک رەعیەتێکی دەست لەسەرسنگو تەماشاکردنی دەسەڵاتدارانە بۆخۆیان وەک سەروەرانێک لەسەروی یاساو لێپرسینەوە</u>. ل.٢٦

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، بە کامە شێواز و کامە بەڵگە بە پایگەیەکی وەها دەگەین؟ ئایا ئەو سووك سەیرکردن و سەروویاسایەی سەروەران تەنیا لە دەسەڵاتدارانی کوردستانەدا هەیە یا لە گشتێتی سیستەمەکەدایە؛ بۆ نموونە پارساڵ لە یەکێك لە دانیشتنە ئاساییەکەی پارلەمانی ئاڵماندا لەمەڕ بەرزبوونەوەی نرخی گەرمی و ئەلەکتریك، سەرۆکشالیارانی ئەو وڵاتە وتی "لەبەرئەوەی کە نرخی تەلەفۆن و ئینتێرنێت داشکاوە، ئەو بیمە بێکارییە (کۆمەکە بێکارییە) کە هەیە، زیادەی دەبێت و لە بەرامبەردا بێکاران و کۆمەکوەرگران دەتوانن قەرەبووی بەرزبوونەوەی نرخی ئەلەکتریك (کارەبا) و گەرمی پێ بکەن". ئەم رێزدارییە لە مرۆڤ و پێداویستییەکانی، کە بە قسەی خاتوونی دەسەڵاتداران، ئەو چەند سەنتە کە تەلەفۆن و ئینتەرنێت هەرزان بووە، دەبێت کەم بکرێتەوە یا لە بری زیادبوونی چەند ئەوەندەی نرخی ئەلەکتریك و سووتەمەنی لەبەرچاو بگیردرێت!

لەلایەکی ترەوە هەموومان سکاندالەکەی بریتانیای پارساڵمان لە یادە، کە خەرجی سەیرکردنی فیلمی پۆرنۆگرافی شالیاران و ئەنداماپارلەمانەکان لەسەر داهاتی کۆمەڵگە بووە. دەکرێت نووسەران پێمان بڵێن، ئەدی یاسا لە کوێ خەوتبوو؟ ئایا یاسا بە هەمان شێوەی سزادانی دزینی پاکەتە جگەرەیەك، بەرەنگاری دزە گەورەکانی وڵات بووەوە، کە چەندین ملیۆن پاوەند حەپەلوش کرا بوون و دەکرێن؟

پاشان لە سیستەمی چینایەتیدا مرۆڤەکان تەنیا ڕێزی کۆدێکیان هەیە، کە بە هۆیەوە باجیان لێدەسێنرێت و مرۆڤی کورد لە سەرەتای بێڕێزییەکەدایە و هێشتا لە کوێمانە لەتەك بەهاکانی سیستەمی نیئۆلیبراڵ ئاشنابین!

شتێکی دیکە پێویستە نووسەران سەرنجی بدەنێ، ئەوەیە، خۆ (کارزایی) ئەفگانستان لە شاخ پەروەردە نەبووە و هەم سەرمایەدار بووە و هەم لە فێرگە باڵاکانی (سی ئای ئەی)دا مۆڵەتی سەرۆکایەتی وەرگرتووە، دەکرێت بزانین بۆ ڕێزی ئەفگانییەکان هێندە لە خوارەوەیە، کە زۆربەی نووسەرانی کورد تەنانەت تا ئاستی سووکایەتی ئەفگانییەکان وەك نموونەی مرۆڤی خوار و کەم بە نموونە دەهێننەوە؟

خۆگێلکردن لە بنچینەیەك کە سیستەمی چینایەتی لەسەر وەستاوە، بەرەو شوێنێکی دیکە ملدەنێت، ئەویش شاردنەوەی میکانیزمەکانی کارکردی سیستەمەکەیە لە دروستکردن و پەرەدان بەو هەڵاوارنە، ڕۆڵی مامان دەبینن. ئەوە تەنیا دەسەڵاتدارانی کوردستان نین، کە خۆیان وەها دەبینن، بەڵکو ئەوە خودی سیستەمەکەیە، کە پایەکانی ئاخا و سەپانی ڕاگرتووە و پەرەیان پێدەدات. ئەگەر بەراوردی خۆزلزانینی دەسەڵاتدارانی کوردستان و شمشێر لەسەر ملدانانەکەی شاژنی بریتانیا بکەین، دەبینن، کە سووکایەتی و کەم تەماشاکردنی خەڵك لە

کارێزەکەی دیمۆکراتی پارلەمانییەوە، لە لانکەکەی ئەو دیمۆکراسییەوە سەرچاوە دەگرێت!

<u>ئاشناکردنەوەی سیاسەکانی ئێمە بە بەهاکانی مرۆڤو ڕێزگرتنی، یەکێکە لە پێداویستییە هەرە گرنگەکانی دونیای ئێمە</u>. ل.٢٧

بەڕاستی نووسەران خۆیان لە گێلی دەدەن یا خەڵك بە گێل دەزانن و بەو جۆرە وا نیشان دەدەن، کە لەو بڕوایەدان سەرانی کورد بەو خەونانەی ئەوان، ئاشنا نین! من هاوکێشەکە پێچەوانە دەبینم، ئەوە مرۆڤی کورد و تاکی کۆمەڵگەی کوردستانە، کە دەبێت بە بەها و ماف و خواست و توانا و ویستی خۆی ئاشنابێت، نەك پێچەوانەکەی! چونکە کاتێك کە تاك خۆی بناسێت و بتوانێت ڕێوشوێنی خۆی لە کۆمەڵگە و پەیوەندییە ئابووریی و ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییەکاندا دیاری بکات، ئەوسا دەبینین، کە چۆن لە هوشیاری کۆمەڵدا بوونی سەرکردە و دەسەڵات دەبنە بێڕێزی بە خودی مرۆڤ!

نووسەران لەسەر ئەو بنەمایەی کە پێیانوایە زۆرینەی خەڵك "مێگەل -خۆیان واتەنی" جێگەی بەزەیی و دەستگیرویین و لەوە کەمترن، کە توانای ئاشنابوونیان بە مافی خۆیان هەبێت، بۆیە وەك قەشەکان لە تەواوی نووسینەکەیاندا ڕووی دەمیان دەسەڵاتدارانە و داوای بەزەیی و لاکردنەوە لە مافی مرۆڤیان لێدەکەن. سەرچاوەی وەها تێڕوانێك بۆ بەرتەریدان بەخۆیان وەك دەستەبژێرێکی ڕۆشنبیر دەگەڕێتەوە. ئەوان هوشیاری بە بەهرەی خوداداوی دەزانن و زۆرینە لەوە کەمتر سەیر دەکەن، کە توانای ئاشنابوون و هوشیاربوونەوەیان هەبێت. ئەوان باوەڕیان بەوە هەیە، کە ئازادی دەدرێت و بەخشیشی سەروەرانە، ڕێز و بەها لەسەر بنەمای نیشتمانداریێتی و لەلایەن سەروەرانەوە بە ئێمە دەدرێن.

وەك وتم، بوونی دەسەڵاتدار بێڕێزییە بە بێدەسەڵات و لەوەش بێڕێزیتر ئەوەیە، کە بێدەسەڵات لەوە کەم ئاوەزتر و بێهێزتر بزانرێت، کە توانای خۆڕزگارکردن لەو بارەی هەبێت و لە بەرامبەر ئەوەدا داوای بەزەیی لە دەسەڵاتداران بکەی، کە ڕێز بۆ بێدەسەڵاتان بگێڕنەوە و وەك سەگی بەردەرگە ئێسکە-مافیان بۆ فڕێ بدەن. لە سەرووی هەموو ئەو بێڕێزییانەوە و خراپتر لە هەموویان ئامۆژگاریکردنی چەوسێنەرانە، بەوەی کە ڕێز لە چەوساوەکانیان بگرن. چونکە نووسەران دژی سەروەری مرۆڤ بەسەر مرۆڤەوە نین، بەڵکو خەریکی ئامۆژگاریکردنی سەروەرانن، بەوەی دڵنەرم و بەبەزەیی و ماقوڵ بن. ئەمەش پێویستی بە ئەرککێشانی نووسەران نییە و قسەگەرانی تۆرات و ئینجیل و قورئان هەزاران ساڵ لەوەوبەر بەو کارە هەستاون و بەرەنجامی کۆششەکەشیان تەنیا خۆشباوەڕکردن و چاوەڕوانڕاگرتنی چەوساوان بووە لە چاوەڕوانی هاتنی وەها ڕۆژ و وەها سەروەرێکدا کە بەزەیی پێیاندا بێتەوە.

<u>وەک چۆن ڕیفۆرمە لەو عەقڵیەتە سیاسییەدا کە دەسەڵاتدار بەپیرۆزو خەڵک بە بوونەوەرێکی خاکیو پلە دوو و پلە سێ دادەنێت</u> ل.٢٧

ئەوی لەوە نەگەیشتبێت، کە بوونی دەسەڵاتدار خۆی لە خۆیدا بوونی بێدەسەڵات و پلەدووی ژێردەستەیی دەسەڵاتبەسەرداکراوان دەگەیێنێت، دەبێت لە چاوەڕوانی (موحەمەدی مەهدی یا گەرانەوەی مەسیح)داسەرخەوێك بشکێنێت! بێگومان ئەو یاسایەی کە تەواوی ئۆپۆزسیۆن بە چەپ و ڕاستەوە داوای سەروەربوونی دەکەن، ئەرکی سەرەکی پیرۆزکردنی دەسەڵاتە و دەسەڵات لە کلیساوە تا پارلەمان، هەردەم بریتی بووە لە پیرۆزی و سەرووخەڵکیبوون. بە ڕای من، ئەوی لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا هەست بە پلەدوویی یا پلەچەندی خۆی نەکات، ئەوا یا دەسەڵاتدارە یا کۆتەکی دەستی دەسەڵاتدار و ئەگەر

لەم دووانەش بەدەر بێت، ئەوا کەسێکی ناهوشیار و خۆشباوەرە بە ئازادی لە سایەی سەروەریدا!

گۆڕینی مرۆڤ؟ ئەوی کە بتوانێت تاکێك بگۆڕێت، یەکەم، تەنیا ویست (ئیرادە) و ئامادەیی خۆیەتی و دووەم، گۆڕینی ژێرخانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، کە کولتوور و ڕێوشوێنی مرۆڤیش دەگۆڕیت. ئەوانەی کە بەتەمان مرۆڤی کورد بگۆڕن، پێ بزانن یا نا، خەریکن مرۆڤی کورد وەك کەراکتەری ناو یارییە کۆمپیوتەرییەکان تەماشا دەکەن، کە هەموو کات دەتوانرێت لەو سنوورەدا کە داڕێژەری (خواوەندەکەی) کۆدی یارییەکە، دیاریکردووە، ببزوێنرێن یا ئەوەتا لە یارییەکی تازە یا نوێکراوەیداچەند هەنگاوێك واوەتر بڕۆن. بەڵام "جەنراڵ فرۆکە بەرزفڕەکانت، کەموکوڕییەکی گچکەیان هەیە، پێویستیان بە فڕۆکەوانە و ئەویش بیر دەکاتەوە!"[٥]. گرفتی گۆڕانخوازییەکەی نووسەرانیش لەوەدایە، لە سەرچەشمەی وزەی گۆڕان نائاگان، کە لە خودی تاکەکاندا هەڵدەقوڵێت و لەوێوە کە تاك لەتەك دیاردەکانی دەوروبەری دەکەوێتە ناکۆکی و بەرەنگاربوونەوە، ئەوەش بەرەنجامی هوشیارییەکە، کە خودی تاك لە ڕەوتی کار و ژیان و تێکۆشانی ڕۆژانەیدا بەدەستی دەهێنێت، نەك ئەوەی کە پێمانوابێت، هوشیاری دەرمان و هەتوانی دەستکردنی دەستەبژێریی ڕۆشنبیرانی حەکیمە، تاکی ناهوشیار بە وەرگرتن و خواردنی دەکاتە بەرهەڵستکاری دەسەڵاتدارە ڤیروسەکان!

ئەوەی تاکی هوشیار دەتوانێت ئەنجامی بدات، گۆڕینی مرۆڤە نییە، بەڵکو بەئاگاهێنانی تاکی دەستەمۆیە لە توانادارى و کارایی ویستی خۆی، لەوەی کە ئەم دونیا پێچەوانەیە لەسەر هێڵی ناهوشیاری ئەو دەسووڕێت و هەر کات ئەو بەئاگا هات، ئیتر لەشکرگەکان چۆڵ دەبن و فرۆکە و تۆپخانەکان لەکاردەکەون و ئەندامپارلەمان و سەرۆکەکانیش لە زبڵی ڕۆژانەی خۆیاندا بۆگەن دەکەن!

زۆر گرنگیشە کە مرۆڤ وەک ڕۆحێکی ئازاد ببینرێت. لێرەوە ڕۆحی دیموکراسییەت بریتییە لە گوێگرتن لە هاوڵاتی، بریتییە لە تێگەیشتن لە برینو زامەکانو هەستەکانی ل.٢٨

گیانی ئازاد لە بوونەوەری ئازادئەندێشدایە و دیمۆکراسییەك (ئەوەی کە نووسەران مەبەستیانە) کە بریتییە نییە لە گوێگرتن، بەڵکو بریتییە لە لەخشتەبردنی خەڵك، ئەگەر دیمۆکراسی پارلەمانی بریتی بووایە لە گوێگرتن لە تاك و تێگەیشتن لە زام و برینەکانی، ئەوا دەبوو چەند سەد ساڵێك لەوەوبەر، دەسەڵات نەمابا و هەروەها جیهان دوو جەنگی جیهانی و هەزاران جەنگی هەرێمی و ناوخۆیی و جینۆساید و ئاپارتاید و چەکی ئەتۆمی و کیمیایی و وێرانی هەزاران شار و ملیۆنان گوند و بەکۆمەڵکوشتنەکان نەدەبوونە یادەوەری لە دەسەڵاتدامانەوەی بۆرجواکان!

لە بارەی ئازادییەوە، بە پێچەوانەی ئەوانەی پێیانوایە دەسەڵاتداران تەواو ئازادن، دەسەڵاتداران و سەرمایەداران بەبێ پاسەوانی ناهوشیارانەی تاکە ژێردەستەکانیان، ناتوانن وەك تاکێکی ئاسایی ببزوێن و کۆمەڵایەتی بن و لە سێبەری خۆشیان دەترسن و سڵدەکەنەوە، هەر ئەو سڵکردنەوە و ترسە، بۆ ڕەتکردنەوەی سەروەری و بەرتەری بەسە، کە لە دونیای چیانیەتیدا نەك تەنیا بەرهەمهێنەران و بێبەشان ئازاد نین، بەڵکو دەسەڵاتدارانیش ناتوانن ئازادییەکی سروشتی و مرۆییانەیان هەبێت، ئەوەی کە وردەگیرانێك، دەسەڵاتداران بە ئازاد دەزانن، تەنیا ئازادی دەسەڵاتدارانە لە سەرکوتکردنی نەیارانیان، ئەگینا هیچ ساتێك لە دڵەڕاوکێی هوشیاربوونەوەی ژێردەستانیان، ڕزگاریان نابێت و وەك سێبەری مەرگ وا بە دوایانەوە. کەسانێك کە خۆیان ئازادییەکی کۆمەڵایەتییان نەبێت، ئیتر چۆن دەتوانن کار بۆ کۆمەڵایەتیکردنەوە و گشتیکردنەوەی ئازادی بکەن. ئەمە بێجگە لەوەی

کە هیچ هێزێك نییە و نابێت، کە توانای ڕزگارکردنی کۆیلەیەکی هەبێت، ئەگەر ئەو کۆیلەیە بەخۆی لە ناخی خۆیدا شۆڕشی ڕزگاربوونی لە چنگ پۆلیس و سوپا و سەروەرەکانی ناخی بەرپا نەکردبێت.
ئەگەر ئازادکردنی کۆیلانی سیستەمەکە بە بانگەواز و ڕابەری ئەم و ئەو ببوایە، دەبوو لەتەك هەر هەنگاوێکی سەروەران بەرامبەر ژێردەستانیان، شەقامەکان ببوونایەتە سەنگەری جەنگی ڕزگاری. بەڵام بەداخەوە مرۆڤەکان تەنیا بە بەندەکانی یاسا و لوولەی چەکەکان ڕانەگیراون، بەڵکو بە هەزاران داو و جاڵجاڵۆکەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و ئایدیلۆجی بە سیستەمەکەوە بەستراونەتەوە و لە ناخی هەر کۆیلەیەکدا خوایەك و دەیان سەرۆك و سەدان دادگە و هەزاران ڕابەر و ملیۆنان پاسەوان چەقێنراون و فەرمانڕەوایی دەکەن و ویست و حەز و پرسیار لە تاکدا کوێر دەکەنەوە. ئازادبوونی مرۆڤ شۆڕشێکی پێویستە، کە هەموو ئەو بتانە لە ناخی مرۆڤەکاندا، لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە پێداویستییەکانی ژیاندا بشکێنێت و هەنگاو بە هەنگاوی ڕوخاندن، کۆمەڵگە و تاکەکانی ئازادانە پەروەردە بکاتەوە، ئەوەش ئەرکیی شۆڕشی کۆمەڵایەتییە نەك بەزەیی ڕۆشنبیر و پارلەمانتار و سەرۆك و ڕاوێژکارەکانی و پیاوچاکانی مزگەوت و دانشگەکان!

لای مرۆڤی ئازادئەندێش بەزەیی پێداهاتنەوە تەنانەت بە ئاژەڵیشدا نیشانەی سووکایەتییە بە بەهای بوونەوەری ئاژەڵەکە، چ جای بە مرۆڤێك بگات، کە واوەتر لە توانای بوونەوەرەکانی دیکە توانای بەرهەمهێنان و بیرکردنەوە و گۆڕینی دەوروبەری خۆی هەیە. نووسەران لە قوچکەی دەسەڵات و دەستەبژێرییەوە بەزەییان بە ئێمەی بریندااردا دێتەوە و داوا لە بریندارگەرانمان دەکەن، کە برینەکانمان سارێژ بکەن یا لە دووی جێگرەوەی بەسۆز بۆ دەسەڵاتدارانی ئێستا دەگەڕێن. لووتبەرزی دەستەبژێر سەرەتا بەرامبەر بوونەوەرەکانی تر، کە بێ

بەها و بچووكیان دەبینن و پاشان بە خودی مرۆڤ كە وەك كەنیسە و مزگەوتەكان بە گوێماندا دەدەن "ئێوەی برینداربۆ سارێژی برینەكانتان، چاوەڕێی فریادڕەسێك بن، كە ئێمە بۆمان دیاری كردوون، چونكە بە خۆتان لێوەشاوەیی ئەو كارەتان تێدایە نییە، ئێوە بە ژێردەستەیی و پاشكۆیی دەسەڵاتداران سزا دراون"!

<u>لەڕاستیدا دامەزراندنی دەزگای ئەهلی، ئەكتیڤكردنی كۆمەڵگای مەدەنی، داوەتكردنی ڕێكخراوە بیانییەكانی پاراستنی مافی مرۆڤ بۆ چاودێركردنی ڕافتاری دەسەڵات بەرامبەر بە مرۆڤە سادەكان، داڕشتنی سیستمێك لە مامەڵەكردنی ئەخلاقیو قانونی لە نێوان فەرمانبەری و دەوڵەتو هاوڵاتیدا، مەرجی سەرەكی ئاساییبوونەوەی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتو هاوڵاتییە.</u> ل.٢٨

ئەگەر سەرنجی ئەو میكانیزمانە بدەین، كە نووسەران پێشنیاریان دەكەن، تەنیا لە بێژنگدانی ئاو دێتە بەرچاو. نەدیتنی ئەوەی كە گرفت لە میرییبوون و لە سڤیلینەبوونی دامودەزگەكاندا نییە، بەڵكو لە سیستەمێكدایە كە پێكهاتەی سەرەكی پێكدەهێنێت. پاشان ئەو ڕێكخراوە بیانیانە كامەنەن، كە بڕیارە چاودێری نادادوەرییەكان بكەن، لە كاتێكدا كە دەسەڵاتدارانی كورد شاگردی دروستكراوی ئەو ڕێكخراوانەن، كە بەنێوی خزمەتگوزارییەوە ژێرەكی نەخشە و پلانی كۆمپانییە جیهانلوشەكان پیادە دەكەن؟

بوونەوەری خاكی پلەدوو، مرۆڤە سادەكان كێن و چین، واتا و پێداویستی ئەم ئاوەڵناوە تازە داهێنراوانەی ڕۆشنبیرانی دەستەبژێر، لە چیدایە؟ بە تێگەیشتنی من، داهێنان و بەكاربردنی ئەم ئاوەڵناوانە، یا بۆ خۆلادانە لە بەكاربردنی ئاوەڵناوە دروست و هەمیشە ئامادەكانی كۆمەڵگەی چینایەتی "ژێردەست" و "بێسەرمایەكان"، یا بە هەمان

تێڕوانینـــی کەنیســـە و دەوڵەت، مرۆڤگەلـــی بێدەســـەڵات بەبـــوونێکی هەمیشەیی و نەگۆڕ دادەنێن؟ ئەمەش بۆ تێڕوانینـی سەروەریخوازانەی نووسـەران دەگەرێتەوە، کە تـاکە فەرمانڕواییکراوەکـانی ژێـر سـایەی دەوڵەت و پارلەمـــان و دێمۆکراســـی ناڕاســـتەخۆ (نـــوێنەرایەتی) بە ژێردەسـت و پلەدوو و پلەسـێ نـابینن، هەروەك مەلاکـان لە مینبەری مزگەوتەکانەوە بۆ کۆیلەتی خوایەك (ئەفسانەیی ئاسمان و کەتواریی فەرمـــانڕەوا لەســـەر زەمیـــن) بانگەوازمـــان دەکەن و پاگەنـــدەی ئەوە دەکەن، تەنیـا لە سایەی بەندایەتی ئەو خـوایەدا بە ئازادی دەگەیـن، ئەمانیش بۆ هەمیشەییبوونی ژێردەستەیی و پلەچەندی پاش سەروەران بانگەوازمان دەکەن!

قسەکردن لە ئازادی لە سایەی سەروەریدا، ورێنەیە، لـە کوێدا سـەروەر هەبێـت، لەوێـدا ئازادی نییـە، چـونکە یاسـایەك بـۆ ســـەروەربوون و بندەستبوون (نـائازادبوون) هەیـە! ئەو سۆزدارییەی کـە نووسـەران لـە دەسەڵاتداران بۆ بێدەسەڵاتان دەیخـوازن، لـە سۆز و بەزەیـی ولاخدارێك دەچێـت، کـە وڵاخەکـە تـا ئاسـتی مەرگ دەڕەتێنێـت و کاتێـك کـە شـەو داهات و کاری پێنەکرا، مشتێك جۆ و جامۆڵەیەك ئاو و دوو کـاتژێر خەو بە ولاخەکە ڕەوا دەبینێت، تاکو ڕۆژی دوایی باشتر بیڕەتێنێتەوە!

قسەکردنی ڕیفۆرمیسـتان لـە ئازادی، وەك داوای پیـاوە ئایینییەکـانە بـۆ بەزەیی بەرامبەر ئاژەڵ. هەروا خواستی ئازادیخوازیش بـۆ ئازادی، وەك قەدەغەکردنـــی بەکـــاربردنی ئاژەڵـــە بـــۆ کـــارکردن و بەهرەکێشـــی! لەبەرئەوە داواکردنـی ئازادی لـە سـەروەران، سوکایەتییە بـە ئازادی و ئازادیخوازان.

<u>دووەم دادپەروەریی، نایەکسانیی و هەژاریی</u>

<u>پتەوکردنـــی دادپەروەریـیو نـەهێشـتنی نایـەکسـانیو چارەســەرکردنی</u>

کێشەی هەژاریی لە کوردستاندا
مەسەلەی نەبوونی دادپەروەری یەکێکە لە مەسەلە هەرە گرنگەکانی ئەمڕۆکەی دونیای سیاسیو کۆمەڵایەتی ئیمە. مەبەستمان لە دادپەروەری ئامادەگی ئەو ڕۆحە سیاسییەیە کە لەسەر دوو کۆڵەکەی سەرەکی وەستاوە. یەکێکیان مامەڵەکردنی ئینسانە وەک بوونەوەری ئازاد. ئەم خاڵە لە جەوهەردا مانای دەستەبەرکردنو پاراستنی مافەکانی مرۆڤو ئازادییە سەرەکییەکانی ئینسانە. ل. ٢٩

نووسەران لە سەراپای نووسینەکەیاندا کۆمەڵێك تێزیان داهێناوە، کە هیچ بنەمایەکی لۆجیکی و ئاوەزپەسەند و هزریان نییە. لەوێوە کە ئەوان پێیانوایە لە سایەی سەروەری چینایەتیدا ئازادی بەدی دێت، لەسەر ئەو بنەما ئاوەژووە دادپەروەری و یەکسانی تاکەکان یا خۆیان واتەنی "مرۆڤەکانی کۆمەڵگەی ئێمە" وێنا دەکەن و ڕیفۆرمێکی ڕامیاریی لە دەسەڵاتی بۆرجوازی کورددا، ئەوەی کە ئەوان بە دەسەڵاتی پارتیی نێوی دەبەن، دەکەنە ڕێگەی چارەسەری هەموو گیروگرفتێك و وەلانانی ڕێگرییەکان.

ئەگەر ئازادی بە واتای ئازادبوونی تاك لە بڕیاردان و هەڵبژاردنی پێداویستییەکانی ژیانی بەمەجی پێشێلنەکردن و نەبەزاندنی سنووری ئازادی کەسانی دیکە وەربگرین، ئەوا ناکرێت لە سایەی بوونی سەروەری هێندێك بەسەر هێندێکی تردا [چ سەروەری کەمینەتی بەسەر زۆرینەدا و چ سەروەری زۆرینە بەسەر کەمینەدا] قسە لە بوونی ئازادی بکەین. ئەگەر ئازادی بە واتای خودسەروەری مرۆڤ بەسەر خۆی لە پانتایی ئازادی ئەوانی دیکەدا، لەبەرچاو بگرین، ئەوا دیسانەوە ئازادی دابەش ناکرێت. چونکە تەنیا لە ئازادی گشتیی کۆمەڵدا ئازادی تاك دەسەبەر دەکرێت. کاتێك کە کۆمەڵگە ژێردەستی سەروەری کەسانێك بێت، قسەکردن لە بوونی ئازادی پڕ بەو واتایەی کە تاکەکان

لە کۆیلایەتییەوە تا ئێستا خۆیانیان بۆ بەکوشت داوە یا دەدەن، ئەگەر خۆشباوەڕیی نەبێت، ئەوا خۆشباوەڕکردنی کەسانی دیکەیە. دەکرێت لە کۆمەڵگەی نائازاددا کەسێك ئازادئەندێش بێت، بەڵام تا ئەو کاتەی کە کەسانێك [چ بە نوێنەرایەتی ناڕاستەوخۆ چ بە دیکتاتۆری] بڕیار لەسەر ژیان و خواست و داهاتووی تاکەکان بدەن، ئەوا ئازادی خواستە و نەبووەتە کەتوار و ناشتوانێت لە وەها بارێکدا ببێت.

بەڵام ئەگەر ئازادی، ئەو چەمکە شێوێنراو و بێناوەڕۆکە بێت، کە دەسەڵاتداران بەڵێنی دەدەن و دەستەبژێری وردەبۆرجوازی بۆی دەپارێتەوە، ئەوا لە دیکتاتۆریترین سیستەمیشدا بەجۆرێك بوونی هەبووە و هەیە و جیاوازی بوونی ئەو ئازادییە لە سایەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان و دیمۆکراتەکاندا تەنیا لە یەك شتدایە، ئەویش ڕادەی هوشیاریی و بەرەنگاربوونەوەی جەماوەرییە بەرامبەر دەسەڵاتەکان و دیمۆکراتیزەبوونی دیکتاتۆرەکانیش پەیوەندی بە ڕادەی پەرەسەندنی ئەو بەرەنگاربوونەوەوە هەیە. هەر بۆیە ناکرێت و دروستیش نییە، قسە لە دان و دابەشکردنی ئازادی بەسەر دانیشتواندا بکرێت!

هەروەها ڕزگاری لە داگیرگەر و سەربەستبوون لە خێڵ و ئایین، ناکاتە ئازادی و ئازادی لە سایەی سەروەری چینایەتیدا بوونی نابێت؛ هەروەك ئەوروپییەکان لە سایەی چەند سەدە سەروەری دەوڵەتی بۆرجوازی نەتەوەییدا ئازاد نین و کرێکاران لە سایەی سەروەری دەوڵەتی پارتی پێشڕەو و دیکتاتۆری بۆلشەڤیکەکاندا ئازاد نەبوون و تاکی کوردیش پاش ١٩ ساڵ ڕامالێنی داگیرگەر و فەرمانڕەوایی بۆرجوازی کورد، هەمان تاکی ژێردەست و نایەکسان و بێبەش لە دادوەری و نائازادە، کە دوو دەهە پێشتر پێیوابوو، بەدەسەڵاتگەیشتنی پارتە بەرهەڵستکارەکان، ئیتر کۆتایی بە کۆیلەتی و پلەچەندییەتی دێت و بە ئازادی کەتواری خۆی دەگات!

بە بڕوای من تا کاتێك هۆکارێك بۆ ملکەچکردن و ناچارکردن، تا کاتێك کۆتوبەندە ئابووریی و ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئارادا بن، تا کاتێك سەردەست (سەروەر) و ژێردەست، فەرماندەر و فەرمانبەر، پێشڕەو و پاشڕەو هەبێت، قسەکردن لە بوونی ئازادی یا وێناکردنی سەرکوتگەرییە بە ئازادی یا دەچێتە خانەی وڕێنەکردن بە ئازادییەوە. چونکە ئازادی واتایەکی دیکە فراوانتر و مێژوویەکی کۆنتری هەیە و واوەترە لە چەند مافێکی ڕواڵەتی ژێر ساباتی سەروەری چینایەتی بۆرجوازی.

دەکرێت بەبێ لەناوبردنی سیستەمی چینایەتی لە داگیرگەر و وابەستەیی خێڵ ڕزگامان بێت، دەکرێت بە خەباتی ڕۆژانە هەندێك لە مافە سەرەتاییەکانمان بسەپێنین و سەربەستانە شوێنی ژیان و جلوبەرگ و بیرکردنەوە و شوێنی کار و چۆنییەتی خواردن و خواردنەوە (کە لە سایەی خێڵدا تابوون) هەڵبژێرین، بەڵام تا کاتێك ڕێوشوێنی نایەکسانی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی چینە کۆمەڵایەتییەکان لە ئارادا بێت، بەدیهاتنی ئازادی دەچێتە خانەی ئەستەمەکانەوە. لەبەرئەوەی ئازادی تەنیا لە کۆمەڵگەیەکی خاڵی لە پەیوەندییە ئابووریی و ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییە ناکۆکەکان و خاڵی لە هاندەر و هۆکار و پایەکانی ڕاگرتنی چەوسانەوە و خاڵی لە نامۆیی مرۆڤ بە خۆی، دەتوانێت و ئەگەری وەدیهاتنی هەیە. بەم جۆرە بوونەوەری ئازاد تەنیا لە کۆمەڵگەی ئازاد و کۆمەلگەی ئازاد تەنیا بە لەناوچوونی هۆکارەکانی نەبوونی ئازادی؛ کە سەروەری چینایەتی و خاوەندارێتی تایبەتی (بۆرجوازی) و کاریکرێگرتەن، سەرهەڵدەدات. بە واتایەکی دیکە تا کاتێك مرۆڤ لە پەیوەندییە نایەکسانەکان ئازاد نەبووبێت، قسەکردن لە یەکسانی ئاوەزگیر و بنیاتنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتیش بەبێ بناخەکانی ئازادی و یەکسانی، ئەستەم دەبێت. ئازادی بەبێ یەکسانی و یەکسانی بەبێ ئازادی، تەنیا کۆیلەتی و

بەهرەكێشـــی دەبـــن، دادپەروەریـــش بەبـــێ پـــایەداربوونی ئازادی و یەكسـانی هەمەلایەنە، ئەفسـانەیە و هەر پاگەنـدەكردنێكی لەو جۆرە، دەچێتە خانەی فریودان و خۆشباوەڕكردنی تـاك بە وەها ئەفسانەیەك. چونكە دادپەروەری كۆمەڵایەتی كاتێك جێگیر یا سەقامگیر دەبێت، كە ئاسەوارێك لە نایەكسانی و نائازادبوونی كۆمەڵایەتی لە ئارادا نەمابن و ململانێی مرۆڤ و دەوروبەری، پایە ئابووریی و ڕامیارییەكانی خۆی لەدەست دابێت!

<u>لە كۆمەڵگـــایەكی دادپەروەردا هەم مافەكـــانی مـــرۆڤو هەم ئازادییە سـەرەكییەكان بۆ هەموان دەستەبەركراوەو هەریەكێك بەقەد ئەویدی مافو ئازادی هەیە، كەس مافی زیاتر یا كەمترو كەس ئازادی زیاتر یا كەمتر لەویتری نییە</u>. ل.٢٩

نووســـەران بـــاس لە كـــۆمەڵگەیەكی دادپەروەر دەكەن، كە تێیـــدا هەم تاكەكـــان وەك یەك ئازاد و وەك یەك یەكســـانن، هەم هەڵاواردنـــی ڕەگەزی و نەژادی و ئایینی.. تد لە نێوانیاندا نییە. تائێرە كەس گرفتی لەتەكدا نییە و هەموومـان لە خەون و خەیاڵی وەها كۆمەلگەیەكداین. بەڵام گرفـــت لەوەدایە، كە نووســـەران وەك لە باســـەكانیاندا دیـــارە دەخوازن ئەو كۆمەڵگە خواستراوە لەسەر بنەماكانی سیستەمی ڕامیاری پارلەمانی (دێمۆكراسی ناڕاستەخۆ)ی فرە پارتی، ئابووری بازارئازادی نیئۆلیبراڵ وەك ئەوەی كە لە خـۆراوا جێگیـرە، بەڕێـوەبەرن. پرسیار لەوەدایە؛ ئایا لە هیچ كۆمەڵگەیەكی سەرمایەداریدا؛ چ بازار-ئازاد و چ بـــازاری كۆنـــترۆڵكراو، چ دیكتـــاتۆریی كۆمونیســـتی و چ دیكتـــاتۆریی پارلەمانی، چ شورایی ئیسلامی، چ دەسەڵاتی ڤاتیكان، چ كۆماری و چ پاشـــایەتیدا دەتـــوانن ئەو توخمـــانە؛ هەمـــووانی ئازادی وەك یەك، هەمووانی یەكسانی وەك یەك، دادپەروەری كـۆمەڵایەتیی یەكسان بۆ هەمووان بـوون، نیشـان بـدەن؟ بەدڵنیـاییەوە وەڵام نەرێیە. ئەی بە چ

لۆجیك و پێوەرێك دەیانەوێت خۆشخەیاڵییەكی وەها كوشندە لای تاكی بەدبەختی كورد دروست بكەن؟

تا ئەوەندەی من بزانم نووسەران هیچ ڕەخنەیەكیان لە سیستەمە جیهانییەكە نییە و ڕەخنەیان لە چۆنیەتی پیادەكردنی مۆدێلەكەیە لەلایەن دەسەڵاتدارانی كوردستانەوە هەیە. ئەگەر نووسەران بە ڕاستی بە دوای ئازادی و یەكسانی و دادپەروەرییەوە بن، ئەوا خواستەكەیان بۆخۆی تێنەگەیشتنە لە خودی سیستەمەكە و لەوەی ئەركی دەسەڵاتدارانی كوردستان لەو سیستەمەدا و ڕێوشوێنی هەرێمی كوردستان لە جوگرافیای ڕامیاریی و ئابووریی سیستەمەكەدا، كامەیە! ئەوان هێشتا لە ناوەند و كەنار یا مۆتۆری پیشەسازی و كانەكانی كەرەستەی خاو، كە پێناسەی وڵاتەكان دیاری دەكات، نەگەیشتوون، یا ئەوەتا خۆیان لە گێلی دەدەن.
نووسەران هەر لە سەرەتاوە سەروەری چینایەتی ڕەتناكەنەوە و بە شتێكی سروشتی و نەگۆڕی دایدەنێن، بۆیە لە ١٠٠ لاپەڕەدا هیچ پرسیار و گومانێك ناكرێتە سەر سەروەری وەك سەرچاوەی نادادوەرییەكان و ستەمكاری. ئەگەر نووسەران بەڕاستی بە دوای دارِشتن یا لە هەوڵی دۆزینەوەی جیهانبینییەكی نوێدا بووایێن، ئەوا بە ناچاری دەبوو پرسیار ئاراستەی ڕەگوریشەی نائازادبوون و نایەكسانبوونی مرۆڤەكان و نادادوەرییبوونی سیستەمە كۆمەڵایەتی و ڕامیاریی و ئابوورییەكان بكەن. بەڵام ئەوان نەك تەنیا بە هەموو شێوەیەك خۆیان لە لێكۆڵینەوە لە ڕەچەڵەكی نایەكسانی و نادادوەریی و كۆیلەبوون و سەرهەڵدانی سەروەری كە سەرچاوەی هەموو نادادوەرییەكانە، لادەدەن، بەڵكو پاساو بۆ نایەكسانییەكان دەهێننەوە، ئەوە تەنیا لەبەر هۆیەكی زۆر سادە و ئاشكرا، كە ئامانجی ئەوان كۆتاییهێنان بە نائازادی و نایاكەسانی و نادادوەریی نییە!

کۆڵەکەی دووەمی کۆمەڵگایەکی دادپەروەر بریتییە لە دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی سەروەت و سامان و دەسکەوتە مادییەکانی ئەو کۆمەڵگایە، ئەم دابەشکردنە پێویستە دابەشکردنێکی عەقڵانی و بەئینساف بێت، بەشێوەیەک بێت کۆمەڵگا دابەشنەبێت بۆ نەدارانێک کە هیچی ئەوتۆیان نەبێت و هەبووانێک هەمووشتێکیان هەبێت. ل.٢٩

نووسەران پاش پێشنیارکردنی ڕیفۆرمی ڕامیاری پابەند بە ڕیفۆرمی مۆڕاڵی، دێنە سەر دابەشکردن و ژیرانییکردن (عەقلانی) و ویژدانییکردنی دابەشکردن لە سایەی بەڕێوەبەرایەتی ناژیرانیی و ناویژدانیی سەرمایەداریدا! ئەگەر واز لە واژە و ڕستە ناپەیوەستەکانیان لەتەك یەکسانی و ئازادی و دادپەروەری بهێنین، ئەوا تەواوی مەبەستی ئەوان لە یەك ڕستەدا کورت دەبێتەوە "کەمڕەنگکردنەوەی ڕۆڵی پارت و تۆخکردنەوەی ڕۆڵی میری"، ئەمەش بێجگە لە هەوڵی ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتخواز بە کۆمەڵێك دروشمی بریقەداری خەڵکخەڵەتێنەر، هیچی دیکە نییە. چونکە نایەکسانی و نائازادی و نادادوەری ڕەگیان لە بوونی سەروەری چینایەتیدایە و تۆخکردنەوەی ڕۆڵی میری نەك هیچ لە نادادوەری ناگۆڕێت، بەڵکو تەمەندرێژی سەروەری مسۆگەر دەکات و لەم بابەتەی نووسەراندا تەنیا دەتوانێت ڕێگە بۆ بەشداربوونی چەند چەتە و ڕامکار و مشەخۆرێکی دیکە لە دەسەڵاتداریدا خۆش دەکات، کە پێیانوایە لە بەشکردنی سامان و داهاتی تالانکراوی هەرێمی کوردستاندا ستەمیان لێکراوە و دەبوو لە بری (١٠) ملیۆن دۆلار، (١٠) ملیارد، لە بری گردێك، چەند گرد و لوتکە و دۆڵ و دەشتییان بەرکەوتایە!

ئەگەر سەرنجی دروشم و بەرنامەی ڕیفۆرمیستان بدەین، ئەوا زۆر بە ڕۆشنی و زاقی ئەوە خۆی نیشاندەدات، کە هیچکات بە دوای گێڕانەوەی ئازادی و دادوەری و یەکسانی و بەهرەمەندی هەمووانی نییە لە سامان و داهاتی کۆمەڵگە، بەڵکو داوای بەشە تالانی و گەندەڵی دەکەن. هەر

ئەو بەرنامەیەی کە لە پاش شکستی ڕاپەڕین پەیڕەویان دەکرد، کە پارتەکان پشك (حصة)ی دیاریکراوی خۆیان هەبوو و بەپێی ڕێوشوێنی ئەو پارتە و ژمارەی چەکدارانیان، بۆیان هەبوو کارگە و شۆڤڵ و گەلابە و ڕاگری (عامود) هێڵی ئەلەکتریك و بەنداو ئاودیوی سنوورەکانی تورکیە و ئێران بکەن.

بەم جۆرە، "نە نەداری وا و نە دەوڵەمەندی وا"، بێجگە لە گلەیی و وردەگیری چیتر دەتوانێت ببێت؟ نەداری وا نا، دەکاتە مەمرەومەژی کۆمەکە کۆمەڵایەتییەکەی ئەوروپا، بەڵام ئەوەی ڕۆشن نییە، ئەو سیستەمە ئابوورییەی کە ئەوان پێشنیاری دەکەن، بە چ فیلتەرێك بەر بە "دەوڵەتمەندانی ئاوا" کە هەموو شتیان هەبێت، دەگرێت و پشت بە کامە شێوەی ئابووری دەبەستێت، بەرنامەڕێژ یا ئازاد؟ لێرەدا ناتوانین قسە لە ئابووری تێکەڵ بکەین، لەبەر ئەوەی سەردەمی ئاوا بوو، ئابووری بەرنامەڕێژیش پێویستی بە دیکتاتۆری وەك چاوشیسکۆ و سەدام هەیە، ئەوەی هەیە و نییە و دەمێنێتەوە، ئابووری بازار ئازادە، کە لە سەرەتا تا کۆتایی پێشنیاری جیهانبینییەکەی نووسەراندا وەك تەنیا ئەڵتەرناتیڤی بۆرجوازی سێبەری کردووە. گرفتەکە لێرەدایە، کە ئەو "نە"یەی کە نووسەران لەبەردەم "هەمووشتێکیان هەبێت" دایانناوە، ڕاستگۆیی تێدا نییە، چونکە لەو سیستەمەدا نەك مەرج و سنووردانان بۆ هەڵئاوسانی زاڵووەکانی سەرمایە نییە، بەڵکو هەر مەرج و ڕێگرییەك، دەچێتە خانەی تیرۆریستی و پێشێلکردنی مافی سەرمایەگوزاری و لێدان لە ڕەوایەتی سەرمایە و دیمۆکراسییەکەی!

دابەشکردنی ژیرانی و بەویژدان لە سایەی سیستەمی چینایەتیدا فرەتر لە ئەفسانەکانی نێو دەقە ئایینییەکان دەچێت، فرەتر لە ئامۆژگاری پیاوانی ئایینی دەچێت، بەوەی دەیانەوێت دڵی سەرمایەداران نەرم بکەن و بۆ بەزەییهاتنەوە بە هەژاراندا هانیان دەدەن.

کاتێك کە خودی سیستەمەکە ئاوەزنەگیر و ناویژدانی بێت و ئامانجی کۆتایی، چەوساندنەوەی فراوانتر و خێراتر و گشتگیرتر بێت بۆ بە دەستهێنانی سوود زیاتر و ملکەچکردنی بێبڕانەوەی بەرهەمهێنەران، ئەوا پێشنیاری ویژدانییکردن و ژیرانییکردنی، ئەگەر بۆ چاوەڕوانی پێکردن و خۆشباوەڕکردنی خەڵك نەبێت، ئەوا لە تێنەگەیشتنەوەیە لە سیستەمەکە و کارکرد و میکانیزمەکانی و ئاراستە و ئامانجەکانی، کە چەندی پەرەبسێنێت، دەوڵەمەندان دەوڵەمەنتر و هەژاران هەژارتر دەکات!

<u>دادپەروەری بەشێوەیەکی گشتی لە دابەشکردنێکی بەئینسافانەو عەقڵانیانەی دەسەڵات، پارە، زانیاریی‌و ئازادیدا دەردەکەوێت بەسەر هێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا</u> ل.٣٠

ئەگەر خوێنەر بە وردی سەرنج بدات، چەند دێرێك خوارتر نووسەران بەخۆیان زۆر بە جوانی ڕووی ڕاستەقینەی دادپەروەرییەکەیان نیشان دەدەن، کە هەمان داخوازی شەریکەدزانی سامان و داهاتی کوردستانە؛ دادپەروەری لە دابەشکردنی دەستکەوتەکان بەسەر سەرکوتوواندا!
ئەوەی کە نووسەران وەك دەسەڵاتی پێشنیارکراو وێنای دەکەن، فرەتر لە کۆپوندەر (بایع) دەچێت، دابەشکردنی دەسەڵات، دابەشکردنی پارە، دابەشکردنی زانیاریی و ئازادی لەلایەن دەسەڵاتەوە، هەر ئەوە ماوە هاوار بکەن، وەرن بۆ مەزاتخانەی ئازادی! سەرنجڕاکێشتر لەوانە دەستەواژەی "هێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیە"، دەکرێت بزانین و نووسەران بۆمان ڕوون بکەنەوە، کە هێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگە کێن؟
لە کۆمەڵگە دادپەروەرەکەی نووسەراندا، دادپەروەری تائاستی پارە دادەبەزێت و هاوشانی دابەشکردنی پارە، ئازادیش بە فەردە و مەن و کیلۆ بەسەر "هێزە جیاوازەکان"ی کۆمەڵگەدا دابەش دەکەن، کە دیسانەوە دەکاتەوە دابەشکردنی تالان بەسەر هێزە ڕامیار و

دەسەڵاتخوازەکاندا!
ئەی ئەوانەی کە هێز نین، چی؟ ئەگەر مرۆڤ گیانێکی ئازادە، ئیتر دابەشکردنی ئازادی وەك پارە لە پای چی؟ کاتێك کە مرۆڤ بەخۆی گیانێکی ئازاد بێت، ئیتر چ پێویستی بە بەزەییپێداهاتنەوەی کەسانی دەرەوەی خۆی هەیە، تا بەشە ئازادی بدەنێ؟ یا ئەوەتا لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا مرۆڤ ئازادی نییە و ئازادیش وەك بەرهەمی سۆز و بەزەیی مرۆڤە دەسەڵاتدارەکان بەسەر مرۆڤە ژێردەستەکاندا دابەشدەکرێت یا نووسەران خەریکن بە یاریکردن بە دەستەواژەکان، جادوومان لێدەکەن و بە خشکەیی مەرگی چین و توێژەکان ڕادەگەیێنن و هێزە ڕامیارەکان دەکەنە یەکەی پێکهێنەری کۆمەڵگەی وێناکردوویان؟! ئەوان دەیانەوێت ئەم ڕاستییە بشێوێنن، کە مرۆڤی ئازاد تەنیا لە کۆمەڵگەی ئازاددا دەتوانێت بوونی هەبێت و دەتوانێت ئازاد بێت. کۆمەڵگەیەك کە لەسەر کۆیلەتی زۆرینەی کۆمەڵگە [چین و توێژە بندەستەکان]، برسیەتی زۆرینە و بێبەشی زۆرینە لە دادوەری و داهات و سامان و بەرهەمەکانی کاری خۆی دامەزرابێت، چۆن دەتوانێت پەروەردگەی مرۆڤی ئازاد بێت؟

<u>تەنها کۆمەڵگایەکی دادپەروەر دەتوانێت هاودەنگیی دروستبکات لەنێوان دیدو بۆچوونو تەماحە جیاوازەکاندا، دەتوانێت ڕێکەوتنێکی فرەجەمسەر دروستبکات لەنێوان دیدگاو بۆچوونو ویستو مەیلە ناکۆکەکاندا، بەبێ ئەوەی هیچ یەکێك لەو دیدگاو مەیلو ویستانە توشی بێدەنگکردنو داپلۆسینو پێکدادانی توندوتیژبین لەگەڵ یەکدا.</u>
ل.٣٠

نووسەران ئاوێزانی پیاهەڵدانی بێبنەما دەبنەوە و دەکەونەوە شێواندنی وێنە ڕ□استەقینەکانی دیمۆکراسی پارلەمانی. هەر بە زۆری ئەو پیاهەڵدانە بێبنەمایە دەیانەوێت چاوبەستێکی وەها لە دادوەرییەکەیان بەدەستەوە بدەن، کە ستەمکار و ستەملێکراو، دز و

دزیلێکـراو، هەمـان مـاف و یەکسـانیان هەبێـت، ئەوەش بە گشـتی لە سـایەی سیسـتەمێکدا، کە خـۆی بـەرهەمهێنـەری نـادادوەری و سـەرکوت و نایەکسانییە!

ئەوان ڕۆشـنی نـاکەنەوە، لە سـایەی سیسـتەمێکدا کە دەسـەڵات نـوێنەرایەتی چینێـك دەکـات و هەمـوو یاسـا و ڕێسـاکانی داکـۆکی لە بەرژەوەنـدی ئەو چینە دەکەن، چۆن دەتـوانرێت دادپەروەری بـۆ هەمـوو چینەکـان دابیـن بکرێـت؟ کاتێـك کە چینـی بندەسـت و چەوسـاوە داوای یەکسانی بکات و ئەو یەکسانییەش بۆ چینـی سـەروەر بە واتـای کۆتـایی سـەروەرییەکەی بێـت، ئـایـا لـە کـۆمەڵگە نـاکەتوارییەکەی نووسـەراندا دەوڵـەت و هێـزە داپڵۆسـێنەرەکانی بێلایەنـانـە هەوڵـی بەرگرتـن بە توندوتیژی دەدەن یا وەك شیکاگۆی 1886 و تاسڵوجەی 2006 کرێکارانـی نـاڕازی دەدەنە بەر دەستڕێژی چەکە ئاسایشپارێزەکانیان؟ ئایا خـودی نووسـەران هەر وەك ئێسـتا دژایەتـی تونـدوتیژی دەکەن یـا لە پێنـاو مـانەوەی ڕێوشـوێنی دەسـتەبژێرانەی خۆیـان لە سـایەی سـەروەری چینـایەتی سـەرمایەداراندا، خوازیـاری هـاتنە مەیـدانی چەکمە ئاسنینەکان دەبن و داوای سەپاندن و سەروەری یاسا دەکەن؟

هیـچ دادوەرییەک لە خـۆیەوە دروسـتنابێتو لەهەمووشـی گرنگـتر لەخـۆیەوە ناپـارێزرێت، ئەگەر ڕسـتێک دەزگـای گرنـگ نەبێـت دروسـتیبکاتو بیپـارێزێت. ئیـدی لە دەزگاکـانی چـاودێریکردنی دەسـەڵاتەوە بیگـرە بـۆ دەزگاکـانی داوەریکردنـی نایەکسـانییەکان و دەزگای لێپرسینەوەی پێشێلکردنی مافەکان، تا ئەو دەزگایـانەی کاریـان پیشاندانو ئاشکراکردنی بێمافیو نایەکسانیەکانە. ل.٣١

ئەگەر لـە دیـوی شـاراوەی "ڕسـتە دەزگەکـان" وردبینەوە، ئەوا ڕوانگەیەکـی دەسـەڵاتخوازانە و دەسـەڵاتگەرایانە خـۆی نیشـان دەدات. ڕوانگەیەك کـە هەمـوو گۆڕانێـك پابەنـدی بڕیـاردانی زنجیـرەی

پلەوپایەکـان (هیرارشـی) دەکـاتـەوە و بـۆ ئـەوەش دەوڵـەتـی بۆرجـوازی پشتبەسـتوو بـە نـوێنـەرایـەتـی پارلـەمـانـی و دەزگـەکـانـی چـاودێری، کـە دیسـانـەوە لـە سـەرەوەرا دروسـت دەبـن و لـە دەسـتـەبژێری ڕامیـار و ڕۆشنبیر پێکدێن، دەکـاتـە پێداویستـی، کـە دیـوەکـەی تـری ئـەم ڕوانگـەیـە میگـەل زانینـی زۆریـنـەی دەرەوەی دەسـەڵات و ئـەو پلـەوپایـانـەیـە، کـە نووسـەران، شـوانـەیی کۆمـەڵگـەیـان پێدەسپێرن. واتـە زۆرینـە هیچـی لـە بـاردا نییـە و دەبێـت چـاوەڕێی ویـژدان و ژیـری و دادپـەروەری کـۆمـەڵـە ڕامیارێکی فریودەر و مشەخۆر بکەن، کە نووسـەران بـەبێ بـوونـی ئـەوانـە کۆمـەڵگـەی مرۆیی دادپـەروەر و یـەکسان و ئـازاد نـابینن.

خـەونـی نـاسیونـالیسـتـانـەی نووسـەران بـۆ دەسـەڵات، هێنـدە بـەهێـزە، کـە هـەموو بـەدیهاتنێك بـە پـەیـدابوونـی ئـەو خـەونـەوە دەبـەستنـەوە و هـەمـوو شـتێك لـە دەرەوەی وەهـا خـەونێـك (دەسـەڵات) نـاژیرانـی دەبینـن. ئـەوان بـاش دەزانن، کـە ئـایینـە نـادونیاییـەکـان کـاراییـەکـی وەهـایـان لـە بـەرگرتـن بـە ڕەوتـی هوشـیاربوونـەوەی تـاکـدا نـەمـاوە و بـەو ڕادەی تـاك لـە ئـایـیـن دوور بکـەوێتـەوە، بـەو ڕادە بـاوەڕی بـە توانـا ویستـی خـۆی زیـاتر دەبێـت و دەکـەوێتـە گـۆڕین. هـەر بـۆیـە هـەمـوو هـەوڵێکیـان خسـتووەتـە پێنـاو بـەهێزکردنـی ئـایینـە دونیاییـەکان [ناسیونالیزم و دیمۆکراسی پارلـەمـانـی و یاسا.. تد]، چـونکـە بـەبێ ئـەوانـە پاراستن و بـەهێزڕاگرتنـی پـایـەکـانـی سـەروەری سـەرمـایـەداران و ملکـەچی هـەژاران ئـەستـەمـە!

<u>نائامادەگی یەکسانیو ئازادیی لە هەموو ئاستێکدا دیارو بەرچاوە: لە دابەشکردنی ئاوو کارەباوە بۆ دابەشکردنی سەروەتو سامانو سەرمایە، لە دابەشکردنی موچەوە بۆ دابەشکردنی شەهادەو هەلی خوێندنو پێشکەوتن، لە دابەشکردنی پلەو پایە وەزیفییە گەورەکانەوە بۆ دابەشکردنی پلەو پایە وەزیفییە سادەکان. بڕی ئازادی بەشێکی هەندێک کەسو گروپ و تاقم، دەیانجار گەورەترە لە بڕی ئازادی</u>

بەشێکی زۆری ئەندامانی کۆمەڵگای کوردستان. ل.٣١

نووسەران باس لە نایەکسانی لە دابەشکردنی شتەکان دەکەن، تەنیا یەك شت نەبێت، کە هیچ کات گلەییان لێی نییە، ئەویش دابەشکردنی زەوییە، کە خۆیان تێیدا بەریانکەوتووە!
کەس نییە نایەکسانی بەهرەمەندبوون لە ئاو و کارەبا نەزانێت، بەڵام ئەوەی پێویستە هەموومان بیزانین، ئەوەیە کە نایەکسانی لە بڕی ئازادی زۆرینەی بێدەسەڵات و کەمینەی دەسەڵاتدار، تەنیا دیاردەی دەسەڵاتی ینک و پدک نییە، بەڵکو دیاردەی سیستەمەکەیە، سیستەمێك کە نووسەران بە ڕیزکردنی کۆمەڵێك دەستەواژەی وەك دەسەڵاتی ژیرانی، دابەشکردنی ویژدانی، نیشتمان هەمووانی، ... تد دەیانەوێت بۆ ماوەیەکی دیکە بۆ پایەداربوونی خەڵکی بە دێوجامەکانی لیبراڵیزم و پارلەمانتاریزم خۆشباوەڕ بکەن. لێرەدا زۆر لەسەر ئەوە ناوەستم و خوێنەر بۆ خوێندنەوەی پەرەگرافەکانی دواتر بانگ دەکەم، با پێکەوە لە ناوەڕۆکی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەرییەکی نووسەران تێبگەین.

ڕاستە ناتوانین کۆمەڵگایەک لەسەر زەویدا بدۆزینەوە بێبەشبێت لە نایەکسانی، لە هەموو شوێنێکی دونیاشدا جۆرێک لە جۆرەکانی نایەکسانی هەر هەیە، بەڵام ئەوەی ئێمە پێی لەسەر دادەگرین و بەرگری لێدەکەین بوونی بەهاو یاساو دەزگایە بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و بە عەقلانیکردنی نایەکسانی. ل.٣٢

نووسەران دەگەنە کۆتایی پەیامەکەیان و لە سەرەنجامی ڕیزکردن و پیاهەڵدانی سیستەمەکدا دەگەنە خاڵێك، کە خۆیان بەتەمان جێبەجێی بکەن، ئەویش ژیرانیکردنی نایەکسانییە. شتێك کە خودی ستەمکاران ناوێرن وەها بەبێ پەردە و ڕاستەوخۆ بیدرکێنن!

ئەگەر مەبەست لە ژیرانیکردن، هەستان بەکارێك بێت، كە بۆ ئەنجامدانی ژیری بەكاربرابێت، واتە پێشتر بیری لێكرابێتەوە، ئەوسا بڕیاری لەسەر درابێت، ئەوا هەموو ئەو كارانە یا دیاردانە یا ئەو بوونە كۆمەڵایەتییانەی كە نووسەران بە ناژیرانی دەیانبینن، لە ڕیزی پێشەوەی ئەو كارانەدا ڕیز دەبن، كە ئەوان ژیرانیان دەزانن و بەتەمان بیانكەن. چونكە ئەوەی ئەوان بەتەمان بیكەن، تەواوكردنی كاری دەسەڵاتدارانە. بۆرجواكان تائێستا نەیاتوانیوە نایەكسانی بە ئاشكرا و بە جاڕدان یاسایی بكەنەوە یا وەك شتێكی ژیرانی پێی لەسەر دابگرن، بەڵام نووسەرانی ژیرانیكردنی نایەكسانی، بەتەمان بە نووشتەی یاسایی و ژیرانییەوە دەرخوادمان بدەن. ئەمە تەنیا جیاوازی دەسەڵاتداران و داواكارانی بەشە دەسەڵات و تاڵانییە!

ئەگەر بڕیار بێت، بۆ دروستی كارەكان، پەسەندی ژیریی پێوەرێك بێت، ئەوا پێویستە نایەكسانی وەك یەكێك لە ناژیرییەكان ڕەتبكرێتەوە و ڕەخنەی ڕیشەیی ئاراستە بكرێت. چونكە مرۆڤی بەئاوەز (ئاوەزتەندروست، ژیر) پەسەندی ژیری ناداتە پاڵ نایەكسانی وەك بەرهەمی بوونێكی ناپەسەند و دژەمرۆیی (سەروەری) و ناكەوێتە هەوڵی یاساییكردنەوەی و مۆری ڕەوایی لێ نادات.
سەروەران لە هیچ سەردەمێكی قۆناخەكانی سەروەری چینایەتیدا [هەرچەندە لە هەموو سەردەمەكانی سەروەریدا نایەكسانی یاسایی بووە و یاسا هەردەم وەك كوتەكی سەپاندن و پاراستنی ئەو نایاساییە كاریكردووە] وا بە ئاشكرا و بەبێ سڵەمینەوە نەیانوێراوە، قسە لە نایەكسانی یاسایی بكەن. نۆزدە ساڵە لە هەرێمی كوردستاندا لە سایەی سەروەری یاسای بۆرجوازیدا نایەكسانی قوڵدەكرێتەوە، ئازادی سەركوت دەكرێت، دادپەروەری كۆمەڵایەتی [كە بە جۆرێكی خۆرسك لە كۆمەڵكەی كوردستاندا بەو ڕادەیەی كە سەروەری نەیتوانیوە كۆمەڵایەتی ببێتەوە، بەو ڕادەیە ئامادە بووە] و ئارەزوومەندی خەڵك

بۆ دادوەری بە هۆی پیادەکردنی بەرنامە ئابووریی و ڕامیارییەکانی نئیۆلیبرالیزمەوە لە کوردستاندا خەفە دەکرێت و لە بیری خەڵکیدا بە خواستی بەشداری لە تالان و گەندەڵیدا و هەرچی زیاتر بەهرەمەندبوون لە تالان و ڕاوڕوت، دەشۆردرێتەوە!

نووسەران ئەوە باش دەزانن، کە نایەکسانی یاساییە، بەڵام ئامانجی ئەوان لە پێشنیارکردنی لە وەها مانیفیستێکدا، کردنییەتی بە پەرچەمی بزاڤی گۆڕانخواز [لیستی گۆڕان نا] و خۆشباوەڕکردنی لاوازی کەمئەزموون و ناهوشیار بە کۆمەڵێك دروشمی هەڵخەڵەتینەر.

نایەکسانی نابێت دەرەنجامی پەیوەندیی هێزو توندوتیژیو فشاری سیاسیو هەڵاواردنو گەندەڵیو بێمافی و بێبەشکردنێکی یاسابێت. واتە نایەکسانییەک بێت ڕەوایەتی هەبێت، لەوەوە هاتبێت کە کەسانێک بەڕاستی بەتواناترو چالاکترو زاناترو خۆماندوکەرترین لە کەسانێکی دیکە. ل.٣٢

نووسەران تیئۆرییە ئاخرزەمانییەکەیان وردتر دەکەنەوە و لە نایەکسانییەك دەدوێن، "نایەکسانی یاسایی". لێرەدا پرسیارێکی نایاسایی و ناژیرانە یەخەمان دەگرێت؛ ئایا نایەکسانی نایاسایی لەم سەر تا ئەو سەری ئەم جیهانە بوونی هەیە، ئەگەر هەیە، کامەیە و لە کوێ؟ مەگەر خودی یاسای سەروەری نییە، کە پاریزەر و ئاراستەگەری نایەکسانییە، مەگەر خودی یاسا کوتەکی سیستەمێك نییە، کە نایەکسانی دەپارێزێت، ئیتر لە کوێ و لە کامە دوورگەی (واق واق)دایە، کە یاسا سەروەر نییە، کە نایەکسانی یاسایی نییە و لەلایەن دیمۆکراسی پارلەمانییەوە ڕەوایەتی پێنەدراوە؟

بە ڕاستی لێرەدا وشە شك نابەم، کە نووسەرانی پێ بناسێنم، جگە

لەوەی بڵێم، ئەو کەسانەی کە چ بە دەربڕین و چ بە هێز و چ بە جادووگەری وێرابێتیان ئاوا بەبێ پەردە و ئاشکرا باس لە ڕەوایەتی نایەکسانی بکەن، لە ڕیزی هەرە پێشەوەی خوێنڕێژەکانی دونیادا ڕاوەستاون و چنگی خوێناوی ئەوان دەشۆن. کەسانێکن، کە یاساکانی ناچاری جەنگەڵ بە هوشیارییەوە بەسەر کۆمەڵگەی مرۆییدا دەسەپێنن و ڕەوایەتییان پێدەدەن!

ئەگەر خوێنەر سەرنجی دوادێڕی ئەو پەرەگرافەیان بدات، بە ڕوونی ئەوە دەبینێت، کە نووسەران دەڵێن "نایەکسانییەك کە لەنیوان کرێکار و بۆرجوا، جوتیار و ئاخا، کۆیلە و کۆیلەداردا هەیە و هەبووە، ڕەوایە و یاساییە و بەرهەمی توانا و زانایی و خۆماندووکردنە. ئیتر بە چ پێوەرێك نایەکسانی سەرانی بۆرجوازی کورد لەتەك تاکی بندەستی کورد دەپێون و لە نایەکسانییە ڕەواکەی خۆیان جیای دەکەنەوە؟ ئەگەر نایەکسانی لە هەر جێگەیەکی تری دونیا ڕەوا بێت [نەك یاسایی، چونکە لە سایەی سەرمایەداریدا لە هەموو شوینیك نایەکسانی یاساییە]، ئەوا نایەکسانی "فیرعەونئاوا"ش لەتەك قەرەجئاوا، ڕەوایە و گلەیی و پورتوبۆڵەی چوار نووسەر لە ئاستیدا ڕەوایەتی خۆی لە دەستدەدات و دەچێتە خانەی پێشێلکردنی مافی فیرعەونە یاساییەکانی کوردستان! چونکە ئەگەر نایەکسانی، ڕەوا بێت، ئەوا دەبێت بۆ هەموو کەسێك ڕەوا بێت، نەك بۆ خۆتان ڕەوا و بۆ کەسانی دیکە ناڕەوا. هەروا نایەکسانی بۆ ئێمەی بندەست هەر یەکە، ئیتر ئەو نایەکسانییە لەلایەن کۆنە سەرتیپکەوە یاسایی بکرێت و ڕەوایەتی پێبدرێت یا لەلایەن تازە فیلۆسۆفێکەوە، هیچ لە کرۆکی ناڕەوا و نامرۆیی نایەکسانی ناگۆڕێت و هیچ لە ڕەوایی خواستی دێرینەی مرۆڤ بۆ یەکسانی کەم ناکاتەوە!

ئەگەر نووسەران پێیانوایە سەرانی دەسەڵاتی ئێستای هەرێمی

کوردستان زانا نین، بە ڕاستی مۆری نەزانی لە ناوچەوانی خۆیان دەدەن، چونکە ئەگەر لە زۆرینەی کۆمەڵگە زاناتر و هوشیارتر و بە تواناتر نەبوونایە، زۆرینەی کۆمەڵگەیان ڕەدووی خۆیان نەدەدا و نەیاندەتوانی بیانکەنە پەیژەی بەئامانجگەییشتنی خۆیان! مەگەر ئەوەی ئێستا هەیە، بەرهەمی زانایی و هوشیاری و توانادارى ئەوان و ناهوشیاری و لەخۆنامۆبوونی زۆرینە نییە؟ ئەگەر وەڵام نەرێیە، ئەی کێ ئەوانی گەیاندە شکۆداری ئەوڕۆکە؟ ئەگەر بڕیار بێت لێزانی و فیڵبازی و توانای فریودان، بنەمای ڕەواکردنی نایەسکانی و ژیرانیکردنی نایەکسانی بێت، ئەوا سەرانی بۆرجوازی کورد وەکو خاوەندی خەزێنەیەك لە ئەزموونی هاوچینانی خۆیان، کە لە سەرهەڵدانی نایەکسانی هەر لە کۆمەڵگەی کۆیلایەتییەوە تا ئەمڕۆ بۆیان بە میرات ماوەتەوە، بەو پێیە زاناتر و هوشیارتر و لێوەشاوەترن! ئەگەر لەوانە هەموو بگوزەرێن، دەکرێت بزانین جیاوازی نایەکسانی لە نێوان نووسەران و تاکەکانی دیکە لەتەك نایەکسانی لە نێوان دەسەڵاتدارانی ئێستا و تاکەکان چییە؟ دەکرێت بزانین ئەو ڕەوایەتییەیان لە کوێوە هێناوە، وا بە ئاسانی ناویانە بەکلکی نایەکسانییەوە؟

نووسەران پاش ئەوەی کە پێپلیکانەکانی بەدەسەڵاتگەییشتنی خۆیان یا ئەوانەی کە ڤخوازیاریانن، خۆشدەکەن، ئینجا بەزەییان بە قوربانییەکانی دەسەڵاتداری و نایەکسانیدا دێتەوە و داوای لالێکردنەوەیان بۆ دەکەن، ئەگەر ئەمە فریو و جادووگەری نەبێت، دەبێت چ ناوێکی دیکە شیاوی بێت؟

<u>بەڵام تەنانەت لەم دۆخانەشدا کۆمەڵگا پێویستە زیاتر کەسە لاوازەکان بپارێزێتو دەستی نەدارانیش بگرێت. بە مانایەکی تر هەموو نایەکسانییەک ڕیسای تایبەتی خۆی هەیە</u>، ل.٣٢

بۆ کەسانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز و دادپەروەر، بەزەییپێداهاتنەوە دەچێتە خانەی لووتبەرزی بۆرجواکان و دەسەڵاتداران و دەستەبژێرە گەندەخۆرەکان بەرامبەر بە چینە ژێردەست و بەشمەینەتەکان. ئەوەی نووسەران ناتوانن دەرکی بکەن، ئەوەیە کە تا هەنووکەش خەونە ناسیونالیستییەکان بەرچاوانی تاریکردوون. ئەگینا ئەو نایەکسانییە کە ئەوان دەیخوازن هەر هەبووە و هەیە. هەروەها ئەوە پرسی نەتەوەیی بوو، کە هەم ڕژێم بەعس بەنزینی پێدادەکرد و هەم بەرەی بەرهەڵستکار فووی لێدەکرد، وای دەکرد بەو ڕادەیە تاك پرسە بنچینەییەکانی [سەربەستی تاك، ئازادی وەك ماکی سروشتی مرۆڤ و یەکسانی وەك بنەما و دادپەوەروەری] خۆی نەبینێت!

لە سایەی دەسەڵاتی داگیرکاری بۆرجوازی عەرەبدا، کوردە بەکرێگیراوەکان [نەك جاش] لە بەرتەری و دزی و تاڵانی و ئەنفال، هەر وەك پارتییەکانی (حزبییەکانی) ئێستا بەهرەمەند دەبوون. بەڵام ئەوەی کە وا لە نووسەران دەکات، ئەو ڕاستییە نەبینن، ئەوەیە کە ئەوان پێشمەرگە و خۆفرۆش، داگیرگەر و ڕزگاریخواز دەبینن، واتە بەرەی خراپە و بەرەی چاکە، هەر ئەوەشە بەو بڕیارەیان دەگەیێنێت، کە دوێنێی مشەخۆرانی ئەورۆ، شۆڕشگێڕیی بووە. بەو جۆرە سرووتە پیرۆزەکانی نەتەوەپەرستی وایلێکردوون، جیاوازییە چینایەتییەکان نەبینن. ئەگینا هەر پێشمەرگەیەکی سادەی "کۆڕەك" هەستی بە جیاوازییەکانی نێوان خۆی و لێپرسراوەکەی دەکرد. مشەخۆرانی ئەورۆکە، دوێنێش هەر خۆشگوزران بوون و لە هەموو ڕوویەکەوە لە پاشڕەوانیان خۆشگوزەرانتر بوون. بەڵام ئەوەی کە ئێمەی شوێنکەوتووی ئەفسانەی یەکسانی و ئازادی و ڕزگاری نەتەوەیی لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی بۆرجوازی کورد، بەنگ و خۆشباوەڕ دەکرد، ڕوخساری چەپێتی (مارکسیست-لێنینیست-مائۆئیست) بوونی بەکرێگیراوان و خۆفرۆشانی پێرێ بوو. بەداخەوە ئەوە یەکێکە لە لاوازییەکانی هزری مارکسیستی، کە دەتوانرێت وەك ئایدیۆلۆجیای بەدەسەڵاتگەییشتن

لەلایەن هەموو دەستەبژێرێکی ڕامیاریی و "ڕۆشنبیرییەوە" سوودی لێوەربگیردرێت، لەم بارەوە هەموو هێزە دەسەڵاتخوازەکان توانیویانە لە پۆشاکی (مارکسیست)بووندا نەوە ناڕازییەکانی پاش ئاشبەتاڵی باڵێکی بۆرجوازی کورد، لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە و بیانکەن بە سووتەمەنی هاژووشتنی شەمەندەفەری بەدەسەڵاتگەییشتنیان.

ئەوەی کە نووسەران دەیانەوێت پەردەپۆشی بکەن، بنەمای نایەکسانییە، کە هەموو نایەکسانییەکی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی و مافیی، بۆ نایەکسانی ئابووریی یا ڕێوشوێنی نایەکسانی تاکەکان لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردن دەگەڕێتەوە و بەبێ لەناوبردن و سڕینەوەی ئەو نایەکسانییە، قسەکردن لە لەناوبردنی نایەکسانی ڕامیاریی و مافیی و کۆمەڵایەتی دەچێتە خانەی وڕێنەکردن و هەوڵی کەتواریکردنی ئەفسانەوە. هەر کەس پاگەندەی لەتوانادابوونی وەها گۆڕانێك بکات، ئەوا لەو جادووگەرە بەولاوەتر نابێت، کە پاگەندەی تەندروستکردنەوەی نەخۆش بە کۆمەڵێك وێرد و نزانووسین دەکات!

هەروەها نایەکسانی و هەژارتربوونی بەردەوامی کرێکارێك و دەوڵەمەندتربوونی خاوەنکارگەیەك لە بێتوانایی کرێکارەکە و توانادارى سەرمایەدارەکەدا نییە، بەڵکو لە کۆیلەکردنی کرێکارەکە بە سەروەری یاسای ستەمکارانەی چینایەتی و دەستئاوەڵاکردنی سەرمایەدارەکەدایە لە دزینی بەری ڕەنجی کرێکارەکە. ئەمە ڕازی ئەو نایەکسانییەیە، کە پیاوانی پەرستگەکان بۆ دابەشکردنی خوداوەندیانەی دەگێڕنەوە و نووسەرانی بۆرجوازی بۆ زیرەکی و لێهاتوویی و شارەزایی دەگێڕنەوە!

ئەوەی کە لە پڕێکدا فەرماندە ڕامیاریی و سەربازییەکانی دوێنێ، کە

لە لای نووسەران بە "شۆڕشگێڕ" ناسراون، دەبنە سەرمایەداری ئەمڕۆ، بەرنامەیەکی لە پشتەوەیە و ڕێسای پێگەیینی بۆرجوازی نەتەوەیی دەیڕەخسێنێت، کە لە سەنێرگەی سەرووەری یاسا و دەسەڵاتی بۆرجوازیدا ئەو سەرمایەدارە یەکشەوانە سەردەردەکەن و بە خێرایی کۆشك و تەلاریان، هەوران دەخورێنن!

نووسەران خۆیان لەوە نەبان دەکەن، کە هەڵپەی ملیاردلێرە یەکشەوەکانی کورد، هەزاربارەبوونەوەی ئەزموونێکە، کە هیچ گۆشەیەکی سەر گۆی زەوی شك نابرێت، کە تێپەڕی نەکردبێت. ئەوەی کە چەتەکانی شاخ لە پڕێك دەبنە ملیاردلێری بۆینباخلەملی شار، بەرهەمی فریوکاری زیاتری نیوسەدە زیاتری ناسیونالیزمی کوردە. ئەوەیش کە ئەوان بە ئاسانی بە مشەخۆری و تالانگەری بوونەتە فیرعەونەکانی هەزارەی سێیەم، پێداویستی ئەو دەوڵەتە بۆرجوازییەیە کە نووسەران خەونی پێوە دەبینن و هەروەها وەڵامدەرەوەیە بە لەباربوونی زەمینەی جێگیربوونی پێی سەرمایەگوزارانی دەرەکی وەك ناوەندە جیهانلووشەکان و مۆنۆپۆلگەرانی وڵاتان دەیخوازن. با نووسەران سەرنجی ڕەوتی تایبەتیکردنی کەرتە گشتییەکانی ئەفریکای باشووری و ئەمەریکای لاتین و خۆرهەڵات و باشووری ئاسیا و وڵاتانی ئەروپای خۆرهەڵاتی بدەن و ببینن، کە چۆن ئەندامانی باڵای پارتەکان و پارلەمانەکان وەك ئەوانەی هەرێمی کوردستان بوونەتە فیرعەون و چۆن دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەکانیان لە سایەی هەمان سیستەمی جیهانیدا بوونەتە پێشەنگی دەسەڵاتخوازەکانی کوردستان!

گەندەڵی و هەڵپەی دەوڵەتمەندبوون تەنیا تایبەتمەندی سەرانی پارتە ناسیونالیستەکانی کوردستان و چەکدارانی ئەو بزاقە نییە، بەڵکو دیاردەیەکی جیهانییە و پێداویستی جێکەوتەبوونی بازارئازاد و دەسەڵاتی جیهانی نیئۆلیبراڵیزم و پارێزراوبوونی لەلایەن ئەو

پارتـــانـەوە وەك پاســـەوانانی نـــاوچـەیی، ئـەو هۆکـــارەن کــــە زەمینـەی سـەرمادارە یـەکشـەوەییـەکان دەرەخسێنێت. چونکـە بـەبێ گـەنـدەڵـی ینک و پدک، بازاری گـەندەڵـی نیئۆلیبرالێزم لـە هـەرێمـی کوردسـتانـدا کـەتـواریی نـابێتـەوە و جێگیر نـابێت و ڕەهـەندی کۆمـەلایـەتـی پـەیدانـاکات!

نـایـەکسـانـی لـە کوردسـتانـدا لـەسـەر بنـەمـای کـاری نـابـەجێو نـایـاسـایـیو نـائـەخلاقیو نـائینسانـیو گـەندەڵییـەوە دروستبووەو گـەشـەدەسـەنێت. کۆی ئیشکردنـی هـەمـوو سیستمـە سیاسییـەکـەو ئـەو سیستمـە ئـابـوورییـەش کـە ڕاســـتـەوخۆ بـە سیســـتمـە سیاســـییـەکـەوە گرێـــدراوە، لـەســـەر بێـــدادیو پێشێلکردنـی پرنسیپی یـەکسانـی دامـەزراوەو کـاردەکـات. ل.٣٣

نووسـەران نـایـەکسـانـی وەك دیاردەیـەکـی هـەرگیز نـەگۆڕ و نـەمر دەبینــن و لـەســەر ئـەو بنـەمـایـەش بـەسـەر دوو دەسـتـەدا دابـەشـی دەکـەن؛ دەسـتـەی یـەکـەم، نـایـەکسـانـی نـایـاسـایی و نـامۆڕاڵـی و نـامرۆیی و گـەنـدەڵ، دووەم، نـایـەکســـانـی یاســـایی، مـــۆڕاڵـی، مرۆیـــی و نـاگـەنــــدەڵ! لێـــرەدا وێـــرای هـەشبـەسـەری کۆمـەڵگـەی کوردسـتان بـۆ نووسـەرانـی نـاوداری، پرسیارێك دێتـەگــۆڕێ؛ بێجگـە لـە جیـــاوازییـە جـەســـتـەییـەکـانـی مرۆــڤ و ئـاوهـەوا و هـەڵکـەوتـەی جــوگرافی شـــوێنـەکان، کامـــانـەن ئـەو نـایـەکســـانییانـەی کـە سروشتـی و مۆڕاڵـی و مرۆیی و نـاگـەندەڵ و ڕەوان؟

نووسـەران واوەتر لـە جادووکردن لـە خوێنـەر دەڕۆن و سیستـەمـی ئـابـووری دەکـەنـە پـابـەندی سیستـەمـی ڕامیاری، کـە ئـەمـە بۆ هـەر کـەسێك، کـە ئـەلف و بێیـەك لـە ڕامیاری و ئـابووری بزانێت، دەکـاتـە نـەزانـی یـا فێڵکـردن لـە خـەڵـــك. ئـەوان ئـەوە لـەبیـــردەکـەن، کـە ســـەرخان (سیســـتـەمـی ڕامیـــاری) وەڵامدەرەیـە بـە ژێرخـانـی ئـابـووری [بنـەمـای ئـابـووری و پـەیوەنـدییـەکـانـی بـەرهـەمهێنان] بۆ نموونـە ئـابـووری بـەرنـامـەڕێژیی نـاوەنـدی بۆلشـەڤیکی، دەســـەڵاتـی تـاکپـــارتیی و دیکتـــاتۆری دەخـــوازێت، ئـابـــووریی بـــازارئـازاد،

سیستەمی پارلەمانی و فرەپارتی دەخوازێت، نەك بە پێچەوانەوە. چونکە بەو ڕادەیەی کە دەوڵەتەکان مل بە پێشمەرجی ناوەندە جیهانلوشەکان دەدەن، بەو ڕادەیە بەرنامەڕێژی ناوەندی و دەستتێوەردانی دەوڵەت و ئابووری نیشتمانی لاواز دەبێت و لە بەرامبەریشیدا وەك وەڵامدانەوە بە تەراتێنی ئابووریی و ڕامیاریی ناوەندە جیهانییەکان، جێپێی تاکپارت و سەرۆکسالاری لاواز دەبێت و ڕۆڵی کۆمپانییەکان و دەسەڵاتە ئابوورییە جیهانییەکان لە پشت دەمامکی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی نەتەوە و نیشتمانەوە بەهێزتر دەبێت.
نووسەران پێماننالێن، کە چۆن و بە چ پێوەرێك دەتوانن ڕەوایەتی ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و مۆڕاڵی بە نایەکسانی بدەن؟ پاشان بۆ ئێمەی ڕوون ناکەنەوە، کە نایەکسانی دەوڵەتە ئیدئاڵەکانی دێمۆکراسی بۆرجوازی لە کوێوە و لە چییەوە سەرچاوەدەگرن و هاتوون و چی ڕایگرتوون؟

پەرەگرافێك دواتر نووسەران داخوازی گەڕانەوە بۆ سەرەتا و خاڵی دەستپێك دەکەن، یا مەبەستیان یەکسان دابەشکردنی کوردستانە لەنێوان هەمووواندا و ئینجا دەستپێکردنی پێشبڕکێی توانایی و دانایی و شارەزاییەکان، یا ئەوەتا مەبەستیان لە هەمووان لە دەستەبژێرە ڕامیارەکان و ڕۆشنبیرەکانە؟

ئەوەی کە مەبەستییان باری یەکەم نییە، هیچ گومانی تێدا نییە، چونکە ئەگەر هەمووان خاوەنی سەرمایەیەکی یەکسان بین، هەموومان خاوەنی داهات و داراییەکی یەکسان بین، هەمووان ڕێوشوێنێکی یەکسانمان هەبێت، ئیتر پێداویستی نایەکسانی لە چیدایە و چۆن سەرهەڵدەدات؟ هەروەها وەدیهاتنی وەها یەکسانییەك لە سایەی سەرووەری چینێك، پارتێك یا دەستەبژێرێکدا ئەستەمە، چونکە بوونی

سەروەری خۆی پێداویستی پاراستنی نایەکسانی دەیخوازێت. بەم پێیە خاڵی دەستپێك لە سایەی سەروەریدا دیاری ناکرێت و نییە، کەواتە مەبەستیان لە باری دووەمە و لەم بارەشدا نووسەران تەنیا خۆڵ دەکەنە چاوی خوێنەر، ئەگینا سەروەری جەنراڵێك و فیلۆسۆفێك جیاوازی نییە، بەڵکو دەکرێت هی فیلۆسۆفەکە دڕندانەتر و توندتر و تەمەندرێژتر بێت. ئەوان ئەوەشیان لەبیر چووە، کە کۆمەڵگە تەنیا لە تیمێك پێکنایێت و ئەو نموونەیە تەنیا بۆ دابەشکاری دەسەڵات و سامان و تالانی کۆمەڵگە بەسەر دەسەڵاتخوازاندا دەگونجێت.

بە بۆچوونی من دەکرێت لە خاڵی ناوکۆیی سیستەمی چینایەتییەوە هەمووانی مشەخۆر و دەسەڵاتخواز یەکسانی هەل و بەهرەمەندییان لە داهات و بەرووبوومی کۆمەڵگە بۆ بڕەخسێت، بەڵام نەك پێچەوانەکەی (هەلی یەکسان بۆ هەمووان) کە نووسەران ئاراستەی دەکەن! چونکە لە سایەی سیستەمی سەروەری چینایەتیدا تەنیا یەك شت ئازادە، ئەویش بەهرەکێشی لە مرۆڤ و بەکاربردنی هەموو کەرەستە و یاسا و هێزەکان لە پێناو زیندووڕاگرتنی نایەکسانی مرۆڤ و لەو پێناوەشدا هەموو شتێك ڕەوایە، تەنانەت شەڕ و تیرۆر و بەگەڕخستنی زانستیش بۆ ئەو مەبەستە!

وەك وتم، کۆمەڵگە تەنیا لە وەرزشەوانان پێکنایێت و یاسای پێشبرکێ و تاقیکردنەوەی بەهرەکان ناتوانێت یاسای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و بەرهەمهێنان و دابەشکردنی داهات و سامانی کۆمەڵگە بێت. هەروەها لەوێوە کە دەشێت کەسێك لە ڕووی هزرییەوە بەهرەوەربێت و یەکێکی دیکە لە ڕووی جەستەیی و یەکێکی دیکە لە ڕووی تەکنیکییەوە و یەکێکی دیکە لە ڕووی پەروەردەییەوە، بەڵام ئەم بەرەهرەوەرییانە دەتوانن و پێویستە تەواوگەری یەکتر بن، نەك ئامرازێك بۆ بەرتەری کۆمەڵایەتی و ئابووریی و ڕامیاریی. ئەوەش تەنیا لەبەر هۆیەکی سادە،

کە فیلۆسۆفەکانمان پێویستیان بە بەهرەوەری کەوشدوور و بەرگدوور و چێشتگەر و شۆفێر و منالّەکانیان پێویستیان بە پەروەردە و چارەسەری دەرمانی و سەرپەنا و یاری و گەشت و .. تد هەیە، هەر لەبەر ئەوەش ناتوانن و ناکرێت ئۆتۆریتەی خۆیان بەسەر خوێنەرانی بیرۆکەکانیاندا بسەپێنن، چونکە خوێنەرانی فیلۆسۆفی و خودی بیریاران و ئەندازیاران و پزیشکان، پێویستییان بە شتگەلێکی زۆر ساکار (پۆشاك و خۆراك و سەرپەنا) هەیە، کە ئەگەر بە ڕادەی پێداویستوون بێت، دەبێت ڕامیاران و فیلۆسۆفان و پزیشکان و بیریاران و نووسەران مل بە ئۆتۆریتەی ئەو کرێکارانە بدەن، کە ئەو شتانەیان بۆ چێدەکەن، بەلاّم خودی ئەو کرێکارانە بۆ ژیانی ئاسایی و مرۆییانە و سروشتی خۆیان هیچ پێویستییان بە تەوەزەلانی ڕامکار نییە و بەبێ ئەوان ژیانیان زۆر ئاشتییانەتر و ئاساییتر دەبێت. ئیتر نازانم پێداویستی یاساییکردنی نایەکسانی لە کوێدایە؟

نایەکسانی ئابووریی و ڕامیاریی و کۆمەلاّیەتی، بەرهەم و ڕەنگدانەوەی سەروەری چینێك بەسەر چین و توێژەکانی تری کۆملّگەیە و خالّی دەستپێك کە لەناوبردنی نایەکسانییە، لە پێداویستی مرۆیی و هاوبەشییەوە دەستپێدەکات نەك لە ناچاری و سزاوارییەوە!

بەم پێیە پاگەندە و خەونە ئەفسانەییەکانی نووسەران بێبنەمان و ئاوەز و لۆجیك و دەرکی مرۆڤی هوشیار پەسەندیان ناکات. کاتێك نووسەران دەچنە سەر ئاوەلاّکردنی دەرکیان لە یەکسانی و نایەکسانی دیسانەوە دەگەڕێنەوە سەر ئەو خالّەی کە گرێی بەشداری لە دەسەلاّت و داهاتی تالاّنکراودا هاندەری ئەم تیۆریزەکردنەی نایەکسانییە، ئەوەی کە (لیستی بەناو گۆڕان) و پاشڕەوانی لە بری یەکسانی هەمەلایەنەی گشت تاکەکان، خوازیاری یەکسانی لێپرسراوان لە بەرکەوتنی بەشەتالاّن و دادوەری لە دابەشکردنی پلەوپایە پارتیی و

میرایەتییەکـان لـە نێـوان خۆیانـدا و ئازادی گـروپە پاشـڕەوەکانیان لـە تـەڕاتێنـــی دەســـەڵاتدان. نووســـەرانیش وەك ئەو گــروپە خوازیـــاری ڕەوایەتیدان بە نـایەکسانی و سـەرکوت و نـادادوەرین، بـەڵام لـە سـایەی پارتێکـدا نـا، بـەڵکـو لـە سـایەی میرایـەتییەکـدا، کـە جێـی فیلۆسـۆفانی خورافەگەری تێدا ببێتەوە و کۆنەسـەرتیپێك و فیلۆسۆفێکی ئاخرزەمـان وەك پێشبرکێگەرانی دەسـەڵات لـە (خـالێکەوە!!!) دەسـتپێبکەن، چـونکە لـەو بــاوەڕەدان، کە بە ئاســانی لـە ســەرتیپەکانی دەبەنەوە و باشــتر دەتــوانن خــزمەت بە سیســتەمەکە بکەن. ســەرچاوەی ئەمەش بـۆ ئـەو نائاگــاییە دەگەڕێتەوە، کە نـــازانن سیســـتەمەکە تەنیـــا جیـــاوازی و نـایەکسانی لـە نێـوان چینـە دارا و هـەژارەکانـدا ناکـات، بـەڵکو لـە نێـوان نــاوچە و کیشـوەر و نۆکەرەکانیشـیدا دەکـات و لـە بـەرژەوەنـدی نییـە، کـە هـەرێمـی کوردسـتان و هۆڵـەنـدە و سـینیگال لـە مـاف و خۆشـگوزەرانی و پێشـکەوتن و گەشــەدا هاوئاسـت و یەکسـان بــن. ئەمەش سەرلێشـێواوی قسەگەرانی ناسیونالیزمی کورد لـە سـەردەمی جیهـانگیری و داگیرکـاری نـــویێ [دەســـەڵاتی کۆمپـــانییە جیهانلوشـــەکان لە ڕێـــی نـــوێنەرایەتی پارلـەمانە خۆجێییەکانەوە]دا نیشان دەدات!

<u>بـەکورتـی دەبێت ئینسانـەکانو گروپەکان لـە خـاڵی سـەرەتادا وەک یـەکو یـەکسانبن، هـەمووان لـەهـەمان شوێنـەوە بـەهـەمان مـافو بـەهـەمان بـڕ لـە ئازادییـەوە دەستپێبکـەن.</u> ل.٣٤

فریوکاریی نووسەران لـەوەدایە، کە دەیانـەوێت ئـەو بنـەما هزرییانـەی کە وەك بـەرەنجـــامی ئـەزمـــوونگـەری شـــۆڕش و ڕاپـەڕینـەکـــان بـەرامبـەر نـایەکسـانی و ســەرکوت و نـــادادوەری بەرجەســتەبوون، نادیــدە بگــرن و هاوکێشـــــەکان ئاوەژوو بکـەنـەوە. ئەوان ئـەوە نادیـــــدە دەگــــــرن، کـە نـایەکسـانی لـە هـەر فـۆرم و ئاسـتێکدا، لـە هـەر بـوار و شـێوازێکدا بێـت، سـەرچاوەی بـەرتـەری و هـەڵاواردن و ستـەمکارییە لـە سایـەی سـەروەریدا و

خودی سەروەریش سەرچاوەی هەموو گەندەڵییەکانە، کە نادادوەری کۆمەڵایەتی تەشەنە پێدەدەن!

نووسەران زۆر وریایانە، شانبەشانی هەڵای بەشێك لە دەسەڵاتداران کە دەیانەوێت، گەندەڵی بۆ سەرچاوەگەلێك بگێڕنەوە، ئەمانیش خەریکن سیستەمێکی ئەفسانەیی سەروەری ناگەندەڵمان بۆ وێنا دەکەن و دەخوازن بە شێواندنی وێنەکان، کەتواریی نیشانی بدەن و پێمانبفرشن. دەکرێت نووسەران لە سەراپای مێژوودا یەك نموونە هەرچەندە تەمەن کورت و بچووکیش بێت لە سەرەوەری نیشان بدەن، کە خۆی بە میکانیزمەکانی گەندەڵی ئاوس نەبووبێت؟ نایەکسانی ڕەوا و مۆراڵی و ناگەندەڵ تەنیا ئەفسانەکانی تۆڕات و ئینجیل و قورئان و ئایینەکانی تردا جێگەی دەبێتەوە و تەنیا بۆ کەسە ناکەتوارییە ئاوەز سڕ و ناهوشیارەکان شیاوی وێناکردنە. بەڵام لە بەرامبەردا لە سایەی سیستەمی سەروەری چینایەتیدا لە هەموو کون و قوژبنێکی ئەم جیهانەدا نایەکسانی هەم یاساییە و هەم ڕەوایەتی هەیە و هەم بە ئاگر و ئاسن و کوشتوبڕ پارێزگاری لێدەکرێت و سیستەمی جێگیر لە هەرێمی کوردستاندا بالاترین و زیندووترین نموونەیە لە یاساییبوونی نایەکسانی و ڕەواکراوی نایەکسانی، ئیتر نازانم نووسەران داخوازییەکەیان لە پای چییە، دەکرێت داخوازی شتێك بکەیت، کە لە ئارادا نەبێت یا ڕیگری لێبکرێت، بەڵام داخوازی شتێك کە دەستەبەرکرابێت، ورێنە و ڕاوارییە و دەچێتە خانەی قسەی هەلەقومەلەقەوە!

نووسەران بۆ ڕزگارکردنی پاشەڵی ناسیونالیزمی دەوڵەتخواز، کە لە سەر پیرۆزڕاگرتنی نایەکسانی چینایەتی پایەگوزار کراوە، پەنادەبەنەوە بەر خورافە قورئانییەکانی لەمەڕ سەرچاوەی سەرهەڵدانی هەژاری و دەوڵەتمەندی و بۆ هێزێکی سەروومرۆی

دەگێڕنەوە و دەخوازن هەمیشە نەمری نیشان بدەن و لە بەرامبەردا دەستەواژەی ڕەوایی پێدەبەخشن و دەیکەنە بالاخانەی دادپەروەری و کۆڵەکەی مۆڕاڵی لە بن دەنێن و دەیانەوێت بە دەستکۆتاکردنی چەند سەرتیپێکی نەخوێندەواری دوێنێ و جێگرتنەوەیان بە چەند ئەکادێمیستێکی ئەفسانەوێژ، گەندەڵی سیستەمی سەرمایەداری ڕیشەکێش بکەن یا وەها نیشان بدەن، کە ئامانجیان ئەوەیە. بەڵام پرسەکە شەڕی بەدەسەلاتگەیشتن و خۆ بەشیاوتر بینین و زاناترزانینی کۆمەڵێك دەسەلاتخوازی وردەگیرە و بەس. مێژووی کۆمەڵگەی چینایەتی و ئەزموونەکانی شکستی هەموو ڕاپەڕینەکان و شۆڕشەکان پڕن لە وێنەی ئەو جۆرە فریودانانە.

<u>یەکێک لەو هێمانومایانەی تاڕادەیەکی زۆر نادادپەروەری و دڵڕەقی ئەم سیستەمە ئاشکرادەکات، پەیوەندی بەجیهانی منالانی کوردستانەوە هەیە.</u> ل.٣٤

بێمافی و بەهرەمەندنەبوونی منالانی کوردستان لە ژیانێکی شایستە و داهاتوویەکی ڕوون، ناتوانێت لە دەرەوەی سیستەمی فەرمانڕەواییەوە وێنا بکرێت و ڕەنگدانەوەی دڕندایەتی ئەو ڕژێمەیە و منالانی کوردستانیش لە جوگرافیای سەرمایەداریدا وەك منالانی هیندوستان و ئەسیوپیا لە خوارەوەن و لە دەرەوەی بازنەکانی ناوەندەوەن. ئەو نادادوەرییانە لە بازنەکانی ناوەندیشدا دیار و بەرچاون، بۆ کەسێك کە خۆی لە کەتواری کۆمەلایەتی و ئابووریی و ڕامیاریی دەوڵەتانی بۆرجوا-دێمۆکراتیکی دڵی سەرمایە، گێل نەکات. بۆ نموونە لە ئاڵمانیا کە یەکێك لە نووسەران تێیدا دەژی، ئەوە لێهاتوویی منالان و خەونەکانیان نین، کە داهاتوویان دیاری دەکەن، بەڵکو ئەوە ڕێوشوێنی ئابووریی و کۆمەلایەتی خێزانەکانیانە دیاری دەکات، کە دەستەی بڕیاردەری فێرگەکانی سەرەتایی منالان بەرەو کوێ ڕەوانە بکەن.

ئەوەمان لەبیر نەچێت کە تا ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو، هەڵاواردنی ڕەگەزیی (سێکسیزم) لە دیاریکردنی داهاتووی خوێندکاراندا هەبووە و ئەوە خەباتی لیبراوانەی فێمینیستە ڕادیکاڵەکان[نەك فێمینیستە بۆرجوازییەکان] و تاکە یەکسانیخوازەکان بوو، کە کۆتایی بە ڕێوشوێنی پلەدووی کچان لە خوێندن و پەروەردەدا هێنا، نەك بەخشندەیی ڕامکاران و بۆرجواکان! ئێستاش پالاوتنی فێریاران لە قۆناخی سەرەتاییدا بەرەو ژوور، بە پلەی یەکەم، پلەوپایەی خێزان و توانای دارایی یا پاشینەی خوێندنی دایکان و باوکان، لە پلەی دووەمدا، نەژاد و شوێنی لەدایکبوون، لە پلەی سێیەمدا ڕادەی پابەندی خوێندگەکان بە ئۆتۆریتەگەرایی و هیرارشی سیستەمی خوێندەوە، دیاری دەکات، کە کامە خوێندکار بۆ خوێندنی ئامادەیی و باڵا بڕوات و کامە بۆ پیشەوەری و داهاتوونادیاری دەنێردرێت. ڕێك وەك ئەوەی کە لە کوردستاندامناڵی دەستفرۆشێك لە باشترین باردا تەنیا چانسی تەواوکردنی ئامادەیی پیشەسازی هەیە، لە ئاڵمانیش ڕێژەکانی سەدەی ڕابوردوو نیشانی دەدەن، کە ئەوانەی چانسی خوێندنی باڵایان هەبووە منالانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە و لە ناویدا کۆچەران و پەنابەران نین، بەڵکو کەسانێکی ترن، ئەوانەی کە نووسەران پێیانوایە لە توانادارای و بەهرەدارییەوە دەتوانن پایەیەك لە نایەکسانی یاسایی و ڕەوای فیلۆسۆفانی ئاخرزەماندا بەدەستبهێن.

ڕاستە منالانی ئەورووپا وەك منالانی کوردستان ناخرێنە ژێر باری گرانی کار و پەیوەندییەکانی کارەوە، بەڵام ئەمە نە بەرهەمی بەزەیی ڕامکاران و دەوڵەتمەندانە، نە منالپاریزی فلانە پارت و بەرنامەی ڕیفۆرمخوازان، بەڵکو بەرهەمی دەیان و سەدان ساڵ خەباتی جەماوەری چینە بندەستەکان و پێداگری و لیبراوی خەباتکارانەی تاکە ئازادیخوازەکانە بۆ باشترکردنی هەلومەرجی ژیان و پەروەردە. ئەگەر بەرهەم و دەستەکەوتی ڕیفۆرێك یا ڕدێنسپییەتی پرۆفیسۆریك بووایە،

دەبوو پاش چەند سەدە لە هەزاران ساڵ سەروەری چینایەتی هەم کار واتای کۆمەڵایەتی خۆی بگۆڕدایە و هەم ماوەی کار بە گشتی داشکایە و هەم تەمەنی بواردانی کاری منالان بەزبووایەتەوە و سیستەمی هیرارشی و ئۆتۆریتەیی خوێندن و پەروەردە شوێنەواری نەمابووایە. بەڵام ئەوەی لە دە ساڵی ڕابوردوودا وەك سەرەنجامی بازە گەورەکانی سیستەمەکە و جیهانداگری دەیبینین، ئەوەیە کە تەمەنی مۆڵەتدراوی منالان بۆ کارکردن لە ئەوروپا دادەگیرێتە خوارەوە و هەم لە بواری ئامادەکردنی پیشەییدا فرەتر منالان وەك کاری خۆڕایی و هەرزان دەخرێنە خزمەت کۆمپانییەکانەوە، هەم ماوەی کار بەگشتی زیاددەکرێت و هەم تەمەنی خانەنشینی بەرزدەکرێتەوە و هەم کار هەمان پێناسە و واتای ناچارییانە و کۆیلانەی سەردەمی کۆیلایەتی هەیە!

ئەوەی کە منالانی دەستەبژێری ڕامیاران و ڕۆشنبیرانی کورد لە ئەوروپا ناچار بە کارکردن نەبن، ئەمەش کۆمەڵێك هۆکاری هەیە؛ لەوانە باوکان و دایکان لەلایەك خۆیان کردووە بە کەمئەندام و کۆمەکی تایبەتی و زیادە لە بێکاران وەردەگرن، لەلایەکی ترەوە کاری پەنانەکی دەکەن و باج و پشکی کۆمەلایەتی لێنادەن و هاوکاتیش لە سایەی گەندەڵی سیستەمی هەرێمی کوردستان، موچەی خانەنشینی ڕامکارانە و ڕۆشنبیرانە و نووسەرانە وەردەگرن و زەوی و خانوو و خەرجی هاتوچۆیان لەسەر ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری مسۆگەرە. ئەگینا لەپێش ئەوروپییەکانەوە ناچار دەبوون، منالەکانیان بنێرن بۆ ڕیکلام و ڕۆژنامە بڵاوکردنەوە!

بەڕای من هۆکاری کیسەفرۆشی منالانی کوردستان و ڕیکلام و ڕۆژنامە پەخشکردنەوەی منالان لە ئەوروپا هەر یەکە، کە ئەویش باری ئابووریی و ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتی خێزانەکانیانە. ئەوەشمان لەبیر

نەچێت، لە هەر یەك لە وڵاتە ئەوروپییەکان و ئەمەریکا و ئوستترالیا و کەنەدا، هەژمارێکی بەرچاو لە منالآن بە پێی پێوەر یا ستانداردی ئاستی نزمی گوزەران، لە خوار هێڵی هەژارییەوەن!

کەم و زۆری ڕادەی چەوسانەوەی منالآن، بە ئامادەیی و ڕێکخراوبوون و هوشیاری دایکان و باوکان وەك ئەندامانی چین و توێژە کۆمەلآیەتییە بندەستەکانەوە پەیوەستە، ئەگینا لە کوردستانی لای ئێمەش منالآنی کەمایەتییەکی بەرتەر و بەهرەمەند لە داهات و دەسەڵات هەن، کە وەك منالآنی دەوڵەتمەندانی ئەوروپا، ژیان وەك هەڵماتی دەستیان هەڵدەسوڕێنن. ئەگەر لە هەر پەنابەرێکی کورد لە بریتانیا بپرسی، ئەوا خەون بە بەرکەوتنی خانوویەکەوە دەبینن، کە نزیك بە ناوچەی دەوڵەتمەندنشینەکان بێت، تاوەکو منالەکانی لەو فێرگەیانەدا بخوێنن، کە منالآنی چینی نێوەنجی و بالآدەست تیایاندا دەخوێنن. ئایا ئەمە هەمان جیاوازی نییە، کە لە کوردستاندا هەیە و لە دابەشبوونی منالآن بەسەر دوو دەستەدا ڕۆڵی هەیە؟

<u>تا ژیانی منالآنی کوردستان لەو زەبرو ناچاریو توندوتیژییە کۆمەلآیەتیو ئابوورییە رزگارنەکرێت کە هەر لەزووەوە جیهانی منالّیی لە منالآن دەدزێت، ئەستەمە کۆمەڵگایەکی دادپەروەرو رێزدار بۆ مرۆڤو بەهاکانی دروستبکرێت.</u> ل.٣٥

نووسەران دابینکردنی دادپەروەری کۆمەلآیەتی بە ڕزگاری منالآن دەبەستنەوە، بەلآم ڕزگاربوونی منالآن لەو بارەنالەرەیان بە لەنابردنی پایەگا ئابووریی و کۆمەلآیەتییە نالەبارەکانی خێزان و تاك نابەستنەوە. لێرەوە بۆ ئەوەی تیئۆرییە جادووگەرییەکەیان ڕزگار بکەن، دێن و دادپەروەری بە هەڵسوکەوت (مامەڵە)وە دەبەستنەوە، بەلآم خودی هەڵسوکەوت لە هوشیاری تاکەوە، کە پابەندی ڕێوشوێنی

کۆمەڵایەتی و باری ئابووریی و بۆلوانی ڕامیاریی و فەرهەنگی و ڕێوشوێنی لە بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردندا سەرچاوە دەگرێت، نابەستنەوە. ئەمەش شێواندنی وێنە کەتوارییەکانە، هەر بۆیە دەیگێڕنەوە بۆ نەبوونی ڕیفۆرمی ڕامیاریی. ئەمەش هەمووی بەخاتری سەرنجلادانی خوێنەرە لە نایەکسانی هەمەلایەنە، کە سەرچاوەی هەموو گرفت و کێشەیەکی ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە. نووسەران تەنانەت لە ڕیفۆرە ڕامیارییەکەشیاندا خۆیان لە بەرەوژوورکە نادەن و پێماننالێن، کە ڕیفۆرمی ڕامیاریی پابەندی چییە و ئایا پێویستی بە هێزێکی کۆمەڵایەتی هەیە؟!

لێرەدا پێویستە ئاوڕێك لەم واژە جادووییە (Reform) بدەینەوە، کە دەکاتە دارشتنەوە یا گۆرینی فۆرم( شێوە)ی باو، نەك چاکسازی. چونکە چاکسازی واتە چاکردنی خراپێك، بەڵام ئەوەی کە لە سایەی زاڵی و پاشەکشەی بزاڤە کۆمەڵایەتیەکاندا ڕوودەدات، خراپکردنی چاکە! ڕوودانی هەردیوێکی ئەم شتە، بە هاوسەنگی هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەستە؛ بۆ نموونە کاتێك کە بزاڤی جەماوەری چین و توێژە کۆمەڵایەتییە بندەستەکان لە لاوازیدا بێت، ئەوا ڕیفۆرم بە خراپکردنی چاك تەواو دەبێت؛ کەمکردنەوەی کرێ و موچە و خزمەتگوزارییەکان و بیمە و کۆمەکە کۆمەڵایەتییەکان، بە واتایەکی دیکە تر، دەستئاوەڵابوونی سەرمایەداران و ڕامیاران و دەسەڵاتداران لە سەندنەوەی دەستکەوتەکانی پێشوو، لە بەرامبەریشدا کاتێك کە بزاڤی جەماوەری چین و توێژە کۆمەڵایەتییە بندەستەکان ڕێکخراوتر و بەهێزتر و ئامادەتر و چالاکتر بێت، ئەوا سەرمایەداران و ڕامیاران و دەسەڵاتداران زیاتر ناچار بە ملدان بە داخوازییەکانی خەڵك و ریفۆرمکردنی خراپ بۆ چاك دەبن، بە واتایەکی دیکە دەکاتە زیادکردنی موچە و کرێ، کەمکردنەوەی ماوەی کار، باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و هێنانەخوارەوەی تەمەنی خانەنشینی و

زیـــــادکردنـی کـــــۆمـەکە کۆمـەڵایـەتییـەکـــــان و مســـــۆگـەرکردنـی بیمـە کۆمـەڵایـەتییـەکان. مێژووی چـەند سـەد ساڵـەی نزیك نیشـانیداوە، کە هیـچ چاکسـازییـەك لـە بـەرژەوەنـدی خـەڵکـی بێدەسـەڵات، بـەبـێ قوربـانیـدان و خۆپیشـاندان و مانگرتن و شـەڕی بـەردەوام و خـەبـاتـی ڕۆژانـە نـەهـاتـووەتـە دی و هیـــچ کـــات و لـە هیـــچ گۆشـــەیـەکی دونیـــادا نـە لـە ســـەردەمی کۆیلایـەتـی و نـە لـەسـەردەمی فیئۆدالیستـی و نـە لـە سـەردەمی دیمـۆکراتـی بۆرجواکانـــدا ڕووی نـەداوە، کـە میـــرییـەك بـەبـــێ فشـــاری چیـــن و تـــوێژە بندەســـتـەکان لـە ســـۆزدارییـەوە ڕیفـــۆرمی بـــە قـــازانجی هـەژاران و بندەسـتـانـی کـۆمـەڵگە ئـەنجـام دابێـت! ئـەگـەر نووسـەران یـا خوێنـەرێـك هێشتـاکە گومـانیـان لـەمـە هـەیـە، بـا لـە کـاتـی خوێنـدنـەوەی ئـەم ڕستـانـەدا سـەرنجی هـەواڵـەکـان لـە ئینتـەرنێـت، تـەلـەفزیـۆن، ڕۆژنـامـە و ڕادیـۆکـان بـدەن، کە سـەربـاری هـەمـوو سانسـوورێك و هـەمـوو شـێواندنێك، کـەچـی نـاتـوانن ئـەو کـەتـوارە بشـارنـەوە، کە کۆمـەڵگەی چینـایـەتـی لـەسـەر کێوێك لـە بـــارووتـی تـــوڕەیی و نـــاڕ□ەزایـەتـی تاکـەکـــان بـە نـایـەکســـانـی و نـادادوەری و ئـازادنـەبوونیـان وەسـتـاوە و تـەقینـەوەی بـە بـەدەسـتهێنـان و کـەڵـەکـەبـــوونـی هوشـــیـاری شۆڕشـــگێڕانـەوە بـەنـــدە و هـەر ســـات ئـەگـەری نـابووتکردنـی سیستـەمی سـەرمایـەداری وەك سیستـەمـە چینـایـەتییـەکـانـی پێش خۆی، هـەیـە و مرۆڤـایـەتـی هـەردەم ڕوو لـە پێش دەنێت و ئـەو ڕەوتـە توانـانـی ڕاگرتنـی لـە خاڵێکـدا بـەو جۆرەی کە ئیـدئۆلۆگـەکانـی سـەرمایـە پاگـەندەی دەکـەن، یا گـەڕانـەوەی بۆ دواوە، نییـە!

<u>کوردستان دوای راپەرین بۆتە دونیایەکی دووکەرتبوو لەنێوان دوو جۆر ئینسان‌و گروپدا کە شتێک نەماوە پێکەوە کۆیانبکاتەوە. یەکێکیان تەواو هەژارو نەدارو نەبووە، بەجۆرێک لەبەر هەژاریی منالّە تازەبووەکانیان لە خەستەخانەدا بەجێدەهێلّن. ئەویتریان بێئەندازە دەولّەمەندو داراو هەبووەو بەشیکی زۆری کوردستانیان کڕیوەو کردویانە بە مولّکو مالّی خۆیان. ل</u>.٣٦

وەك پێشتر وتم، نووسەران خەرمانەی پیرۆزیی ئەفسانەیی ناسیونالیزم و خەونە گڵاوەکانی دەسەڵاتخوازی بۆرجوازی بەرچاویانی وەها لێڵ کردووە، کە پێش ڕاپەڕین ئەو دوو کەرتبوونە نابینن. من ئەمەیان لە نەزانییەوە نابینم، بەڵکو بە مەبەستەوە دەیانەوێت وەها نیشان بدەن، ئەگەر ئەوەی ئەلف و بێیەك لە ڕامیاری و ئابووری بزانێت، ئەوا دەزانێت کە باری ئێستا گەشە و پێگەیینی باری پێشووە و خراپتربوون و وێرانتربوونی ئەو بارە ڕەوتی بێچەندوچوونی گەشەی سەرمادارییە لە ناوچەکەدا و ئەو مژدانەی کە ساڵانی ١٩٩١ و ١٩٩٢دا بەخەڵك دەدران، نیوسەدە لەوەوبەر بە خەڵکی فلیپین و سریلانکا دراون. کەچی لە سەرەتای هەزارەی سێیەمدا ژمارەی ژنانی لەشفرۆش و خزمەتکارە کۆچەرە ناچارەکانی فلیپین و منداڵانی کۆیلەی سریلانکا لەچاو نیوسەدە لەوەبەر لە زیادبووندایە و تاکو سەرمایەداری سیستەمی سەروەر بێت، هەژاری و ناچاری و بازرگانی سێکسی و گەدایی و چەندکاری دایك و باوکان و کاری منالان، ناچاری و سەپێنراو دەبن.

ئەوەی کە جاران لە کوردستان و عیراق هەژاری ئەو پەر و دەوڵەتمەندی ئەم پەڕ نەبوو، هۆکەی بۆ ئابووری دەوڵەتی بەرنامەڕێژ دەگەڕێتەوە (کە سەرخانی دیکتاتۆری پێداویستییەتی) نەك بۆ گەندەڵی چەند سەرتیپێك یا چاکی بەعسییەکان، کە لە پشتپەردەی واژەکانەوە ئاماژەی پێدەدرێت. بەدبەختی و دەستکورتی نووسەران لەوەدایە، کە ناتوانن گرێکوێرەی پرسەکە بدۆزنەوە و بیکەنەوە، بۆیە هانا بۆ گێڕانەوەی ڕابوردوو لە ئێستادا دەبەن. دیسانەوە ئەم ڕاوەماسییە لە لیتەی ناسیونالیزمدا، گرێدانەوەی نیئۆلیبراڵیزم و ئابووری دەوڵەتی دەخاتە بەردەمیان، کە ئەوەش خەونێکی ئەفسانەییە و مەگەر لە دوورگەی خەیاڵە ئاوەژووەکانی نووسەراندا بێتە دی!

ئەوەی کە نکۆڵی هەڵناگرێت، ڕەوتی ڕوو لە پێشی کۆمەڵگەیە و ئەم

ڕەوتە ئەگەر بە ئاراستەی باو بەرەوپێش بڕوات، ئەوا دەبێتە مامانی لەدایکبوونی نالەبارترین باری ئابووریی و کۆمەلایەتی بۆ بندەستان، لە بەرامبەریشدا هەڵچوونی قارچکئاسای تەلار و بالاخانە هەورخورێنەکان لەسەر ڕەنجخۆری و بەهرەکێشی زۆرینەی برسی و چەوساوە قوتدەبێتەوە. ئەوەی خوازیاری ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتییە، بێجگە لە لێدان لە بنەماکانی بەهرەکێشی و هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگەیەکی ناچینایەتی ڕێگەیەکی تری لەبەردەم نییە، لە بەرامبەردا هەر کەسێك خوازیاری نایەکسانی یاسایی و ڕەوایەتیدان بە نادادوەرییەك کە لەو نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت، بێت، بێجگە لە نۆکەری و دەستتێکەڵکردن لەتەك سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان، ڕێگەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نامێنێتەوە. ڕاستە ڕێگەکانی ئازادی و سەرکوت، یەکسانی و نایەکسانی، دادوەری و نادادوەری لە دووڕیانێکەوە دەستپێدەکەن، بەڵام بە ئاراستەی پێچوانە ڕێدەکەن و دوور کەوتنەوە لە هەر یەکەیان، بە گرتنەبەری ئەویتر تەواو دەبێت!

<u>نەهێستنی هەژاریی و دامەزراندنی سیستمێکی باج کە قورساییەکەی لەسەر شانی دەوڵەمەندان بێت، دەکرێت ببێتە ئامرازێکی باش بۆ گۆڕانی ئەم دۆخە.</u> ل.٣٧

کاتێك کە ئەم خاڵە دەخوێنیتەوە، پاگەندەی سەردەمی هەڵبژاردنەکان فرە ئاشکراتر خۆی نیشاندەدات. دەتوانم ئەم داخوازییە بەوە وێنا بکەم، کە کەسێك بە کەشتییەکی شکاو و بەبێ سەوڵ بیەوێت پێچەوانەی ڕەوتی ڕووبارێکەوە بەلەمەکەی بهاژوێت، کە خوازیاری گرتنەبەریەتی. دەکرێت لە هەڵبژاردنێکدا ئەمە خاڵی مانیفیستی پاگەندەی پارتێکی سۆشیال-دیمۆکرات یا چەپ بێت، بەڵام تەنیا بۆ پاگەندەی هەڵبژاردن و بەس، چونکە هەرگیز ناکرێت خاڵی سەرەکی

مانیفێستی ڕێگەچارەی قسەگەرانی نیئۆلیبرالیزم بێت لە کوردستان. زیادکردنی باج لەسەر دەوڵەتمەندان، لێدانە لە ئامانج و بەرنامەی ئەو باند و کۆمپانیانەی، کە لەشکرەکانیان بە خەونی نووسەرانی بۆرجوازی کورد بۆ پارێزگاری و ڕزگارکردنی کوردستان هاتوون!

ئەگەر ئاوا دەتوانن جادوو لە شاگردەکانیان لە زانکۆکاندا لەناو وردەبۆرجواکاندا بکەن، هەرواش بتوانن داوای قەرزی بێ سوود و بێمەرجی ملکەچی بۆ بەندەکانیان لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی و سەرلەشکرانیان، بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و بردنەپێشەوەی پرۆژەکەیان بکەن، شایانی دەستخۆشانە و ئافەرینە. بەڵام کۆکردنەوەی دێمۆکراتی نوێنەرایەتی و بازارئازاد و دانانی باجی زۆر لە سەر سەرمایە و کۆمپانییەکان، پێچەوانەی پایە سەرەکییەکانی نیئۆلیبرالیزمە و ئەگەر بڕیارە سیستەمی بۆرجوازی لە کوردستاندا یا لە ئەفگانستاندا ئەزموونگیری لە پێشڕەوانی سیستەمەکە و ئازادکردنی بازار لە ئەوروپا و ئەمەریکا وەربگرن، ئەوا خواستی دانانی باجی زۆر لەسەر کۆمپانییەکان و سەرمایەکان لەژێر چاوەدێری چەکمەی ئاسنینی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی و ئەمەریکا و ئەوروپای یەکگرتوو، یا زیندووکردنەوەی سیستەمی سەرمایەداری دەوڵەتییە، کە ئەمە ئەستەمە و ئاوەزنایگرێت، یا وتنەوەی پوچگەراییە!

دواجار پێویستە ئەوە بیری نووسەران بخەمەوە، پاگەندەی بێبنەمای هەڵبژاردنیی [زیادکردنی باج یا دانانی باجی زۆر لەسەر دەوڵەتمەندان] نەك تەنیا دژی جیهانداگیری بازارئازادە و لێدانە لە پایە ئابوورییەکانی نیئۆلیبرالیزم، بەڵکو خۆبەخۆ خەریکن دروشمی پارتە چەپەکان بەرز دەکەنەوە و ئەگەر بەڕاستییان بێت، ئەوا خەریکی نوژەنکردنەوەی ڕۆڵی ناوەندیی دەوڵەت و سەرمایەداریی دەوڵەتین. هەر ئەم بۆچوون و پێشنیارە لە دەمی وەرشکستەبوونی

بانکەکاندا لەلایەن هەندێك ئابووریناسەوە پێشنیار کران و نەیارانی ناویان نان، گەڕانەوە بۆ بنەما ئابوورییەکانی مارکسیزم، ئەو ئایدیلۆژیایەی کە نووسەران دوو دەهەیە، بە هەموو شێوەیەك و ڕەوا و ناڕەوا لە ڕوانگەی نیئۆلیبراڵیزمەوە پلاری تێدەگرن و بۆ لابردنی گلاویی ڕابوردووی چەپێتیان، خەرکین خۆیان لە گڵی نیئۆلیبراڵیزم دەسوون.

ئەگەر نووسەران لەسەر ئەم بۆچوونەیان زۆر پێداگری بکەن و پەیگیر بن، بە بڕوای من دوو ڕێگە زیاتریان لەبەردەمدا نییە: سیستەمی ئابووریی ئیسلامی، کە پشت بە بانکی دەوڵەتی و قەرزی خێریی دەبەستێت، یا سیستەمی بەرنامەڕێژیی ئابووریی لە مۆدێلەکەی چاڤێز و بەڕازیل و کوبا، کە بە ڕەچەڵەك بۆلشەڤیکییە و لە هەردوو بارەکەدا پێویستە نووسەران و دەوڵەتە باشە ئەفسانەییەکەیان لێهاتوویی و بەرگەگری هێرش و سزاکانی بازارئازادی نیئۆلیبراڵیزم و سەرلەشکری ئەمەریکا بگرن و بە پێخۆشبوونەوە نێوی خۆیان لە لیستی "نادێمۆکرات" و "تێرۆریست" و "دژە مافی مرۆڤ"دا تۆمار بکەن!

<u>سێهەم: گرنگی لەدایکبوونی دیدێکی دیکە بۆ سیاسەتو پێداویستی لەدایکبوونی نوخبەیەکی سیاسی نوێ</u> ل.٣٨

کاتێك ئەم سەردێڕە یا سەربابەتە دەخوێنیتەوە، بێ سێ و دوو دەگەڕێیتەوە سەر ناوەندە جهیانییەکانی بنکە لە ئەمەریکا، کە ساڵانە چەندین ملیارد دۆلار خەرجی ڕاکێشانی لاوان لە وڵاتانی جیهاندا بۆ بەشداری لە ڕامیاریی باو و بەشداری لە دەنگدانەکان و هەڵبژاردنەکاندا دەکەن. لە بەرامبەریشدا ئەگەر سەرنجی بەشداریکردنی خەڵکی لە دەنگدانەکان لەم سەر تا ئەو سەری دونیادا بدەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە لە چەند ساڵی ڕابوردوودا

بەڕێژەیەکی بەرچاو بەشداری و هۆگری خەڵك بۆ دەنگدانەکان گۆڕینی ئەم لیست بەو لیست، ڕووی لە کەمی و هاتنەخوارەوە کردووە و هەر ئەمەیە، کە نووسەرانی دەستەبژێرخواز و بەرتەریخوازی هەراسان کردووە و بۆ ئەم مەبەستە کەوتوونەتە خۆ و دەخوازن بە گۆڕینی دەموچاوەکان، مژدەی داهاتوویەکی گەش بدەن.

نووسەران زۆر بە وریاییەوە، خەریکی مامەخەمەیی و هەوڵی ڕزگاکردنی دەسەڵات لە چوونە-ژێرپرسیارن، نەك دەسەڵاتداران، بۆیە دەیانەوێت بە تاوانبارکردنی فلان لێپرساو و دەسەڵاتدار بە نەخوێندەواری و نەزانی و نەشارەزایی، دەسەڵات و سەروەری وەك سەرچاوەی گەندەڵی و ستەم و بێرێزی بە مرۆڤ لە ژێرپرسیار ڕزگار بکەن و دەستەبژێرێکی دیکە، بکەنە هەتوانی زامەکان.

لەدایکبوونی ڕوانگەیەکی نوێی ڕامیاریی یا ڕوانگەیەکی خۆشباوەڕانە بە ڕامیاریی باو و باڵادەست؟ ئەگەر لەمە بوگزەرێین، ئەوا دەبێت لە خۆمان بپرسین، ئایا گرفت لە کۆنبوونی دەستەبژێری ڕامیارییدایە یا لە خودی هەبوونی دەستەبژێرەکاندا؟ مەگەر دەستەبژێرکردن و پلەبەندی مرۆڤەکان و پێبەخشینی پلەوپایەی نابەرابەر، سەرچاوەی هەموو نادادوەرییەکی کۆمەڵایەتی نین، ئیتر کارکردن بۆ قوتکردنەوەی دەستەبژێرێکی دیکە لە پای چییە و بێجگە لە زیادکردنی نەهامەتی و نادادوەری و گەندەڵی و پشێوی کۆمەڵایەتی چی دیکە بەرهەم دەهێنیت؟

١-<u>دزێوی ماناکانی سیاسەت لە کوردستاندا</u> ل.٣٨

ئەوەی لە کوردستان خەڵك ڕامیاری بە درۆکردن و خەڵەتاندن و پەردەپۆشکردنی ڕاستییەکان تێدەگات، بە پێچەوانەی ئاراستە و

تێگەییشتن و ئەو ئامانجانەی کە نووسەران لە پێناویدا خۆڵ دەکەنە چاوی خەڵك، نیشانەی تێگەییشتنی دروست و کەتواربینیی و هوشیاربوونەوەی خەڵکە. چونکە ڕامیاری (یاری ڕامکردن) وەك ئەزموونی خەڵك لە کۆمەڵێك پارتی جۆراوجۆر لە ڕاستەوە بۆ چەپ و ناسینی کۆمەڵێك بزاڤی چەکداریی لە ماوەی زیاتر لە نیوسەدەدا، هەروەها دەرکەوتنی دیوی ڕاستەقینەی دێوجامەی دەسەڵاتی نەتەوەیی و پراکتیزەبوونی دیوی کەتواریی بەڵێنەکانی شاخ و ئاشکرابوونی دەستی سەرانی بۆرجوازی کورد، دەریخست، کە ڕامیاریی دەستەبژێرەکان بێجگە لە فریودانی خەڵکی، هیچیتر نییە. ئەوەی نووسەران هەوڵی بۆ دەدەن بەرگرتنی خۆرە بە بێژنگ. ئەزموونەکانی ئەوروپای خۆراوایی و وڵاتانی جیاوەبووی بلۆکی خۆرهەڵاتی و ئەمەریکای لاتین و ئەفریکا ئەوە نیشان دەدەن، کە ئەو جۆرە هەوڵانە کە ساڵانێکە ناوەندە جیهانییە پەیوەندیدارەکان بە هاندانی لاوان و خەڵك بەگشتی بەنێوی "ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی" بۆ بەشداری لە گەمە داخراوە بێسەرەنجامەکانی هەڵبژاردنە پارلەمانییەکان و دەنگداندا، نەیتوانیوە ئەو کاراییەی هەبێت، لە بەرامبەردا ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵك لە بازنەی داخراوی ئەو گەمە جادووییەدا دەردەچێت و خۆی ڕزگار دەکات و لە دەرەوەی ئەو بازنە بۆ چارەسەرەکان دەگەڕێت. ئەگەر سەرنجی هەڵبژاردنەکانی دوو ساڵی ڕابوردووی عیراق و کوردستان بدەین، ڕاستی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە خەڵکی دەنگی لە پارتە جێکەوتەکان سەندەوە و دەنگیان بە لیستێکی تردا، بەڵام لە ماوەیەکی کەمتر لە ساڵێکدا دەنگدەران بۆیان دەرکەوت، کە سەرانی ئەو لیستەش شاگردانی کەسانێکن، کە دەنگدەران لێیان تەکیونەتەوە.

<u>بگرە هەوڵدراوە ئەو قەناعەتە لای خەڵك بچەسپێنێت کە ئەمە سروشتی ڕاستەقینە سیاسەتە، بەشێوەیەك گەر خەڵکیی درۆو فێڵی سیاسییەکان دۆزیەوە، بەسروشتیی بزانن و وەك یەکێك لەڕێساکانی</u>

سیاســـەت تەماشـــای بکەن کە شـــایەنی راوەســـتانو رەخنەکـــردنو رەدکردنەوە نیە. ل ٣٨

پـــوخت و پـــاك ڕامیـــاریی بۆرجـــوازی هەر ئەوەیە، کە دەســـەڵاتدارانی هەرێمـی کوردسـتان پێیهەڵدەسـتن و بە بەکـاربردنی باشـترین شـێواز و کاراترین ئامراز بۆ فریوکاری خەڵك کاری لەسـەر دەکەن. ئەمەش تەنیا لە پێنـاو مـانەوەیە لە دەسـەڵاتدا و مسۆگەرکردنی مشەخۆرییە بەسـەر کۆمەڵگە و تـاکە بێدەسـەڵاتەکانەوە، کە بە کـورتی دەکـاتە بەردەوامـی چەوساندنەوەی چینایەتی بە نرخـی کۆیلایەتی زۆرینەیەکـی فریـودراو، کە ئەمەش پێویستی بە ڕامکاری دەستەبژێری نوێ و لێزانتر هەیە.

بەڕای من، جارێکی دیکە فێڵکـردنەوە لە خەڵك و خۆشباوەڕکردنەوەیان بەوەی کە ڕامیـاریی بۆرجـوازی دەتـوانێت شـتێکی دیکـە بێـت، ئەوپەڕی فریوکـاری و درۆکـردنە لەتەك کەسـانێك کە هێشـتا ڕاران و بەتەواوی لەوە هوشـــیار نەبـــوونەتەوە، کە دەســـەڵاتداری جەنڕاڵێـــك بێـــت یـــا فیلۆســـۆفێك، تەنیـــا دەتـــوانێت لەســـەر پـــایەی چەوســـاندنەوە و کۆیلەڕاگرتنی تـاك بـۆ سـەروەری داراکـان و میرزاکانیـان ڕاوەستابێت و هیچ جیاوازییەکیان نییە و مەرجـی پایەداربوونیـان کۆیلەمـانەوەی تـاکە بـــۆ ســـەروەرییان. ئەگەر ڕامیـــاری ئەوە نییە، کە خەڵـــك بە هەزاران قوربـــانی و بەدبەخـــتی و ئاوارەیـــی و برسـیەتی و زینـدان، ئەزمـوونی کـــردووە، ئەدی کـــامەیە؟ چ بەڵگە و ســـەلمێنداوێك هەیە، کە پاڵپشـــتی مژدە و پاگەنـدە بێینەماکـانی نووسـەران بکـات؟ چ بەڵگە و متمـانەیەك هەیە و دەتـوانێت پاڵپشـتی ڕاسـتگۆیی و جیـاوازی گەمە رامیـارییەکەی ئەوان و ئەوانـــی دیکەی بەر لە خۆیـــان بکـــات؟ چـۆن بـڕوا بکەیـن، کە دەستەبژێری تـازە، وەك دەستەبژیری کۆن و مۆدێل بەسـەرچوو کەڵبەی نانێتەوە جەستەی کۆمەڵگە؟ ئەگەر چی، ئەم پاگەنـدانە، لە گۆشـەکانی دونیادا کەم نین و سەدان جـار تـاقی کـراونەتەوە و سـەریان لە هەمـان

گەنـــدڵییەوە دەرچـــووە، ئایـــا نووســـەران لـە دونیـــادا نمـــوونەیەك لـە دەسـتـەبژێری نـاگەنـدەڵ و نـاسـەركوتگەر و نـادرۆزن و نـاخـەڵكیی شـك دەبەن، بیخـەنە بەرچاوی ئێمەی خوێنـەر؟

بەپێچەوانەی ئەم تێگەیشتنە ناڕاستو باوەی سیاسەتەوە لای نوخبەی سیاسـی باڵادەسـت لـە كوردسـتاندا ریفـۆرمی سیاسـی لـە كوردسـتاندا پێویستی بە بەرهەمهێنـانی دیـدێكی دیكە نـۆ سیاسـەت هەیە، دیـدێك سیاســەت وەك هــونەری بەرزكــردنەوەی بەردەوامــی ئاســتی ژیــانو پێشخستنی كۆمەڵگاو پاراستنی هاوسەنگی كۆمەلایەتیو گەشـ□دان بە دونیای مادیو نامادی ئینسانەكان وێنادەكات. ل.٣٩

نووســـەران دەكەونەوە پیاهەڵـــدانی بێبنەمـــا و ڕێزكردنــــی واژەی خۆشـخـەیاڵگەر بە سیستـەمی نـادادوەری چینـایەتی، بەڵام لـە سـەراپای بەرنامە ناڕاستەوخۆ هاندەرەكەیاندا بۆ دەنگدان بە (لیستی شاگردانی جەنەڕاڵی تاوان)، تـاكە نموونـەیەك لـە دونیای كەتواریدا نـاخـەنە ڕوو، كە ڕامیـــاری پێچەوانەی ئەوەی كە خەڵـــك تێیگەیشـــتووە و دەركـــی كردووە، ڕوویدابێت و ڕووبدات یا لایەنیكەم بەو ئاراستە ڕێـی كردبێت و بكات. لـە دونیای دەرەوەی درۆ و فڕوفێڵـی ڕامیاران و شـاگرد- فیلۆسـۆفە ڕاوێژكارەكانیانـــدا ئەوەی دەتـــوانین، بیـــبینین، هەســـتی پێبكەیـــن، بیبیستین و وەبیـری خۆمـانی بهێننەوە و بەراوردی بكەیـن، ڕامیـاری و كایەكـانی پارلـەمـان، گەمەیەكـی سەرلێشـێوێنەری فریوكـارانەیە، كە بەردەوام نەوە لە دوای نەوە دەســــــەڵاتخوازان و ڕاوێژكارانیــــــــان هەوڵـدەدەن پێنـاسـە و ڕوخسـارێكی تـری خۆشـباوەڕگەری پێببەخشـن. مێـژوو بێجگە لـەم وانـە هەزاربـارە بـووە زیـاتر، شـتێكی ترمـان نـاخـاتـە بەردەست!

ئەوەی مـن لـەم ڕسـتانـەدا دەیـبینم، دەربڕینـــی ئەو وتەیە كە خەڵكـــی

بێدەسەڵات و ستەمدیدە بە"مێگەل" دەزانێت، هەر وەك چۆن دەسەڵاتداران وەها مامەڵەیان لەتەك زۆرینەی کۆمەڵگەدا کردووە و دەکەن. ئەم چوار نووسەرە هەمان مامەڵە لەتەك ئاوەز و هەست و نەستی خەڵك دەکەن و پێیانوایە دەتوانن، وا بە ئاسانی تا سەر خەڵك لە خەواڵوویی و فریودا ڕابگرن. ئەگەر وا نییە، ئەم درۆ و ئاوەژووکردنەوەیەی ڕامیاری(کە واتای واژەکە دەکاتە یاری یا گەمەی ڕامکردن، ڕامکردن، دەستەمۆکردن، لەخشتەبردن، بارهێنان بەو جۆرەی کە دەخوازی، فێڵ) لە پای چییە و هاندەری وەها هەوڵێکی فریودەرانە چییە؟ چ بەڵگە و پاساوێك هەیە، کە بۆ ئێمەی خوێنەر بسەلمێنێت، زۆرینەیەك بە کردەوە بەو دەرەنجامە گەیشتووە، کە ڕامیاری، کایەیەکی درۆزنانەیە، خراپ و چەوت تێگەیشتووە و لە بەرامبەردا چوار ڕدێنسپی دەسەلات و سەروەری چینایەتی دروست لەوە گەیشتوون، ئایا هیچ بەڵگەیەکیان بۆ سەلماندنی ئەوە هەیە؟

<u>لە سەرووی هەمووو ئەمانەش□ەوە، سیاسەت مانای پاراستنو گەورەکردنی مانا ستراتیژییەکانی متمانەو ئاسایشی کۆمەڵایەتییە، لە ڕێگای دۆزینەوەی هاوکێشەیەکی یاساییو ئەخلاقیو ئەخلاقی گونجاوەوە لەنێوان ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیەو حوکمدەکەن، لەگەڵ ئەوانەدا کە حوکمیان بەسەردادەکرێت. هەروەهالەنێوان ئەو هێزو لایەنە جیاوازانەدا کە لە ساتەوەختێکی مێژوویی دیاریکراودا وەک گەمەکەری سیاسی بە ئایدیلۆژیاو بیرکردنەوە جیاوازەوە ئامادەنو کاردەکەن</u>. ل.٣٩

ئەگەر خوێنەر بە وردی ئەم دەستەواژانە بخوێنێتەوە، بۆی دەردەکەوێت، تەنیا لە بەیاساییکردنی کۆیلەتی و گەندەڵکردنی مۆراڵی خەڵك، دەسەڵاتداران بەو ئامانجە دەگەن، کە فەرماندەر و فەرمانبەسەرداکراو لە دوولای هاوکێشەیەکی یەکسان و هاوئاراستەدا

یەکبگرنەوە. ڕێك ئەوەی کە بە ڕامیاریی هەڵپە و مۆنۆپۆلکردن لە سایەی بەرنامەی خاوەن جیهانبینییەکاندا بۆ تایبەتیکردنەوەی کەرتە گشتی و دەوڵەتییەکان، بەشێك لە خەڵك بەتێکەوتن و سوڕانەوە لە بازنەی گەندەڵی و داواکاری بەشی یەکسان لە تالان و دزینی سامانی کۆمەڵگەدا، بوونەتە بەشێك لە سیستەمەکە و پارێزەری، ئەمە ئەو ڕامیارییەیە، کە نووسەران بەتەمان لە هاوکێشەیەکی یەکساندا ڕاییگرن و پیادەی بکەن، ئیتر نازانم ڕەخنەیان لە دەسەڵاتداران بێجگە لە داواکاردنی بەشی زیاتر لەو گەندەڵییە، چییە؟

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین، نووسەران بە شاردنەوەی مەبەستیان لە ژێر کۆمەڵێك دەستەواژەدا دەڵێن، ڕامیاری لە ڕێگەی دۆزینەوەی هاوکێشەی یاسایی و مۆڕاڵی، واتای دابینکردنی متمانە و ئاسایشی کۆمەڵایەتییە! ئاسایشی کۆمەڵایەتی و هاوکێشەی متمانە لە نێوان دەسەڵاتداران و دەسەڵاتبەسەرداکراوان چییە؟ مەگەر هەر ئەو درۆ و فریودانە نییە، کە خەڵکی بە ئەزموون و کردەوە پێیگەیشتووە؟ مەگەر ڕامکردنی خەڵك لە بازنەکانی دەسەڵات و بێدەنگکردنیان نییە، کە دەکاتە ئاسایشی سەرمایەداران و سەروەران؟ ئایا هیچ لۆجیکێك هەیە، پاڵپشتی وەها گریمانەیەك بکات، کە ڕامیاری بە پشتبەستن بە ڕاستگۆیی و ئاوەزگیریی، دەتوانێت بەشخورا و بەشخۆر، سەرکوتکراو و سەرکوتگەر، خزمەتگەر و خزمەتدز، بەرهەمهێنەر و بەرهەمدز، لە هاوکێشەیەکی یەکسان و دادپەروەرانەی کۆمەڵایەتیدا کۆبکاتەوە و سەربانی ئەو پێکهاتەیەش ئاسایشی کۆمەڵایەتی ڕاگیراو بێت لەسەر چواردیواریی کیشمەکێشی دەسەڵاتخوازی پارتەکان و بەرتەریخوازی دەستەبژێرەکان؟؟؟؟

<u>دەموچاوە سیاسییەکان بە خێراییەکی ڕێژەیی بگۆڕێن، وانەبێت سی ساڵ یا چل ساڵ یەک کەسو یەک گروپو یەک نوخبەی نەگۆڕ هەموو</u>

ئامرازەکانی دەسەڵاتیان لەبەردەستابێتو ئاسۆیەک نەبێت بۆ بۆ جێگرتنەوەو گۆڕانیان. ل.٤٠

نووسەران هیچ سڵ لەوە ناکەنەوە کە بڵێین بە گۆڕینی دەموچاوەکان زوو زوو خەڵك فریوبدەن. کاتێك کە سەرنجی ئەم تێڕوانینە ڕواڵەتییە لە سروشتی دەسەڵات و ڕۆڵی ڕامیاری و پێداویستی ئۆپۆزسیۆنی بەشخوازی ناوپارلەمان دەدەین، لنگەوقوچ تێگەیشتن لە سەرچاوە و بنۆسی گرفت و کێشەکان بەرچاو دەکەوێت. نووسەران دەخوازن بە گۆڕینی ڕیژەیی چەند ساڵ جارێکی دەموچاوەکان، گرفتەکان چارەسەر بکەن. ئایا ئەمە ناکاتەوە گەمە ڕێویانەکەی پێشووتر، کە ڕاگرتنی خەڵکە لە چاوەڕوانیدا، "دەی با بزانین ئەمەیان چی دەڵێت و چی پێیە"، "با ئەمەش تاقی بکەینەوە" ...؟ ئایا ئەمە هەر ئەو گەمەیە نییە، کە سەروەر و دەستەبژێرە ئەمەریکی و بریتانی و فەرەنسییەکان چەند سەدەیەکە تاقی دەکەنەوە؛ لە دێمۆکراتەوە بۆ کۆماری و لە کۆمارییەوە بۆ دێمۆکرات، ئەگەر پێویستیشی کرد، بەپێی بارودۆخ و شوێن، لیبراڵ و چەپیشی تێدەکەن و بەپێی ڕیژەی خواستراوی زۆرینە بۆ فەرمانڕەوایەتی، هاوپەیمانی لە گەورە و گچکە یا گەورە و گەورە دروست دەکەن؟

نووسەران خۆیان لەوە نائاگا دەکەن، ئەو دز و مشەخۆرانەی کە چەند ساڵ جارێك دەگۆڕدرێن، پێشتر بەپێی پرۆژە و ئامارگیری ناوەندە هاندەرەکان بۆ بەشداری لە دەنگدان، کاندیدە سەرەکییەکانی پارتە گەورەکان لە ماسمیدیادا بەرجەستە دەکرێن و دەکەونە بزواندنی سۆزداری تاکەکان بۆ شتگەلی وەك ئایینداری و نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەرستی و زۆر خۆشباوەڕیی بۆگەنتر. ئەمە بێجگە لە بڕوانامە و ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتی خێزانیی کاندیدەکان!!

لە کوردستاندا پەیوەندی خەڵک لەگەڵ نوخبەی سیاسی باڵادەستدا لەسەر ترس، بێبڕوایی، لێپرسینەوە، ملکەچیو درۆکردن دروستبووە. سیاسەت لە کوردستاندا هێشتا گەمەی ڕیزبەندکردنی مرۆڤە بەپێی گەورەو بچوکی، هونەری پۆلێنی مرۆڤە لە بەرزەوە بۆ نزم، لە ڕێزدارەوە بۆ بێڕێزو لە گوێڕایەڵەوە بۆ بیگوێو ئاژاوەچی. ل.٤١

نووسەران ڕەخنەیان لە ڕامیاری لە کوردستان هەیە، کە خەڵك بۆ گەورە و بچووك، ناودار و بێناو پۆلێن دەکات، باشە ئەگەر ئەم ڕەخنەیە پەیگیر و ڕاستگۆیانەیە، ئیتر شیوەنی نووسەرانی خۆ بە دەستەبژێرزان و فیلۆسۆفانی ئاخرزەمان لە پای چییە، کە دەخوازن دەستەبژێرێکی دیکە جێی ئەوانەی ئێستا بگرێتەوە، کە لە پلەی یەکەمدا خۆیان یا کەسانێك کە بەرژەوەندی ئەوان باشتر مسۆگەر دەکات، لەبەرچاو دەگرن. مەگەر دەستەبژێری و بەرتەریدان بە کەسێك یا کۆمەلێك لەبەر نووسەربوون و هونەرمەندبوون و کۆنە پیشمەرگەبوون، بە زەوی وەرگرتن و موچەی تایبەت و خەرجی هاتوچۆی دەرەوە و ناوەوە و زۆر شتی تر، بەشێکی بەرچاوی ئەو گەندەڵی و جیاوازکاری و فریودانە نییە، کە دەسەڵاتداران لە پێناو مانەوەی خۆیاندا ئەنجامی دەدەن؟ ئایا نووسەران ڕەخنەیان لەم لایەنەی گەندەڵی و دەستەبژێرگەری هەیە، یا هەر مامری هاوسێکەیان پێی پیسە؟

ئەوە تەنیا ڕامیاری جێکەوتوو لە کوردستاندا نییە، کە مرۆڤەکان بە پۆزەتیڤ و نیگەتیڤ پۆلین دەکات، بەڵکو ئەوە ڕوانگەی سەروەری و دەستەبژێرییە، ئەوە ڕەوایەتیدان بە نایەکسانی ئابووریی و کۆمەڵایەتییە، کە مرۆڤەکان پۆلین دەکات. کاتێك کە پێتوابێت سەروەر و بندەست، هەژار و دەوڵەمەند، زانا و نەزان، ڕۆشنبیر و تاریکبیر، سروشتی و پێداویستی کۆمەڵگەن و ڕێژە و هاوکێشەیەکی نەگۆڕن و بۆ

ئاشــکردنەوەی یـــا ڕاگرتنـــی دوولای هاوکێشـــەکە پێویســـتمان بـــە میانجیگەری ڕامیاران و فیلۆسۆفان هەیـە و پرسێکی نـەگۆڕە، خـود بـە خود خـەریکیت خـەڵك بۆ ملکـەچی و ملدان بـەو پۆلێنـە بـانگـەواز دەکـەی و بـەوە گۆشیان دەکـەیت، کـە بیر لـە گۆڕین نـەکـەنـەوە و ئـەمـە چارەنووسـە و باشتره هەوڵی پارانەوە و ڕێزگرتن لـە یاسای کۆیلـەتیان بـدەن، باشـترە کەسانێکی دیکە بکەنە شوانەی خۆیان!

نوخبەی سیاسی کوردی یەکێکە لە نوخبە هەرە نەخوێندەوارەکانی ناو کۆمەڵگـــای ئێمە، نـــوخبەیەکە نە ڕۆشـــنبیری سیاســـی هەیە، نە ڕۆشـــنبیری گشتیشـــــی هەیە، نە ئەو هەســـــتە عەمەلیەشـــــی هەیەکەپیش□گەورەکانی دیکە لە کۆمەڵگای کوردیدا هەیانە، هەندێک لە
قســەکەرانی ئەم نــوخبە سیاســیە بە چەشــنێک بێــزراوەو بێزمـــانو نائاگان، هەندێکیان کە بۆ میدیا بێگانەکان قسە دەکەن هەموو ئابـڕووی نەتەوەیی ئێمە دەخەنە مەترسییەوە. ل.٤٢

وتـەیـەکـی پێشـینان هـەیـە، کـە دەڵێت "کـورد بـدوێنـە و خـۆی باسـی خـۆی دەکات"، ئەوەتا نووسەران لـەسەر هـەمـان شێوازی گێل و نـەزانزابینینـی خـەڵکی نـەخوێنـدەوار، پێیـانوایـە ڕامیـاریکردن دەتـوانێت تـەنیـا بـەهـرەی خوێندەواران و ڕۆشنبیران بێت، ئەمەش بۆ سەرچاوەی بە مێگەلزانینـی خـەڵکـــی نـەخوێنـــدەوار و بێبڕوانـــامـە دەگـەڕێتـەوە. ئـەم تێـــڕوانینـە لوتبەرزانەیەی نووسەرانی کورد بەتـایبەت ئەوانەی دەستەبژێرکراون و بـوونـەتـە میرزای دەسـەڵاتداران و دەسـەڵاتخوازان هێنـدە شـەرمئاوەرە و قێــزەونـە، کـە مرۆڤـی ئازادیخــواز کــاس دەکــات. بــۆ ئـەوەی نــاوەڕۆکی پاگەندەی فریودەرانەی نووسەران دەرکەوێت، هەر هێندە بەسە، مرۆڤ وشە ڕێزکراوەکـانی وەك مـافی خـەڵك و یـەکسـانی و دادپـەروەری لـەتـەك ڕوانگـەی هـەڵاواردنـدنی خـەڵـك بـۆ زانـا و نـەزان، شـارەزا و نـەشـارەزا،

ڕۆشنبیر و تاریکبیر، خوێنەدوار و نەخوێندەوار و لەوێوە مافپێدانیان و دیاریکردنیان بە فەرمانڕەوا و فەرمانبەر، بەراورد بکات. ئەم دووڕوویە تەمەنکورتە، لە کاری ئەو درۆزنانە دەچێت، کە شارەزایی هونەری درۆکردن نین و پاش ڕستەیەك، ڕستەی پێشووی خۆیان لەبیر دەکەن.

ئەگەر بە پێوەرەکەی نووسەران، خوێندەوار و ڕۆشنبیر بۆ دەسەڵات و فەرمانداران، نەخوێندەواریش بۆ ژێردەستی و فەرمانبردن، هاوکێشەکە شیتەڵ بکەم، ئەوا مافی مرۆڤی کورد یا ماف و دادپەروەری بۆ تاکی کورد[ ئەگەر لەوە بگوزەرێین، کە کوردستان ناکوردیشی تێدا دەژین و شایستەی هەمان ماف و دادپەروەرییەن]، ئەوا دەتوانین ئەو مافە بە ئاستی ئەو مافانە بەراورد بکەین، کە تاکی ئەوروپی بە ئاژەڵە ماڵییەکان (دەستەمۆکان)ی خۆیان ڕەوا دەبینن، واتە دەبێت مرۆڤ لە ڕێوشوێنی بەرزی خودسازی خۆیەوە، بەزەیی بە سەگ و پشیلەکانیدا بێتەوە، هەر بەو جۆرەش نووسەرانی خۆ بەخواکردوو، لە پایەبەرزی خۆیانەوە هەلی کارکردن و مافی نیشتەجێبوون و پۆشاکپۆشین و مسۆگەری خواردن و خواردنەوە و دەرمان و هەتوان بە خەڵکی نەخوێندەوار و فەرمانبەسەرداکراو ڕەوا دەبینن، بە مەرجێك وەکو سەگ و پشیلەکانی ئەوروپا بەردەوام دەستوپێی بەزەییداران بلێسنەوە.

ئەگەر نووسەران چاوی خۆیان بکەنەوە، لایەنیکەم لە هەندێك شوێنی کوردستاندا کە بە قۆناخی خێلایەتیدا تێنەپەڕیون و زوو نیشتەجێ بوون، مرۆڤایەتی مرۆڤ و ڕێزی مرۆڤ و مافی مرۆڤ و یەکسانی و ئازادی و دادپەوەروەری مرۆڤ بەراورد بە دیموکراترین وڵاتانێك کە نووسەران خەونیان پێوەدەبینن، مرۆڤ ئاسوودەتر و بەڕێزتر و بەنرختر بووە و ژیاوە! لەناو خەڵکی نەخوێندەوار و ساکاری جاران ڕێز و خۆشەویستی و پاکی بەراورد لەتەك کۆڕوکۆمەڵی ئەوانەی بە ڕۆشنبیر و ڕامیار ناسراون، زیاتر و مرۆیانەتر و بەرچاوتر بووە. چونکە لەوێدا

پێناوی خەڵەتاندنی خەڵك و فەرماندان بەسەر خەڵك و پۆلێنکردنی خەڵك کەمتر بووە. نەك لە کۆمەڵگەکانی جاران و پێش زاڵبوونی بۆرجوازی، تەنانەت ئەگەر لە ئێستاشدا بەراوردی مۆڕاڵی و مرۆیی و ڕاستگۆیی لە نێوان خوێندەوار و نەخوێندەوار، ڕامیار و ناڕامیار، "ڕۆشنبیر" و "ناڕۆشنبیر" و بە کورتی ئەوانەی کە خۆیان لە سەرووی خەڵکەوە دەبینن، بکەین، ئەوا تای تەرازوو بەلای ڕاستگۆیی و پاکی و مۆرالدروستی و مرۆڤایەتی نەخوێندەوار و ناڕامیارەکاندا دەشکێتەوە. نەك هەر شەرمە کەسێك مرۆڤەکان بەوجۆرە؛ نەخوندەوار و ناڕامیار و ئەوەی پێیدەڵێن "نا ڕۆشنبیر"، پۆلێن بکات، بەڵکو شەرمە مرۆڤ لە ئاستی وەها سوکایەتییەکدا بێدەنگە هەڵبژێرێت. بە بۆچوونی من دەستی قەڵێشاوی جوتیارێکی نەخوێندەوار، کە بێجگە لە ژەمێك زکتێری و ئاساییش و سەرپەنایەکی گونجاو و پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی دوور لە درۆ، خەیاڵێکی دیکەی نییە، لە تاجی سەری سەروەران و پلەی ئەکادێمی "ڕۆشنبیران" و پلانی دەسەڵاتخوازی و سەروەری یاساکەیان و دێمۆکراسییەکەیان و ئاڵاکەیان بەڕێزتر و پڕ شانازیترە!

بە پێچەوانەوە، دەسەڵاتداران بریتین لە ساختەچییە ڕامیار و ڕۆشنبیر و خوێندەوارەکان. چونکە تا خوێندن (خوێندنی دەسەڵاتگەرایانە) لە کوردستاندا برەوی نەسەندبوو، ساختەچی وەك ڕامیاران و ڕۆشنبیرانی ئەمڕۆ کەمبوون یا هەر نەبوون! پێویستە نووسەران ئەوە بزانن، کە ساختەچییانی ئەمڕۆ پەروەردەی فێرگەکانی بۆرجوازین و لە پۆلەکانی ناسیونالیزم و دێمۆکراسی پارلەمانیدا پەروەردە بوون و هاوشان و هاوچینی دێمۆکراتێکی وەك (جۆرج بوشی کوڕن)!

<u>بەلام بوون بە سیاسی لە کوردستاندا وایلێهاتوە پێویستی بە هیچ بەهرەو هونەرێک نییە ....ئەوەی کەسێک پێویستیەتی بۆ بۆئەوەی ببێت</u>

بە سیاسییەکی ناودار، تەنیا نزیکی یا دوورییە لەم یان لەو سەرکردەی سیاسی، لەم یا لەو باڵی ناو حیزب، لەم یا لەو خێزان و بنەماڵە. ل.٤٢

نووسەران ئەوە نادیدە دەگرن، کە ئامانج و هاندەری ڕامیارەکان یا ڕامیارییبوون لە گەمەی پارلەمان و سەروەریدا، گەییشتنە بە دەسەڵات و دەسەڵاتداربوون و پاراستنی ڕێوشوێنی دەسەڵات، پێویستی بە تێکشکاندنی مۆڕاڵی مرۆیی خەڵکە، بەکوشتدانی خەڵك و فریودانی خەڵکە، هەر ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی کوردستان دەیکەن، بە وردی و دروستی ڕامیارییە، ڕامیارییەك کە لە ئەنجامی تێکشکانی بەرەی ئازادیخوازی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان و بەدەسەڵاتگەیشتنی ڕۆشنبیرەکان [نموونە تێکشکانی کۆمونەی پاریس و گەڕانەوەی سەروەری چینایەتی بۆرجوازی] بۆ نێو ژیانی ئەمڕۆمان شۆڕبووەتەوە، ئەوەیە کە نووسەران دەخوازن بە پیرۆزڕاگرتنی پاپۆڕە شەق و شڕەکەی لە کوردستان لە نوقمبوون و تەکینەوەی خەڵکی ڕزگاری بکەن و جێی خاڵی ئایینە بەسەرچووەکانی لە ژیانی خەڵکدا پێ پڕ بکەنەوە!

ئەوە کامە هونەرە، بێجگە لە کۆمەڵێك بەڵێندانی پێش هەڵبژاردن و کردەییکردنی کۆمەڵێك ڕیفۆرم لە بەرژەوەندی سەرمایەداران و لێسەندەنەوە و دابەزاندنی ئاستی ژیانی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە، کە ڕامیاران لەسەر بنەمای گەمەیەك، کە نووسەران خەڵکی بۆ فرودەدەن، پێیهەڵدەستن و هەیانە؟ کامەیە ئەو هونەرە، کە نەخوێندەوارێك ناتوانێت پێیهەستێت؟ ئایا هەموو کەسێك ناتوانێت وەك ڕامیارەکان و پارتە دێمۆکراتەکانی ئەورووپا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بە وروژاندنی هەستی نەژادپەرستی و درووْدەلەسەی پارلەمانی خەڵکی فریو بدات و دەنگەکەی لێ بستێنێت و دوایش بە پێچەوانەی پاگەندەکانییەوە ڕەفتار بکات و بە بیانووی بەرژەوەندی گشتی و هەمووانییەوە لە قسەکانی پاشگەز بێتەوە؟

ئەگەر سیاسەت بریتییێت لە بەگەڕخستنی ئیرادەی کۆمەڵایەتی بۆ دروستکردنی کۆمەڵگاو مرۆڤێکی ئازادترو زاناترو کراوەتر، ل.٤٣

مـن نـازانم کە نووسـەران بە کـامە پێـوەر ڕامیـارییەك، کە خۆیـان پاگەنـدەی بـۆ دەکەن و دەیکەنـە خـەونـی نـەوەکـان بـۆ سبـەی، بـرتییە لـە بەگەڕخستنی ویستی کۆمەڵایەتی بۆ ئاراستەکردنی (نەك دروستکردنی) کـۆمەڵگە (نـەك کۆمـەڵگـا) و مرۆڤـی ئازادتـر و زانـاتر و کراوەتـر؟ کـامە میکانیزم لە بەڕێوەبەرایەتیدا، کـامە ئاسانکاری بـۆ گـەیشتن بە هەلـی یەکسان و بواری فراوانتر لە بڕیاردانـی تـاك و پێگـەیینـی و چوونـەسـەری شارەزایی و زانایی؟

ئەگەر بە بیـرەوەری خۆمـان و پیرەکانمانـدا بچینەوە، ئەوا ژیـان لـە کۆمەڵگەکانمان (نشینگەکانمان)دا بەر لە داهاتنی پارتە ڕامیارییەکـان و بەر لە قوتکردنەوەی دەستەبژێرە بەرەتەرەکان، ئاسانتر و ئاسوودەتر و پەیوەنـدەی و خـەمخـۆری و دەستگیرۆییە کۆمەڵایەتییەکـان بەهێزتـر و بیرکردنـەوە و تێڕوانین و خواست و ڕەفتارەکـان مرۆیـانـەتر بـوون. مرۆڤ کـەمـتر بە کـۆمەڵگە و تاکەکـانـی و ژینگە و ئاژەڵ و خواستە مرۆییەکـان نـامۆ بـوو. ئەو کـاتەی کە ڕامیـاریی و دەسـتەبژێرەکان و پارتەکـان سـایەیان بەسـەر کـۆمەڵگە و خـەون و خـەیـاڵی تاکەکانـدا نەکردبـوو و هێشـتاکە بەهـا مرۆییەکـان و مـۆڕاڵی کـۆمەڵایەتی لە بـازاری سـەرمایەگوزاری ڕامیارییـدا نەبووبـوونە کـاڵا و دەسـەڵاتخوازی و بەرتەریخـوازی و چـاوچنۆکی بۆرجـوازیی شـوێنی ئارمـانە کۆمەڵایەتییەکـان و تەبـایی و پاراسـتنی پەیوەنـدییە سروشـتییە مرۆییەکانیـان نەگرتبـووەوە. ئەو کـاتەی کە سـەرۆك و کەڵە نووسـەر و مۆنیکا و کۆشك و مۆنۆپڵکردن، پێوەری نـاوداری نەبـوون و بەپێچەوانەوە خـەمخـۆری و دەسـتگیرۆیی و هاریکـاری کـۆمەڵایەتی بنـەمـا و پێـوەری ئایدیالی پایەی کـۆمەڵایەتی بـوون. ئەو کـات کە نووسـەری و هۆنـەری و

ڕۆشنبیربوون، سەرمایەی مۆڕاڵی و کۆمەڵایەتی بوون، نەك ئامرازی داخوازی و بەدەستهێنانی سەرمایە و دەسەڵات!

بەڵام بە پێچەوانەوە ڕوانگەی نووسەران ئەوەندە هیرارشیانە و سەروەرانەیە، کە پێیانوایە مرۆڤی ئازاد دروستدەکرێت و مرۆڤەکانیش (زۆرینەی نەخوێندەوار و "ناڕۆشنبیر") مێگەلن و پێویستیان بە شوانەی ڕامیار هەیە و ڕامیارییش قامچی و کوتەکی دەستی شوانە خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکانە!

ئەمرۆ لە کوردستاندا مرۆڤگەلێک دروستبوون، کە لە نێوان ملکەچی تەواوو ئانارشییەت (فەوزەویەت)ی تەواودا بازبازێندەکەن. ل.٤٣

نووسەران ئەو دیو پەیامەکەیان دەردەخەن و تائێستا کە کۆمەڵگەی کوردستانیان سەراپا ملکەچ و کەسایەتی وردکراو و ڕوخێنراو دەزانی و دادەنا، لە پڕ کۆمەڵگە، زۆرینەی بێدەسەڵات بەسەر دوو دەستەی: ملکەچی تەواو، ئەنارکیستی یا ئانارشیستی (نەك ئانارشییەت) تەواودا دابەش دەکەن. بە ڕاست ئەگەر مرۆڤ ڕاستگۆیی و ویژدان و تێگەیشتنی دروستی لە کۆمەڵگەی کوردستان هەبێت، ئەوا ئەم دیمەنە وێناکراوانەی نووسەرانی بە سەختی بۆ پەیدا دەبن. چونکە لە کوردستاندا دوو دەستە ملکەچی دەسەڵاتن؛ کۆنە خۆفرۆشان (خۆفرۆشانی ١٩٦٦- ٢٠٠٣) و کۆنە پێشمەرگە و پۆلیس و هێزە سیخوڕ و تایبەتەکان لەلایەك و نووسەران و ڕۆشنبیرانی دەرباری دەسەڵات لە لاکەی دیکەی، ئەگینا کەسانێك کە لەسەر کرێی کار و موچەی فەرمانبەری و مامۆستایی و خانەنشینی مەمرەومەژی دەژین، ناچاری ملکەچی تەواو نین، بەڵکو ئەو کەسانە ملکەچن، کە مانەوەیان بە مانەوەی دەسەڵات و مشەخۆرییەوە بەستراوەتەوە. ئەوانە لای خەڵك ئاشکرا و ناسراون، بەتایبەت نووسەران و ڕۆشنبیرانێك، کە پارچە زەوی

و کرێــی هــاتووچۆ و مــوچەی نووســەرانە وەك پاداشــت وەردەگــرن و لە بەرامبەردا خۆشباوەڕی و ملکەچی بۆ سەروەری دەسەڵات و یاساکەی لە کەناڵە ئاسمانییەکان و لە هۆڵەکانی کۆڕگێڕاندا بە خەڵك دەڵێنەوە و بەوە ناچارن، تاکو بەرتەری و پاداشتەکانیان نەبڕن!

تــا ئەوەنــدەی دەگــڕێتەوە ســەر دەســتەی دووەم، ئەنارکیســتی تەواو، دەبێت بڵێم بەداخەوە لە کوردستاندا ئەنارکیزم بزووتنەوەیەکی ساوایە و بەو جۆرە ئەنارکیزمی تەواو بوونی نییە. ئەوەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا نووسەرانی دەربار (هەر لە ئیسلامییەوە تا ناسیونالیست و چەپ و پۆستمۆدێرن) لێرەو لەوێ واژەی ئەنارکیزم بۆ ئاژاوەچییەتی و بێســەرەوبەرەی بەکــار دەبەن، وەك کــاردانەوە بەرامبەر وەرگێــڕان و نووسینی چەند دەقێك لەمەڕ هزری ئەنارکیزم و ناساندنی، کە خەوی لە نووســەرانی مشــەخۆری بەر ســێبەری دەســەڵات زڕانــدووە و بە وەرگێرانــی چەنــد دەقێــك ئاوا دەشــێوێن و شــەوانیش وڕێنە بە واژەی ئەنــــارکیزمەوە دەکەن. وەی بە حاڵیـــــان، ئەو کـــاتەی کە بـــزاڤە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لەسەر بنەماکانی ئەم هزرە دێنەمەیدان و شوێنکەوتن و پاشڕەوی بۆ دەسەڵات و دەستەبژێر و ئایینە ئاسمانی و زەمینییەکــان لای تــاکی هوشــیار دەبێتە نەنگــی و ئازادیخــوازی هەمــوو درۆ پیرۆزەکــانی ناســیونالیزم و دیمۆکراســی پارلەمانی و بەهەشتەکانی ئاسمان پوچەڵ دەکاتەوە و ئەنارکیزمی تەواو پێدەگرێت، ئەو چی دەڵێن؟!

ئەنــارکیزمی تەواو واتە بــوون و ســەرهەڵدانی ڕێکخــراوە ســەربەخۆ جەماوەرییەکان؛ سەرهەڵدانی بزاڤە دژە سەروەرەکان؛ ڕەتکردنەوەی فەرماندەر و فەمانبەر؛ ڕەتکردنەوەی بەرتەر و پاشتەر؛ ڕەتکردنەوەی ڕامیاریی سەپاندنی دەسەڵات و گەمەی پارلەمانی؛ پەردەلادان لەسەر هەمــوو لەخشــتەبردن و فێــڵ و تەڵەکەی ڕامیــاران لەژێــر دێوجــامەی

نەتەوە و نیشتمان و ئایین و .. تددا.

نووسەران درێژە بە تیئۆریبافییە ناشیانەکەیان دەدەن و دەگەنە ئەو سەرەنجامەی، بڕوایەك کە لەلای تاکی تازە بە ئاگاهاتووی کۆمەڵگەی کوردستان لە ئەنجامی بەراورد و هەڵسەنگاندنی درۆ و دەلەسەی دەستەبژێری ڕامیار و ڕۆشنبیر، بەدەستیهێناوە، بە ترسناك بنرخێنن. بەڵام لە ئەنجامی درێژدادڕی بێسەرەبەرەدا، نووسەران "هێزی دووەم"یان لەبیر دەچێت و دەکەونە هەوای خۆیان. بە ڕاستی ئەمە بەرەنجامی لەخۆباییبوون و لەخۆگۆڕانە و لنگەوقوچ لێدوانە لە بابەتگەلی وەك کۆمەڵناسی و سەروەری و بەڕێوەبەرایەتی و ئابووریی.

<u>لە ڕاستیدا ئەم تێگەیشتنە بۆ سیاسەت دوو هێزی زۆر ترسناك و مشەخۆری بۆ کۆمەڵگای کوردی دروستکردووە، نوخبەیەکی سەرمایەدار کە لە سێبەری ئەم نوخبە سیاسییە ئەرستۆکراتییە نوێیەدا ئیشدەکەن کە نە سەرچاوەی سامانە زۆرەکەیان دیارە و نە شیوەی پەیداکردنی.</u> ل.٤٣

ئەوەی نووسەران لەژێر نێوی ئابووری نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان لە بواری ئابووری داوە و ناشیانەوێت پەنجە بخەنە سەر ڕەگوڕیشەی نایەکسانی ئابووری و پاشکۆیەتی و تەشەنەی گەندەڵی و قۆرخکردنی سەرچاوەکانی داهات و سامان، ئامانجدارانەیە. چونکە ڕەوتی تایبەتیکردنەوە وەك داخوازی سەرەکی ناوەندە جیهانییەکانی وەك سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی و کۆمپانییە جیهانلووشەکان و قۆرخکەرانی سەرچاوەکانی وزە لە جیهاندا، هاوتا و هاوسەنگی بەدەسەڵاتگەیشتنی پارتە ڕامیارییەکان چ لە کوردستانی ١٩٩٢دا و چ لە عیراقی ٢٠٠٣دا وەك سەرەنجامی دەستگیرۆیی و لەشکرکێشی ئەوان و هاوبەشی یەکەم لە دەستکەوتەکانی شەڕەکانی

کەنداودایە.

نووسەران ڕستە ئاشکرا و بەناوبانگەکەی جۆرج بوشی کوڕ "ئەوەی بەشداری و پشتیوانی لەم شەڕ□ە نەکات، لە دەستکەوتەکاندا بەشدار نابێت" لەبیر دەکەن. ئەوان ئامانجەکانی پشتپەردەی لەشکرکێشی بۆ سەر ئەفگانستان و عیراق پەردەپۆش دەکەن، هەروەها ئەوە لەبیر دەکەن، پەیڕەوپرۆگرامی ئەو ناوەندە جیهانییانە چ مەرج و داخوازییەکیان لە بەرامبەر قەرز و هاریکارییەکانیاندا هەیە و چۆن وڵاتان ناچار بە ئاوەڵاکردنی هەموو دەرگەکان بەڕوویاندا دەکەن و تیرۆریستبوون و دیمۆکراتبوونی هەر هێز و وڵاتێکیش بەپێوەری ملدان و ملنەدان بە مەرجەکانی ئەوان دیاری دەکرێت.

سەرمایەدارانی بەر سێبەری دەسەڵات و گەندەڵی بەڕێوەبەرایەتی و ملیاردلێرە قارچکئاساکانی کوردستان و ڕۆژنامە ئەهلی و دامودەزگە پانوپۆرە بەناو سڤیلیەکان، هەموو بەرەنجام و پێداویستی یەك شتن؛ تایبەتکردنەوە و مۆنۆپۆڵی ئابووری و دەسەڵات بۆ ناوەندە جیهانلوشەکان بە نوێنەرایەتی پارتەکان و دەسەڵاتدارانی عیراق. نووسەران خۆیان لە ناوهێنانی ئەو پرۆژەیە دەبوێرن، کە پارتی دەسەڵاتدار هەراجگەری کەرتە دەوڵەتییەکانن و هەر خۆشیان بەنێوی جۆراوجۆر و خوازراوەوە دەبنەوە کڕیار و کۆمپانی و گردەوشەکەی لیستێکیش، کە نووسەران ئەم مانیفێستە پاگەندەییەیان بۆ فریودانی خەڵك بۆی ئامادەکرد، بەشێکن لەو گەندەڵی و بەشەتاڵانییەی، کە بەر دەسەڵاتداران و دەستەبژێرانی ڕامیار و ڕۆشنبیری کورد کەوتوون!

ئەگەر دەسەڵات خۆی هەراجگەر و خۆی کڕیاری کەرتە دەوڵەتییەکان و کارخانە و زەوی و کێڵگەکانە، ئەوا ئۆپۆزسیۆنێك، کە نووسەران کردوویانەتە ئەڵتەرناتیڤی گەندەڵی و ڕاوڕووت و تاڵانی، ئاشکراتر لە

فێڵـی کۆمپانییەکـانی کـۆڕەك و نۆکـان لـە هەراجخانـەکـانی داگیرکـاری عیـراق و کوردسـتـاندا بـە فێـڵ و تـەڵـەکە بـەشـە تالانییـان نـەکـڕییەوە، بـەڵکـو ڕاسـتـەوخۆ داوای بـەشـەتالانییان لـە بـاوان کـرد و بـاوانی بـەخشـندەش (١٠) ملیـۆن دۆلار و گردێـك و کۆمـەلێـك پـارچە زەوی و هـەزاران دۆنم زەمینی بـەپیتی پێبـەخشین، بێجگـە لـەوە کە لێپرسـراوانی پـەیوەسـت بـوو بـە ئۆپۆزسـیۆنی تـالانخوازەوە، بـەخۆیـان وەك ئـەنـدام و تـالانخۆر لـە بـاوانـەوە بـەشـەتالانییان بـەرکـەوتـووە و تـەنـانـەت نووسـەرە جادووگـەرەکانیش پێشتر زەوی و مـوچە تایبـەتیـان هـەبـووە، ئـەمـە بێجگـە لـە موچەی شاراوەی دەزگـەکان و ئۆپۆزسیۆن کـە تـەنیـا خـەرجـی ڕۆژانـەی تـەلـەفزیۆنـەکـەیان دەتوانێت خزمـەتگوزاری شاری سلێمـانـی دابین بکـات و سـەرچاوەکـەی دیار نییـە!

بـەداخـەوە ئـەمـە تـەواوی نـوخبـەی سیاسـی کـوردی خستـۆتـە ژێـر پرسـیاری گـەورەو لـە هـەموو متمـانـەو بڕوایـەک بـەتاڵیکردۆتـەوە. ل.٤٤

لـە شیوەنـی مـافی مرۆڤ و دادپـەروەرییەوە، لـە کـەلێنـی پـەرەگرافـەکانـدا بـەردەوام شـیوەنـی هـەریسـەکە سـەرەتـاتکێ دەکـات و دیـوی ڕاسـتـەقینـەی پـاگـەنـدە بێبنـەماکـانـی دەسـتـەبژێری ڕۆشـنبیری کـورد، لـە گرێخـوارن و پـەیوەسـتبوونـی بـەرژەوەنـدی دەسـتـەبژێری ڕامیارکـار و دەسـتـەبژێری ڕۆشـنبیرانی دەسـەلات خـۆی نیشـان دەدات. لـەوانـەیە لـە سـالانـی ڕابـوردوودا کۆمـەلێـك خوێنـدکاری ئـاسـۆلێڵ دوای ئـەم ڕەوتـە کـەوتـبێت و ڕەخنـەی ڕواڵـەتـی ئـەم دەستـەبژێرە لـە پـارت یـا دەسـەلاتێکی نـاوچـەیی توانیبێـتـی ئـاو بـە کـەفوکـوڵـی سـاتیانـەی وەرسـبوونیان بکـات، بـەلام هـەرگیـز و هیـچ کـات ڕەخنـەی ئـەم دەسـتـەبژێرە نـەیتوانیـوە سـنوورە پیرۆزکراوەکـانـی دەسـەلات و سـەروەری ببـەزێنێت، نـەك هـەر ئـەمـە، بـەڵکـو هـەردەم لـە هـەوڵـی پیرۆزکردن و هـەردەمیکردنـی ئـەو سنوورانـەدا بـوون و ویستویانـە ڕەهـەنـدەکـانـی دەسـەلات و سـەروەری کۆمـەلایـەتـی بکـەنـەوە.

ئەمە یەکێکە لە پایەکـــــانی ســــــەرکەوتوویی دەســـــــەڵات لە کـۆمەڵایەتیکردنەوەی گەندەڵیـدا، چـونکە مەترسـی هەر دەزگەیەکـی ستەمکار و مشەخۆر لەو کاتەوە ڕیشەگیر دەبێت، کە بتوانێت ئامێتەی بـوونە کــۆمەڵایەتییە بــبێت و ســنوورەکانی نێــوان ســتەمکار و ستەملێکراوان پەردەپۆش بکات، بە واتـایەکی دیکە کاتێك کە هاوکـار، هاوسێ، هاوەڵ و ئەندامی خێزان بکاتە پۆلیس و سیخوڕ بەسەر هـاوەڵان و هاوسێیان و هـاوپۆلان و ئەنـدامانی خێزانـەوە، ئیتر هەر دیاردەیەکی وەك گەنــدەڵی و تــرس و ملکەچـی و نائومیـدی بە ئاسـانی دەتــوانن کـۆمەڵایەتی ببنەوە و لـە کەناڵەکـانی ماسـمیدیاوە وزەی تەشـەکردن و نوێبوونـەوە وەرگرن.

دەسـتەبژێری ڕامیـاری دەسـت و دەم و داوێنپـاك و خەمخـۆری ژێـری شــتەکان، کە نووســەران دەیـانەوێت بیکەنە خەونــی ســتەملێکراوانی ناهوشیار یا شوێنکەوتوو و فریوخـواردووی خۆیـان، مەگەر لە پارتیبـازی چەپ و خەونی خوایانی چاکەدا توانای پەیدابوونی هەبێت، ئەگینـا لە دونیـای کەتواریـدا، هەر خەونێکـی شکسـتخواردوو (نەك تێکشـکێنراو) تەنیـا دەتــوانێت نائومێـدی و نادەربەسـتبوونی کـۆمەڵایەتی بەرهەم-بهێنێت.

نوخبـەیەک پیشـەیان وەک پیشەی ڕۆژنامەنوسی دەربـاری دیکتاتۆرەکـان ئەوەیە لەســـەر بلیمەتــــی ســــەرۆکانو موعجیزەکــــانی حیـــزبو ڕاستودروســتی ڕەهــای بڕیارەکــانی بنووســن. ئەم نــوخبـەیە وەک لە سیسـتمە تۆتالیتارەکانـدا دەبـیـنین دەزگاکـانی میـدیایان گۆڕیـوە بـۆ ئامێری پڕوپاگەندەی سیاسی بەردەوام. لەڕاستیدا میدیاکان لە ژێر هەر بەهانـەیەکدا سەربـەخۆیـیو بێلایـەنی خۆیان دۆڕاند، واتە لە دەزگایەکی گەیانـدنەوە بـوون بە دەزگـای کۆنـترۆڵکردنو هزرشـتنو بەهەڵەدابـردن. ل.٤٥

نووسـەران وردەگیـری لـە کەسـانێك دەکەن، دەربـاری دیکتاتۆرەکـانن و لەسەر بلیمەتی سەرۆك و پەرجووەکانی پارت دەنووسن، بەر لە هەمـوو شتێك دیکتـاتۆربوونی پـارت و سـەرۆك و دەسـەڵات بە بـوون و نەبـوونی ئامـادەیی و کـاردانەوەی ژێردەسـتانەوە پەیوەسـتە، لەوێنـدەرێ کە خەڵکی نادەسەڵاتدار ئامادەی پێداگرتن لەسەر داخوازییەکانی بێت، دەسـەڵات لە پێنـاو مانەوەیدا ناچـار بە نەرمکـردنەوە و کشـاندنی بڕیارەکانی دەبێت، بەڵام لەوێندەرێ کە ژێردەستان هێشتا بەو ئاستە لە هوشیاری نەگەیشتوون، کە دەسەڵات ئامرازی دەستی چینێکە و بۆ سەپاندنی ویست و خواستەکانی ئەو چینە سەریهەڵداوە و کار دەکات، دەسـەڵات دەتـوانێت بەبـێ سـڵەمینەوە ڕووە ڕاسـتەقینەکەی خـۆی (دیکتاتۆری) نیشان بدات.

ئیتر نازانم جیاوازی ئەوانەی سەرۆك و پیرۆزییەکانی پارتێك هەردەمی دەکەن، لەتەك ئەوانەی سەروەری وەك مامانی هەموو ستەمکارییەکان لە سەرووی پارت و سەرۆکەوە نابینن لە چیدایە؟ نووسین بۆ پارت و سـەرۆك هەر لە سـەرچەمەی هەمـان ئاوی لێڵەوە دێتەدەر، کە لە سـەروەری مرۆڤ بەسـەر مـرۆڤەوە هەڵـدەقوڵێت. ئایـا جیـاوازی پێداهەڵدانی پارت و سەرۆك لەتەك پیاهەڵدانی سەروەری و سیستەمە ستەمکارەکەی لە چیدایە؟ کەسانێك کە پارێزەری سەروەری چینایەتین و دەیانەوێت ڕەوایەتی بە نایەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ببەخشن، گەورە بـرا و پێشـرەوی کەسـانێکن، کە گوێلەمستی پـارت و سەرۆك و دەستەبژێرن!

نووسـەران بە وردەگیـری لە دەزگەکـانی ڕاگەیانـدنی دەسـەڵاتدارانی هەرێـم، دەیـانەوێت ئەوەمـان لا وێنـا بکەن، کە لە چوارچێـوەی ئەم سیسـتەمە سـەرووخەڵکییەدا لە گۆشـەیەکی تـری ئەم دونیـایەدا دەزگەیەکی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ و بێلایەن هەیە. ئەوان مەبەستیان

لە بێلایەن، بێلایەنی پارتییە نەك چینایەتی، لە دونیای کەتواریدا هیچ کات دەسەڵات بێلایەن نەبووە و نییە و ناشبێت، ئایا چاوەڕوانیکردنی میدیای بێلایەن لە سایەی دەسەڵاتدا، وڕێنەکرن نییە لە دونیای ئەفسانەکاندا؟

سەرەتاکانی سیستمی دیموکراسی ئەوەیە کە هێزێکی سیاسی نەبێتو نەیەوێتو نەتوانێت پرۆسەی دروستکردنی ڕای گشتی بۆ خۆی مۆنۆپۆڵبکاتو تەنیا پەڕاویزی بچوک بۆ ئەوانی تر جێبهێڵێت. ل.٤٥

ئەگەر بە ڕاستی دێمۆکراسی بۆرجوازی ئەوە ئاراستە و ئامانجی بووایە، دەبوو لە پیرە دێمۆکراسییەکەی بریتانیا و ئەمەریکادا بە پێچەوانەی ئەوەی ئێستا لە ئارادایە، جۆرج بوشی باوك و کوڕ و تۆنی بلێر نەیانتوانییایە ڕای گشتی بۆ بەرپاکردنی جەنگی دووەمی عیراقدا چەواشە بکەن! ئایا گەمەی پدک لە بری کۆماری و ینک لە بری دێمۆکرات و بەشکردنەوەی سەرۆککۆماری و سەرۆکایەتی هەرێم لە چەشنی گەمە و مۆنۆپۆلکردن و کڕین و فرۆشتنی سەرۆککۆماری ئەمەریکا نییە، کە سەردەمی سەرۆکایەتی جۆرج بوشدا ڕوویدا؟

لەمانە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، کە نووسەران بەردەوام قسە دژی مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات و داهات و ڕاگەیاندن دەکەن، کەچی بۆ جارێکیش وشەیەك لەمەڕ داگیرکاری ئیمپریالیزمی ئەمەریکا و دەوڵەتە ئەوروپییەکان لە عیراق و ناوچەکەدا ناکەن، کە سەرچاوەی هەموو گەندەڵی و دیتکتاتۆری و ناسەربەخۆبوونێکە! ئایا دەکرێت شاگردانی وەها داگیرگەرانێك پێچەوانەی فەرمانەکانی ئەوان هەنگاو بنێن و دێمۆکراتییەکەشیان پێچەوانەی دێمۆکراتی خودی داگیرگەران بێت؟

ئەگەر لە وڵاتی نووسەراندا کورسییەکانی پارلەمان ٥٠ بە ٥٠ بەسەر

زلپارتەکاندا دابەشدەکرێن، ئەوا لە بنەواندا (لە ئەمەریکا) مامەڵە لەسەر پۆستی سەرۆککۆماری دەکرێت و دەفرۆشرێت! لە وڵاتانی سەرتۆپی دێمۆکراسی بۆرجوازیدا، کورسییە چۆڵەکانی دەنگنەدەران بەسەر پارتە براوەکاندا دابەش دەکرێن، واتە دەنگی نەدراو، دەکرێتە گیرفانی براوەکان، کە ئەمەش واتە ڕاگرتنی بوجەی پارتەکان لەسەر داهاتی خەڵك. ئیتر بۆ لە دەسەڵاتی هەرێمێکی داگیرکراوی پاشکۆی عیراقی داگیرکراودا، کە لاسایی داگیرگەران دەکاتەوە، ئاسایی نەبێت، کورسییەکان بەسەر براوەکاندا دابەش بکرێن؟ ئەگەر ئەمە بانێکە و دوو هەوای وردەبۆرجوازی نییە، ئەدی چییە؟

دواجار نووسەران پەی بە پەرجووی ئاخرزەمان دەبەن و دەگەنە ئەو بڕوایە دێمۆکراسی واتە میدیای ناپارتی، لە بەرامبەریدا میدیای میری و دەوڵەتی نیشانەی دێمۆکراسییە. ئەگەر ئەمە ئەفسانەبافی نەبێت، ئیتر دەبێت چی نێو لێبنێین؟

سیستمێکی تەواو مۆدێرنو دیموکرات وەک ئەڵتەرناتیف هەڵنەبژێرێت، جێگای گومانە. ل.٤٦

من نازانم نووسەران چۆن لە واتای "مۆدێرن" دەگەن؟ مەگەر مۆدێرن بە واتای هاوچەرخەکەی لای خۆمان نایێت؟ ئایا هەر شتێك هاوچەرخ بێت، دەتوانێت دروست و ڕەوا بێت؟ بەم پێوەرە بێت، مەگەر وەك سەرمایەداری، کۆیلایەتی لە کاتی خۆیدا مۆدێرن و دەرەبەگایەتی لە کاتی خۆدا مۆدێرن نەبوون، ئایا دەکرێت لەبەر مۆدێرنبوونیان لەو کاتانەدا، ڕەوا بووبن و ڕەوایان دابنێین؟ هەر بەو پێوەرە ئایا ئایینەکان، کوشتوبڕی خێڵەکان، جەنگەکان و کۆمەڵکوژی و جینۆسایدکردنی خەڵکە بومییەکانی ئوسترالیا و ئەمەریکا لەسەر دەستی سپی پێستە مۆدێرنەکان، دێمۆکراسی و ڕەوا بوون؟!

نووسەران خۆیان لەوە گێلْ دەکەن، مۆدێربوونی کۆمەڵگە پاشکۆکان لە سایەی دێمۆکراسییەکەی ئەمەریکا و ئەوروپادا بە واتای گونجاندنی دوا داهێنانی تەکنۆلۆژیا لە نێو خێڵەکاندا تا ئەوێندەرێ کە زیانی بۆ پەزەکانی سەرمایە و دەسەڵات ناگەرێتەوە، دەگەیێنێت و دیسانەوە داهێنانەکان وەك ئەوەی کە لە پێناویدا سەریانهەڵداوە، دەکەونەوە خزمەت کۆنەپەرستی!

مۆدێرنبوونی کۆمەڵگەکان پێویستە بە واتای ڕزگاربوونیان لە پاشکۆیەتی ئیمپریالیزم بێت، چونکە تەنیا لە سایەی سەربەخۆییدایە، کە کۆمەڵگە توانای پێشکەوتن و لە گۆڕانی پێکهاتە کۆنەکانی وەك خێڵ و سەرکوتگەری ئایینی و ... تد هەیە و لەوێدایە، کە داهێنانەکان دەکەونە خزمەت کۆمەڵگە مۆدێرنەکانەوە. بەڵام نووسەران لە ئاستی داگیرکاری دێمۆکراسییانەی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی ئەوروپیدا زمانیان لە گۆ کەوتووە و لە ڕوانگەی بۆرجوازی کورد و ناسیونالیزمی سەراپاگیر و دەسەڵاتخوازەوە ئامادەیی هێزەکانی داگیرگەر لە عیراق و ناوچەکەدا دخوێننەوە. دەکرێت نووسەران ئەو ئەرکە بدەنە بەرخۆیان و بۆ ئێمەی ڕوون بکەنەوە، کە سیستەمی تەواو مۆدێرن و دێمۆکرات کامەیە و چییە و مەرجەکانی کامانەن؟ خودی دێمۆکراسی چییە و کامە دێمۆکراسی؟

<u>ئەمڕۆ لە هەر کات ئاشکراتر دەبینین کە حیزبەکانی ئێمە نایانەوێت بکەرێکی سیاسی چالاکبن، بەڵکو دەیانەوێت "حیزبی قائد" بن.</u> ل.٤٦

من نازانم نووسەران چۆن لە واتای "بکەر" دەگەن یا "بکەر" لەلای ئەوان چ سەرسوڕهێنەرێکی سەرنجڕاکیشە. ئەگەر پارتی سەرکردە و دەسەڵاتی سەراپاگیر بکەری ڕامیاریی چالاك نەبن، ئیتر دەبێت پارتی چالاك کامە بێت یا چالاکی چ بگەیێنێت؟

ئەگەر خوێنەر بە وردی سەرنجی ئەم دەستەواژانە بدات، دەبینێت، کە بە دەرهاویشتنیان لە پەرەگرافەکەدا هیچ لاسەنگی یا کەمی و ناتەواوییەك لە واتای پەرەگرافەکەدا دروست ناکەن. چونکە نووسەران تەنیا ویستوویانە بە چواران بەرنامەیەکی "١٠٠" لاپەڕەیی گەورەتر لە بەرنامەی پارتەکانی دیکە بۆ لیستی کۆمپانیای وشە ئامادە بکەن و لەچاپدانیشی لە شێوەی پەیڕەوپرۆگرامی پارتیی و پەرتووکۆکەی گیرفانی هەمان مەبەستی لە پشتەوەیە.

<u>٢- کاراکتەری سیاسی کوردی و شێوەی دروستبوونی</u>
<u>سیاسی کورد تا ئێستا کەسێکە، یا هەر لەسەرەتاوە لە باوەشی خێڵ و بنەماڵەکەیەوە هاتۆتەدەرێ، یا دوای گەورەبوونی لە حیزبدا ڕایدەگرن، یا دەبێت سەرۆک بیخاتە بنباڵی خۆیەوەو شوناسی سیاسەتمەداری پێببەخشێت.</u> ل.٤٨

نووسەران خەریکن بەتەنیشت شتیکدا تێدەپەڕن، کە ڕەچەڵەکی کۆن و بەسەرچووی شتێکە، کە ئەوڕۆکە ڕۆڵی گیانیی خێڵی سەدەی بیست و یەك دەگێڕێت. ئەوان پەنجە دەخەنە سەر شتێك، بەڵام بە ڕاگوزەر و بەبێ تێڕامان لە دیوە هاوبەشەکانی ئەو شتە و پارت تێدەپەڕن.

خێڵ، ئەو شتەیە کە نووسەران زۆر بە خێرایی بەلایدا گوزەر دەکەن. بە بڕوای من بەبێ خوێندنەوە و دیاریکردنی جوگرافیای خێلایەتی لە هەرێمی کوردستاندا ناتوانین لەو شتانە تێبگەین کە نووسەران وردەگیری (نەك ڕەخنە) ئاراستە دەکەن.

ئەگەر چڕبوونەی ڕۆڵی پارت و جەماوەرییبوونی و چەقبەستی باشتر و ملکەچی و دڕندایەتی و تەنانەت سەرهەڵدانی شەڕە ناوخۆییەکان لە ١٩٦٦-١٩٩٨ بکۆڵینەوە، دەبینین ئەو ناوچانەی کە قۆناخی خێلایەتیدا

تێپەڕیوون ، پارت تیایاندا بێڕ□قیب، گشتگیر و قوماندەیە، بە واتایەکی دیکە پارت ڕۆڵی گیانیی مۆدێرنی خێڵ دەگرێتە خۆی، بۆ نموونە (پدک) لە ناوچەی بارزان و خێڵەکانی دەوروبەریدا، (ینک) لە ناوچەکانی سۆراندا، ئەو ناوچانەی کە پاشماوەکانی خێڵ تیایاندا بەهێزە، پارتی بێچەندوچوونن و لە باوانەوە بۆ نەوە بەهێز و بەهێزتر دەگوێزێتەوە و پارت و سەرۆکی پارت وەك گیانی شەڕانی خێڵ و دێوەزمەی دەمارگیری خێڵ لە کۆڵی تاکە نیشتەجێبووەکانی خێڵ لە شارەکاندا نابێتەوە و لەوێش ڕێکیان دەخاتەوە.

ئەمە نیشانەی نەزانی و نەخوێندەواری نییە، بەڵکو تەبایی و وێکهاتنەوەی پارتایەتییە لەتەك گیان و سروشتی خێڵایەتیدا، هەر ئەمەشە وایکردووە، کە کوڕانی سەرۆکخێڵ زۆر بە ئاسانی بۆ مانەوەی ڕێوشوێنی ئابووریی و ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییان بچنە ژێر باری پاشڕەوی و هاوخەباتی وردەبۆرجوازی ڕامیارکاری شاری. هەر ئەو هاوبەرژەوەندیی و لێکچوونەیە وا دەکات، کە ئۆپۆزسیۆنی ڕیفۆرمیستی ٢٠١٠ی وردەبۆرجوازیانی خوێندەوار و ڕامیارانی ناسراو بە لیستی گۆڕان، نەتوانن دیوەخان ڕەتبکەنەوە و مەلا و شێخ و بەگەکان لە ڕیزی پێشەوەی خۆیان دانەنێن، وەک ئەوەی کە دیتمان لیستی کۆمپانیای وشە، بۆ ڕاکێشانی هێزە بنەڕەتییەکەی کە تاکی خێڵەکییە، ناچار دەستی بە چمکی عەبای پیاوە ئایینییەکان و پشتوێنی سەرۆکخێڵ و سەرۆک (أفواج الخفیفة)کانەوە گرت و بە دڵنیاکردنەوەیان لە پاراستنی بەرژەوەندییان لە بەرامبەر ئەوەی کە ئەوانیش تاکە گوێرایەڵەکانی خێڵ بۆ بەردەم سندوقەکانی دەنگدان بەڕێ بکەن، سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی تاکە یاخییەکان لە خێڵ، کرانەوە.

ئەوەی ئەوان وەك وردەگیری لە پارت دەیخەنە بەرنامەوە، بۆ پارت ڕۆڵی ڕیشەیی و بنەوانی پێکهاتەکانی دەبینن، ئەگەر چی لە ئەوروپا

خێڵ بووەتە واژەیەکی نێو فەرهەنگەکان، بەڵام هەمان گیانی خێڵئاسایی ئەندامانی پارتەکان دەکێشێتە پای دەنگدان، نەك بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان، چونکە دەنگدانی تاك تەنیا ڕکەبەری خێڵی بەرامبەر (پارت) و شانازی بردنەوەی پارتەکەیەتی بەس. ئەگەر وا نەبووایە، چۆن کرێکارێك دەنگ بە پارتێك دەدات، کە ڕۆژانە هەوڵی کەنارخستنی یەکێتییە کرێکارییەکان و لێسەندنەوەی دەستکەوتەکان دەدات؟ ئەگەر پارت ڕۆڵی خێڵی مۆدێرن نابینێت و لایەنگری ئەندامان و دەنگدەرانی پارت، هەمان ملکەچی و نەبینینی کەتوار نەبووایە، پاش سەد و ئەوەندە ساڵ هێشتاکە تاکەکان لە ئەوروپا و ئەمەریکا و ئوستراليا و کەنەدا، ملیان بە جێگۆرکێی خراپ و خراپتر نەدەدا و بۆ جارێك بەخۆیان لە دەرەوەی گەمەی پارلەمان و پارتبازی، بیریان لە ڕێگەیەکی دیکە دەکردەوە. ئەوەی کە زیاتر لە سەد ساڵە لە ئەمەریکا دەنگدەران کۆماری بە دیموکرات و دیموکرات بە کۆماری دەگۆڕنەوە، نیشانەی هەمان پابەندیی تاکی ئەندام و لایەنگری پارتە، کە تاکی خێڵەکی بۆ سەرۆکخێڵ و سەروەری سەرانیان هەیەتی!

بە کورتی پارت خێڵی شار و سەرمایەدارییە، ئەگەر پارت بیتوانیایە ڕۆڵیکی دژی ستەمکاری بگرێت، ئەوا لە چوارچێوەی دەوڵەتی بۆرجوازی و پارلەمان و یاسا پەسەندکراوەکانی بواری پارتگەلێك (چەپەکان) نەدەدرا، کە پاگەندەی هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی بۆرجوازی و پارلەمانەکەی دەکەن! ئەگەر پارت وەك خێڵ دابەشگەر و لەیەکدابڕی تاکی چین و توێژە کۆمەلایەتییە بندەستەکانی کۆمەڵگە بەسەر گروپی دژبەیەك نەبووایە، لایەنی کەم ئەو پارتانەی کە پاگەندەی ئۆپۆزسیۆنی و دژە سەرمایەدارییوون دەکەن، ئەندام و لایەنگرانیان وەك ئەندام و لایەنگرانی سەندیکا و یەکێتییە سەربەخۆکان ڕووبەڕووی ڕەتکردنەوەی داواکاری کار و دەرکردن و ناچارکردن بە وازهێنان لەپارتەکانیان دەبوون. بەڵام کەتوار وێنەیەکی ترمان نیشان دەدات، بە

پێچەوانەوە نەك پارت نەخوازراو نییە، نەك دژی ڕەوتی مانەوەی کۆمەڵگەی چینایەتی ناوەستێتەوە، بەڵکو لە سامان و داهات و باجی خەڵکی کارگەر و فەرمانبەر و خزمەتگوزار، بودجە و موچە و مانگانەی خەیاڵی و مفت بۆ پارت بەگشتی و ئەندامانی باڵای پارت و ڕامکارانی ناوپارلەمان و ناوچەکان، چەند موچەیەکیان بەردەکەوێت، ئەمە لە کاتێکدا کە ڕۆژانە لە کرێی کرێکاران و موچەی خانەنشینان و بیمە کۆمەڵایەتییەکان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان کەم دەکرێتەوە. زیندووترین نموونە لەم ساتەدا کە ئەم دێرانە دەنووسم [لە وڵاتی ئاڵمان کە یەکێك لە نووسەران تێیدا دەژی ، دەزانێت کەسێك کە بیمەی کۆمەڵایەتی (سۆشیال) وەربگرێت، چ دەردیسەرییەکی تووش دەبێت تا خۆی لە کار بدزێتەوە و لەولاوە کارێکی بێ باج (ڕەش) بکات] سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی چەپ (Klaus Ernst)، کە لە باڵی چەپی سۆشیال- دێمۆکرات و پارتی سۆشیالیستی ئاڵمان و ترۆتسکیستەکان (SAV) پێکهاتووە، دەرکەوت کە مانگانە (٧,٦٦٨) یۆرۆ وەك ئەندام پارلەمان، ( ٣,٥٠٠) یۆرۆ وەك سکرتێری یەکەمی پارت و (١،٩١٣) یۆرۆ وەك ئەندام فراکسیۆن لە پارلەماندا وەردەگرێت، کە سەرجەم دەکاتە (١٣,٠٨١) هەزار یۆرۆ، ئەمە بێجگە لەوەی کە هەزار و وردەیەك یۆرۆ لە ئابوونەی ئەندامانی پارتەکەی بەردەکەوێت. ئەمە موچەی تەوەزەلێکە، کە تەنیا کاری چەنەبازی ناوپارلەمانە و لە پارلەمانەوە مژدەی سۆشیالیزم پەخشدەکات و ڕەخنەی لە پارتەکانی دیکە هەیە، کەچی لە بەرامبەردا ڕۆژانە لە سایەی هەمان پارلەماندا لە بیمە و خزمەتگوزارییە دەرمانی و کۆمەڵایەتییەکان و کرێی کرێکاران و موچەی خانەنشینان و خەرجی بواری پەروەردە و فێرکردن کەم دەکرێتەوە!

دواجار لەوانەیە وەڵامی ئەم پرسیارە نارۆشنی هەمووڵایەکمان لەنێوبەرێت؛ تۆ بڵێی بۆرجوایانی دەسەڵاتدار و سەرمایەداران ئەوەندە گێل بن، کە موچە و بودجەی وەها زۆر بۆ نەیارانی خۆیان دابین بکەن،

کە بەتەمان لە پارلەمانەوە جاری لەناوبردنی پارلمان و سەرمایەداری بدەن؟ ئەگەر نا، ئەدی چۆن ئەو هەمووە هەزارانە بۆ پارتە نەیارەکانی، کە پاگەندەی ڕوخاندنی دەکەن، تەرخان دەکات؟

وردەگیری نووسەران لە ڕامیاران و پارتە ڕامیارەکان و سەرۆکان، تەنیا دەتوانێت لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی بۆرجوازی و تۆکمەکردنیدا بێت، هەڵبەتە بەبێ تۆخکردنەوەی پاگەندەی سەربەخۆیی ئابووری و ڕامیاری نەتەوەیی. چونکە ئەمەیان تەنیا یەکێکە لە درۆ پیرۆزەکانی ناسیونالیزم و لە دونیای کەتواریی نیئۆلیبراڵیزم و جیهانگیری بازارئازاددا ئەفسانەبافییە و خۆڵکردنە چاوی خەڵکییە بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، لەولاشەوە تۆخکرنەوەی پاگەندەکانی ئابووری و ڕامیاری سەربەخۆی نەتەوەیی تا ئاستی بزاڤێکی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمپانییە جیهانلووشەکان کە بەسەرنووکی ڕۆکێتە ژێرەکانەوە ڕزگارییان بۆ نووسەران و هاوبیرانیان هێناوە، دەچێتە خانەی تێرۆریستبوون. ڕێك هەر لەبەر هەمان هۆیە [پابەندی ئیسلامییەکان بە بانکی ئیسلامی و سیستەمی بانکیی دەوڵەتی و ڕۆڵی سەرەکی دەوڵەتی ئیسلامی لە ئابووریدا]، کە وای لێکردوون لە هەمان جیهانی سەرمایەداریدا بە تێرۆریست لیست بکرێن، ئەگینا هەم ئیسلام و هەم کریستیانیزم و هەم یەهودابیزم وەك نیئۆلیبراڵیزم پێ لەسەر هەتاییبوون و ڕەوابوونی سەروەری چینایەتی و ئابووری بۆرجوازی دادەگرن و لە بەرامبەر هەر هەوڵێکی دژە سەروەری و ئازادیخوازانەدا، هاوچین و هاوپشتی یەکترن. هەروەها ئەو هێزە ئیسلامییانەی کە ئەورۆکە لەسەر خۆتەقاندنەوە، بە تیرۆریست ناو دەبرێن، نزیکەی بیست ساڵ لە ئەفگانستان و پاکستاندا لەسەر دەستی خودی دەزگە سیخوڕییەکانی ئەمەریکا و ئەورووپا بۆ خۆتەقاندنەوە و تیرۆری خەڵك و دەست و پێ بڕین، ڕ□ادەهێنران!

وردەگیری نووسەران لە نەخوێندەواربوون و دێهاتیبوون و سەربازییبونی

دەسەڵاتداران، هیچ لە پرسی ئازادنەبوونی خەڵك ناگۆڕێت. چونكە ئەوەی جەلادێكی نەخوێندەوار یا خوێندەوار ئەشكەنجەمان بدات، چی لە چییەتی سەركوت و ئازاری ئێمە دەگۆڕێت، ئەوەی پارلەمانتارە ئەكادێمیستەكانی بریتانیا لە پارلەمانی هەرێمدا بڕیار بدەن یا فەرماندە و سەرتیپەكانی ینك و پدك و حسك و كۆمەڵ و یەكگرتووی ئیسلامی، چی لە ژێردەستەیی زۆرینە و سەروەری كەمایەتییەك لە كۆمەڵگەدا دەگۆڕێت، ئەوەی چەقۆكێشێك یا فیلۆسۆفێك سەرۆكی نەتەوە و سەرۆككۆماری وڵات بێت، چی لە پلەچەندی زۆرینەی بەرهەمهێنەر و زەحمەتكیش و خزمەتگەری كۆمەڵگە لە بەرامبەر پلە یەكی و مشەخۆری كەمینەیەكی ڕامكاری ڕۆشنبیر و دەڵاڵی كۆمپانییەجیهانلوشەكان لە بازاری كوردستاندا دەگۆڕێت؟

<u>گواستنەوە لەم مۆدێلەوە بۆ مۆدێلی سیاسییەك كە خۆی خاوەن گوتارو بیری خۆیەتی، ئازاد بیردەكاتەوەو دیدێكی ستراتیژی هەیە</u>. ل.٤٩

ئەوەتا نووسەران مۆدێلی خۆیان دەخەنە ڕوو، كە هیچ باسێكی لە گۆڕینی سیستەمە چینایەتییەكە تێدا نییە و بەڵكو تەنیا بە زمانێكی پڕ لە گرێوگۆڵ دەڵێن ئێمەی خوێندەوار و نووسەر و ڕۆشنبیری دەستەبژێركراو باشتر لە سەرتیپەكان و كۆنە ڕاوێژكارەكان فەرمانڕەواییتان دەكەین و زانایانەتر دەمكوتتان دەكەین و لە بێدەنگی و چاوەڕوانی هاتینی سەردەمی موحەمەدی مەهدیدا، لە سایەی خوا و دەوڵەت و سەروەری یاسادا ڕاتان دەگرین و دێمۆكراسییەك كە بەسەر نووكی ڕۆكێتە ژیرەكانەوە بۆمان هاتووە، باشتر پیادەی دەكەین. ئەمە كرۆكی وردەگیری ئەم دەستەبژێرەیە لە مانیفێستە ١٠٠ لاپەڕەییەكەیاندا.

لێرەدا ناچارم دووبارە بگەڕێمەوە سەر پرسیاركردنی شتەكان، من لە

دونیای سەرمایەداریدا (ڕامیاری دەسەڵاتداری خاوەن گوتاری خۆی) نابینم، چونکە هەر کات ڕامیارێك یا بەشدارێك لە دەسەڵاتدا شتێکی وتبێت، کە لەتەك سیستەمەکە و ئاراستەکەی نەگونجێت، ئەوا یا تیرۆر کراوە یا ڕووداوێکی بۆ ڕێکخراوە یا ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە کراوە، لەم بارەوە نموونە زۆرن هەر لە ژاراوکردنی پاپاکانی ڤاتیکانەوە تا تیرۆر و دەستلەکارکێشانەوەی ناچاریی سەرۆککۆمار و سەرۆکشالیارەکان و ئەندامپارلەمانەکان و ... تد. ئەوەی ڕامیارانی کورد وەك مێگەل شوانەیی خۆیان داوەتە دەست سەرۆک هەرێم و سەرۆککۆمار, ئەوەیش کە هەردوو جووتە سەرۆك بوونەتە گۆچانی دەستی شوانەیی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خودی ئەمەریکاش وەك سەرلەشکر و پۆلیسی سەرمایەداری جیهانی ناتوانێت لە دەرەوەی بەرنامەڕێژیی دەستە شاراوەکانی [کۆمپانییە جیهانلووشەکان] پشت (G8) و (G20) هەنگاوێك بەلای ڕاست و چەپدا بێت! سەربەخۆیی تاك و کۆمەڵ و پێکهاتەکان لە چوارچێوەی سیستەمی سەروەری چینایەتیدا خەونە و لە دونیای کەتواریدا بەرجەستە نابێت.

<u>٣- ئاکارەکانی دەستەبژێری ڕامیاریی کورد</u>

<u>یەکێک لە مەترسییە گەورەکان لەوەدایە دەسەڵاتێک هەبێت نەزانێت مانای دەسەڵات چییە، ئەم نەزانینەش لە کوردستاندا مێژوویەکی تایبەتی هەیە</u>. ل.٥١

ئەمەیان تەنیا دەکرێت بنووسین "بێ توانج"، ئەگینا لە کوێی جیهان و مێژوودا دەسەڵاتدار هەیە، واتای دەسەڵات نەزانێت؟ ئەمە وەك ئەوە وایە، کە بڵێیت دز نازانێت دزی چییە، چەقۆکێش نازانێت، برین و خوێن و لە ئازاردا تلانەوە، چییە!

پێش هەموو شتێك دەسەڵات، چەمکە نەك هەڵگری چەمك. چەمك، بکەر

نییە، بەڵکو هەڵگرانی چەمك بکەرن، واتە دەسەڵاتدار. بەڵام ئەگەر نووسەران هەرچەندە لێرەدا بە هەڵە "دەسەڵات" بەکار دەبەن و مەبەستیان لە دەسەڵاتدار یا دەسەڵاتدارانە، دیسانەوە هەر دروستی بەدەستەوە نادات. چونکە ئاوەزێکی تەندروست و بیرکردنەوەی پشتبەستوو بە لۆجیك ناتوانێت لە دونیای کەتواریدا لە دونیای بوونە مادییەکاندا وێنای دەسەڵاتداران بە کۆمەلێك بەدمەست بکات، کە ئاگایان لە کردەوەی خۆیان نەبێت. تەنانەت ئەگەر کۆمەڵگەش بە مەیخانە وێنا بکەین، هێشتا بەو دەرەنجامەی نووسەران ناگەین. لەبەرئەوەی لە مەیخانەدا مەیفرۆشانێکی نامەست هەن و لە بەدمەستی مەینۆشان سوود دەبەن! هەرچەندە ئەم وێنایە لێکچوونی لەتەك ڕۆڵی کۆمپانییە جیهانلوشەکان و دەسەڵاتدارانی کوردستاندا هەیە، بەڵام لەتەك وێنەکەی نووسەراندا یەکانگیر نابێت، چونکە لە وێنای مەیخانەدا ژێردەستان و گیرۆدانی دەستی بەدمەستتان دیاریان نین و لەسەر شانۆ هیچ ڕۆڵێکیان نەدراوەتێ. بەڵام وێنای مەیفرۆشان و بەدمەستان بۆ ڕۆڵی خودی نووسەران و کارایییان لەسەر خەڵکی ژێردەست زۆر باش دەستدەدات. چونکە دواجار لە پشت مەیخانەکانەوە خاوەنی کارخانەکانی مەی دروستکردن سوودێکی زۆر لە مەینۆشی و بەدمەستی زۆرینە دەبەن، کە لەم وێنایەدا نووسەران دەبنە مەیفرۆش و سۆفییە خوێنەرانیان دەبنە مەینۆشانی بەدمەست و کارخانەگەلێك کە لەو مەیفرۆشیدا سوود دەبەن، دەبنە دەسەڵاتداران و کۆمپانییە جیهانلوشەکان و هەموو کەسێکی سوودپەرست و دەسەڵاتخواز لەو کایەدا ڕۆڵ دەبینێت و ڕۆڵەکانیش تەواوگەری یەکتر دەبن!

دەسەڵاتداران کەسانێك نین، کە بەدەم وڕێنەوە، قسە لە دونیایەکی ئەفسانەیی بکەن، تاکو بڵێین بەخۆیان نازانن، کە چی دەڵێن. دەسەڵاتداران توێژی بە توانای ڕامیاران و هەرە هوشیارانی چینی بۆرجوازین. ئەوی کە لە دەسەڵات و چییەتی (ماهیت) دەسەڵات ناگات،

ئەوە خودی وردەبۆرجوازی جادووگەرە، کە خوازیارە لە کیشمەکێشی بەدەسەڵاتگەیشتندا دەستی لە چمکی دەسەڵات گیر ببێت یا لە چەقی بازنەی دەسەڵاتدا کایەیەك بۆ سورانەوە پەیدا بکات، بۆ ئەو مەبەستەش وا نیشان دەدات، کە بەخراپی سوود لە دەسەڵات وەرگیراوە و دەکرێت بە جۆرێکی تر لە بەرژەوەندی کۆمەڵدا بێت!

ئەگەر لە قۆناغێکدا کورتکردنەوەی سیاسەت بۆ بەرهەمهێنانی حەماسەتو جۆشدانی خەڵک جۆرێک لە ڕەوایەتی هەبوویێت، ئەوا لە ئەمڕۆدا ئەم تێگەیشتنە هیچ ڕەوایەتییەکی نەماوە. ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان لەباتی حەماسەت پێویستی بە عەقلانیەتو عەدالەتو بەرپرسیاریەتی سیاسی هەیە. ئەم گۆرانەش پێویستی بە سیاسەتی تازە و عەقلیەتی تازەو هوشیار هەیە. ل.٥١ -٥٢

لەوە دەچێت نووسەران لە ژێر کارایی فیلمەکانی (هاڵیوود-Hollywood)دا بەو دەرەنجامە گەیشتبن، کە گیانە شەڕەنگێزەکان چووبنە جەستەی شۆڕشگێڕانی دوێنێ و بۆ بەدمەستانی ئەمڕۆ هەڵیانگێڕابنەوە!! بە بڕوای من ئەوە خۆشباوەڕان بە دەسەڵات و دەوڵەتی ژیرانی (عەقلانی)ن، کە لە واتای دەسەڵات نەگەییشتوون و هیشتا خەون بە دەسەڵاتی ئایدیال و باشەوە دەبینن. چونکە دەسەڵات هێزی شەڕ□ە دژی هێزی باشە و ئاشتی و پێکەوەژیانی یەکسان و دادپەروەرانە؛ دەسەڵات ئامرازی پاراستنی نادادوەری سەرمایەدارییە لە ئەوڕۆدا. دەسەڵات سوور بێت یا زەرد و شین و کەسك، پێداویستی باڵادەستبوونی کەمایەکییەکی مشەخۆرە بەسەر ڕەنجی زۆرینەیەکی بندەستدا، کە هێشتنەوەی ئەو بارە نالەبارە پێویستی بە هێزێکی سەروو خەڵکی هەیە و ئەو هێزەش ڕێکخستن دەخوازێت، کە دەوڵەت و میرایەتی و پارت و ئۆرگانە هیرارشییەکانییەتی، دەسەڵات بۆ کۆمەڵایەتیبوونەوە و فریودانی زۆرینەی بندەست بە هەتاهەتاییبوون و

نەگۆڕبوونی، پێویستی بە دەستەبژێرانی ڕامیار و ڕۆشنبیر هەیە و ئەوە بۆلوان و ئاستی ئامادەیی تاکی چین و توێژە بندەستەکانە، کە شێوازی ئەو دەسەڵاتدارییە دیاری دەکات، کراوە بێت یا داخراو، میلیتاریستی بێت یا پارلەمانی!!

نووسەران لە درێژەدا بە جۆرێك دان بە بوونی ڕەوایەتی ئەوەی ئێستا ڕەخنەی لێدەگرن، لە سەردەم و قۆناخێکی دیاریکراودا دەنێن. ئەمە دەتوانێت پاساو بێت بۆ دیکتاتۆری (ڕژێمی بەعس)یش، چونکە ئەو جۆرە ڕژێمە سەردەمێك خواستویەتی، بەڵام ئێستا ئیتر نۆرەی فۆرمێکی دیکەی لەخشتەبردنی خەڵکە، ئەوەش لەبەر هۆیەك، کە هوشیاربوونەوەی خەڵکە. بەو پێوەرەی نووسەران بێت، ئەگەر خەڵك هوشیار نەبووایەتەوە، ئیتر باری پێشوو ڕەوایەتی هەر دەما. ئەمە ئەگەر مامە خەمەیی بۆ بۆرجوازی نەبێت ئەدی چییە؟

ئەوەی نووسەران پێیانوایە سەردەمی بەسەر چووە و سەردەم سەردەمی ژیریی و ڕامیاریی تازە هەیە، وانییە، چونکە لە هەرە پێشکەوتووترین وڵاتانی دونیادا هەر کات قەیرانێکی ئابووریی یا ڕامیاریی یەخەی دەوڵەت بگرێت، ماسمیدیا دەستبەجێ هانا بۆ گوتارە ورەیی و جۆشدەرەکان دەباتەوە، دیارترین پاگەندە و هەراکانی پاش ١١ی سێپتەمبەرە، کە لە ئەمەریکاوە تا ئوستralia گوتارە ورەییەکان لە پشت پەردەی مافی ژنان لە ئەفگانستان و مەترسی چەکی ئەتۆمی بەعس بۆ سەر ئەمەریکا و وڵاتانی تر، ڕای گشتییان بۆ سەپاندنی جەنگەکانی کەنداو لە خشتە دەبرد. ئێستاشی لەتەکدا بێت قسەگەرانی سەرمایەداری هەر بەو زمانە قسە دەکەن. قسەگەرانی ینك و پدک جەنگەماڵوێرانگەرەکانیان کە بێجگە لە کیمیاباران و ئەنفال هیچیتریان بەرهەم نەهێنا، هاوتای ڕاپەڕینی جەماوەر، دەکەنە منەت بەسەر خەڵکەوە و پارتە "دێمۆکراتەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا و

ئوسترالياش، کۆمەکی کۆمەڵایەتی و بیمەی دەرمانی و خزمەتگوزارییەکان، کە بەرهەمی تێکۆشانی چین و توێژە بندەستەکان و ڕەنجی خودی خەڵکن، دەکەن بە منەت بەسەر خەڵکەوە و وەك بەرهەمی دێمۆکراتییە نوێنەرایەتییەکەیان دەیناسێنن و بە خەڵکی دەفرۆشنەوە!

لەبەرئەوە، ئەوە تەنیا گوتار و ڕامیاری ورەیی دەسەڵاتدارانی کوردستان نییە، کە باوی نەماوە، بەڵکو دەرخواردانی دیکتاتۆری بۆرجوازی (دێمۆکراتی نوێنەرایەتی)یش بەنێوی دێمۆکراتی ڕاستینەوە باوی نەماوە و کوشتن و زیندانیکردنی بەرهەڵستکارانی ڕامیارییەکانی تێکدانی ژینگە و جەنگەکان و برسیکردن و هەلاواردن، کە بە بڕیاری قەرەقوشیانەی پارلەمانەکان درێژەیان پێدەدرێت، بەڵگەی ئامادەبوونی ئەو دیکتاتۆرییە میکیاجکراوەن و تاکو دەسەڵات و سەروەری چینایەتی بوونی هەبێت، دیکتاتۆریش بۆ مانەوەی سەروەری، ڕۆڵی ئاو و هەوا و خاك بۆ ژیان دەبینێت.

<u>لێرەوە دەسەڵاتی کوردی دەبێت دووبارە ئەو پرسیارە لە خۆی بکاتەوە کە دەسەڵات چییە؟ هەوڵیش بدات لەو تێگەیشتنە خێڵەکی و فیئۆدالی و بەلشەفییە دەربچێت، کە دەسەڵات وەك کەرەستەی دەستی هێزێکی بچوکی کۆمەڵایەتی بۆ ڕابەرایەتیکردنی هەمووان دەبینێت. مێژووی ئەم چەند ساڵەی دوایی ئێمە ئەوە دەسەلمێنێت کە نوخبەی حیزبی ئێمە، نەیتوانی ببێتە نوخبەیەکی سیاسی کە بەڕاستی لەوەزیفەی سیاسەت تێبگات</u>، ل.٥٢

نووسەران وای نیشاندەدەن، کە دەسەڵات لە کۆمەڵگە ناخێڵەکی و نافیئۆدالی و نابۆلشەڤیکیدا، دەسەڵاتی زۆرینە و دەسەڵات هەمووان کۆنترۆل ناکات. ئەگەر ئەمە شێواندن نەبێت، ئەوا لە ورەوری

بەدمەستانی چەند سەدەیەك لەمەوبەر دەچێت، کە ئەم سەردەمەیان نەدیتبێت. پێشتر ڕۆشناییم خستووەتە سەر ئەم دیوەی باسەکە. بەڵام باوای دابنێین دەسەڵات نوێنەری زۆرینەیە، ئەی کەمایەتییەك کە نوێنەرایەتی ناکرێت، چی، دەمی بە قوڕ بگرین؟

دەسەڵات لە هەموو بارەکاندا، بارێکی کەتواریی هەیە، کە (نوێنەرایەتی کەمایەتی بۆرجوازی و وردەبۆرجوازی) بەسەر زۆرینەی نابۆرجوازی و ناوردەبۆرجوازییە. لە باری گریمانەیدا، با وای دابنێین کە نوێنەرایەتی زۆرینە بکات، دیسانەوە کەمایەتی هەر دەستە و چینێکی پلەخواری کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێت و هیچ کات لە سایەی بوونی دەسەڵاتی سەرووخەڵکیدا ئازادی، یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بوونی نابێت و پەرە ناسێنێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ کەم دەرەتانتر دەبێتەوە.

ئەوەی ئەلف و بێیەك لە ژیان و ئەزموونەکانی بزانێت، ئەوا ڕێگە بەخۆی نادات، باس لەوە بکات، کە لە سایەی سەروەری چینایەتیدا دەسەڵات، دەسەڵاتی زۆرینەیە. چونکە لەم سەر تا ئەو سەری دونیا دەسەڵات بەدەست کەمایەتییکی ساختەچییەوە دەسەپێنبرێت و ئیتر ئەو کەمایەتییە کۆمەڵێك ئەفسەری سەربازی بن یا کۆمەڵێك فیلۆسوف و ئەکادیمیست! ئەمە بێجگە لەوەی ئەگەر وەك گریمانە وای دابنێین، کە دەسەڵاتێك وەك گوڵی ڕواوی سەر تاشەبەرد، هی زۆرینەیە یا نوێنەرایەتی زۆرینە دەکات، ویرای ئەمە هێشتا هیچ لە چییەتی دەسەڵات وەك کوتەکی سەری کۆمەڵگە وەك دومەڵی جەستەی کۆمەڵ و وەك ئامرازی پاراستنی بەرژەوەندی سەروەران و کۆیلەڕاگرتنی کەمایەتییەك، کە بەرژەوەندی و ئازادی لەو دەسەڵاتەدا نابینێت، ناگۆڕێت!

نووسـەران، بە ڕاسـت و ناڕاسـت، لە دەقەکەیانـدا زوو زوو پلارێـك لـە بۆلشـەڤیزم دەدەن، بە بڕوای من ئەمە لەجێی خۆیدا نییە. چونکە دوو دەهەیە "کـۆڕەك" وەك ڕێکخراوێکـی خـۆ بە(مارکسیسـت-لێنینیسـت)زان، کە لە ڕاستیدا ڕێکخراوێکی مائوئیستی بوو و هەمان ڕێباز و ئامانجی مائۆتسی تۆنگ لە بەرنامەی خۆیدا، هەڵبەتە زۆر ڕواڵەتیانە دانابوو، لەسـەر دەسـتی تاڵەبـانی و نەوشـیروان بە خـاك سـپێردرا و وەك نەوشیروان خۆی وتویەتی "هیچ کات نەمارکسیست نە لێنینیست نەبووە. هەمووان ئەوە باش دەزانـن، کـە تەنیا یەك جەلالیست بووە و بەس، زۆربەی تەمەنەی ئەو ڕێکخـراوەش پیـادەگەری تێڕوانینەکـانی نیئۆجەلالیسـتەکانی ئەمـڕۆ بـووە و بەس. هەروەهـا ئەوە لایەنگرانـی لیستی کۆمپانیای وشەن، کە بۆ فریودانەوەی خەڵك، باس لە گەڕانەوە بۆ سـەر بەرنـامەی "کۆڕە ك" دەکەن. ئیـتر نـازانم نووسـەران بە کـامە لۆجیـك دەسـەڵاتی ئەمارەتەکـانی بـارزان و تاڵەبـان بە بۆلشـەڤیزم تاوانبار دەکەن؟

بـە بڕوای مـن ئەوی کـە پێویسـتە لەمەڕ چییەتـی دەسـەڵات پرسـیار لـە خۆی بکات، دەسـەڵاتداران نیـن، بەڵکـو دەسـەڵاتخوازانـی وردەبۆرجـوازین لـە چەپ و لـە ڕاست، چونکە ئەوە چەپ و ڕاستی وردەبۆرجوازییە، کـە پێیانوایە بە ڕیفۆرم لە دەسەڵاتدا یا گۆڕینی دەسەڵاتی کـۆمەڵێکی دیکە بـە دەسـەڵاتی خۆیـان، دەتـوانن ئازادی و یەکسـانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکەن!

<u>کـاتی ئەوە هـاتووە کۆمەڵگـای ئێمە بزانێـت، سیاسـەت پاشـقولگرتنو فێڵکـردنو درۆکـردنو خەڵەتانـدنو خەڵـک کڕیـن نییە، بەڵکـو هـونەری چەسپاندنی هاوسەنگیو یەکسانیو بەڕێوەبردنی عادیلانەیە</u>. ل.٥٥

جارێکی دیکە نووسەران بڕیاری بێبنەمای بێچەندوچوونی خۆیان دەدەن

و دەیانەوێت وێنایەکی شیرین و دڵگیر لە ڕامیاری بۆرجوازی بەدەستەوە بدەن و کۆمەڵگە ئاگادار دەکەنەوە، کە کاتی بیرکردنەوە پێچەوانەی ئاوەز و ئەزموونگیری لۆجیکبینانەی خۆیان هاتووە، بڵێن دەکرا و دەکرێت ڕامیاری دەسەڵاتخوازان و نوێنەرایەتی سەروەری بێچەندوچوونی سەرمایە، شتێکی دیکە بێت. ئەمە لووتبەرزییەکی خەڵك بە مێگەلزانانەیە.

نووسەران لە سەراپای نووسینەکەیاندا خەریکی گەمەکردنن بە واژەکان و بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر لەسەر چەندبارەبوونەوەی بۆچوونەوەکانیان لابدەن و واژەکانیان سەنگین نیشان بدەن، پەنایان بردووەتە بەر بەکاربردنەوەی واژەکان بە عەرەبی. ئەگەر خوێنەر بکەوێتە بەراوردی ئەو بەشانەی کە من لە نووسینەکەیان وەرمگرتوون، ئەوا ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت.

لە شوێنێکیدا کە هەڵپەی کێبڕکێ بێت، لەسەر ئەوەی کێ فەرمانڕەوا بێت، کێ زووتر بتوانێت دەستی خۆی بوەشێنێت و کێ باشتر فریوی خەڵك بدات و گوێرایەڵ و فەرمانبەر و مێگەلئاسا ڕایانگرێت، بێگومان ڕامیاری بێجگە لەوە ناتوانێت ببێت و ناتوانێت لەوەش کەمتر بێت. ئەم دیاردەیە تەنیا تایبەتمەندی دەسەڵات و ڕامیارانی بۆرجوازی کورد نییە، بەڵکو لە هەموو قوژبنەکانی جیهاندا و لە سەراپای سیستەمی سەرمایەداریدا بوونی هەیە، سادە و پوخت ئەوەیش لەبەر ئەوەیە، کە خودی دەسەڵات جۆرێکە لە پاشقوڵگرتن لە زۆرینەی کۆمەڵگە و تا دەسەڵات هەبێت، واتە تا هەندێك بەسەر هەندێکی تردا سەروەر بن، ئەوا پاشقوڵگرتن و فێڵ و درۆودەلەسە، ئامرازێك دەبن بۆ پیرۆزڕاگرتنی درۆکانی هاونیشتمانیبوون و هاونەتەوەییبوون و هاوبەرژەوەندیبوونی گشت ئەندامانی کۆمەڵگە، ئەو درۆ پیرۆزانەی کە نووسەران بە تەمان سەروەرییان لەژێر چەپۆکی دەسەڵاتدارانی "نەخوێندەوار" و

"ناڕۆشنبیر"دا ڕزگارییان بکەن و بە "خوێندەواران" و "ڕۆشنبیران"یان بسپێرن!

٤ – ڕۆشنبیرو سیاسەت:

نووسەران لە بەشەکانی پێشوودا باس لە ناکارایی و بێتوانایی دەستەبژێری ڕامیار دەکەن و هاوکاتیش قسە لە "ئێمە"ییبوونی دەستەبژێری ڕامیار دەکەن، کە لێرەدا بۆ چاوبەستی خەڵك بە خۆیان ڕامیارییبونی دەستەبژێرەکەیان ڕەتدەکەنەوە و لە دەرەوەی بازنەی ڕامیارییبوون دایدەنێن. بەڵام کەتوار پێچەوانەی ئەوەی کە ئەم دەستەبژێرە پاگەندەی دەکات، دەخاتەڕوو، چونکە دەستەبژێری ڕامیاری دەسەڵاتدار توانیویەتی لایەنی کەم دەستەبژێری ڕۆشنبیری دەسەڵاتخوازی کورد بکێشێتە بازنەی یا نێو وتاری "ئێمە"، بەجۆرێك کە نووسەران هەمیشە "ئێمە" بۆ پاوانکردنی تاك بۆ ناو بازنە ملکەچەکانی دەسەڵات و ملدان بە هەمیشەییبوونی بانگدەکەن. ئەگەر دەستەبژێری ڕامیار بەو جۆرەی ئەوان پاگەندەی دەکەن،هیچ لە باردا نەبوو و ناکارا بووایە، ئەوا نەیدەتوانی لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابوردوودا زۆرێك لە ئەوانەی کە ڕۆژگارێك پورتوبۆڵە وردەگیرییان لە دەسەڵات دەکرد، وا بە ئاسانی بەڕامیارییەکانی ڕام بکات و لە بازنەی "ئێمە"ییبوونی خۆی(دەسەڵات)دا کۆیان بکاتەوە!

نووسەران جارێك بە "کورد" قسە دەکەن و جارێك بە "ئێمە" قسە دەکەن، دەکرێت بزانین "ئێمە" کێن؟ ئایا هەموو مرۆڤە ناهەرێمییەکان یا ئەوانەی دەرەوەی بازنەی کوردبوون دەگرێتەوە؟ ئایا "ئێمە" مەبەست لە سەرجەمی کوردە یا لە دەستەبژێری دەسەڵاتخوازی کورد؟

لە سەراپای ئەم پەرتووکەدا، ڕاناوی "ئێمە" شوێنی تاکی لەق کردووە،

لـە بری ئـەو (تاك) قسە دەكات، لـە بری ئـەو بیـر دەكـاتـەوە و لـە بـری ئـەو بڕیـــــار دەدات. ئەمە پوخـــــتی چییەتــــــی ناســــــیونالیزمە، كە وەك ئـایـدیۆلۆجیای دەسـەڵاتی سـەراپاگیری بۆرجـوازی بـەنێـوی نـەتـەوە قسـە دەكـــات و لـە پراكتیكـــدا لـە بـــری هانـــدانی تـــاك بـــۆ گێـــڕانـەوە و بـەدەسـتهێنانـەوەی ویسـت و توانـا و خواسـتـەكانـی، لـە بـری هانـدانـی بـۆ چالاكبوون و بزووتنـی خۆمۆتـۆڕی، كـەچـی هەمـوو ویسـت و توانـایـەكـی لـێ دەسـێنێتـەوە و دەیكـاتـە پاشـڕەو و ملكـەچـی دەسـتـەبژێرییێكـی تـر، كـە بڕیـارە نـوێنـەرایـەتی بكـات، ئـەمـەش پێویسـتی بـە "ئێمـە" ناسیونالیسـت، "ژیرانـی" و "خوێندەوار" و "زانـا" هـەیـە.

لای نووســـەران ئـەڵتـەرنـــاتیڤی ســـتـەم و دەســـەڵاتی ســـەرووخـەڵكی و نوێنـەرایـەتی پارلـەمانـی، هیچ كات خۆوەستانـەوەی تـاك وەك پێكهێنـەری بزاڤـە كۆمـەلایـەتییـەكـان بـەرامبـەر سـتـەم و دەســەڵات و ڕەتكـردنـەوەی نـــوێنەرایـەتی نییە، بـەڵكـــو گواســـتنـەوەی ســـەنگەرە لـە شـــوانـەیی دەسـتـەبژێرێكـەوە بـۆ شـوانـەیی یـەكێكـی تـر، هـەر ئـەوەی لـە هـەشـتاكـانـی سـەدەی ڕابـوردوودا تـاكی كـورد گیرۆدەی بـوو و نـەیدتوانی لـەو بـازنـەدا دەربچێت، كە لـە (ینـک)ەوە بـۆ (پدک) و لـە (پدك)ەوە بـۆ (حسـک) و بـەو جۆرە ..تد. هـەنووكـەش لـە بری پرسیاركردن و سـەرنجدان لـە كرۆكـی لاری و چەوتییەكـانی سیسـتـەمەكە، تـاكی نـاڕازی بـۆ خۆشـباوەڕبوون بـە گردێكی دیكە و لیستێكی دیكە و بـە ئۆپۆزسیۆنێكی دەدیكـەی سەڵاتخواز، بـانگـەواز دەكـەن و خـەریكـی ڕاهێنان و گۆشكردنـی نـەوەیەكن لـە كـەسانـی متمانـە بـەخۆنـەبوو و گوێڕایـەڵ و چـاوەڕوانـی شـوانـەیی ئـەم و ئـەو. ئـەمـە هـەموو ئـامـانجێكـی ئـەوانـە، كـە بـە ختـووكـەدانـی هـەستـی ناهوشیارانـەی نـەتـەوەچییـەتی و نیشتتمان هـەموانی و دەسـەڵاتی بـاش، دەیـانـەوێت بـۆ ماوەیـەكی زۆر خـەڵك لـە چاوەڕوانـی هاتنـی موحـەمـەدی مـەهدیدا ڕابگرن.

<u>تا ئێستا ترس لـە دەسەڵات لای ژمـارەیـەكی گـەورە لـە ڕۆشنبیران هـەیـە،</u>

بەوەشدا نوخبەی دەسەڵاتدار تەواوی سامانی نەتەوەیی بە موڵکی خۆی دەزانێت، تەواوی کۆمەڵگاش وەک شانەیەکی حیزبی سەیردەکات، ئەوا وەک فەرمانبەرو ڕەعیەت مامەڵەی ڕۆشنبیرە نزیکەکانی خۆی دەکات.
ل.٥٦

ئەوەی کە لای زۆریەنەیەك لە ڕۆشنبیران ترس لە دەسەڵات هەبێت، جێگەی خۆشبینییە، بەپێچەوانەی هەوڵەکانی ڕامکردنەوەی ڕۆشنبیرانی سەربەخۆ بۆ دەسەڵات. چونکە بوونی ترس لە دەسەڵات، نیشانەی دووبەرەیی دەسەڵات و "ڕۆشنبیر" و لە دەرەوەی دەسەڵاتبوونی "ڕۆشنبیر"ە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەو ڕێژە زۆرە لە ڕۆشنبیری سەربەخۆ لە کوردستاندا بوونی نییە، چونکە زۆرێك لەوانەی لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵات واقیان ورماوە، هێشتاکە لە بازنەی وتاری "ئێمە"ی ناسیونالیزم دەربازنەبوون و هێشتاکە بە چاویلکەی بەرژەوەندی هاوبەشی چین و توێژە کۆمەڵایەتییە نایەکسانەکان لەژێر عەبای نەتەوەپەرستی و دواجار خەونی دەسەڵاتی باشەوە چاوەڕێین و لێرە و لەوێ وردەگیری لەم شالیار و لەو سەرۆك و لەم کارگێڕ و لەو ڕۆژنامە دەگرن و کەفوکوڵی هەڵچوونیان دادەمرکێنێتەوە. ئەوان لە دەسەڵات ناترسن، بەڵکو چاوەڕێی دەسەڵاتی باشن، ئەوەی کە تەنیا دەتوانین بە وڕێنەی ناو ئەفسانەکان نێوی بەرین، "دەسەڵاتی باش"!

وەك پێشتر وتم ئەوەی دەستەبژێرێکی دەسەڵاتدار سامانی نەتەوەیی بەهی خۆی بزانێت، ئاساییترین شتە، چونکە کاتێك کە باوەڕمان بە نوێنەرایەتی هەبوو، ئاساییشە، کە مل بە دەسەڵاتی دەستەبژێرێك بدەین و سامانی کۆمەڵگە چەپاوڵگەرانە بخاتە ژێر ڕکێفییەوە، کە پاگەندەی ئەو نوێنەرایەتییە دەکات. ئەمە کرۆکی بیری نەتەوەپەرستییە و هەر ئەوەش زەمینەی مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵات و تاڵانکردنی سامان و داهاتی کۆمەڵگە لەلایەن بۆرجوازییەوە خۆش

دەکـات، کە نـاسـیونالیزم وەك ئـایـدیۆلۆجیاییەك بـۆی دەبێتە پەیـژەی سەرکەوتن بەرەو ئەو دەسەڵاتە.

ئـیتر لە وەهـا بارێکدا سادەترین و سـەرەتاییترین شت، ڕەعیەتبـوون و فەرمانبەربوونـی ڕۆشنبیران و نووسەرانـی نـاسیونالیستە. چـونکە کاتێك کە ڕۆشنبیری و نووسین ببنە ئامرازی بەدەستهێنانـی مـوچەی تـایبەت و کەرەسـتەی ئاڵوگـۆڕپێکراو لـەتـەك دراو، نووسـەربوون و ڕۆشـنبیربوون دەکەونە خـانەی خوڵامبـوون و میرزایەتـی بەردەرگە و خـوار دیواخانەکـانی پـارت و دەسـەڵات. کاتێـك نووسـین و ڕۆشـنبیری دەبنە ئامرازی بەدەستهێنانـی پارچە زەوی و داهات، ئیتر ناکۆکییەك لە نێوان ئەو ڕۆشنبیر و نووسەرانە و دەسـەڵات نـامێنیت و گێڕانـەوەی خـەڵـك بـۆ بازنەکـانی خۆشـباوەڕبوون بە بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی هـاوبەش و دەسەڵاتی باش، دەبنە ئامانجی نووسین و ڕۆشگەری "ڕۆشنبیران"!

<u>ئیشکردنێکی ڕاستەقینە بۆ ناساندنی کتێب لە گۆڕێ نییە، میدیاکان کەمترین کات دەبەخشنە ڕۆشنبیرانو هەموو کەناڵەکان بەرنامەیەکی دیالۆگی فیکری ڕاستەقینەو زیندوویان تێدانییە.</u> ل.٥٧

با خوێنەری وردبین و بە سەرنج خۆی سەرنجی ئەم پەرەگرافانە بدات و خـۆی گرێکـوێرەی ئەو گشتە هێنـان و بـردنە بکـاتەوە، ئەوە خواستی گەییشتن بە ئاستی ڕامیارەکانە لای ئەم نووسەرانە، کە جار جار لەنێو پەرەگرافەکاندا سەرەتاتکێیان لەتەکدا دەکات.

پاش ئەم پەرەگرافە ئیتر نووسەران پێی لێڕادەکێشن و داخوازینامەیەك بەرزدەکەنەوە، کە سەرتۆپ و بنتۆپی لە داخوازی کۆمەڵێك کەس بەدەر نییە و ئەگەر ئەم داخوازییـانە لە ١٨ سـاڵی ڕابـوردوودا جێبەجـێ بکرایێن، ئیتر ئێستا ئێمە کاتی خۆمان بە خوێندنەوە و ڕەخنەگیری لەم

ڕستانە بەفیڕۆ نەدەدا.

نووسەران ڕەخنەیەیان لە لایەنداری دەزگەکانی ڕاگەیاندن بۆ سەرمایەداران و دەسەڵات (پارت و میری) نییە، بەڵکو وردەگلەیی لە نەبوونی بەرنامەی تایبەت بە دەستەبژێرەکەیان دەکەن و خوازیاری پاگەندەن بۆ پەرتووکەکانیان. ئەوان لەبیر دەکەن، لە دونیای سەرمایەداریدا هەموو شتێك دەکەوێتە خزمەت بەدەستهێنانی پارە و کەڵەکەکردنی سەرمایە. هەر بەو پێیەش ئاساییە و دەشبێت وابێت، کە نووسەرانیش وەك کۆمپانیاکان، لە بەرامبەر پاگەندەکردن بۆ پەرتووکەکانیان وەك هەر کەرەستەیەکی تر، دەبێت پارە بدەن، واتە بەکرێگرتنی ئەو دەزگە ڕاگەیاندنە "سەربەخۆ"یانەی کە نووسەران خوزیارنن. چونکە ئەمە سروشتی سیستەمی سەرمایەداری و پێکهاتەکانییەتی نەك تەنیا تایبەتمەندی دەسەڵاتی بۆرجوازی کورد!

پاشان، "ڕۆشنبیران" کێن، کەوا شایستەی وەها بەرتەری(امتیاز)یەکی ڕامیاریی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی بن، کە زۆرینەی کۆمەڵگە لێی بێبەشە؟ مەگەر بەرتەریدان هەر بەرتەری نییە، ئیتر بەرتەریدان بە ڕامیاران و پارتەکانیان بێت یا بە نووسەران و "ڕۆشنبیران"، ئەوە چی لە کرۆکە ناداوەرانی و نامرۆییانەکەی دەگۆڕێت؟ چی لەوە کەم دەکاتەوە، کە بەرتەری جۆرێکە لە تاڵان و گەندەڵی لە سامان و داهاتی کۆمەڵگە، کە بەری ڕەنج و کاری چینە زەحمەتکێش و بەرهەمهێنەرەکانە؟

لەراستیدا ڕاستکردنەوەی ئەم بارودۆخە بەوە دەبێت کە ترس لە ژیانی ڕۆشنبیریمان بچێتە دەرەوە، لە جێگای باسای ڕۆژنامەگەریی یاسایەک دربارەی مافی کولتووریو مافی ڕۆشنبیران دەربچێت کە ڕۆشنبیران لە دیناسۆرەکانی ناو سیاسەتو راگەیاندن بپارێزێت. ئیشی ڕۆشنبیران بە

کـــارێکی زیـــاد تەماشـــانەکرێت کە شایســـتەی موچەکەیـــان نییە، پشـــتگیریکردنی هونەرمەنـــدانو نوســـەران میکـــانیزمێکی شـــەفاف وەربگرێتو لەسروشتی دەستگیرۆیکردنو یارمەتیدانو مەکرەمەنواندن دەرچێتو شێوەیەکی قانونی راستەقینەو ڕوونی هەبێت. ل.٥٧

ئەمە داوایە هاوترازی مفتەخۆری ڕامیارانە بەسەر داهاتی کۆمەڵگەوە، کەسێك بە کۆمەلێك پاڵپشتی دارایی و ڕامیاریی دەگاتە پارلەمان و لە بری کارکردن و خزمەتکردن لە بوارێکی کۆمەڵایەتیدا، خۆی لەوانە دەدزێتەوە و چنگی لە مشەخۆری لە داهاتی خەڵك گیردەکات و دواجار خانەنشینییەکی هەتاهەتایی بە موچەی شالیاری بۆ دەبڕدرێتەوە. چونکە پێیانوایە ئەوان شایستە و خەڵکی تریش شایستەی مەمرەومەژییە! نووسەرانی ئۆتۆریتەگەریش، کە زۆربەی کاتی کەسانی دەرەوەی بازنەی خۆیان بە ڕۆشنبیر نازانن و مەبەستییان لەو واژەیە خۆیان و دەروێشەکانیانن، دەیانەوێت لەو بەرتەرییە دارایی و ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییە بەهرەمەند بن و شەڕە ڕواڵەتییەکەیان لەتەك دەسەڵاتدارانی ئێستادا تەنیا ئەوەیە، کە دەڵێن ئێمەیش هیچمان لە ئێوە کەمتر نییە و بەڵکو لە ئێوە خوێندەوارتر و ڕۆشنبیرترین، بۆیە داوای یاسای تایبەتی دەکەن، هەروەك ڕامکاران خانەنشینی و موچە و خەرجی تایبەتییان دەوێت. نووسەران تا ئەوێندەرێ کە گلەیی و لۆمەیان لە دەسەڵاتدارانی ئێستا هەیە، دەخوازن شوێنیان پێ لەق بکەن و خۆیان یا دڵخوازانیان شوێنیان بگرنەوە، پاگەندەی خوازیاریی سیستەمێکی پارلەمانی جیاواز لە مۆدێلی وڵاتەکانی دەوروبەن و بەبێ ناوهێنان داوای جۆرێك لە سیستەمە ئەوروپییەکان دەکەن، بەڵام کاتێك کە دێنە سەر گلەیی لە بەختی خۆیان وەك دەستەبژێری "ڕۆشنبیر"، ئەوا دەخوازن بەپێی ئەو سیستەمانە مامەڵەیان لەتەکدا بکرێت، کە چەند دێر پێشتر گلەییان ئاراستە دەکەن. ئەوان لەلایەك دەخوازن وەك بە هەمان سیستەمی

تاکپارتیی دەزگەکانی ڕاگەیاندن بەرنامەی تایبەت و خۆڕایی بۆ ڕیکلامی پەرتووکەکانیان و موچەی مفتی ڕۆشنبیرانەیان لە تالآنگەریی سامانی کۆمەڵگە و بەری ڕەنجی تاکی چین و توێژە بندەستەکان بۆ دابین بکەن، لەولاشەوە پاگەندەی خوازیاریی دەستکۆتاکردنی مفتەخۆریی نووسەران و ئەندامانانی پارتەکانن! من نازانم، ئایا لە بەهەشتی سیستەمە ئەوروپییە دڵخوازەکەیاندا موچەی ڕۆشنبیرانە هەیە یا نا؟ ئەگەر نا، ئەدی کو ئەوان لە پاڵ پاگەندەی گۆڕانخوازییدا هەم خورمایان دەوێ و هەم کشمیش؟

نووسەران کە چەند دێر لەوەوپێش "ئێمە"یان بۆ گشت بەکار دەبرد، کەچی لە پڕێکدا داوای جیاکردنەوەیان وەك ڕۆشنبیر لەو "ئێمە"یە دەکەن و داوای یاسای تایبەت بە "ئێمە"ی بالآی ناو "ئێمەی" خوارتر دەکەن؟ ئەمە سروشت و دیوی ڕاستەقینەی ناسیونالیزمە وەك ئایدیلۆجیای بۆرجوازی و دەسەلآتەکەی، کە بەنێوی هەموو کۆمەڵگەوە قسە دەکات و خواست و مەرامەکانی لە درۆپیرۆزەکان دەئاڵێنێت و بەو شێوە لەژێر ئەو دێوجامانەدا دەمێننەوە، تاکاتێك کە لەنێو ڕێزەکانی دەسەلآتخوازاندا ناکۆکی و کیشمەکیش لەسەر چۆنیەتی بەشکردنی دەسەلآت و تالآنی لەنێو خۆیاندا سەرهەڵدەدات و ئەو کات ئیتر لە دوو پەرەگرافدا، دوو "ئێمە"ی جیاواز قوت دەبنەوە.

بەکوردی و کورتی، نووسەران هەروەك "لیستی کۆمپانیای وشە" و سەرانی ئەو کۆمپانیایە داوای بەشی زیاتر لە تالآنی داهاتی کۆمەڵگە دەکەن و وێرای داوای دابینکردنی مشەخۆرییان بەسەر داهاتی خەڵکەوە، دەخوازن خەڵکیش بۆ کڕینی پەرتووك و بەرهەمەکانیان هانبدرێن.

<u>ئیشی دەوڵەت نییە نوسەرانو هونەرمەندان بەخێوبکات، بەڵام ئیشێتی</u>

سامانی گەورە سەرفیکات بۆئەوەی فەزایەک بخولقێت تێیدا ڕێزی هونەرو ئەدەبو زانست بەجۆرێک بەرزبێت دەزگا کولتوورییەکانو ڕۆشنبیرە ئازادەکان بتوانن خۆیان خۆیان بژێنن، ل. ٥٨

ئەم پەرەگرافە ئەوەمان بە گوێدا دەدات، کە نووسەران و ڕۆشنبیران، لەوە وەرسبوون مانگانەکەیان لە سەرتیپێکی "نەخوێندەوار" وەربگرن، بەڵکو دەخوازن ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان، خاوەنی بەشەداهاتی خۆیان بن و بڕێریاری موچەکەیان کۆنە پێشمەرگەیەك نەبێت، بەڵکو کەسێکی ئەکادیمی بێت. ئەوان نە شەرم لەوە دەکەن و نە ڕەتی دەکەنەوە، کە نووسەری و ڕۆشنبیری سەرچاوەی بەدەستهێنانی داهات بێت! ئیتر نازانم گلەیی و وردەگیرییان لە نووسەرە ئاشکراکانی پارت و میری لە پای چییە، مەگەر ئەوانیش وەك ئەمان نووسین و ڕۆشنبیرییان نەکردووەتە ئامرازی بەدەستهێنانی داهات و بەرتەری زیاتر؟

ئەوان دەیانەوێت ئەوە پەردەپۆش بکەن، کە کاتێك نووسین و ڕۆشنبیری بوونە ئامرازی بەدەستهێنانی بەرتەری، ئیتر شوناسی سەربەخۆیی لەدەست دەدەن و دەبنە داردەستی دەسەڵات و پێداویستییەکانی بازار و مامەڵەگەری؛ دەبنە بەشێك لە هونەری خەڵکفریودان و دەڵاڵی بازار و دەسەڵات. ئیتر ئەو موچە و بەخشیشە چ ڕاستەوخۆ لە پارت و دەسەڵاتەوە وەربگرن یا ناڕاستەوخۆ لە ناوەندێکی "ڕۆشنبیریی" سەربەدەسەڵات، هیچ لە کرۆکی کرێگرتەیی نووسەران و ڕۆشنبیرانی دەسەڵاتخواز و پاشکۆی دەسەڵات ناگۆڕێت. چونکە بە پاشکۆیی و دەسەڵاتخوازیی نووسەران، جیاوازی لە نێوان پۆلیس و نووسەر نامینێت و یەکەم بە کوتەك خەڵك دارکاری دەکات و دووەم بە دەستەواژە مێشکی خەڵك دەشواتەوە و سوکایەتی بە ئازادی و ئازادیخوزان دەکات!

چوارەم: پێداچوونەوە بە ڕۆڵی حیزبداوەك یەکەیەکی سەرەکی

سیاستکردن

١- حیزب چی بێت و چۆن بێت؟

حیزب ئەگەر کۆڵەکەی هەرە سەرەکی ژیانی سیاسی نەبێت، ئەوا یەکێکە لە کۆڵەکە هەرەسەرەکییەکانی. بەڵام حیزب کاتێك دەبێتە کۆڵەکەی سەرکی ژیانی سیاسی کە هێزێکی چالاكو کاریگەربێت، دونیای خۆی بناسێتو ئەو ناسینەی کردبێتە بەرنامەو پلان بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستیو قەیرانو چاوەڕوانییەکانی ئەو دونیایە. ل.٦١

ئەگەر سەرنجی ئەو ڕێوشوێنە کە نووسەران بە پارتی دەبەخشن، بدەین، دەبینین، کە پارت ڕۆڵی کەنیسە دەبینێت، کە نوێنەرایەتی خوا لەسەر زەوی دەکات. چونکە بەبێ کەنیسە ناتوانرێت دەسەڵاتی پاشاکان وەك دەسەڵاتی خوا، پیرۆز بکرێت. نوسەرانیش بەپێی هاوکێشەیەکی لەو جۆرە و بە هەمان پێوانە پارت دەکەنە کۆڵەکەی پارستنی دەسەڵاتی چینایەتی لەژێر پیرۆزکردنی بە دێوجامەی بەرژەوەندی نەتەوەیی و نوێنەرایەتی نەتەوە. بەڵێ پارت کەنیسەیەکە، کە ئەندامانی ملکەچی دەسەڵاتی کەمایەتییەك دەکات و هەتاییبوون بە دەسەڵاتی بۆرجوازی دەبەخشێت. لەم سەر تا ئەو سەری دونیا پارت هەروەك کەنیسە خۆی بە نوێنەری ڕاستەقینە (خوا-نەتەوە- چین) دادەنێت و پیرۆزی بە دەسەڵاتی کەمایەتییەك بەنێوی نوێنەری خوا لەسەر زەوی یا نەتەوە و چین لە پارلەمان و دەرەوەیدا دەبەخشێت، بەم جۆرە لە سەردەمی پێش-مۆدێرن و مۆدێرن و تا پۆست-مۆدێرنیزمەکەی نووسەران، ئەفسانە ئایینییەکان لە ئاسمانەوە بۆ زەوی دادەگێردرێن و پۆشاکی ژیرانی (عەقلانی)یان بەبەردا دەکرێت.

بەڵام نووسەران لە دڵنیانەبوون لە هەرەسەرەکیبوونی پارت وەك کۆڵەکەی ژیانی ڕامیارییەوە بە یەکێکبوون لە کۆڵەکە هەرەسەکییەکانی ژیانی ڕامیاریی دەگەن و پاشان قسە لە کاتێك

دەکەن، کە دەسەڵات دەبێتە کۆڵەکەی سەرەکی ژیانی ڕامیاریی. مەرجیشیان بۆ ئەوە چالاکبوون و ناسینی دونیای خۆی و بە پلان و بەرنامەکردنی ئەو ناسینە بۆ وەڵامدانەوە بە پێداویستی و قەیران و چاوەڕوانییەکانی ئەو دونیایەیە. کامە دونیا؟

مەگەر پارتەکانی بۆرجوازی کورد، بە دیاریکراوی دەسەڵاتدارەکانیان، کۆڵەکەی سەرەکی نەك تەنیا ئەوەی نووسەران دەیخوازن، بەڵکو ماڵ و ڕەشماڵی کۆچەرەکانی کوردیش پێکناهێنن؟ مەگەر هەر ئەوەی نەکردووە، کە نووسەران دەیخوازن؛ پلانڕێژکردن و بەرنامەکردنی خودناسینی بۆ وەڵامدانەوە بە پێداویستی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی و قەیرانەکانی و چاوەڕوانییەکانی ئەو دونیا چینایەتییە؟ ئیتر گلەییان لە چییە و پارتەکان و دەسەڵاتی بۆرجوازی کورد کامە کار و ئەرکی ڕاپەڕاندووە، کە تۆزقاڵێك لە بەرژەوەندی چینایەتی بۆرجوازی لایدابێت و لە بەرژەوەندی زۆرینەی کۆمەڵگە(زۆرینەی نابۆرجوازی)دا بووبێت و بێت؟ من لەوە دڵنیام، کە ئەگەر خودی نووسەران لە بری ئەوانەی ئێستا سەرۆك و شالیار بوونایە، بە دڵنیاییەوە ئەگەر خراپتریان نەکردایە، باشتریان نەدەکرد، لەبەرئەوەی کە ئەوانیش خوازیاری دەسەڵات و بەرتەری و دەستەبژێریی و ناو و ناوبانگن و هیچ لارییەکیان لە دونیای چینایەتی نییە و خوازیاری "نایەکسانی یاسایی"ن، ئەو کۆڵەکەی سەرەکییە کە سیستەمەکەی ڕاگرتووە؟

<u>سەرەڕای ئەمانە حیزب دەبێت ببێتە ئەو ئەڵقەیەکی لەڕێگایەوە هاوڵاتییان بە حکومەتەوە گرێدەدات</u>، ل.٦٢

هەرچەندە نووسەران لەو دەربڕینەدا ئامانجێکی تریان هەیە، کە خۆشباوەڕترکردنی هەرچی زیاتری تاکەکان "هاووڵاتییان" و کەمکردنەوەی نارەزایەتییە بەرامبەر دەسەڵات لە ڕێگەی پارتییکردنی

خەڵکەوە. بەلام ئەمەیان ڕاستگۆیانەترین دانپێدانانە بە ڕۆڵی دێماگۆگیانەی پارتدا، کە لە فریودانی خەڵك لە ژێر نێوی "نەتەوە"، "نیشتمان"، "ئایین" و "چینی کرێکار"دا، تاکەکان بەوە خۆشباوەڕ دەکات کە دەسەڵاتی ڕێکخراوی دەوڵەت و میری بریتییە لە ویست و خواستی ئەوان. بە واتایەکی دیکە پارت ئەو دێوجامەیە، کە بەهۆیەوە تاکەکان بۆ دەسەڵاتی چینایەتی کەمایەتییەك بە (ڕامیاری) بۆرجوازی (ڕام) دەکات. پارت هەر ئەوەیە و پارتە بۆرجوازییەکانی کوردیش هەر ئەوەیان کردووە و ئەگەر نووسەران هێشتا گلەییان لەوە هەیە، دەبێت ئێمەی ژێردەست سوپاسگوزار بین بەوەی نووسەران داخوازییان هەیەو هانا بۆ دروستکردنی پارتی نابەن و بەو جۆرە مشەخۆرێکی دیکە و تالانچییەکی دیکە قوت ناکەنەوە!

<u>حیزب لە کوردستاندا نوێنەری کۆمەڵگا نییە، بەڵکو سەروەری کۆمەڵگایە، بەناوی ئەوەوە قسە دەکات</u>، ل.٦٣

ئیتر لێرەوە دانپێدانانەکەی نووسەران بە ڕۆڵی لەیەك مارەگەرانەی پارت (مارەکردنی چین و توێژە بندەستەکانی کۆمەڵگە لە دەسەڵاتی کەمایەتی سەروەر) بەرەو چێکردنی دوورگەی "واق واق" لە هۆشمەندی تاکدا ملدەنێت. ئەوان دەخوازن بە بندەستانی کوردستان بڵێن، لە شوێنێکی دیکە هەر لە سایەی سیستەمی سەرمایەداریدا پارت هەیە، کە نوێنەری سەراپای کۆمەڵگەیە و کاتێك کە بە کورسییەکانی دەسەڵات دەگات، نابێتە سەروەر، بەڵکو دەبێتە خزمەتکاری کۆمەڵگە و وەك پارتە خەوناوییەکەی نووسەران بەنێوی کۆمەڵگەوە قسە ناکات! ئایا سەیروسەمەرەی وا لە دونیای کەتواریدا بوونی هەیە؟

من لە خوێنەری هێژا دەپرسم، ئایا ئێوە لەم سەر تا ئەو سەری دونیا، لە پارتی لیبراڵەوە تا کۆنەپارێز، لە کۆمونیستەوە تا ئیسلامی، پارتێك

شك دەبەن كە سەروەر نەبێت/ نەبووبێت و خزمەتگەری كۆمەڵگە بێت/ بووبێت؟ ئەی قسەگەرانی نیئۆلیبرالیزم ئەم سەرسووڕهێنەرە كەسنەدیتووەیان لە كوێ دۆزیوەتەوە، كەوا ئێمەی "مێگەل" لێی نائاگاین؟

كۆمەڵگای ئێمە بەر لە هەر هەرەسێكی گەورە، پێویستی بەوەیە زۆر بە خێرایی لەم دیكتاتۆرییەتی حیزبیە دەرچێت، چونكە ئەم دیكتاتۆرییەتە ڕووبەڕووی بەرەنگارییە كۆمەڵایەتیو ئەخلاقی ئیجگار گەورە دەبێتەوەو حیزب خۆشی دەبێتە یەكێک لە قوربانییە گەورەكانی. ل.٦٣

لەوێوە كە نووسەران هەر لە سەرەتاوە دەكەونە هەوڵی پەردەپۆشكردنی هۆكاری سەرەكی نایەكسانی و نادادوەری كۆمەڵایەتی، ئەوەش دەكەنە پێپلیكانەی سەركەوتن بەرەو ئەنجامدانی كاری دواتر، كە خۆشباوەڕكردنی خەڵكە بە دەسەڵاتی باش و دواجار گەییشتن بە دەسەڵاتی باشیش پێویستی بە كۆكردنەوەی هەمووانە لە دەوری دەستەبژێرێكی ژیر و خوێندەوار، كە ئامرازێكی پێویستە و ئەو ئامرازەش تا هەنووكە لە پاش كەمڕەنگبوونەوەی ڕۆڵی پەرەستگەكان و كۆنبوونی پۆشاكی پیاوخوادیی دەسەڵاتداران، تەنیا توانیویەتی پارتێكی ڕامیار بێت و بە ڕاست و چەپی پارتەوە چەند سەدەیە لە پاش هەر بازدانێكی تاك بەرەو هوشیاربوونەوە و دەربازبوون لە داوەكانی ئەندامەتی پارت، دەستەبژێرەكانی سەرووی پارت، خەونی پارتێكی تری سەروو هەڵە دەكەنە تۆری گێڕانەوە و ڕاوكردنی تاكە یاخیبووەكان. پاش ئەوەی كە دەستی ڕامیاران و سەرانی پارت دەردەكەوێت، ئیتر ڕۆڵی نووسەران و ڕۆشنبیرانی وردەگیر دەردەكەوێت و خۆشباوەڕكردنی تاك بەوەی كە دەسەڵات دەتوانێت باش بێت و پارت دەكرێت نوێنەری بەرژەوەندی كۆمەڵگە و كۆڵەكەی سەرەكی ژیان بێت، دەبێتە ئەركی

سەرەکییان!

ئەگەر ئەمە پڕوپاگەندەی وردەبۆرجوازی دەسەڵاتخواز و هاوخوانی دەسەڵاتداران نەبێت، ئەوا تێنەگەییشتن و کەچبینینی ڕووی ڕاستەقینەی دەسەڵات و ڕۆڵی پارتە لە کۆپیکردنەوە و کۆمەڵایەتیکردنەوەی سەروەریدا. بەڵام نووسەران زۆر باش بۆ ئەوە چوون، کە ئەوە توانای جادووگەرانەی پارتە توانیویەتی وەك پەرستگەکان تاك ملکەچی میرایەتی کەسانێکی دیکە بکات.

نووسەران وەك خەمخۆری پارت دێن و سەرانی پارت ئاگادار دەکەنەوە، ها ئەگەر دیکتاتۆری پارتەکان نەکەنە دیکتاتۆری میری، ئەوا بەم زووانە جامی ڕقی خەڵکی پڕدەبێت و بەرەنگاری کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووتان دەبێتەوە و بەخۆشتان دەبنە قوربانی "قوربانی!!!". بەڵام ئەگەر دەستێك بە ئارایشی ڕێکخستن و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و جڵەو بۆ کەسانی دیکە شل بکەنەوە، بەدڵنیاییەوە دەتوانن بۆ سەردەمێکی دوورودرێژتر قوربانییەکانی ڕۆڵی پارت و سەروەرمانەوەی چینێك، کە پارت ئامرازی لە دەسەڵاتمانەوەیدایە، کۆیلە و ناهوشیار ڕابگرن.
مەگەر هەر ئەو هۆیە نییە، کە خەمخۆری نووسەران بۆ پاراستنی پارتەکان لە مردن، ناچار بە ئامۆژگاریکردنی ئەوانەیان دەکات، کە زۆر جار بە دێوەزمە نێویان بردوون؟

۲- <u>حیزبە بچووکەکان لە نێوان لاڵ بوونی سیاسی و بێخەونیو بێپرۆژەیی کۆمەڵایەتیدا</u> ل.٦٤

لێرەدا ناگەڕێمەوە سەر لێدوان لەسەر ئۆپۆزسیۆنبوونی پارت و لایەنەکانی تر، یا قۆرخکردنی مەیدانەکە تەنیا بۆ دوو پارت. چونکە لە

نـزیکەی تـەواوی دونیـادا هـەروایە، کە هێـزە گـەورەکـان، هێـزە گچکـەکـان کەنـارەگیر دەکەن. لـە ئـەمـەریکـاش هـەروایـە و کۆمـاری و دیمـۆکرات وەك (ینـک) و (پـدک) پارلـەمـان و میرایـەتـی قـۆرخ دەکـەن. هـاوکـات ئـەوە دوو هۆکارن، کە لایەن یا پارتە گچکەکان دەهێننە مەیدان:
یەکەم، خۆشـباوەڕی تـاکی دەنگەدەر بەوەی ئەو گچکـانە دەتـوانن باشـتربن، ئـەوەی کە نووسـەران خـەریکـن بـاڵیکی جیـاوەبوو (کۆمپانیـای وشە) لـە پارتـی دایك (ینـک) بکـەنـە ئۆپۆزسیۆن و خـەڵکـی پـێ خۆشـباوەڕ بکەن.
دووەم، هەڵکەوت و پێداویسـتی ڕامیـاریی و ئابـووریی سیسـتەمە جیهـانییەکە لە نـاوچەکەدا، کە تـا هەنـووکە ڕووبەڕووی مەترسـییەکی وەهـا نـەبـووەتـەوە، تـاوەکو نـاچـار بـە ڕۆڵبـەخشـین بـەو پارتـانـە بێـت. ئـەگـەرچی لـە نـاوچـەیەکی بچووك یا شارێکدا ئـەمـە ڕوویدا یا ڕوو دەدات، بـەڵام بـەگشـتی هێشـتا مـەترسـی خنکێنـەر سـەریهـەڵنـەداوە. بـۆ نمـوونـە ئـەگـەر لـە عیراقـدا کرێکـارانـی نـەوت سـەربـەخۆ خۆیـان ڕێکبخـەن و وەك ئـەڵتـەرنـاتیڤی خۆتـەقـانـدنـەوەی ئیسلامییـەکان، مـانگرتنـی گشـتی و کتـوپڕ و درێژماوە و سەرتاسەری ڕابگـەیێنن، ئـەگـەر ڕیزی یـەکگرتووی جوتیـاران و خوێندکاران و فـەرمانبـەران و خـانـەنشینـان و کـەمئـەندامان و ئـاوارەکـان لـە بزاڤە کۆمەڵایـەتییە سـەربـەخۆکاندا ڕۆژانـە شـەقامی شـارەکان داگیـر بکـەن، ئـەوا هـەم پـارتـە دەسـەڵاتدارەکان دەکـەونـە خـۆ و دەسـت لـە هـەنـدێك شت هەڵدەگرن و هـەم پـارتـە گچکـەکـانیش دەکـەونـە خـۆ و هـەم کۆمپـانییە جیهانلووشـەکان و سەرلـەشـکرەکانی داگیـرگـەر نـاچـار بـە کشانەوە دەبن و هـەم دەستـە تێرۆریستـە ئیسـلامییـەکان و دەوڵـەتییـەکـان نـاچـار بە گـرتنـەبـەری شێوازی دیکە دەبـن، بـە واتـایەکی دیکە لـەوانـەیە باشترین نموونـە ئـەوە بێت، کە پرسیار لـە خودی نووسـەران بکرێت؛ بـۆچ لـە (١٠ ، ١٢ ، ١٤ ، ١٦ ، ١٨) سـاڵی ڕابـوردوودا ئێـوە ئاوەزتـان بـە دارشتنی وەهـا مانیفێستێك نـەشکا؟ وەڵامـەکـەش زۆر ئاشکرایە، چونکە دەسـەڵات بـەقەد ئێستا لـە مـەترسـی هەڵگەڕانـەوەی خـەڵکیـدا نـەبـوو و

مەترسی بێنرخبوونی پارت و نەتەوەپەرستی لە ساڵانی ڕابوردوودا وەك ئێستا نەبوو. بەڵام هەموو ئەم هەوڵە بێژنگییانە ناتوانن بەری خۆری هۆشیاربوونەوەی تاکی کورد بگرن، لە ئەوروپا و ئەمەریکا و ئوستراليا لە دڵی دیمۆکراسییە بۆرجوازییەکەی نووسەراندا، وێڕای ئەو ڕیفۆرمە خواستراوەی ئەوان، کەچی ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی نائومێدان لە پارت و بەئاگاهاتووان لە چینایەتیبوونی دەسەڵات و نۆکەری یاسا و سەروەری بۆ سەرمایە لە زیادبووندایە و ڕیزی دەنگدەران لە کورتبوونەوەدایە!

<u>دووبارە بنیاتنانەوەی چەمکی "ئۆپۆزسیۆن بوون" لەناو سیاسەتدا، بە مانای بوونی ئیرادەی گۆڕانی ڕیشەیی و ڕێکخراوو بەرنامەکاری مۆدێرن و دیموکراسی و خەونی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانە</u>. ل. ٦٨

ئەگەر واز لە واژەکانی ویستی گۆڕانی ڕیشەیی و بنیاتنانی کۆمەڵگەی دادپەروەر بهێنین، کە بێجگە لە دێوجامەیەك بۆ شاردنەوەی خواستەکانی وردەبورجوازی بۆ ڕیفۆرم و بەشداری دەسەڵات شتێکی دیکە نین، ئەوا ئەوەندە بەسە بڵێین، ئەگەر بێدەنگی چین و توێژە کۆمەڵایەتییە بندەستەکان، بە چۆڵەوانی بچوێنین، ئەوا دەسەڵاتی جێگیر بۆ فڕین و خۆڕزگارکردن پێویستی بە باڵگرتن نییە. بەڵام کاتێك کە تاکەکانی کۆمەڵگە لە خەو و بێدەنگی ڕادەچلەکێن، ئیتر پارتە دەسەڵاتدارەکان پێویستیان بە فڕینە بۆ شوێنێك، کە دەستی تووڕەیی جەماوەرییان پێ نەگات، بۆ ئەوەش باڵدەرکردن پێویستە و ئۆپۆزسیۆن باڵی دووەمی ئەو داڵەکەرخۆرەیە، کە ١٨ ساڵە لەسەر خوان و ژیانی خەڵکی دەلەوەڕێت. ئۆپۆزسیۆن و ڕۆڵپەیداکردنی بەچکە پارتەکان لەوەدایە و بۆ ئەوە سەرهەڵدەدات، کە سواری شەپۆلی نارەزایەتی خەڵك ببێت و لە خشتەی بەرێت، هەروەك لیستی کۆمپانیای وشە بە هەڵگرتنی نێوی "گۆران" پێیهەستا، کە بەرنامەنووسەکانی ڕۆشنبیرانی لە جۆری نووسەرانی "نیگایەك لە ئێستا و خەونێك بۆ سبەی"ن و ئەم

نامیلکەیەش هەر بۆ ئەو مەبەستە نووسراوە.

ئەزموونەکانی مێژوو ئەوەمان نیشان دەدەن، کە دەسەڵاتداران لە هەموو قۆناخەکانی سەروەری و سیستەمەکانیدا، بە ئاگر و ئاسن و زیندان و سێدارە هەوڵیانداوە و دەدەن بەر بە ویستی گۆڕانی ڕیشەیی، کە هەڵگێڕانەوەی کۆمەڵگەی چینایەتییە، بگرن. هەروەها کۆمەڵگەی دادپەروەر تەنیا کاتێك بوونی دەبێت یا دەبێتە کەتوار، کە لە سەرووی ئەندامانی کۆمەڵگەوە کەس سەروەر نەبێت و شتێك بەنێوی دەوڵەت و بەرژەوەندی نەتەوەیی و خوا و نیشتمان نەبێت. کاتێك کە هەمووان ئازاد و هەمووان یەکسان و هەمووان بەهرەمەند لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی، دادپەروەرییەك، کە مێژوو سەلماندوویەتی بەبێ ئازادی یەکجاری لە بەڕێوەبەرایەتی چینایەتی و یەکسانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە لە ماف و ئەرك و بەرهەم و داهات و سامانی کۆمەلگە، بوونی ئەستەمە. ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی ئاوا، پێویستی بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی هەیەو شۆڕشی کۆمەڵایەتیش بەبێ لێدان لە پایە ئابوورییەکانی دەستەمۆیی و نایەکسانی و نادادوەری کۆمەڵایەتی و لەناوبردنی پێکهاتەی سەروەری چینایەتی لە گشت شێوەکانیدا، خێزانی -خێڵەکی – پارتیی – دەوڵەتی، هاتنە دی و مەیسەربوونی ئەستەمە! ئایا گۆڕینی فلانە سەرتیپ بە فلانە ئەکادێمیست، گۆڕینی پدک بە کۆمپانیای وشە، مەلا بە قەشە، پۆلیس بە پێشمەرگە، عەگال بە جامەدانی، گۆڕانی ڕیشەیی دروست دەکات؟

<u>پێنجەم ئابووری و نەوت و سیاسەت</u>

<u>١- ئابووری و سیاسەت</u>

<u>سیفەتی هەرەسەرەکی ئەم پەیوەندییەش بریتییە لە تێکەڵکردنێکی ترسناکی ئابووریی‌و سیاسەت بە یەکتری، بەکارهێنانی سیاسەت وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی ئابوریی، بەستنەوەی مەوقیعە</u>

سیاسییەکان بە توانای گرتنەدەستی پڕۆژە ئابوورییەکانەوە. ل ٦٩.

بەدبەختی لەوەدایە، کە مرۆڤ لە شتێك تێنەگات و بکەوێتە هەوڵی تیئۆریزەکردنی تێنەگەییشتنەکانی یا بەو جۆرەی کە خۆی تێدەگا یا دەیەوێت ئاوا نیشان بدات. وەك پێشتر وتم ڕامیاری بۆرجوازی بریتییە لە فێڵ و هونەری دەسەڵاتداری و دەسەڵاتیش ئامرازی پاراستنی پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی تاك و چین و توێژەکان. بەم پێیە هەموو دەسەڵاتێك پێداویستییەکی ژێرخانی ئابووری دەیهێنێتە بوون، یا بە واتایەکی دیکە ڕامیاری وەك سەرخانێك بۆ وەڵامدانەوە بە ژێرخانی ئابووری دێتەبوون. کاتێك ژێرخان لەسەر بنەمای نایەکسانی بەهرەمەندبوون و نایەکسانی کۆمەڵایەتی ڕۆنرابێت، سەرخان ناتوانێت پێچەوانەی ژێرخانەکەی، ساباتی پاراستنی دادوەری بێت. بە واتایەکی دیکە بوونی سەروەری کەسێك یا چینێك بەسەر کەسێك یا چینێك و کۆمەڵگەدا تەنیا دەتوانێت لەسەر بنەمای نایەکسانی و نادادوەری تاکەکان و چینەکانی کۆمەڵگە وەستابێت.

ئابووری و ڕامیاری، قاپاخ و سەرقاپاخی یەکترن و بەبێ یەکتر ناتوانن بوون و واتایەکی دیکەی سەربەخۆ بەدەستەوە بدەن. ئیتر نازانم بە کامە تیئۆری و بە کامە لۆژیك نووسەران بە تەمان دیوار لە نێوان ئابووری و ڕامیاریدا هەڵچنن و کەسانی خاوەن پێگەی ئابووری بخەنە پەراویزی ڕامیارییەوە و ڕامیارانی دەسەڵاتدار لە پێگەی ئابوورییان داماڵن؟

لە دونیای کەتواریدا کەسێکی ڕامیاری پێگە دیار و بەرز پەیدانابێت، کە خاوەنی پێگەی ئابووری دیار و بەرز نەبێت. با نووسەران سەرێك بکێشنە ئەنجومەنەکانی دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا و بزانن چی و کێ لە پشتی کەسانی پۆستدارەوە خۆی مەڵاسداوە. ئەگەر بە زمانێکی ساکار

پێناسەی کەسانی ڕامیار بکەین، ئەوا بە کورتی و کوردی دەبنە ڕامکار و هەموو دەسەڵاتدارێك پاسەوانی سەرمایەیە بەگشتی و سەرمایە و پلە و پایەی خۆیەتی بەتایبەتی. ئەگەر پێمان وابێت، کە کەسانێك دێن و بەنیازی داکۆکی لە بەرژەوەندی زۆرینەی بێبەش و بێدەسەڵات، ڕۆژانە چەند کاتژێرێك لە تەمەنی خۆیان بە خۆڕایی تەرخانی چەنەبازی دەکەن، ئەوا بوونەوەرانی وا دابڕاو لە پێگەی ئابووریی و کۆمەڵایەتییان تەنیا لە ئەفسانەکاندا یا بەهەشتە خەیاڵییەکەی تۆرات و ئینجیل و قورئاندا پەیدا دەبن!

نووسەران دەتوانن سەرنجی موچە و پشکی تایبەتی سەرۆك و شالیارانی وڵاتانی دیمۆکرات بدەن، کە بە هۆی لۆبیگەری بۆ کۆمپانییەکان بەریاندەکەوێت، ئەمەش وەك پاداشتی پابەندی پشتیوانی و پێداگرییانە لەو بەرنامە و ڕیفۆرمانەی کە لە بەرژەوەندی کۆمپانیاکاندا لە پارلەمانەکاندا دەیکەن. نووسەران دەیانەوێت جادوو لە خەڵك بکەن و بڵێن دەسەڵات نوێنەری هیچ چینێکی کۆمەڵایەتی نییە، هەژارێکیش وەك دەوڵەتمەندێك، نەخوێندەوارێك وەك ئەکادیمیستێك چانسی گەییشتن بە دەسەڵات و نوێنەرایەتی پارلەمانیان هەیە یا دەوڵەت بە هاوسەنگی پشتیوانی لە هەر دوو لا دەکات. ئەم پاگەندەیە ئەوەندە سواو و ئێکسپایەرە، تەنانەت داهێنەرەکانی ناوێرن بەکاری بەرن، چونکە ئەوەندەی جوێنراوەتەوە، هەڵبزرکاوە و لە کەڵك کەوتووە. دەسەڵات هەر ڕەنگ و هەر ناوێکی هەبێت، پارێزەری بەرژەوەندی و پێگەی بەرتەری ئابووریی و ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیی چین و دەستەبژێرێکی باڵادەستە. لێرەدا تەنیا ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بە ڕۆڵی دەوڵەت بەگشتی و میری و دەزگەکانی داپلۆسینی بە تایبەتی لە کاتی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکاندا بکەم، کە هەموو هێزی ڕاگەیاندن و سەربازی و پۆلیسییان بۆ تێکشکانی دەخەنەگەڕ، بەڵام کاتێك کە کۆمپانییەکان و

خاوەنکارەکـان کرێکـاران دەردەکەن، سـووکایەتیان پێـدەکەن، مافییـان دەخـۆن و تەندروسـتییان دەخـەنــە مەترسـییەوە و ژینگــە تێکـدەدەن، ئاوەکـان پیسـدەکەن و دارسـتانەکان لەنـاو دەبەن و دەرمـان و چەکـە نوێیەکانیـان، لەســەر مرۆــڤ و ژینکــە و ئاژەڵ تاقیـدەکەنەوە، ئەوا دەوڵەت و میری و پارلەمان و هێزە سەرکوتگەرەکانیان باوێشك دەدەن! ئایا هێشتا دەسەڵات بێلایەنە و دەتوانێت بێلایەن بێت و دەوڵەتی باش بوونی هەیە یا دەتوانێت هەبێت؟

<u>ئەمەش وایکردوە دەزگاکانی حوکمکردن و دەزگاکانی پارەپەیداکردن لە وڵاتەکەدا بەشێوەیەکی ترسناک چووبن بەناویەکدا.</u> ل.٧٠

بە ڕاستی من لە دەزگەکـانی پارەپەیداکردن تێناگەم، چونکە دەکرێت بە سەرپەرشتگەری خێزانێك کە بەخێوگەری ماڵە بڵێین پارە پەیداگەر، لەبەرئەوەی کە بەجۆرێك ناچارە توانای جەستەیی یا هۆشی خۆی بە کەسانی دیکە بفرۆشیت و لە بەرامبەریدا کرێیەك وەردەگرێت و دواجار پێی دەوترێت نانئاوەری ماڵ یا پارەپەیداگەری ماڵ. بەڵام دەسەڵات فرۆشـەری هێـزی کـار نییە و ناچـاریش نییە، بەڵکـو مشـەخۆر و دزی ڕەنجی خەڵك و پارێزەری مشەخۆری کەسانی باڵادەستە، کە لەسەر ڕەنجی کەسانی بندەست دەژین، بۆیە لە بری دەزگەی پارەپەیداگەر، دەزگەی بـاجگر و شـالیارگەی دارایـی هەن! ئەگەر لە بـری کـۆمەڵگە و دەوڵەت، قسـە لە خێزانێکیـش بکەیـن، کە لەسـەر هەمـان شـێوە و بە هەمان شێوازی کارکردنی سیستەمی چینایەتی دامەزراوە و بچووکترین خـانەی پێکهێنەری سیسـتەمی سـەروەری چینـایەتییە، ئەوی لەوێـدا پێگەیەکی ئابووری یا دەرامەتـی نەبێت، ئەوا قسەی نـاڕوات و ملکەچ دەبێــت. بــۆیە خۆبەخــۆ و وەك درێــژەی ڕەوتــی خاوەنــدارێتی و دەوڵەتمەنـدیی، پێویسـتە دەسـەڵاتداران بـۆ پاراسـتنی ڕێوشـوێن و مسۆگەریی داهاتووی سەروەرییان، کوتەکیان بەدەستەوە بێت، کە لەم

کەیسەدا دەوڵەت و میری و دەزگەکانی وەك پارلەمان و جێبەجێکردن و ڕاگەیاندنن. خۆ ئەگەر پێناوێك بۆ کوتەك و سەروەری نەبووایە و پێویست نەبووایە، ئەوا خەوبینین بە جیاکردنەوەی ئەو دەزگە و ئۆرگانانەی کە نووسەران بە "پارەپەیداکەر"یان نێو دەبەن، پێویست نەدەبوو و سەربەخۆ دەبوون. بەڵام تا کاتێك کە پێناوێك بۆ ناسەربەخۆیی (سەروەری چێنایەتی) لە ئارادا بێت، ئەوا هیچ دەزگەیەکی بەڕێوەبەرایەتی ناتوانێت سەربەخۆ و کۆمەڵایەتی بێت!

واتە تۆ نابێت سەرۆکی حکومەتبیتو بڕیارە سیاسییە گرنگەکانی وڵاتەکەت لەدەستدابێت، بەڵام لەژێریشەوە دەسەلاتی ئەوەت هەبێت هەمو ڕێکەوتنە ئابوورییەکان کۆنترۆڵبکەیتو بیدەنە ئەو کارگانەی موڵکی خۆتن یا موڵکی ئەو کەسانەن کە لەگەڵتدا شەریکن، یان موڵکی هاوڕێ سیاسییەکانی ترتن. ل.٧١

نووسەران، هەروا کە نێوی چین و توێژە کۆمەڵایەتییە بندەستەکان دەگۆڕن بە "گروپی کۆمەڵایەتی"، لە بەرامبەری ئەوەشدا داهێنانێکی دیکە تۆمار دەکەن و سەرمایەداران ناودەنێن "بەڕێوەبەرانی کارە ئابوورییە سەرەکییەکان" و لەم ڕێگەیەوە دەیانەوێت پاڵپشت بۆ بێلایەنی دەسەلات دروست بکەن و قولوقاچی سەرمایەداران لەو لیتاوەدا، کە نووسەران پورتوبوڵەی ئاراستە دەکەن، دەربکێشن و پاك بکەنەوە. ئەمە کارێکی ئەستەمە، چونکە دەوڵەمەند کە کورتکراوەی دەوڵەتمەندە، بەبێ سەپاندنی یاساکانی دەوڵەت و دەسەلات ناتوانێت خەڵکی بێبەش لە سامان و داهاتی کۆمەڵگە (کرێکار و فەرمانبەر و ..تد) ناچار بەکارکردن لە پێناو سوودی خۆی بکات. بە کورتی وردەگیرییەکی لەو چەشنە، بەشێك نییە لە شەڕی خەڵکی دژی مۆنۆپۆلکردنی دەسەلات و ئابووری لە ڕێگەی نوێنەرایەتی سیستەمەکەوە لە ناوچەکەدا، بەڵکو شەڕی بەشێکی سیستەمەکەیە دژی

بەشەکەی تری و پێیوایە لەو تالان و گەندەڵییەدا مافی خۆی نەدراوەتێ. ئەم جۆرە ڕەخنە ڕواڵەتییانە لە نادادوەری لە سایەی دەسەڵاتدارانی هەرێمدا، ڕۆژانە بە زۆر زمان خۆیان دەردەخەن؛ "شار کەوتووەتە ژێر دەستی لادێی"، "نەزان و نەخوێندەوار وڵات بەڕێوە دەبەن"، "کەسانی شایستە لەجێی شایستەدا نین"، "بازار قۆرخکراوە و مافی کێبڕکێی سەرمایەگوزاری نییە" و زۆر وردەگلەیی تر، کە هیچ کات ڕەخنەکانیان بڕی ڕەگوڕیشەی نادادوەرییەکان ناکەن. چونکە ئەو ڕامیارە خاوەن بەرتەرییانەی ئێستا لە دەسەڵاتدان، وەك دەستەبژێری ڕۆشنبیری وردەگیر، ئەگەر لە شوێنی ئۆپۆزسیۆندا بوونایە، بەدڵنیاییەوە هەمان پورتوبۆڵەی نووسەرانیان دوبارە دەکردەوە، هەروەك سەرۆکانی لیستی کۆمپانیای وشە، کە١٨ ساڵ بەشێك لە گەندەڵی بوون و کە هاتنەدەر یا دەرکران، کەوتنە داواکردنی بەشی زیاتر و خۆیان بە مافخوراو دەزانن و پێیانوایە لە سەرکەوتنەکانی (ینک)دا ڕۆڵی زۆریان هەبووە و لە دەستکەوتەکاندا کەمبەش کراون! ئایا وردەگلەیی و پورتوبۆڵەی وا هیچ پەیوەندییەکی بە خواستی دادپەروەرانەی خەڵکی چەوساوەوە هەیە؟

<u>لە هەر شوێنێکی دونیادا سیستمیکی لەم بابەتە دروستبوو، ئیدی ڕێگە بۆ هەموو شێوازە گەندەکانی بەکارهێنانی دەسەڵات خۆشدەبێتو دەسەڵاتدارێتیو کاری مافیایانە بەزەحمەت لەیەکدیجیادەبنەوە.</u> ل. ٧١

ئایا نووسەران بەم پێوەرە ئامادەن، ڕەخنە لە ڕامیارانی بریتانیا بگرن، کە سکانداڵی گەندەڵییان زۆر کەسی وەك ئەم نووسەرانەی لاڵ کرد؟ نووسەران وەها قسە لەو بارە دەکەن، کە لە دونیادا دەگمەن بێت و کەم ڕوویدابێت. بۆیە دەیخەنە خانەی ئەگەرەوە. بەڵام ڕاستی ڕووداوەکانی نە چەندان دووری سیستمی سەرمایەداری، بەڵکو تەنیا هی دوو ساڵی ڕابوردوو لە ئەوروپای لانکی دیمۆکراتییە

نوێنەرایەتییەکەی نووسەراندا ئەوەمان نیشان دەدەن، کە ئاوەکە لە سەرچاوەوە لێڵە و هیچ چرکەیەکی بەڕێوەبەرایەتی چینایەتی بەبێ گەندەڵی و کاری ژێربەژێر و مافیایی و کوشتوبڕ و پیلانگێری و مافخواردن تێناپەڕێت. هەروەها دروستبوونی وەها سیستەمێك نە دەستێکی ئاسمانی دروستیکردووە و نە لە دەرەوەی ویست و پێداویستی سیستەمە جیهانییەکە و کۆمپانیاجیهانلووشەکانی و سەرلەشکرەکانییەوە دروست بووە، بەڵکو دەستکرد و دیاری پێشلەشکرانی نئیۆلیبرالیزم و بازارئازادەکەیانە لە ناوچەکەدا و ئەوی پاگەندەی جیاوازبوونی لیبرالیزمی بۆرجوازی تەك ئەوەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە و ڕوودەدات، بکات، ئەوا وەك گۆبلز تەنیا نیازی خۆڵکردنەچاوی خەڵکی ژێردەستە و چەوساوەی هەیە!

<u>ئەم دۆخە وادەکات هیچ شتێک لەوڵاتەکەدا لەشوێنی خۆیدا نەبێت، نە ئابوریەکەی ئابووریەکی راستەقینەبێتو خەڵک بزانێت سەروەتو سامانی نەتەوەیی چییەو چۆن پەیدادەکرێتو چۆن سەرفدەکرێت، نە سیاسەتەکەشی چالاکییەک بێت سەرقاڵی بەدیهێنانی قازانجی گشتیو خواستی گشتیو پێداویستییە گشتییەکانی خەڵک بێت لەوڵاتەکەدا</u>. ل. ٧١

ئابووری ڕاستەقینە و ناڕاستەقینە چییە، دەکرێت نووسەران ئەو ئەرکە بدەنە بەرخۆیان و ئەوە بۆ خوێنەر شیبکەنەوە؟
لایەنیکەم زۆرینەی ئەم نووسەرانە پێیەکیان لە ئەوروپایە و لە سێ وڵاتی ئەوروپی جیاوازدا بەجۆرێك کۆمەکی کۆمەڵایەتی (سۆسیال) وەردەگرن و ساڵانێکە لەوێ دەژین، ئایا دەتوانن بە ئێمە بڵێن ئەو کۆمەکە لە کوێوە دێت و داهات چۆن دابەش دەکرێت و چەندی بەشی خەرجی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردە و چەندی بەر خەرجی سەربازی و باندەکانیانە لە دەرەوەی وڵاتەکەیان، یا جیاوازی خەرجی

سەرۆکان و بێکارانی وەك خۆیان چەندە، سەرجەمی گشتی داهات و باجی گشتیی وڵات بە وردەکارییەوە چەندە؟

ئەمە پشتگیری لەو نادادوەری و گەندەڵییەی بەڕێوەبەرایەتی و مشەخۆرییە داراییە نییە، کە دەسەڵاتدارانی هەرێم لە پێشەنگە ئەوروپییەکانیانەوە بۆیان ماوەتەوە، بەڵکو تەنیا نیشاندانی ڕووی ڕاستی شتێکە (سیستەمی پارلەمانی لە ئەوروپا و ئەمەریکا)، کە نووسەران بە ناڕاستەوخۆ دەیکەنە ئۆلگوی خەونەکانی تاکی ناڕازی کۆمەڵگەی کوردستان!

<u>لەهەر شوێنێکیشدا نوخبەی سیاسیو نوخبەی ئابووری بوون بەیەک، لەوێدا سیاسەت کورتدەبێتەوە بۆ دزیکردنو چالاکی مافیاییو نیمچە مافیایی</u>. ل.٧٢

ئەگەر خوێنەر سەرنج بدات، دەبینێت نووسەران لە تەواوی مانیفێستەکەیاندا، خۆیان لە چوونە بنەوانی گرفتەکان لادەدەن. بە بۆچوونی من بە مەبەستەوە خۆیان لەوە لاداوە و تەنیا خۆیان بە ڕواڵەتی پرسەکانەوە خەریککردووە. ئەگینا ئەوی ڕۆژێك بەشداری پارتایەتی یا کاری ڕامیاریی کردبێت، ئەوە دەزانێت، کە گرفت لە تێکەڵبوونی دەستەبژێرەکاندا نییە، بەڵکو لە بوونی خودی دەستەبژێریدایە، لەوەدایە کە کەسانێك لەچاو کەسانێکی دیکە بەرتەری ئابووریی و ڕامیارییان پێدەدرێت؛ کەسانێك بڕیار دەدەن و کەسانێکی دیکە دەبێت جێبەجێ بکەن؛ کەسانێك کاردەکەن و باج دەدەن، کەسانێکی دیکە مشەخۆری لەسەر دەکەن. دزی و گەندەڵی و باندی مافیایی و کوشتوبڕ و زیندان لە منداڵدانی سیستەمێکدا دەپەروەردرێن، کە لەسەر نایەکسانی و نادادوەری وەستاوە و نووسەران بەتەمان ڕەوایەتی پێبدەن!

دەستەبژێری ڕامیار کێیە و لە کام گۆشەی ئاسمانەوە باریوە؟ ئەوەی نووسەران بەتەمان بە جیاکردنەوەی دەستەبژێری ڕامیار و بوونەوەرێك بەنێوی "ڕۆشنبیر" پێیهەستن، جادووکردنە لە خوێنەران بە لەبێژنگدانی ئاو! ئەگەر ڕۆشنبیر بە کەسێك بوترێت، کە لە بواری ئابووری و ڕامیاری و کولتووری و فیلۆسۆفی و ئەدەبی و هونەریی و تەندروستی و .. هتد دەرکی ڕۆشنتر و فراوانتری هەیە، ئەوا دەسەڵاتدارانی ئەورۆکە، ڕۆشنبیری ڕامیاری چینەکەیانن، هەروەك چۆن نووسەران ڕۆشنبیری ئەدەبی و فیلۆسۆفی  چینی "بەڕێوەبەرانی کارە ئابوورییە سەرەکییەکان"ن!

لێرەدا نامەوێت لیستێك لە تێکەڵی دەستەبژێری ڕامیار و کەمایەتی سەرمایەداران، ئەوەی نووسەران بە "بەڕێوەبەرانی کارە ئابوورییە سەرەکییەکان" نێوی دەبەن، بنووسمەوە، تەنیا ئەوەندە بەسە نووسەران ئەو ئەرکە بکێشن و لە وێبگەری کۆمپیوتەرەکەیاندا زانیاری لە دوای زانیاری لەمەڕ سەرۆککۆمار و شالیارانی ئەمەریکی، سەرۆکشالیاران و شالیارانی ئەورووپی وەك سەرتۆپی دەستەبژێری ڕامیاری نیئۆلیبراڵیزم، بگەڕێن و ببینن، کێن ئەوانەی فەرمانڕەوایی ئەم دونیایە دەکەن و ڕاوێژکارەکانیان کێن!

ئەگەر بەپێی سەرەتاکانی لیبراڵیزمی بۆرجوازی بێت، کە نووسەران لە کوردستان بوونەتە بەشێك لە قسەگەرانی؛ میری پاسەوانی شەوانەی پێگە و سەرمایەی "بەڕێوەبەرانی کارە ئابوورییە سەرەکییەکان"ە و هیچ کات ئەو پاسەوانییە لە ڕێی خودادا نییە، بەڵکو بەرژەوەندی چینایەتی لە پشتەوەیە و کە بە ئاشکراش ڕامیارە لیبراڵەکانی دونیا پشکی سەرمایەیان لە بازاردا هەیە، جۆرج بوش و دیکچینی، کە بەسەر نووکی ڕۆکێتە ژێرەکانییانەوە نیئۆلیبراڵیزم و دێمۆکراسییەکەیان هێنا، باشترین نموونەی ئەو دەستەبژێرە دوودیوە

ڕامیاری و ئابوورییەن!

ئەگەر لەوانەش بگوزەرێین، پرسیارێکی چەقاوەسوو یەخەمان دەگرێت؛ کاتێك کە نووسەران چەند لاپەڕەیەك پێشتر دەسەڵاداران و ڕامیارانی کورد لەسەر نەخوندەواربوون و ناڕۆشنبیربوون سەرکۆنە دەکەن، ئیتر چۆن لێرەدا داوای جیایی دەستەبژێری ڕامیار و دەستەبژێری "ڕۆشنبیر" دەکەن؟ ئایا ئەمە بەڵگەی ڕۆشنبیربوونی ڕامیاران، وەك ڕۆشنبیرانی چینی بۆرجوا نییە؟ ئەگەر نا، ئەدی ڕۆشنبیرانی ئەو چینە، کە بە کەمایەتییەکەوە توانیویەتی جیهان ژێرچەپۆك بکات، کێن؟

هەنگاویکی گرنگی دروستکردنی سیستمێکی سیاسی کە تیایدا هەم ئابووری وەک کایەیەکی سەربەخۆو هەم سیاسەت وەک کایەیەکی سەربەخۆ کاربکەن. ئەمیان کار لەویتریان بکاتو تەندروست گەشەبپێبدات، بەلام هەرگیز نەبن بەیەک. ل.٧٢

ئابووری وەك کایەیەکی سەربەخۆ لە ڕامیاری و ڕامیاریش وەك کایەیەکی سەربەخۆ لە ئابووری، مەگەر لە دوورگەی (واق واق)ی خەونی نووسەراندا بوونی هەبێت! کاتێك کە ڕامیاریی ئامرازی پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان نەبێت، دەکرێت بزانین پێداویستی بوونی دەستەبژێری رامیار لە سیستەمەکەدا چییە و ئەو ئەرکانەی کە پێداویستی ئەویان هێناوەتە بوون، چین؟ یا ڕیزکردنی ئەو ڕستانە هەر تەنیا بۆ پڕکردنەوە و قەبارەدانە بە مانیفێستە چوارقۆڵییەکەیان، چونکە نووسینەوەی ڕستە و پەرەگراف و لاپەڕەکانیان بە کۆنترات گرتووە!

٢- نەوت و دەسەڵات

پەنجا ساڵی ڕابردوو نیشانیداین ئابووری نەوت دەتوانێت دەسەڵاتێکی

گەورەو ترسناک بە هێزە سیاسییە بالادەستەکان ببەخشێتو لەبەرامبەریدا دەسەلاتی خەڵکو کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ترسناک لاوازبکات. ل.٧٣

ئەوەی سروشتێکی دیکتاتۆری بە ڕژێمی وڵاتانی خاوەن نەوت یا ڕاستر بڵێین پاسەوانانی بیرەنەوت دەبەخشێت، پێداویستی دابینکردنی وزەی هەرزان و زۆروزەبەندە بۆ وڵاتانی زلهێزی خاوەن پیشەسازی ئۆتۆمەبێلسازیی و لەو بارەوەش جەنگەکانی سەدەی ڕابوردوو بە جەنگی ئۆتۆمەبێڵ ناسراون و بیرەنەوتەکان شادەماری درێژەپەیداکردن و پەرەسەندنی ئۆتۆمەبێلسازی و داگیرکاری جیهانن لەو پێناوەدا[٧]. ئەگەر سەرنجی جەنگە جیهانی و ناوچەییەکانی سەدەی ڕابوردوو بدەین، دەبینین، کە جەنگی پاوانخوازی پیشەسازی و داگیرکردنی سەرچاوەی وزە و بازارەکان بوون و دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان بۆ مسۆگەری بەرژەوەندییەکانیان بە هەموو شێوەیەك پشتیوانیان لە کودەتا سەربازیی و ڕژێمە دیکتاتۆرەکان کردووە. کاتێك کە وڵاتانی پیشەسازیی پێشکەوتوو بۆ درێژەدان بە چەپاوڵگەرییەکانیان پێویستی بێچەندوچوونیان بەم خوێنە هەبێت، ئیتر ئاساییە، کە کۆمەلێك چەقۆکێشی وەك بەعسییەکان لە کودەتایەکی سەربازیدا سواری ملی خەڵك بکەن یا چەند سەرۆکخێڵێك بکەنە پاسەوانی بیرەنەوتەکانی کەنداوی عەرەبی-فارسی. ئالێرەوەیە، کە نەوت دەبێتە بەخشەری ئەو هێز و توانایە. ڕاستە نەوت ئاڵتوونی ڕەشە و توانابەخشە، بەڵام ئەوە نەوت نییە، کە ڕژێمەکانی ئەو وڵاتانە دەکاتە دیکتاتۆر یا وڵاتانی نەوتدار دەکاتە پاشکۆی وڵاتانی پیشەسازیی پێشکەوتوو و کشتوکاڵ و پیشەسازی ناوخۆیان لاواز دەکات، بەڵکو ئەوە پێداویستی سیستەمە جیهانییەکەیە، کە باکوور و باشوور، جیهان بەسەر زلهێز و سەرلەشکر و لاواز و پاسەواندا دابەش دەکات و دەیانکاتە دیکتاتۆر. ئەگەر عیراق و کوردستان نەوتیشیان نەبووایە، هیچ کات نەیاندەتوانی ببنە وڵاتانی

پشتبەخۆبەستوو و دارای ئابووری سەربەخۆ، بەڵكو بە پێچەوانەوە دەچوونە ڕیزی ئەو وڵاتانەوە كە نەوتیان نییە و هەژارن و هاوكات وەك ئێستای عیراقیش پاشكۆن!

وەك پێشتر وتم، ئەوەی كە پێی دەوترێت دیمۆكراسی یا كراوەیی ڕامیاریی بەرهەمی نەبوونی نەوت یا بەرهەمی خێرخوازیی دەوڵەتمەندان نەبووە و نییە و ناشبێت، بەڵكو بەرهەمی خەبات و هوشیاربوونەوەی خەڵكن بە ماف و ویست و ڕێوشوێنیان. ئەگینا ئێستاشی لەتەكدا بێت، لە ئەمەریكای سەرلەشكری دیمۆكراسی بۆرجوازیدا ڕەشپێست و سوورپێستەكان ڕێوشوێنی كۆمەڵایەتی و ئابووریی و ڕامیاریی پلەچەندیان هەیە. ئێستاشی لەتەكدا بێت نەتەوەكانی وەك سكۆت و باسك و ..تد هەر وەك سەد ساڵی پێشوو هێشتا لە ژێر سایەی بالادەستی بۆرجوازی نەتەوەكانی دیكە هەر وەك سەردەمی سەروەری ئیمپراتۆرییەكان مافی بەكاربردنی ویستی خۆیان نییە. ئێستاشی لەتەكدا بێت هێشتاكە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەفریكا و ئاسیا و ئەمەریكای لاتین بەجۆرێك بەستراونەتەوە بە وڵاتانی داگیركاریانەوە[٨]. هەروەها بۆ ئەوەی وڵاتانی خاوەنپیشەسازی ئۆتۆمەبێل پاشەكەوتی نەوتی خۆیان بۆ ڕۆژی تەنگانە بپاریزن، وڵاتانی خاوەننەوتی تری نازلهێز ناچار بە پاشكۆیی و بەتاڵاندنی سامانی نەوتییان دەكەن، وەها مامەڵە و دەستتێوەردانێك پێویستی بە چەكمەی ئاسنین هەیە بۆ ڕاگرتنی خەڵكی ئەو وڵاتانە لەژێر چەپۆكیی ئابووریی و ڕامیاریی و پاشكۆیی بازاریان وەك شێوازی داگیركاری سەردەمی جیهانگیری نیئۆلیبراڵیزم و لە هەر شوێنێكیش پێویست بێت، ئەوا لەشكركێشی لە چەشنی ئەوەی بۆ سەر یوگوسلافیا و ئەفگانستان و عیراق بە بڕیارەكانی پشتبەردەی كۆمپانیا جیهانلوشەكان و پەسەرندكردن و ڕوایەتپێدانی لە ڕێگەی (UN) و ڕەوایەتیدان بە كوشتوبڕی خەڵكی ئەو وڵاتانە لەژێر پاساو و بیانووی فریودەرانەوە،

چەندبارە دەبێتەوە[٩].

ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین ئەم هۆکارانەن، کە دیکتاتۆری لەو وڵاتانەدا بەهێز دەکەن و ڕایدەگرن. باشترین نموونەش زەمینەسازی کودەتای ١٩٦٣ی بەعسییەکانە بەسەر قاسمییەکاندا و هەڵویستی ئەمەریکا بەرامبەر پرسی کورد لە ساڵی ١٩٧٥دا، کە بۆ ئەوان گرنگ مسۆگەریی نەوتەکە بوو، نەك مافی خەڵکی عیراق و سەربەخۆیی کوردان. ئەوە نەوت نەبوو، کە کودەتا سەربازییەکانی لە خۆرهەلاتی ناوەڕاست (عیراق، ئێران، ئەفگانستان)، ئاسیای خۆرهەڵاتی و باشوور، لە ئەمەریکای لاتین و ئەفریکا دروست و مەیسەر کرد، ئەوە نەوت نەبوو کە بووە هۆی سەپاندنی دەسەڵاتی میلیتاسیستی میرییە کودەتاییەکانی ئەو وڵاتانە، بەڵکو ئەوە بەرژەوەندی ئابووریی و ڕامیاریی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و ڕوسی و وڵاتانی ئەوروپی بوو، کە نەخشەکێش و هاندەر و ڕاهێنەری ڕۆلدارانی ئەو کودەتایانە بوون!

ڕاستە بوونی نەوت بووە بە هۆکارێك بۆ پشتیوانی دەوڵەتە ئیمپرالییەکان لە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان، بەڵام بەو جۆرە نا، کە نووسەران نایانەوێت بەهیچ شێوەیەك خۆیان لە بنج و بنەوانی پرسەکان بدەن و تەنیا ڕواڵەتییانە تا ئەوێندەرێ کە زیانی بۆ پەزەکانیان نییە، باسییان لێوەدەکەن. باسکردن لە ڕۆڵی نەوت لە هێزداری ڕژێمە دیکتاتۆرەکاندا، بەبێ بنکۆڵی پرسەکە و دوان لە بەرژەوەندی کڕیاران و تالانگەرانی نەوت لە مانەوەی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرانەدا، ناتوانێت بەرهەمهێنەری ڕامیارییەکی دژە دیکتاتۆری بێت. چونکە ئەگەر پێداویستی ژیانیی پیسەسازی ئۆتۆمەبیلسازی و چەکسازی و ... تد نەبووایە، ئەوا هەنووکەش لە جێی شارە ئاوەدان و بالاخانە هەورخورێن و هوتێلە پێنج ئەستێرەکانی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، کۆمەڵێك ڕەشماڵی خێڵە کۆچەرەکان دیار دەبوون.

لە نەخۆشخانەکانی هەرێمدا هەر هەشت هەزار کەس و یەک قەرەوێڵەیان بەردەکەوێت، لەکاتێکدا لە زۆربەی وڵاتانی دراوسێکدا بۆ هەر دوو یا سێ هەزار کەس، قەرەوێڵەیەک هەیە. لە زۆر شوێنی کوردستاندا قوتابخانە نییە یا کەمەو بەشێکی زۆری ئەو قوتابخانانەش کە هەن، سێ دەوامیان تیێدادەکرێت و پۆلەکانی خوێندن سیخناخن بەژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان. ل ٧٧- ٧٨

نووسەران لە بری ڕەخنە لە سیستەمی تەندروستی و نەبوونی بیمەی دەرمانی و زۆربوونی نەخۆشخانەی تایبەتی و وێرانی نەخۆشخانە گشتییەکان یا دەوڵەتییەکان، دێن و لە کلك و پۆپەوە ڕەخنە لە کەمی قەرەوێڵە دەگرن. هەروەها لە بری ڕەخنە لە سیستەمی ئۆتۆریتییانەی پەروەردە و خوێندن، کە بەڕادەیەك نائازادانەیە، هێشتاکە لە کوردستان جیاوازی پەیمانگەی مامۆستایان و پەیمانگەی پۆلیس نییە و مامۆستای بێکار دەتوانێت ببێتە پاسەوانی زیندان و لەسێدارەدان و لە بەرامبەریشدا پۆلیس و ئەشکەنەدەر دەتوانن وانەکانی ئۆتۆریتەگەری سیستەمی پەروەردەی کوردستان بڵێنەوە. تەنیا جیاوازی ئەوەیە، کە لە زیندانەکانی هەرێم و عیراقدا زیندانیان لە سێدارە دەدرێن، بەڵام لە فێرگەکاندا خوێندکاران خۆیان دەسوتێنن. ئەگەر هەموو گەڕەکێك خوێندنەگەیەکی تێدا بێت، هیشتا هیچ لەوە ناگۆڕێت کە سیستەمی پەروەردە و فێرکاری هەرێم پۆلیسیانەیە و هێشتاکە پابەندی یاسا و ڕێساکانی بەعسە و فێرگەکان بارهێنەر و پەروەردەگەری مرۆڤی ئازادڕەو و ئازادیخواز نیین، بەڵکو نوێگەرەوە و پەروەردەگەری مرۆڤی ملکەچ و شەلاقوەشێن و پاشڕەون!

گرفتەکە لەوەدا نییە، چەندایەتی مامۆستا و فێرگە بگۆڕیت، بەڵکو لە چۆنایەتی پەروەردە و وانە وتنەوەدایە، لە جیاوازی و سەرهەڵدانی فێرگەی تایبەت و سیستەمی نمرە و هیراشییانەی پەروەردەیە. لەو

سیستەمەدا خوێندکار بەرکارە (ئۆبجێکت)، نەك بکەر (سەبجێکت). چارەسەر ئاوەڵاکردنی دەرگەکانی خوێندنی ئارەزوومەندانە و کۆتاییهێنان بە پەیوەندی خودا و بەندەیی مامۆستا و خوێندکارە، لەوێدا کە خوێندن و پەروەرد دەبنە ئامرازی ڕاهاتن و پەروەردەی مرۆڤی ئازاد، دەبنە ئامرزای کۆتایی بە بنەماکانی ملکەچی خوێندگەکان بۆ سەرووی خۆیان. هەوەها چارەسەر لەوەدایە کە چیتر ئامانج لە ئامادەکردنی دەرچووانی خوێندنگەکان، بەڕێکردنی لەشکری کرێکار و فەرمانبەر و تاکی گوێڕایەڵ و ملەکچ بۆ سەرمایەداران و دەسەڵات نەبێت!

گەر کەرتی تایبەتیش لە پیشەسازیی نەوتدا بەشداریکرد، ئەوا دەبێت بەردەوام بڕی سەهمی دەوڵەت لە پڕۆژە هاوبەشەکاندا لە بڕی کەرتی تایبەت گەورەتربێت. پارەی نەوت دەبێت بخرێتەگەڕ بۆ بەهێزکردنی ئابووری کوردستان بەگشتی لە ڕێگای خستنەگەڕێ ئەو داهاتە لە بواری گەشەدان بەکشتوکاڵو پیشەسازی بچوكو مامناوەندی کە هەلی کارکردن زیادەکەن، ل. ٧٩

وەك پێشتر دەستنیشانم کرد، یا ئەوەتا نووسەران دەرکێکی ڕۆشنیان لە ڕامیاری ئابووری بازارئازادی نیئۆلیبراڵیزم نییە، کە ئامانجی یەکەمی دەستکۆتاکردنی دەسەڵاتە هەرێمییەکانە لە ئاستی سەرمایەگوزاری و دەستتێوەردانی کۆمپانیا جیهانلوشەکان و تایبەتیکردنەوەی بانکە دەوڵەتییەکان و کەرتە پیشەسازییە دەوڵەتییەکان، یا ئەوەتا ئەو دروشمە بێبنەمایانە لە سایەی دەسەڵاتی بۆرجوازی و نوێنەرایەتی پارلەمانیدا تەنیا وەك پاگەندەی هەڵبژاردن و بەلاڕێدابردنی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان ڕیز دەکەن. ئەوان دەزانن و خۆیان لەوە گێل دەکەن، کە گێڕانەوەی ڕۆڵی زیاد بۆ ئابووری دەوڵەتیی و بەرنامەڕێژ، پێچەوانە سەوڵلێدانە بە ئاراستەی جیهانگیری نیئۆلیبراڵیزم. ئەوەی کە خەڵکی

شارەزوور و بازیان ساخکەرەوەی خەیار و تەماتەی تورکیە و وڵاتانی ترن، ئەوەی کە شارەکان سیخناخن لە پۆشاکی ناتەندروستی نایلۆنی پاکستان و چین، ئەوەی کە کوردستان بووەتە بازاری ساخکردنەوەی بەرهەمی بێکەڵك و بەسەرچوو (ئێکسپایەر)ی تورکیە و ئێران، ئاساییترین دیاردەی بوون بە بەشێکی بازاری کوردستانە لە سیستەمەکەی نیئۆلیبراڵیزم. ١٨ ساڵە کوردستان تەنیا لە ڕووی رامیاری و سەربازییەوە داگیرکراوی داواکارییە رامیارییی و سەربازییەکانی تورکیە و ئێران و وڵاتانی دیکە نەبووە، بەڵکو مەیدانی تەڕاتێنی سەرمایەگوزارانی ئەو وڵاتانەش بووە و لە داگیرکاریی سەربازیانەی بەعسەوە گواستراوەتەوە بۆ داگیرکاریی ئابووریی دەوڵەتانی ناوچەکە و ئیمپریالیزم.

نووسەران لە مۆدێلی بەڕێوەبەرایەتی (سەرخان)ی کۆمەڵدا، خوازیاری دێمۆکراتی نوێنەرایەتین و تەواوی هەوڵیشیان بۆ پەسەندانی ئەم سەرخانەیە لای خەڵکی و خۆشباوەڕکردنی تاکی ناڕازی کۆمەڵگە بە ئازادی کەتواریی و یەکسانی هەمەلایەنە و دادپەروەی کۆمەلایەتی و دێمۆکراسی ڕاستەقینە لە سایەی ئەو سیستەمەدا کە لە ئەوروپا و ئەمەریکا بالادەستە. بۆیە پاگەندەی فرەتر ڕۆڵبەخشین بە دەوڵەت لە کەرتی نەوت و بەرنامەڕێژی کە پێشتر هاتووە، ناکرێت پەیگیرانە لێیان وەربگیرێت و بڕوا و متمانەی پێببەخشرێت. چونکە پابەندبوون بە سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی نیئۆلیبراڵیستی، دەستئاوەلاکردنی کۆمپانییە جهیانلووشەکانە لە تالانکردنی سامان و داهاتی کۆمەڵگەکاندا و مەرجی سەرەتاییەتی. ئەگەر کەسێکیش خوازیاری ئابووری بەرنامەڕێژ و ناوەندیی و کۆنترۆڵکراوی دەوڵەت بێت، ئەوا دەبێت بگەرێتەوە بۆ سەر مۆدێلە سەرخانییەکەی ڕوسیەی جاران (بۆڵشەڤیکی) و ڕژێمی بەعس و لە باشترین باردا ڕژێمەکەی ئێستای کوبا و ڤێنزەویلا. هەڵبەتە ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کە هەردەم ڕێگەی

سێیەم لەبەردەم بزاڤە كۆمەڵایەتییەكاندا هەبووە و هەیە، كە شۆڕشی كۆمەڵایەتی و دیمۆكراتی ڕاستەوخۆ و خۆبەڕێوەبەرایەتی كۆمەڵگەكان و یەكگرتنەوەیان لە سەر بنەمای فیدرالیزمی ئازاد و نادەوڵەتی بە پشتبەستن بە هەرەوەزییە ئابوورییی و كێڵگە و كارخانە و فەرمانگە و خوێندگە و هاوبەشییەكان. ئەم مۆدێلەی كۆتایی تەنیا بۆ خوێنەرە و من لەوە دڵنیام كە بە كەڵكی دەستەبژێری ڕامكار و "ڕۆشنبیر" نایێت!

لەڕاستیدا كوردستان پێویستی بە بوونی دوو دەزگا هەیە. یەكێكیان دەزگایەک بێت زیادەی داهاتی نەوتی تێداهەڵبگیرێت بەتایبەتی لەكاتێكدا نرخی نەوت بەرزەبێتەوە ئەم زیادەیەش لە بواری گەشەدانی گشتی بەژێرخانی ئابووریدا سەرفبكرێت. ل. ٧٩

نووسەران بە پەردەپۆشكردنی داگیركراویی هەرێمی كوردستان و عیراق لەلایەن كۆمپانییە جیهانلوشەكان و ناوەندە بڕیاردەرەكانی جیهان، دەكەونە ڕیزكردنی چەند پڕۆژەیەكی خەوناوی و وێناكردنی جیهانی سەرمایەداری بە جیهانێكی ئازاد و پێكهاتوو لە كۆمەڵێك یەكەی سەربەست، كە هەر وڵاتێك تێیدا ئازادانە بڕیار دەدات و لە ڕێكەوتن و بڕیارە خۆییەكانیدا سەربەخۆیی خۆی دەپارێزێت. بە بڕوای من وەها هەرێم و وڵاتانێكی سەربەخۆ لە سایەی جیهانگیری نیئۆلیبراڵیزمدا چیتر مەگەر لە ئەفسانەبافی ئەم نووسەرانەدا بوونیان هەبێت.

نووسەران سیستەمێكی بانكی مۆدێرن، پێشنیار دەكەن، كە ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین، دەتوانین سەرنجی توركیەی دراوسێ بدەین، كە لە دوامانگەكانی ١٩٩٧ و ١٩٩٨دا بۆ ئەوەی پاش قەیرانە ئابوورییەكەی، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانكی جیهانی قەرزی بدەنێ، بەسەریاندا سەپاند، كە دەبێت بانكەكانی تایبەتی بكاتەوە و كۆتایی بە سیستەمی بانكی دەوڵەتی بهێنێت و دەرگەی پارلەمان بە ڕووی مەرجەكانی ئەو

ناوەندانەدا ئاوەڵا بکات. هەروەها سیستەمی بانکیی لەوەتەی هەیە بۆرجوازییانەیە و تەنیا شتێك کە گۆرانی بەسەردا هاتووە، تایبەتیکردنەوە یا بوونە بەش لە بانکە جیهانییەکان و دەستکۆتاکردنی دەوڵەتەکان تیایاندا گۆڕاوە. ڕێك پێچەوانەی خواست و پاگەندەکەی نووسەران، کە وانیشاندەدەن، سیستەمی بانکی دەوڵەتییان دەوێت، ئەوەی کە نێوی دەنێن "دەزگایەک بێت زیادەی داهاتی نەوتی تێداهەڵبگیرێت"، سیستەمی بانکیی مۆدێرن، چیتر دەوڵەتی نییە و ئەوەی هەیە تا ئەو شوێنەی کە نیئۆلیبرالیزم توانیبێتی بازارەکان داگیربکات و پارلەمانی وڵاتان بکاتە خانی لەشکرەکانی، ئەوا یەك سیستەم سەروەرە، ئەویش سیستەمی بانکی تایبەتییە!

ئینجا نازانم سەربەخۆیی ڕامیاریی کە بڕیاردەری وەها پڕۆژەگەلێك بێت، لە سایەی پاشکۆیی ئابووریی بە هۆی قەرزەکان و میوانداری لەشکرکێشییەکانەوە، ئایا دەتوانێت مەرجە سەپاوەکانی ئەو ناوەندانە پێشێل بکات؟

ئەوان خۆیان لەوە لادەدەن،ڕاستی شتەکان بدرکێنن، کە ئەو بانکە مۆدێرنانە، ئایا بانکی دەوڵەتین یا بانکی تایبەتی و پشکداریی ناوەندە جیهانلوشەکانی وەك بانکی جیهانی؟ هەروەها پێمان ناڵێن ئەو بانکە مۆدیرنانە جیاوازییان لە بانکەکانی ئێستا چییە، ئایا قەرزی بێسوود بە خەڵکی دەدەن، یا پشتیوانی دەوڵەتە نیشتمانییەکەی نووسەران دەکەن، لەوەی پاشکۆی بانکە جیهانلوشەکان نەبێت؟ ئەگەر ئەمانە نین، ئەدی سوودی ئەو بانکە مۆدێرنانە بۆ خەڵکی چییە و چی لە بارودۆخی ئێستا دەگۆڕن؟ ئایا نووسەران بانکەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا بە مۆدێرن نازانن، ئەگەر وەڵام ئەرێیە، بۆ ناڵێن لە چەشنی بانکەکانی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا و ئوستralیا و کەنەدا، کە نەك تەنیا تاکی ناچار و بەدبەخت دەدۆشن، بەڵکو تەنانەت دەوڵەتەکانیش

دەدۆشن؟!

هەروەها ئەوە لەبیر دەکەن، کە سەربەخۆیی نیشتمانی، وەك دەوڵەتی بۆجوا-نیشتمانی، لە باشترین باردا وەك میراتییەکەی چاڤێز و ڕاوڵی برای کاستڕۆ،ڕووبەڕووی ئابڵۆقەی ئابووریی و ڕامیاریی و سەربازیی هێزە جیهانلوشەکان دەبێتەوە و دواجار خۆبەخۆ و ناچار بەرەو دیکتاتۆری بێپەردەیە ملدەنێت. لە بەرامبەریشیدا سیستەمی فرەپارتی پارلەمانی پشتبەستوو بە بازارئازادەکەی نئیۆلیبرالیزم وەك عیراق و ئەفگانستان، ناچارە ببێت بە بەشێك لە سیستەمە جیهانگرەکە وەك ئەوەی کە دەیبینین، لە هەردوو باردا باجدەری بارۆدۆخەکان، هەر خەڵکی بێدەسەڵات و نەداران، ئیتر ئەو بانکانە دەوڵەتی کۆن بن یا تایبەتی مۆدێرن، ئەوە هیچ لە ئامانجی بانکدارییەکە ناگۆڕێت، کە قۆستنەوەی ناچاری خەڵکە!

<u>شەشەم: لە سایەی خۆلاوازکردنی ستراتیژیەتەوە بۆ سیاسەتی گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی ستراتیژی</u>
<u>چاکردنەوەی تێڕوانینی هەڵە</u>
<u>بۆ مەسەی گەشەسەندن لە کوردستاندا</u> ل.٨٠

لە سیستەمی سەرمایەداریدا و لەم سەردەمەی خێرایی جیهانگیری و ڕمانی سنووورە ناسیونالیستییەکانی بۆرجوایدا ئیتر شتێك نییە و نامێنێتەوە، کە نێوی ستراتێژی نیشتمانی و نەتەوەیی بێت. وەك دەزانین ئەوەی بەنێوی نەتەوەوە پاگەندەی ئەو ستراتیجەی لە سەدەی هەژدە و نۆزدە و بیستدا کردووە، تەنیا بۆرجوازی دەسەڵاتخواز و پاوانگەر بووە. چونکە تەنیا ناسیونالیزم وەك ئایدیۆلۆجیایەك دەیتوانی خزمەت بە جێگیرکردنی دەسەڵاتی سەرتاپاگیری بۆرجوازی لە بەرامبەر دەسەڵاتە هەرێمییەکان یا داگیرگەراندا بکات، ئیتر ئەو

دەسەڵاتە دواتر لەژێر نێوی دیکتاتۆری پرۆلیتاریادا بووبێت یا لەژێر نێوی دەسەڵاتی نەتەوەیی و دێمۆکراسی پارلەمانیدا بووبێت، هیچ لە دەوڵەتگەرایی ناسیونالیزم و چەپاوڵگەریی و مشەخۆریی بۆرجوازی سەروەر لە ژێر دێوجامەی نەتەوەییدا ناگۆڕێت. ئەگەر چی یەك دوو سەدە ئەفسانەی نەتەوەییبوونی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی تاکی کۆمەڵگە برەوی هەبوو، لەتەك توانەوەی بلۆکی بۆلشەڤیکیدا جەمسەری بازارئازاد باشتر و زیاتر بواری بەزاندنی سنوورەکانی بۆ دەرەخسێت و کۆمپانیا و بانك و لەشکرە جیهانگرەکانی ئەم سەر تا ئەو سەری دونیا دەکەونە تەراتێن و بیری سەربەخۆیی نەتەوەیی و ئابووری نەتەوەیی و بانکی نیشتمانی (دەوڵەتی) دەچنە مۆزەخانەی قۆناخێکی بەسەرچووی سەرمایەدارییەوە.

هەر بۆیە قسەکردن لە ستراتیجی نەتەوەیی دەبێتە هەوڵی گیانبەرداکردنەوەی خەونە نەتەوەییە مۆمیاکراوەکان و چیتر دەسەڵاتە ناوچەییەکان پێویستیان بە پاگەندەی لەو جۆرە نییە و لە بەرامبەردا تەنیا هەوڵی ئارایشکردنی ڕوخساری دزێوی بانك و کۆمپانیا جیهانلوشەکان دەدەن، کە نووسەران لەم سەر تا ئەو سەری نووسینەکەیان بۆ تەنیا جارێکیش نەیانوێراوە خۆیان لە قەرەی وەها بابەتێکی تابوو بدەن. بەڵکو بۆ ڕاکێشانی دەنگی تاکی خۆشباوەڕ بە سندوقەکانی دەنگدان بۆ لیستێك، هەوڵی وڕێنەکردنەوەی ئەفسانە نەتەوەییەکانی سەدەی نۆزدە دەدەن. ئەوان دەزانن لە سایەی جیهانگیری بازائازادەکەی نیئۆلیبراڵیزمدا تەنیا یەك ستراتیج دەتوانێت لەتەك داگیرکاری مۆدێرن هەڵبکات، ئەویش ستراتیجی ناوەندە جیهانییە چەپاوڵگەرەکانە و بەس. ئیتر قسەکردن لە ستراتیجی نەتەوەیی و نیشتمانیی سەربەخۆ، بووەتە خەونی ئەو کیژە منالانەی کە لەژێر کارایی باوکسالاریدا پێیانوابوو بە لەتوانادابوونی ماچکردنی ئانیشکی خۆیان یا گرتنی پەلکەزێڕینە دەبنە کوڕ.

هەروەها ئامۆژگاریکردنی بۆرجوازی بەوەی پرۆژەی درێژماوەی کەم قازانج پەرە پێ بدات، لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی مەسیح و هاتنی مەهدی دەستەپاچانەتر و ئەفسانانەترە و وەك ئەوە وایە، کە داوا لە مرۆڤکوژێك بکەیت، بە دەستڕێژی چەکەکەی بەناو باخچەیەکی ساوایاندا، ڕستەکانی دادوەری بنووسێتەوە. ئەمڕۆ ئیتر باشتر و ڕۆشنتر لە هەر کاتێکی دیکە چییەتی و کرۆکی شاراوەی دەسەڵاتی نەتەوەیی دەرکەوتووە، ئەمەش بۆ شوێنگۆڕکێی ناسیونالیزمی کورد لە ئۆپۆزسیۆنی چەکدارەوە بۆ دەسەڵات دەگەڕێتەوە، کە چیتر ناتوانێت وەڵامدانەوە بە پرس و داخوازییە ئابووریی و کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانی تاکی کۆمەڵگە بە دوای کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی داگیرگەرەوە ببەستێتەوە. چونکە ئەورۆکە خۆی دەسەڵاتدارە و بە هەموو شێوەیەك خۆی هەوڵی سەرکوتی بزاڤە کۆمەلایەتییە ناڕازی و دادخواستەکان دەدات و لە بواری سەرکوت و دەستەمۆکردندا بە ئەزموونتر و دەستکراوەتر لە ڕژێمی بۆرجوازیی پێشوو [کە داگیرگەر بوو]، ڕووبەڕووی جەماوەر دەبێتەوە، ئەوەش لەبەرئەوەی کە هێشتاکە بەشێك لە جەماوەری بندەست لە ژێر کارایی پاگەندە نەتەوەییەکاندا بە دەسەڵاتی خۆیی خۆشباوەڕن!

<u>زێدەڕەوی نییە گەر بڵێین لەپاڵ خەونی نامـاقوڵی بە دوبەیکردنی کوردستاندا، وردەوردە کوردستان گۆڕاوە بۆ یەکێک لەوڵاتە ئەفریقییە ناڕێکو ئاڵۆزو بێسیستەمو هەژارو پیسوپۆخڵەکان</u>. ل.٨١

نووسەران بە ڕاگوزەر بەلای خەونی "دوبەی"دا تێدەپەڕن و پێیانوایە، کە کوردستان دیوەڕواڵەتییەکەی "دوبەی"یە و ئەمەش پۆزەتیڤ نرخاندنی خەونی "دوبەی"یە. بەڵام کەتواری "دوبەی" ڕاستییەکی ترمان دەخاتە بەرچاو، کە ئاڵوگۆڕی ڕواڵەتییە لە پەیوەندی خێلایەتیدا. ئاپارتمان و کۆشکە هەورخورێنەکانی "دوبەی" تەنیا

دەتـوانن گـۆڕانـی جـۆری و چەنـدیی ڕەشـماڵی خێڵەکـانـی "دوبەی" بـن، ئـەگینـا پێکهـاتـەی خێزانـــی و کـــۆمەڵایەتی "دوبەی" بەنـدی هەمـان دەمــارگیری جــارانە و لـە بــری چەنــد دەســەڵاتیی ســەرۆکخێڵەکان، ئـەنجومەن و دەسەڵاتداری کۆی سەرۆکخێڵانـی پێکهێناوە و لـەوەی عیـراق و هەرێمـی کوردسـتان لـە پێشـتر نییە! لـەلایەکـی تـرەوە لـە نێـوان هەر چینەدیـــوارێکی ئەو باڵاخانـــانەدا، ملیۆنـــان خەونـــی کرێکـــارانی بەنگلادیشـــی و پاکســـتانی و هیندوســـتانی و و...تـــد لـە گـــۆڕ نـــراون و کـۆیلـەتی کرێکـاری کۆچەرییـان گەیانـدووەتەوە کەشـکەڵەی ئاسـمان و بوونـەتە قوربانـی دەستی بۆرجـوا و ڕەگەزپەرستە عەرەبەکـان و مافیـان خـــوراوە. ئەوە بێجگە لـەوەی کە هەر یەکە لـەو کۆشـکە شێخنشـینانەی کەنـداوی عەرەبـی، بـوونەوەتە هەراجخـانەی ژیـانی ژنـان و سێکسـی زۆرەملـــێ لـەتەك ژنـــان و کچـــانی خزمەتکـــار و کـــۆچەری وڵاتـــانی خۆرهەڵاتی ئاسیا و ئەفریکا.

ئـەمە دیـوی ڕاسـتەقینەی ئەو خەونـە بەرزەیە، کە نووسـەران پێیـانوایە دەســەڵاتدارانی کوردســتان نــاتوانن پێـی بگەن! مەگەر خۆیـان واتەنـی کۆمەڵێـك کۆشـك و تـەلاری نـاڕێـك و دوور لـە بیناسـازی گونجـاو لـەتەك ئـاووهەوا و هەڵکەوتـە و شارســـتانی کوردســـتان، نمـــوونەیەکی ئـەو پێشکەوتنە نین؟ مەگەر چەوسانەوەی کۆیلەئاسای کرێکـارانی کـۆچەری بـەنگلادیشـی و سریلانکی و خزمەتکـارانی ئەتیـوپی و فلیپینـی و ...تـد وەك هاوچینەکانیـان لـە "دوبەی" لـــە کوردســتان هەمــان مامەڵـەیـان لـەتەکـدا نــاکرێت؟ مەگەر لـە سـایەی ئەو تـەلارە بەرزانـەدا ڕێوشـوێنی خێڵەکـی سـەرۆکخێڵان و دەرەبەگەکـان ئـاوەدانـتر نـەکـراوەتـەوە؟ ئیـتر کـامە لایەنـی ڕامیـاریی و ئـابـووریی وکـۆمەڵایەتی هەیە، کە "دوبەی" کـردووەتە بەهەشتی خواسـتراوی ڕۆشـنبیرانـی دادپەروەریخـوازی ئـاخـر زەمان؟

پاشان، ئەی نووسەرانی دادخواست و مافپەروەر، ئەوە کامە ڕوانگەیە، کە پاڵ بە ئێوەوە دەنێت وڵاتانی ئەفریکی بکەنە یەکەی نەگۆڕی نارێکی و پیسوپۆخڵی، خۆ کوردستانی ئێوە هیچ کات وڵاتێکی ئیدئاڵ نەبووە، تاکو ئێستا بە مەخدوری بزانن، بەوەی لە ڕیزی وڵاتە ئەفریکییەکاندایە؟!

هەروەها نارێکی و ئاڵۆزی و هەژاری و پیسوپۆخڵی وڵاتە ئەفریکییەکان دیوی دووەمی وڵاتە ڕێك و نائاڵۆز و دەوڵەمەند و پاکوخاوێنەکانە. ئەگەر ئێوە سەرتۆپی ڕۆشنبیری کورد بن، قوڕ بەسەر تاریکبیرەکان. ئەگەر ئەفریکا چەتە بۆرجواکانی ئەوروپا و ئەمەریکا و چین تالانی نەکەن، بە ئێستا و کۆنیشەوە لە ڕووی سامانی سروشتییەوە لە ئەوروپا دەوڵەمەندتر نەبووە و نییە؟

شارستانی ئەفریکا لە شارستانی ئەوروپای کۆشکی خوێنمژی گەلان و جینۆسایدگەری ئەمەریکی و ئوسترالی و نیوزلەندی و ئاسیایی و ئەفەریکییە بومییەکان، مرۆڤانەتر و سروشدۆستانەتر بووە و هەیە! ئەوە وڵاتە خاوێنەکانی جێسەرنجی ئێوە بوون، کە کڕین و فرۆشتنی مرۆڤیان بە درێژایی ٣٠٠ ساڵ بە فتوای کلیساکانیان کردە باو، ئەوە ئەوان بوون، لە ماوەی پێنج سەدە داگیرکاری کیشوەرەکانی دیکەدا هەرچی تایبەتمەندی مرۆییانە بوو لە ئەفریکییەکان و ئەمەریکی و ئوسترالییە بومییەکان و ئاساییەکانیان سەند و هەرچی خوو و یاسای دژەمرۆیی و دیکتاتۆری و خوێنڕێژی و دەمارگیری ناسیونالیستی و ئایینی بوو، بەسەر وڵاتانی داگیرکراودا سەپاندنیان[١٠].

با نووسەران بڕۆن چیرۆکی کۆلۆنیالیزم "٥٠٠ ساڵ کۆیلەکردن و کوشتوبڕی گەلان" بخوێننەوە، ئینجا بێن و بڕیاری نارێکی و پیسوپۆخڵی وڵاتە ئەفریکییەکان بدەن. ئەوان لەبیر دەکەن، کە ئەوە ڕژێمە

پاسەوانەکانی سەرمایەدارین، کە ئەفریکا و ئاسیا و ئەمەریکی لاتینیان کردووەتە دۆزەخی جەنگ و برسیەتی و بێمافی. ئەوە دکتۆرە سپیپێستە نەژادپەرستە ڕەچەڵەك ئەوروپییەکان بوون، کە ڤایروسی ئایدزیان دەکردە خوێنی نەخۆشانی ڕەشپێستی ئەفریکای باشوور و ئەوە پاپای ڤاتیکان بوو، کە بەکاربردنی کۆندۆمی لە ئەفریکا وەك بەرگری لە ئایدز، نامۆڕاڵی و تابوو کرد!

نارێکی وڵاتانی ئەفریکا هەم بەرهەمی دەسەڵاتدارە هاوچینەکانی بۆرجوازی کورد و ئەوروپایە و هەم دیوی شاراوەی مۆدێرنە و بانکە مۆدێرن و دەوڵەتە مۆدێرن و یاسا مۆدێرن و ژیانی مۆدێرنە، کە بەس بەکاربردنی نایلۆن و پلاستیك تێدا بووەتە هەڕەشە لە خودی ژیان!

<u>ئەمرۆ لە کوردستاندا جۆرێک لە هەژاریی پەیدابووە کە لە قۆناخەکانی پێشتری کۆمەڵگای کوردیدا بوونی نەبووە، وەک چۆن جۆرێک لە دەوڵەمەندییش دروستبووە نەک تەنیا لە مێژووی کوردستاندا پێشینەی نییە، بەڵکو لەزۆر شوێنی تری دونیاشدا نایدۆزینەوە.</u> ل. ٨١

هەژاری زیاتر و دەوڵەمەندی زیاتر، ڕەوتی ئاسایی سەرمایەداری و پێگەیینی بۆرجوازی نەتەوەن. بەو جۆرەی ژمارە دوو لە دوولای هاوکێشەیەکی ماتماتیکیدا یەکسانە بە یەك کۆ یەك، بەوجۆرەش لە هاوکیشەی سیستەمی چینایەتیدا هەژاری کەمتر یەکسانە بە دوڵەمەندی کەمتر، کە وەها بارێك لە سایەی دەسەڵاتی بۆرجوازیدا پێویستی بە چاودێریی و بەرنامەڕێژیی دەوڵەت هەیە و دەکاتە سەرمایەداری دەوڵەتی، ئەوەی کە جاران عیراق پەیڕەوی ئەو مۆدێلە ڕوسیەی دەکرد و نووسەران پێیانوایە جاران جیاوازی هەژاری دوڵەمەندی نەبووە یا کەمتر بووە، هەژاری زیاتریش یەکسانە بە دوڵەمەندی زیاتر، ئەوەی کە نووسەران بەرامبەری پورتوبۆڵە دەکەن و

بە هەموو شێوەیەك خۆیان لە قسەکردن لە هۆکاری بنەڕەتی ئەو پەرەسەندنە بکەن. چونکە قسەکردن لە بابەتێکی ئاوا، گشتێتی سیستەمەکە جیهانییەکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە و ئەمەش بە پوچەڵکردنەوەی هەوڵە فریودەرانەکەی نووسەران تەواو دەبێت و پەردە لەسەر ناکۆکبوونی لیبراڵیزمی بۆرجوازی لەتەك ئازادیخوازی تاکی بندەست و نەدار لادەدات.

ئەوەی کە هەژاری لەڕادەبەدەر و دەوڵەمەندی لەڕادەبەدەری لەو جۆرەی کوردستان بۆ نووسەران لە زۆر شوێنی دونیادا نەدۆزرێتەوە، هەوڵی لەخشتەبردنی خوێنەرە یا نائاگابوونی نووسەرانە لە بارودۆخی ئابووریی و ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی زۆربەی وڵاتانی جیهان. چونکە لەو وڵاتە ئەوروپییانەدا کە نووسەران تیایاندا دەژین، دەسەڵاتداران ناتوانن نکۆڵی لە بوونی هەژمارێکی زۆر منداڵی خوار ئاستی هەژاری بکەن. هەروەها پەرەسەندنی دەوڵەمەندی و لەولاشەوە هەژاری وەك دوولای تەرازوویەکن، قورسبوونی یەکێکیان بە سووکبوونی ئەوتریان تەواو دەبێت و گەورەتربوونی هاوکێشەکە بەم جۆرەیە، لە هەر شوێنێك دەوڵەتمەند هەبێت، هەژاریش هەیە، لە هەرکوێ ملیۆنێر هەبێت، بە ملیۆن هەژار هەیە و لە هەر شوێنێك ملیاردلێر هەبێت و ...تد. ئەمە ڕەوتی سروشتی سیستەمی سەرمایەدارییە و تا ئەو سیستەمە تەمەنی درێژتر بێت، ئەو دوو نابەرابەرە واوەتر دەڕۆن و نایەکسانی قوڵتر دەبێتەوە.[١٠]

ئەوەی کە ئەم ناهاوتاییە لە وڵاتانی ئاسیا و ئەمەریکای لاتین و ئەفریکا و ئەوروپای خۆرهەڵات لەچاو وڵاتانی ئەوروپای خۆراوایی و ئەمەریکای ناکوور و ئوسترالیا و کەنەدا، زیاتر و بەرچاوترە، بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە، کە بۆرجوازی وڵاتانی باکوور لە دزی و تالانی سامانی وڵاتانی وەك کوردستان و عیراق و .. تد کەلێنەکانیان داپۆشیوە. ئەگەر

نووســـەران ڕاســـت دەکەن و لەتەك پاگەنـــدەکانی دژی نـــاداوەری و نەهێشتنی ئەو جیاوازییە نوێیەی کوردستان خەڵك نەخەڵەتێنن، بۆ دژایەتـــی ئەو نایەکســـانی و نـــادادوەرییە دوو ڕێگەیـــان لەبەردەمـــدا دەمێنێتەوە: یا گێڕانەوەی مێژوو بۆ جارانێك (سەردەمی بەعس) کە پێیانوایە لە ئێستا دادوەرانەتر بووە، ئەمەیان ئەستەمە، یا دژایەتی سـەرمایەداری و سـەروەری چینـایەتی، کە برسـییەتی و نەخۆشـی و لانەوازی و جەنگەکان، پایەکانی تەمەندرێژی پێکدەهێنن!

بە ڕای من، ئەوەی سەرمایەداری پێ دروست و بەجێ بێت، ئەوا دەبێت ئەو هەژارییە لە ڕادەبەدەرەش بە ئاساییترین دیاردەی پەرەسەندنی سـەرمایەداری لە کوردسـتان لەبەرچـاو بگرێـت. نووسـەرانیش بـە پێچەوانەی پاگەندەکانیانەوە، بەو پێیەی کـە خەریکی ڕەوایەتیدان و یاساییکردنەوەی نایەکسانین، کـار لەسـەر ئەوە دەکەن، کـە خەڵکـی بهێننـە سـەر ئەو بـڕوایەی کـە نایەکسانی هەتاهەتاییە و نەگـۆڕە و خەبـات و بەرهەڵستی دەسـەڵاتی چینـایەتی بێهوودەیە و چـاوەڕوانی بەزەیی و دەرکەوتنی دەسەڵاتداری ڕۆشنبیر و فیلۆسۆف یا موحەمەدی مەهدی بن!

پاشان نووسەران دەچنە سەر گەشەسەندنی ڕاستەقینە و چوار ڕەهەندی بۆ دیاری دەکەن...

<u>یەکەمیان ڕەهەندی ئابوورییە کە تیایدا خاڵی سەرەکی بریتییە لە دروستکردنی ژێرخانێکی ئابووریوا کە بتوانێت بە بەردەوامی هەم فرەسەتی کارکردن بۆ دەستی کاری پێگەیشتوو لەوڵاتدا مەبسەربکات،</u> ل.٨٢

<u>ڕەهەندی دووەمی گەشەکردنی تەندروست گەشەکردنی کۆمەڵایەتییە.</u> ل.٨٣

ڕەهەنـدی سـێهەمی گەشـەکردن ڕەهەنـدە سیاسـییەکەیـەتی ئـەوەی کـە دەبێـت بـەبـەردەوام بـیری لێبکـرێتەوە ئـەوەیـە ئـایـا ئـەو پلانو سیاسـەتی پێشــکەوتنانەی کە هەن، چەنــدە بــڕو ڕادەی متمــانەکردنی سیاســی لەولاتـەکەدا گـەورەدەکەن. ل.٨٥

ڕەهەنـدی چـوارەم لـە گـەشـەکردندا ئاگـاداربوونی ژینگەو پاراسـتنێتی لەپیسبوونو وێرانبوون. ل.٨٦

خــالی یـەکەم، کوردســتان وەك بـەشـــێك و بنکـەیـەکـــی ســــەربازی نیئۆلیبرالیزم، ناتوانێت خاوەنی ئـابووری و پلانی سەربەخۆی خۆی بێت، کاتێـك کە ســەربـەخۆیی ئـابــووری نـەبــوو، گـەشـەســەندنی کـۆمـەلایـەتی تـەندروســـت دەچێتە خـــانەی ئـەفســـانـەبافییەوە. چــونکە هەمـــوو گەشەسەندنێکی تـەندروستی کۆمەلایـەتی پێویستی بە پایـەی ئـابـورویی تـەندروست هـەیـە، کە لـە سایـەی سـەرمایـەداریدا، ئـەمـە ئـەستـەمـە و هـەر پاگـەنــدەیـەکی لـەو جـۆرە، دەچێتە خــانـەی فریــودانی خـەلکەوە. وەك پێشتریش وتم، گەشەکردن و سەرکەوتوویی ڕەهەندی ڕامیاریی، ملکەچی ڕەهەندی سەربـەخۆیی ئابوورییە و بەم جۆرە کۆشکی لمـاوی نووسـەران، پـاش تـەواوبـوونی پاگـەنـدەکانی هـەلـبژاردن دەبێتـەوە تـۆز و گـەردی دەم ڕەشەبای پەرەسەندی سەرمایەداری!

هـەروەها ئۆپۆزسیۆنێك کە نووسـەران خـەونی خۆیان پێوە گرێداوە، تـەنیا خـەم و ئـامانجیـك کـە هـەیـەتـی، وەرگـرتـنـی بـەشـی زۆرتـرە لـە تـالانی و گێــــڕانـەوەی دەرکراوانــــی پـــارتیی و زیــــاتر لـەبــــارکردنی زەمینـەی سـەرمایـەگوزارییە بـۆ کـەرتـی تـایبـەتی یـا سـەرمایـەدارانی نـا پـارتیی و تـەکانـدانی زیـاتره بـە تـایبـەتیکردنـەوەی کـەرتـە دەولـەتییـەکـان. ئـەوەی ئـەلف و بێیـەك لـە ڕامیاریی و ئـابووری بزانێت و بـە وردی پاگـەنـدەکـانی لیسـتـی گـۆران بـۆ دادپـەروەری و یـەکسـانی و ئـازادی تـاوتوێ بکـات و هـەراوهـورای پارلـەمـانی و دروشـمی بـریقـەدار و نـاوەڕۆکبۆش فریـوی

نەدات، ئەوا پەی بەوە دەبات کە داخوازییەکانی ئەو ئۆپۆزسیۆنە تەنیا یەکسانییە بۆ سەرمایەدارانی دەرەوەی پدک و ینک لەتەك سەرمایەدارانی ناوەوەی ئەو دوو پارتە، دادپەروەری لە دابەشکردنی تالآن بەسەر لێپرسراوانی شاخ و ئازادی سەرمایەگوزارانی دیکە لە کڕینەوەی کەرتە تایبەتییەکان و دەستڕاگەیشتنیان بە کورسییەکانی ناو پارلەمان و دەرکردنی بڕیار لە قازانجی خۆیان. ئایا بێجگە لەمە زیاتر، هەم لە بەرنامەی لیستی گۆڕان و هەم لە مانیفێستەکەی نووسەراندا هیچ ئاوڕێك لە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەلآیەتی لە دەرەوەی بازنەکانی سەروەری و دەرەوەی بازنەی دەستەبژێری "ڕۆشنبیران" و دەستەبژێری ڕامیاران و "بەڕێوەبەرانی کارە ئابوورییە سەرەکییەکان"، هیچ قسەیەکی تریان بۆ کۆمەڵگە هەیە؟

<u>ئەوەی گۆڕانەکانی دوای ڕاپەڕینی بێماناو بێنرخ کردوە پەرەسەندنی رادەی بێمتمانەیی خەڵکە بەو نوخبەیەی پلانی گەشەکردنو پێشکەوتنی کوردستان دادەنێت، چونکە بڕی زیادی سامان چۆتە خزمەت نوخبەیەکی بچوکو بیرۆکراتو خێڵگەرا.</u> ل.٨٦

نووسەران باس لە هۆی بێواتابوون و بێنرخبوونی گۆڕانەکانی پاش ڕاپەڕین دەکەن، ئەوان کە باس لە ڕاپەڕین دەکەن، وەك ڕاپەڕینێکی سەرکەوتوو باسی دەکەن و دەسەلآتی بۆرجوازی کوردیش بە بەرهەمی ڕاپەرین دادەنێن. بەلآم ئەوەی لە کۆڕەو و گوفتوگۆ و هودنەی بەرەی کوردستانی و ڕاپەڕینی دووەم و دامرکانەوەی لەسەر دەستی لێژنەکانی بەرەی کوردستانی و بەعس و دواجار هاتنە سەر تەختی (پدک) و (ینک)دا دیتمان، وێنایەکی تەواو پێچەوانەی وێنەکێشانەکەی نووسەرانە بۆ ڕاپەڕین. چونکە لە ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵکانی ژێردەست و نەداری عیراقدا داچڵەکانی نەخشەکێشەرانی شەڕی

کەنـــداوی دووەم و بێپـــاییەی جەمـــاوەری بەرەی کوردســـتانیمان دیـــت، هەڵکردنـــی گلـــۆپی ســـەوز لـەلایەن ئـەمـەریکـــا و هاوپەیمانـــانییەوە بـــۆ ڕژێمی تێکشکاوی بۆرجوازی بەعس، کە چەند ڕۆژێك پێش کۆڕەو لـەتەك بەرەی کوردســتانی بە دیـاریکراوی( ینـک) و (پـدک)دا لـە کەینوبەینــدا بـــوون و کشـانـەوەی هێزەکـانی بەرەو گەڕانەوەی هێـزە تێکشـکاوەکانی بەعـس و کـۆڕەو و پرشـوبڵاوی ڕیـزی جەمـاوەری ڕاپەڕیـو وەك هەنگـاوە سـەرەتاییەکانی تێکشکانی ڕاپەڕیـن و هـاتنە سـەر دەسـەڵاتی (ینـک) و (پــدک) وەك دوو هێـــزی ســـەرەکی بۆرجـــوازی کـــورد، ئاشـــکراترین ڕووداوەکانی ئـەو ڕۆژگارە بوون و بەو جۆرە ڕاپەڕینی جەماوەری خـەڵکی عیراق لە پیلانێکی چەندلایەنەی هاوپەیمانیی دەوڵـەتەکانی نـاوچەکە و میـری عیـراق و بەرەی کوردسـتانیدا سـەرکوت دەکرێـت. بێواتـابوون و بێنرخبـوونی گۆڕانەکـان بـۆ خـەڵکـی ئازادیخـواز و شۆڕشـگێڕ ئا لێـرە بەدواوە دەســـتپێدەکات، ئەوەش ئاســـاییترین کـــاردانەوەی خـەڵکە بەرامبەر بۆرجوازی تازە بەدەسەڵاتگەییشتوو!

هەروەها کەوتنەخزمەتی سامان بۆ دەستەبژێرێکی بچووك و بیرۆکرات و خێڵگەرا، هۆکـاری بێواتـایی نییە، بەڵکـو دەرەنجـامی خـودی بێواتـاییە! ئـەگەر وانییە، کەواتە ئـەگەر ســـــامان بکەوتـــــایەتە خزمەتـــــی دەسـتەبژێرێکی گەورە و دێمـۆکرات و شـاری، ئیـتر پرسـەکە بێواتـایی لـەدەست دەدا و نووسـەرانیش ناچار بە ڕەخنەلێگرتنی نەدەبوون! ئایا دیسانەوە ئەمە شیوەنی هەریسەکە نییە، ئـەمـە لـوتبەرزی شـاریی و خـۆ بە ژێر و دانازانین نییە؟

ئەم جیهـازە بە ڕادەیەک حیـزبییە بۆتە ڕێگرێکـی گەورە لەبەردەم هەر گۆڕانێکی ڕاستەقینەدا، بەڕادەیەک خودی ئەو دەسەڵاتدارانە خۆشیان گیریـان بەدەسـتی کێشـەی گـۆڕانو بچـووککردنەوەو ئەکـتیڤکردنی ئـەو جیهـــازەوە خـــواردووەو لەشـــکرێک بەرێـــوەبەرو ئیـــداریی حیزبیـــان دروستکردوە کە بەڕێوەبردنیوڵاتەکەی هیچگار زەحمەتکردووە. ل. ٨٦

ئەمەیان بوختانە بۆ دەسەڵاتدارانی هەرێمی دەکەن، چونکە هەمان ئەو لەشکرە بوو، کە بوو بە هۆی جێگرکردنی دەسەڵاتێك، کە نووسەران بە هی خۆیانی دەزانن و دەخوازن بیپارێزن و شاریی بکەنەوە. دروستبوونی وەها لەشکرێك لە فەرماندەو سەرتیپ و ڕاوێژکارانی فەوجە سوووکەکان لە بەڕێوەبەرایەتیدا پێداویستی خۆگرتنی ئەو دەسەڵاتەبوون، کە نووسەران پێشنیاری گۆڕینی لە ناوەوە و سەرەوەڕا دەکەن. بۆیە ئەمڕۆ وا بە ئاسانی ناتوانن بیانخەنە سەر لیستی بێکارانی بێبەشی کۆمەڵگە و لە بەرامبەردا خانەنشینی تایبەت و موچەی تایبەت و سەرپەنای تایبەت و تەنانەت خولی تایبەتیان بۆ دەکرێتەوە.

ئەگەر مەبەستیشیان لە زۆری فەرمانبەر و کرێکار و خزمەتکارە، ئەوا پێویستە ڕۆشنتر و بێپەردەتر بڵێن، پێویستە هەرێمی کوردستان بەڕەوتی وڵاتانی پێشەنگی نیئۆلیبراڵیزمەوە پەیوەست بێت و بە لیشاو فەرمانبەر و فێرکار و کرێکار لەسەر کار دەرکەن و بە جۆرە بودجەیەکی زۆرتر پاشەکەوت بکەن و بۆ گیرفانی "بەڕێوەبەرانی کارە ئابوورییەکان" بگێڕنەوە و لە بەرامبەردا بۆ ڕیکلامی پەرتووکەکانی ئەوانی دابین بکەن!

بەو جۆرە ئەگەر بڕیار بێت، داواکەی سەرۆکی لیستی گۆڕان و تێبینییەکەی جۆرج بووشی نئیۆلیبراڵ بکەین بە پێوەر، ئەوا نووسەران هیچ مافی ئەوەیان نییە دەسەڵات و دارایی لە لەشکری نەخوێندەوار و خێڵەکی و لادێیی بسێننەوە، چونکە بە پێوەرەکەی ئەو دووانە، ئەوی بەشداری شەڕ و سەرکەوتنەکانی نەکردبێت، ئەوا لە دەستکەوتەکانیشدا پشکی بەرناکەوێت. مەگەر ئەمە بنەما و لۆجێکی سیستەمی چینایەتی و دەوڵەتمەندی نییە؟ مەگەر ئەمە لۆجێکی نایەکسانی یاسایی نییە؟ مەگەر ئەمە دادپەروەری بۆرجوازیی نییە،

ئیتر نووسەران بۆ دەیانەوێت وێنەیەکی شێوێنراو لە سیستەمی چینایەتی بخەنەڕوو؟

لەسەر بنەمای نایەکسانی یاسایی و ڕەوایەتی سەروەری و بەرتەری دەستەبژێرەکان، دەسەڵاتداران مافی ئەوە بە خۆیان دەدەن بە ڕۆژی نێوەڕۆ تیرۆر بکەن و خەڵك لە سێدارە بدەن و خەڵك ماڵوێران بکەن و خەڵك موچەبڕ بکەن، ئاوا ئەو لەشکرەش کە نووسەران پێیانوایە ڕۆژگارێك شۆڕشگێڕ بووە و ئێستا لە سەرووی دەسەڵاتەوەیە، زۆر ئاسان و ئاساییە، کە کۆنترۆڵی هەموو شت بکات و سامانی کۆمەڵگە لوش بدات!

<u>بەکورتی هەموو ستراتیژیەتێکی گەشەکردنو پێشکەوتن دەبێت هاوسەنگییەکی هەبێت لەنێوانی ئەو چوار لایەنانەداو بەسەریەکەوە دونیایەک دروستبکەن کە لانیکەمی هارمۆنیەتی کۆمەڵایەتی، هاریکاریو مشورخواردنی یەکتری تێدابێت، نەک بەشێکی کۆمەڵگا بکات بە دوژمنی بەشەکەی تریو ژینگەیەک دروستبکات پیسو پڕ مەترسی تەندروستی.</u> ل.٨٧

نووسەران لە سەرەتای لاپەرە (٨٧)دا بۆ بەرهەمهێنانی ئەلەکتریك پێشنیاری بەگەڕخستنی وزەی سروشتی دەکەن. لەوانەیە ئەمە باشترین نموونەی گونجاو بێت بۆ تێگەیاندنی نووسەران لە ڕۆڵی سەرەکی و نەخشەسازی کۆمپانییە دەرەکییەکان لە کوردستاندا و ڕۆڵی پاسەوانی و هاوبەشی دزی و تاڵانی دەسەڵاتداران بۆ ئەو کۆمپانیانە.

پرۆژەی بەرهەمهێنانی ئەلەکتریك لە وزەی سروشتی کە لە کوردستاندا وزەی (با) باشترین و بەردەستترین و کەم خەرجترینە، لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابوردوودا وێرای پێشنیارکردنی لەلایەن چەند کەس و لایەنی

دڵسۆزەوە، دەسەڵاتداران نەیانتوانیوە پێیهەستن و کاری لەسەر بکەن، چونکە لە قازانجی کۆمپانییەکان و داگیرکەرانی عیراقدا نییە و دەسەڵاتدارنیش لە وزەی (با) پشکە سوودی وەهایان بەرناکەویت و نییەتی. دیسانەوە چونکە دەسەڵاتدارنی کوردستان تەنیا ڕۆڵی پاسەوان دەبینن و ئەوە ئەو ناوەند و کۆمپانییە جیهانلوشانەن، کە میری عیراقی پاش ٩ی ئەپریلی ٢٠٠٣ ڕێکەوتننامەی لەتەکدا مۆرکردوون و لە دەرەوەی نەخشە و بڕیار و ڕێکەوتنامەکانی ئەوان ناتوانن هیچ کارێك ئەنجام بدەن. ئەوە ئەوانن، کە دیاری دەکەن کامە پڕۆژە جێبەجێ بکرێت و کامە نەکرێت، کامە بە سوودە و کامە خراپ، نەك خواستی دڵسۆزان، نەك پێدایویستی کۆمەلگە و نە پاراستنی ژینکە.

بەڵام بە پێچەوانەی ئارەزووی هەر ناسیونالیستێکی دەسەڵاتخوازەوە، لە سایەی سیستەمی سەرمایەداریدا تەنیا و تەنیا مشەخۆری پەرەدەسێنێت و خەم"مشور"خواردن دەبێتە خەون. هەروەها تا فەرمانڕەوا و فەرمانبەسەرداکراو، تا دەوڵەتمەند و هەژار، تا مشەخۆر (بۆرجوا) و کرێکار، تا دەستەبژێر و ڕەشوڕووت هەبێت، هەمیشە کۆمەلگە لە دووبەشی دژبەیەك پکدێت و دەبێت و بەشی سوودپەرست و هەلپەرست و مشەخۆر و نۆکەری داگیرکەر لە داهات و بەرهەم و خۆشییەکانی ژیان کۆمەڵگە بەهرەمەند دەبێت!!

<u>بیرکردنەوە لە ئایندە لە ئێستاوە دەستپێدەکات، لە بیرکردنەوە لە جۆرو چۆنیاتی قوتابخانەکان، لە ڕادەی خوێندەواریی و نەخوێندەواری لە وڵاتدا، لە جۆرو ئاستو چۆنایەتی نەخۆشیو نخۆشخانەکان، لە سیستمی سزادانو زیندانەکان، لەجێباوەڕیو بوێری دادگاکان، لە جۆری خۆراکو بڕی تێریو ڕادەی برسێتی لەوڵاتدا،</u> ... ل. ٨٨

نووسەران کۆمەلێك چارەسەری ڕواڵەتی و کاتی پرسەکان ڕیز دەکەن و

بەهیچ شێوەیەك خۆیان لە بنەوان و سەرچاوەی گرفتەکان نادەن و دەیانەوێت لە پشت هەموو ڕستەیەکەوە هەتاییبوونی چەوسانەوە و سەروەری چینیایەتی سەرمایەداران بە گوێی خوێنەردا بچرپێنن و لەلای بکەنە کەتوارێکی نەگۆڕ و خەونی مرۆڤی ئازادیخواز و یەکسانیخواز و دادپەروەریخواز تا ئاستی چەند ڕیفۆرمێکی ڕواڵەتی سیستەمی دژەمرۆیی سەرمایە داگرنە خوارەوە.

لای ئەوان هۆکاری چوونە زیندان و بوونی زیندانەکان گرنگ نییە، لە بەرامبەردا دەیانەوێت دادپەروەیی بە سیستەمی سزادان و زیندانیکردن ببەخشن. چونکە ئەوان بۆ پاراستنی سیستەمە پڕنادادوەرییەکەیان پێویستیان بە زیندان و زیندانەوان هەیە، بە دادگەیەکیش بۆ پاراستن و سەپاندنی نایەکسانی یاسایی بەسەر کەسانێکدا کە دژی نایەکسانین، هەیە!

کۆتاییهێنان بەو هەموو بێدادییەی لەوڵاتدا بەرامبەر بە ئافرەتان ئەنجامدەدرێتو ڕۆژانە بەرهەمدەهێنرێتەوە، کارێکی ئێجگار گرنگو سەرەکی هەموو بەرنامەیەکی راستەقینەی پێشکەوتنە. ل.٨٨

لە درێژەی هەمان باس و پەرەگرافدا نووسەران دەخوازن، بەزەیی دەسەڵاتداران و ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتخواز بەرامبەر ژنان ببزوێنن و چارەسەرکەی بە هەمان تێڕوانینی فێمینیزمی بۆرجوازی بە بەئاگاهێنانەوەی دەسەڵاتداران ببەستنەوە. لەبەرئەوەی لە شوێنی تردا زۆر جار پێداگریم لەسەر ئەوە کردووە، تەنیا ئەوەندە بەسە بڵێم، کە سەپاندن و بەدەستهێنانی ئازادی و یەکسانی ژنان بەسەر کۆمەڵگە و دەسەڵاتداراندا بەرهەمی خەباتی خودی ژنانە و تاکو ژنان بەخۆیان بڕیاری درچوون لەو ڕێوشوێنە پلەچەندە کۆمەڵایەتی و ئابووریی و ڕامیارییەیان نەدەن، ئەستەمە هەموو هێزەکانی دونیا بتوانن ژنێك

نەك هەموو ژنان لەو نایەكسانییە ئابووریی و ڕامیاریی و مافی و كۆمەڵایەتییە ڕزگار بكەن!

تێڕوانینی دەستەبژێرانە و سەروەریخوازانەی نووسەران، ڕێوشوێنی بەزەییپێداهاتنەوە و فەرمانـدانیان پێدەبەخشێت و ئامۆژگاری دەسەڵاتداران و ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتخواز دەكەن، كە كۆتایی بە بێدادی بەرامبەر ژنان بهێنن. ئامۆژگاری وا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە ئەوان سیستەمی چینایەتی هەمیشەیی دەبینن و لەسەر ئەو بنەمایەش گۆڕین و كۆتاییهێنان بە هەر دیاردە و یاسا و ڕێسایەك تەنیا لە توانای پارلەمان و دەسەڵات دەبینن و هەر خەبات و بزاڤێكی جەماوەری لەوانەش بزاڤی فێمینیستی شۆڕشگێر ڕەتدەكەنەوە و قسەكانیان تەنیا تەواوگەری بانگەوازە بەزەییبزوێنەرەكانی فێمینیستانی بۆرجوازیین، كە سالانێكە داوای سۆز و بەزەیی لە سەرۆك و سەرۆكشالیاران و دەسەڵاتدارانی خواتری ئەوان بەرامبەر ژنان دەكەن. فێمینیستانێك كە دەخوازن لە بری ڕابەری پیاوان بەسەر ژناندا، خۆیان ئەو ڕابەرییە بكەن و دەستەبژێرێكی بەرتەریدار لە ناو بزاڤی ئازادی و یەكسانیخوازانەی ژناندا بۆخۆیان چێبكەن.

لەوە سەیرتر ئەوەیە، ئۆپۆزسیۆنێك كە نووسەران ئەم بەرنامەیان بۆ نووسیوە لە هەڵبژاردنەكاندا هیوای خۆیان لێگیرێداوە، سەرۆكەكەی ستەم و چەوساندنەوەی ژنان لە كۆمەڵگەدا بە كەتواری نازانێت[١٢]!

<u>حەوتەم: سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی ناوەوە</u>

<u>١- بەرەو كردنی كوردەكانی دەرەوەی كوردستان بە سەرمایەی نەتەوەیی گرنگ</u>

<u>سالانێكە ڕەوەندی كورد لەدەرەوەی كوردستاندا لە رووی ژمارەوە لە گەورەبوونو لە رووی چۆنایەتیشەوە لە گەشەسەندندایە. كوردی</u>

دەرەوەی وڵات بووە بە سەرمایەیەکی نەتەوەیی فرەجۆرو هەمەڕەنگ. ئەم سەرمایەیە تەنها پاڵپشتێکی ئابووری نییە بۆ کوردستان، بەڵکو هێزێکی زانستیو کولتووریو هونەری گەورەیە بۆ ئایندەی وڵاتەکەمان.
ل. ٨٩

ئەگەر سەرنجی ئەم دێرانە بدەین، دژەمرۆییچییەتی ناسیونالیزم بە ئاشکرا و بێپەردە بەسەر ئێسکەپەیکەر و خەونی تاکی کورددا گوزەر دەکات. ئەگەر کوردانی دەرەوەی وڵاتانێك لەو کەسانە پێکبهاتایە، کە ئارەزوومەندانە و بۆ خوێندن و پێگەیاندنی تواناکانیان بەرەو هەندەران ڕەویان بکردایە، ئەوا ئەو دەستەواژانە تاڕادەیەك دروستییان تێدا دەبوو، یا کەمتر دەبوونە جێگەی ڕەخنە. بەڵام وەك دەزانین زۆرینەی ڕەوەندی کوردی بەرهەمی شەڕی عیراق- ئێران (کە دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆ بەشێك بوون لێی)، بەرهەمی کیمیاباران و ئەنفالەکان (کە دیسانەوە دەسەڵاتداران لایەنێکی تاوانەکەن)، بەرهەمی ئابلۆقەی ئابووری (کە دەسەڵاتدارانی هەرێم بە ڕەوایان دەزانی)، بەرهەمی شەڕی ناوخۆ (کە زیاتر لە 24 ساڵ لە شاخ و 4 لە شار تاکی کوردیان کردبووە سووتەمەنی) و باندە تیرۆریستەکانی بۆرجوازی کوردن. بێجگە لەوەی ئەم تاکانە ڕۆژانە لە شیوەنی ڕۆژانی لێزەوتکراو و ونبوونی تەمەنیان لە ئاوارەیدا، گیرۆدەی دەیان نەخۆشی دەروونی و شێوان و گرژی و ناموبون و خنکان و کوژران لە ڕوبار و سەرسنوورەکاندا و قوربانیبوون و گیرۆدەبوون و تەنانەت ئەتکی سێکسی بەتایبەت لە ژنان لەلایەن دەلاڵان و دەستوپەیوەندەکانی دەسەڵاتەوە دەناڵێنن. پەنابەران لە دونیای ناجگێری نێوان یاداوەری و خەونەکانی دوێنیان و دەستوپەنجەنەرمکردن لەتەك ڕاسیزم و شۆڤێنیزم [وەك دوو سەرەنجامی گەشەسەندن و پەرەسەندنی ناسیونالیزم و نیشتمانپەروەری وڵاتانی پەنادەر] لە ئەمڕۆدا وردوخاش دەبن. ئەمە سامانە نەتەوەییەکەی ناسیونالیزمی کوردە، هەزاران

مرۆڤی تێکشکاوی دەروونی و جەستەیی، کە بە تەمان لە هەندەرانیش پاپەندەی خەونە سەرابییەکانی ناسیونالیزمیان بکەنەوە.

نووسەران بە چاوی قوربانیانی شۆڤنیزم و ڕاسیزم لە پەنابەرانی کورد ناڕوانن، بەڵکو وەك سامانی ناسیونالیزمی کورد و نیشتمانپەروەری خۆیان دەزانن. ئەوان لە بری داوای گێڕانەوەی ماف بۆ هەڵاتووان و قوربانیان، لە بری سارێژکردنی برینەکانیان، دەیانکەنە سامانی نەتەوەیەك، کە لە ڕاستیدا بێجگە لە سەروەری بۆرجوازی و سەرکوتگەرایانە،هیچیتر ناگەیێنێت. هەر لەم سەردەمەدا، ڕۆژانە تاکەکانی ناو هەرێم لە ژێر هەمان نێو "دەسەڵاتی نەتەوەیی"دا دەبنە قوربانی مشەخۆری کەمایەتییەك، کە نێوی دەسەڵاتی نەتەوەیی لەسەر خۆی داناوە.

وابزانم کەم کەس هەیە، کە لاری لەوە بێت، ئەگەر ژیان و ڕێز و ڕێوشوێنی ئازادانەی تاك لە کۆمەڵگەدا پارێزراوبێت، ئەوا کەم کەس پەیدادەبن، نشینگە و بازنە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەریان وا بە ئاسانی بەجێبهێڵن و ڕێگەی هات و نەهاتی تاراوگە بگرنەبەر. هەوەها کۆچ و پەنابەری هەر لە کۆنەوە بەرهەمی نالەباریی ژیان و ستەمی کۆمەڵایەتی و نایەکسانی ئابووریی و ڕامیاریی تاك بووە لە نشینگەکەیدا، بۆیە هانای بۆ دەرەوەبردووە و پشتی لە هەموو بەستەرەکان کردووە کە، بە نشینگەکەیەوەدەیبەستنەوە. پەنابەران نەك سامانی نشینگەی وەدەرنەر نین، بەڵکو لە سایەی سەروەری "بۆرجوازی نەتەوە" ستەملێکراوی ئەو نشینگەیەن.

لای نووسەران ئەم بنەڕەتەی پرسەکە وەلادەنرێت و بەزۆر دەیانەوێت بەرگێکی تری بەبەردا بکەن. وەك دەزانین زۆرینەی پەنابەر و کۆچکردووانی باشووری کوردستان لە سەردەمی دەسەڵاتداری بۆرجوازی

کورددا ڕێی هات و نەهاتی پەنابەری وڵاتانی ئەوروپییان گرتووەتەبەر. بەم پێیە یا لەدەست شەڕە گمرگ و دەسەڵاتی ناوخۆ یا لەدەست برسیەتی و بێبەشی و نادادوەری هەڵهاتوون. کەچی نووسەران بێسڵەمینەوە و شەرمکردن لە ڕاستی، دێن و پەنابەران دەکەنەوە بە سامانی نەتەوەیەك، کە پەنابەران لەدەست دەسەڵاتەکەی، کە شوناسی نەتەوەکەیانی هەڵگرتووە و وەك نوێنەری بەرژەوەندی زۆرینەی ئەو نەتەوە قسە دەکات و هاوکات لە ژێر پەردەی ئاساییش و سەروەری ئەفسانەیی ئەو نەتەوەدا پەنابەران ڕاونراون و بە فشاری جەنگیی و ئابووریی و ڕامیاریی ئەو دەسەڵاتە ناچار بە کۆچەرییبوون بوون. نووسەران دێن و لەپێناوی خزمەتکردنی ئایدیۆلۆجیای بۆرجوازی (ناسیونالیزم)دا ئاوڕ لەو پەنابەرانە دەدەنەوە و دەیانەوێت بڵێن، کە لە دەرەوەی شوناسی ناسیونالیستی، تاك ناتوانێت خاوەنی پێناسەیەك بێت. جارێکی تر لە وڵاتانی پەنادەردا خزمەتی سەروەری بۆرجوازی لە ژێر دێوجامەی نەتەوەییدا، دەکەنەوە مۆتەکەی ژیانی پڕ کولەمەرگییان و ناهێڵن لە دەرەوەی شوناسە دەستکردەکان لەتەك مرۆڤەکانی دیکەی نشینگەی پەنادەر،هەڵگری شوناسی تاکایەتی خۆیان بن و لە بری پاگەندە و نۆکەریی لەڕێی خودایی بۆ پارتەکان، خەریکی پێگەیاندن و گەشەدان بە تواناییەکانی خۆیان بن و سوود لە هەلێك وەربگرن، کە بۆیان ڕەخساوە.

<u>سالانێکە نێوەندو کۆمەڵەی حیزبە کوردییەکان لە دەرەوەی وڵات هەڵگری وەزیفەی دوکانێکی بازرگانین و زۆرینەی ئەندامەکانیشیان هێندەی کاری دەلالی بۆ سیاسییە بالادەستەکانی کوردستان دەکەن و ڕێگاخۆشدەکەن بۆ سپیکردنەوەی پارەو گواستنەوەی سەرمایەی دەسەڵاتدارانی کوردستان بۆ دەرەوە، ئەوەندە ئاگایان لە خواست و مەرامەکانی کۆچەرانی کورد نییە.</u> ل. ٩٠-٩١

نووسەران نەك لا لە ڕووی ڕاستەقینەی ڕەوەندی پەنابەرانی كورد ناكەنەوە و نایانەوێت وەك مرۆڤ ئاوڕ لە بەسەرهات و خەونەكانیان بدەنەوە، بەڵكو بە هەمان تێڕوانینی دەسەڵات، ئەوە بە پەنابەران ڕەوا نابینن، كە وەك تاك خۆی بناسێت و ژیان بكات، بەپێچەوانەوە لە دەرەوەش دەیانەوێت بیانگێڕنەوە باوەشی ئەوانەی كە ڕاویان ناون، كە لە باشترین باردا دوو شت بەرهەمی پێناسەكردنەوەی تاكی پەنابەر لەو كۆمەڵگەیاندا وەك كەمایەتییەكی نەتەوەیی دابڕاو لە كۆمەڵگەكان بەرهەم دەهێنێتەوە؛ گرووپی شۆڤێنیستی لە چەشنی گورگە بۆرەكان، كە بەرهەمی سامانكردنی نەتەوەیی كۆچبەرانی توركیە و ڕامیاری دابڕاندنی ئەو تاكانەیە لە كۆمەڵگەكان، دووەم بە سیخوڕكردن و هەواڵدەركردنی ئەو تاكانە بەنێوی پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوە، كە خودی پارتەكان باشتر لەوە پێیهەستاون و زۆربەی تاكی كورد لەو ڕامیارییە گلاوە ئالاندووە و دراوسێ بەسەر دراوسێوە، هاوەڵ بەسەر هاوەڵەوە بووە بە سیخوڕی دەسەڵات و پارتەكان لەو ڕێگەوە لە ئەورووپاش هەڕەشە لە نەیارانی دەسەڵاتەكەیان دەكەن.

پەنابەرانێك كە لەدەست دەسەڵاتی بۆرجوازی كورد یا هاوچینە فەرمانڕەواكانی پێش ئەو هەڵهاتوون و لە كۆمەڵگەی پەنادەردا بەجۆرێك لەو دەسەلاتانە ڕزگارییان بووە، ئەگەر سپاردنی ڕۆڵی شوانەیی بە دەسەڵاتداران نەبێت، دەبێت هاندەری وەها چاوەڕوانییەك چی بێت، كە هەڵهاتووان چاوەڕوانی بەزەیی لە ڕاونەرانیان بكەن و نووسەران خۆیان بكەنە ڕدێنسپی و شوانە ڕامیارەكان بۆ بەزەیی پێداهاتنەوە بە هەڵهاتووان، ئامۆژگارییان بكەن؟

نازانم پەیوەندی داخوازی و ئامانجەكانی تاكی هەڵهاتووی كورد لە دەست جەنگ و برسیەتی و بێكاری و تیرۆر و زیندان، وەك ئەندام یا نیشتەجێ لە هەندەران بە بەزەیی دەسەلاتی بۆرجوازی كوردەوە چییە؟

ئەگەر تاکێك بە تەمای گەڕانەوە بێت، ئەوە شتێکی ترە و مافی خۆیەتی قەرەبووی زیانەکانی بۆ بکرێت، بەڵام تاکێك کە بە پێچەوانەوە ناگەڕێتەوە، ئەوا داخوازی و ئامانجەکانی بەستراون بە هاتنەدی داخوازی و ئامانجی هاوچینەکانی لە کۆمەڵگەی پەنادەردا و لەتەك دەوڵەتە دێمۆکراتە ئیدئالە ئەوروپییەکانی نووسەراندا سەروکارییان هەیە. بەڵام نووسەران ئەمە نابینن، چونکە یەکەم بە هەمان تێڕوانینی ناسیونالیستە دەستەبراکانی ئەوروپایان، مافی یەکسان بە پەنابەران نابینن و وەك میوانێکی کاتی لەبەرجاویان دەگرن و کێشەکانیان بە وڵاتانی لێوەهاتووەوە دەبەستنەوە و لە کۆمەڵگەکاندا وەك تەنێکی نامۆ و جیاواز گۆشەگیریان دەکەن، دووەم دیسانەوە ئەمە بە سوودی دەستەبژێرییەکەی خۆیان تەواو دەبێتەوە و کۆڕی خۆیانیان پێ گەرم دەکەن.

تاکی هەڵهاتوو لە بری گەڕانەوە بۆ بەدەستهێنانی شوناسێکی دەستکرد و ناپێویست، پێویستە لە نشینگەی نوێ و لەناو کۆمەڵی پەنابەردا بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی بگەرێت و لەناو ڕیزی هاودەردانی خۆی لە کۆمەڵی پەنادەردا خۆی وەك ئەندامی ئەکتیڤ ڕێك بخات، نەك پاسیڤ و گۆشەگیر لە تەنگبیری ناسیونالیستیدا خۆی بەنگ بکات و لە بەرامبەردا ڕاسیزم وەك دەستەبرای ناسیونالیزمەکەی لە خۆی هان بدات و لەبری ململانێ و جەنگی دەسەڵات، بکەوێتە جەنگی هاوچینەکانی خۆی!

<u>هەروەکو چۆن یەکێک لە خەسڵەتەکانی سیستەمی سیاسی کوردستان دانانی کەسانی حیزبیو ناپسپۆرو نەشارەزایە لە شوێنە ناسکو گرنگەکانی بڕیاری سیاسیدا، ئاواش هەمان دۆخ لەناو کوردە کۆچبەرەکانی دەرەوەی کوردستاندا دروستکراوە، فەرامۆشکردنی کەسانی پسپۆڕو ئەکادیمی ناحیزبی لەدەرەوەوەی وڵات، درێژبوونەوەی</u>

ئەو سیاسەتەیە کە حیزبە کوردییەکان لەناوەوەی وڵات بەرهەمهێناوە. ل. ٩١

ئەگەر سەرنجی پشتەوەی ئەو ڕستانە بدەین، دەبینین، دیسانەوە شێوەنی هەریسەکەیە و دەستەبژێرێك کە پێیوایە تەنیا ئەو شایستەی کارمەندی و بەڕێوەبەری کۆنسوڵییەکانی دەسەڵاتە لە ئەوروپا، خۆی بە بەشخوراو دەزانێت، ئەگینا بڕواناکەم مەبەستیان لەو پەنابەرە بەدبەختانە بێت، کە ڕۆژانە ٦ -١٢ کاتژێر بە کەمترین کرێ و مافەوە کار دەکەن. نووسەران هەروەك چۆن لە ناوەوە شێوەنی هەریسەی بەشداری دەسەڵات دەکەن، هەروا لە دەرەوەش شێوەنی بەدەستهێنانی پۆستەکانی نێو کۆنسوڵێیەکان دەکەن. ئەوان کە خەونە بەرتەریخوازانەکانیان وەك دەستەبژێری "ڕۆشنبیر"ی کورد لە کۆمەڵگە پەنادەرەکاندا مسۆگەر ناکرێن، دەخوازن بە بەهرەمەندبوون لە ژیانی ئەوروپا، لە دەسەڵاتی نەتەوەییاندا پلەپایەی باڵا بەدەست بهێنن و بەو جۆرە خۆیان لە خوار دەسەڵاتدارە نەخوێندەوار و سەرتیپە "نارۆشنبیرەکان" نەبینن و موچەکانیان لەوانەوە وەرنەگرن.

بێبەشکردنی ئەم چەند سەدهەزار دەنگە لە هەڵبژاردنو لە بڕیاری سیاسی لەوڵاتەکەیاندا، مانای لەدەستدانی گەنجینەیەکی گەورەی نەتەوەیی گەلی کوردو کزکردنو لاوازکردنو لەناوبردنی هەستی پەیوەندارێتیو بەرپرسیارێتی ئەم گروپەیە بۆ نیشتمانو مەسەلە چارەنووسسازەکانی. ل. ٩٢

لە سایە سەروەریدا نیشتمان، بێجگە لە گۆڕی خەونەکانمان هیچیتر نییە. نووسەران داوای مافێك (مافی دەنگدان) بۆ پەنابەران دەکەن، کە زۆرێك لە پەنابەران لە وڵاتانی پەنادەردا هەیانە و نەك تەنیا ئەوان وەك پەنابەر و مرۆڤی پلەدوو، بەڵکو سەد ساڵ دەبێت کە خودی

هاوچینەکانیشیان لە وڵاتانی پەنادەردا نەیانتوانیوە هیچی پێ بگۆڕن. ئەوەی ئەوان بۆ پەنابەرانی داخوازی دەکەن، ماف نییە، بەڵکو سوودبردنە لە دەنگیان بۆ لیستێکی دیاریکراو، کە دەیویست سەرمایەگوزاری ڕامیاریی لەسەر دەنگی پەنابەران بکات. وەك پێشینان وتویانە، ئەگەر دەنگدان شتێکی بگۆڕیایە، ئەوا هەم نووسەران کە فرمێسك بۆ پەنابەران دەڕێژن، ئەو مافەیان بە نەخوێندەواران "خۆیان واتەنی مێگەل" ڕەوا نەدەبینی و هەم دەسەڵات قەدەخەی دەکرد!

داواکردنی وەها مافێك بۆ پەنابەران، گاڵتەکردنە بە هۆشمەندی پەنابەران، مەگەر دەنگدان و دەنگدەران چ لە ئەوروپا و ئەمەریکا چ لە وڵاتانی وەك هەرێمی کوردستان توانیوەیانە هیچ بگۆڕن، تاکو چەند هەزار پەنابەرێکی بەدبەخت و هەڵاتوو لەو دوورەوە بتوانن بە کارتێکی پڕ سووکایەتی بە ویست و خەونی مرۆڤەکان، بتوانن چەتەگەرەی و سەرکوتگەری و مشەخۆری بۆرجوازی کوردی بگۆڕن؟

٢- بەرەو بەرهەمهێنانی سیاسەتێکی ناوەکی و دەرەکی عەقلانی ... گوتاری نیشتمانپەروەرێتیو سیاسەتی نەتەوەیی کاڵایەک نییە هەر ڕۆژەی لە بازارێکدا ساغبکرێتەوە یا تەنها لە کاتی ڕووداوو پێشهاتە سیاسییە گەورەکاندا بیری سیاسەتمەداران بکەوێتەوە. گوتاری نیشتمانپەروەرێتیو سیاسەتی نەتەوەیی هەڵگری پرنسیپی سیاسین، بەشێکی گرنگن لە شێوازی دەسەڵاتدارێتیو سەروەری نەتەوەیی. ل. ٩٣

سەرەتا پێویستە کەمێك لە واژەگەلی وەك "عەقلانی" و نا "ناعەقلانی" بکۆڵینەوە. ئەگەر عەقلانی بکەینە کوردی دەبێتە "ژیرانی، ژیرانە" و بەواتایەکی دیکە "ئاوەزپەسەندی" دێت. بەڵام لە هەموو بارەکاندا ناعەقلانی بوونی نییە. ناعەقلانی یەکێکە لە کۆمەڵە واژەیەك، کە بە هەڵە بەکوردی کراون یا سەرچاوە و بەکاربردنیان بەو جۆرە بۆ دەرکی

ڕێڕەوی (مذهبی)یانەی نووسەرەکانیان دەگەڕێتەوە؛ لەوانە "نامۆڕاڵی، بێمۆڕاڵی، نائەخلاقی، بێ ئەخڵاقی"، کە لە ڕاستیدا هەموو "ژیرانی"یەك، "مۆڕاڵی"یەك دەتوانێت لە ڕوانگەی بەرامبەرەوە "نازیرانی" و "نامۆڕاڵی" ببینرێت و دەرك بکرێت. ئەوەی کامەیان دروستە پرسێکی دیکەیە و پێویستە لۆجیك و ئاوەزپەسەندی و بنەما هاوبەشەکانی خواستە سروشتییە مرۆییەکان پاڵپشتی بکەن. بەڵام لە باری زمانەوانییەوە، ئەوەی کە لە وەرگێڕانی واژەکاندا بۆ سەر زمانی کوردی بووەتە هۆی هەڵە لێکدانەوەیان، لەلایەك ئەوەیە کە "بد"ی فارسی بە "بێ"ی کوردی وەرگێردراوە، کە وانییە و "بد" بە واتای خراپ، ناجۆر، ناپەسەند دێت، لە لایەکی دیکەوە لەژێر کاریی ئاینن و زمانی عەرەبییەوە، "لا" عەرەبی دەقاودەق بەبێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی هەریەك لەو زمانانە، دەکرێتە کوردی و بەو جۆرە چ لە باری پۆزەتیڤ و چ لە باری نیگەتیڤدا زمان دەستەمۆی بیرکردنەوە و تێڕوانینی پەیڕەو (مذهب)گەرایانە دەبێت و نووسەر دیاردەکان بە ڕەش و سپی وێنا دەکات و خوێنەری نائاگاش بە هەمان شێوە دەیانگوازێتەوە و کۆمەڵایەتی دەبنەوە.

بەم جۆرە دەبینین، کە باڵەکەی دیکەی بۆرجوازی، کە فەرمانڕەوایە، بە هەمان پاگەندە، وردەگیرانی خۆی تاوانبار بە "نازیرانی"بوون دەکات، بەڵام ڕاستی شەڕ□دەنووکی ئەم دوو باڵە هیچ پەیوەندی بە مافی مرۆڤ و ئازادی و یەکسانی تاك و مۆڕاڵ و ژیرییەوە نییە.

ڕێك بە پێچەوانەی دەرك یا وانیشاندانی نووسەرانەوە، نیشتمانپەروەری و ڕامیاری و بەرژەوەندی نەتەوەیی، کالایەکی تەمەن کورتە و سەرهەڵدانی بۆ سەرهەڵدانی تیئۆری دەوڵەتی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە، کە ناسیونالیزم ئایدیلۆجیاکەیەتی و دەسەلات ناتوانێت شوناسی نەتەوەیی هەبێت، بەڵکو شوناسی چینایەتی بۆرجوازیانەی هەیە، کە چینێکی جیهانییە و مامەڵەی دەسەڵاتخوازان و

دەسەڵاتدارانی کورد لە شاخەوە بۆ شار، لە ئەشکەوتەوە بۆ پارلەمان، یەکەمین و دواهەمین مامەڵەی نوێنەرانی ڕامیاریی بۆرجوازی نییە بە نێوی نەتەوە و نیشتمان و هاوولاتی و هاوخوێنی و زۆر شتی دیکەوە.

لەوێوە کە نەتەوە لە چین و توێژی کۆمەڵایەتی خواست و ئامانج جیاواز پێکدێت و هیچ بەرژەوەندییەکی هاوبەش نییە، کە بتوانێت بۆرجوازی و کرێکار، سەروەر و ژێردەست پێکەوە کۆبکاتەوە. تەنانەت لە شەڕە خوێناوییەکانی ڕزگاری لە داگیرکاریشدا، لەو کاتەدا کە کوڕان و کچانی کرێکار و جوتیار و زەحمەتکێش خۆیان بۆ ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری لە سایەی دەرپەڕاندن و ڕامالینی هێزی داگیرگەر و پاراستنی زمان و کولتوور و پێکهاتەکانی خۆیان بە کوشتداوە، هەردەم سەرانی پارتەکان و هێزە چەکدارەکان لەتەك داگیرگەران لە سازش و مامەڵەی بەردەوامدا بوون و تەنانەت بەرەی هاوبەش و پێشلەشکری بۆ داگیرگەرانیش. وابزانم لێرەدا پێویست بە نموونەهێنانەوە ناکات و ئەزموونەکان لە سەراپای جیهاندا بە درێژایی دوو سەدەی ڕابوردوو و لە هەموو هەرێمەکانی کوردستانیشدا بینەری جیاوازی ئامانج و بەرژەوەندی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانین و ١٩ ساڵی ڕابوردووی دەسەڵاتداری بۆرجوازی کورد، زیندووترین و ئاشکراترین نموونەیە.

وردەبۆرجوازی بە بەدەسەڵاتگەییشتنی نوێنەرانی بۆرجوازی لە باشووری کوردستاندا و دەرکەوتنی دەستە چینایەتییەکەیان، ناچار بە بەرزکردنەوەی ئالای ڕیفۆرمخوازییە، تاوەکو فریای دەسەڵاتداران بکەون و پێیانبڵێن "ئەگەر چارەسەری ئەم بارە نەکرێت قوربانی یەکەم خۆتان دەبن"!

بەم جۆرە دەبینین، کە لە بەرامبەر مامەڵە و سازشی بۆرجوازی بە

ویست و داخوازی و ئامانجی چین و تویژە ستەمدیدەکان، نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەرستی کەسانێك کە نەیانتوانیوە لە داوی ئایدیۆلۆجیای ناسیونالیستی ڕزگاریان ببێت و نەیانتوانیوە هۆکاری نەهاتنەدی خەونەکانیان، وێرای ڕاپەڕین و سەدان هەزار قوربانی و دەربەڕاندنی داگیرگەر، دەرك بکەن، نەتەوەچییەتییەکەیان سەری لە شۆڤێنیزم و نیشتنمانپەروەرییەکەیان سەری لە ڕاسیزمەوە دەرچووە. با خوێنەران و نووسەران سەرنجی هەڵویستی ناسیونالیستەکان بەرامبەر کەمە نەتەوەکانی هەرێمی کوردستان و بەرامبەر ئەو عەرەبانەی کە لە ئەنجامی داگیرکاری ئەمەریکا و هاوپەیمانانی و بەرهەڵستی تێرۆریستانەی هەر ڕۆژەی هێزە ناسیونالیستە عەرەبەکان و ئیسلامییەکان، بەرەو هەرێمی کوردستان ئاوارە بوون و هەر لە هاوسێ ماڵەکانیانەوە تا ڕۆژنامە پارتیی و میریی و ئەهلییەکان پڕن لە هاندان و هەڵخڕاندنی دەمارگیری و هەستی دژەمرۆییانەی ناسیونالسیتی و ڕاسیستی و تەنانەت ڕاسیزمی نۆزاد لە کوردستان لە ١٩ساڵی ڕابوردوودا ئاوارەکانی کەرکووك و ئاوارە و پەنابەرانی خۆرهەلات و باکوور و خۆراوای کوردستانیشی نەبواردووە و دژایەتی و سوکایەتی پێکردوون و گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیان بۆ بوونی ئەوان گێڕاوەتەوە!

نیشتمانپەروەرەکان و ناسیونالیستەکان سەریان لە شاگردی و پاشڕەوی و پەیڕەوی بیر و ئایدیاکانی (هیتلەر و مۆسۆلۆنی و کەمال ئەتاتورك و میشێل ئەفلەق و سەدام و حافیز ئەسەد )ەوە دەردەچێت و لە باشترین باردا کارە ئەنجامنەدراوەکانی ئەوان تەواو دەکەن. چونکە هیچ کات بە شوێنگرتنەوەی قوربانی لە جێی سەرکوتگەر، هیچ لە کرۆکی نامرۆییانەی سەرکوت ناگۆڕێت. ئەگەر پاوانگەریی و تالانگەریی بۆرجوازی هاندەری داگیرکاری بێت، ئەوا بە هانابردنەوە بۆ هەمان سیستەمی بۆرجوازیی، هیچ لە چەوساوە مانەوەی تاکە داگیرکراوەکان

لە سایەی دەسەڵاتی بۆرجوازی سەرکەوتوودا ناگۆڕێت. بە هەمان شێوە کە تاکی ژێر سایەی دەسەڵاتی داگیرگەر بە پشتیوانی لە مانەوەی داگیرکاری، مۆری کۆیلەتی لە چارەنووسی خۆی دەدات، بە هەمان شێوە تاکی خۆشباوەڕ و شوێنکەوتووی بۆرجوازی دەسەڵاتخوازی بەرهەڵستکار، چەوسانەوەی خۆی درێژ دەکاتەوە و بندەستی خۆی لە بندەستی داگیرکارانەوە دەگوازێتەوە بۆ بندەستی تازە- بەدەسەڵاتگەییشتوان.

نووسەران تەنیا ئەوەیان ڕاست گوتووە، کە "گوتاری نیشتمانپەروەری و ڕامیاری نەتەوەیی هەڵگری پرنسیپی ڕامیارین و بەشێکی گرنگن لە شێوازی دەسەڵاتداری و سەروەری نەتەوەیی". ئەمە تەنیا ڕاستگۆترین دەستەواژەی نووسەرانە لەمەڕ نەتەوەچییەتی، هەڵبەتە بە لادانی دێوجامەکە، کە پرنسیپلی ڕامیاریی هیچ کات پرنسیپلی نەگۆڕ و هەردەمی نین و ڕۆژگارێك هەبووە، کە لە ئارادا نەبوون و ڕۆژگارێکیش دێت، کە لە ئارادا نامێنن. هەروەها خودی تەمەنی گوتاری نیشتنمانپەروەری و ئەوەی ناویاننـاوە ڕامیاریی نەتەوەیی پێش سەرهەڵدانی خواستی دەوڵەتە بۆرجوازییە سەرتاسەرییەکان [وەك ئامرازی ڕێکخستنەوەی دەسەڵات لە بۆشایی نەمانی دەسەڵاتی فیئۆدالەکان و پاراستنی لە دەستی بۆرجوا شارییەکاندا] بوونیان نەبووە و ئەو دەمارگیرییەی کە ئەورۆ بۆ نەتەوە هەیە، پێشتر بۆ خێڵ بووە و ئەگەر بەراوردی ئەورۆی ئەورووپا و کوردستان بکەین، بە ڕۆشنی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، بەو ڕادەیەی کە خۆگریدانەوەی تاك بۆ نەتەوە لە ئەورووپا کاڵبووەتەوە، بەو ڕادە (یا کەم و زیاد) لە کوردستان خۆگریدانەوە بۆ خیڵ کاڵبووەتەوە، پێچەوانەکەشی دروستە، بەو ڕادەیەی خۆگریدانەوەی تاك لە ئەورووپا بۆ نەتەوە ماوە، لە کوردستانیش خۆگرێدانەوەی تاك بۆ خێڵ ماوە.

ئەمەش هەم بەڵگەی پاشڕەوی کۆمەڵگە ژێردەستەکانە بۆ

سەردەستەکانیان، هەم بەڵگەی دروستکراوی نەتەوە و ناسروشتبوونییەتی، هەروەها بەڵگەی کار و کاردانەوەیبوونی ناسیونالیزمە وەك بەرهەمی داگیرکاری وڵاتانی ئەوروپی، کە وای لە کۆمەڵگە داگیرکراوەکان کردووە، دەسەڵاتخوازانیان شوێنپێی دەوڵەتانی ناسیونالیستی داگیرگەر هەڵگرنەوە و هەم تاکی ناهوشیار لە بری تێگەیشتن و پەیبردن بە هۆکارەکانی داگیرکاری، کەوتووەتە لیتەی ڕکوکینەدۆزی ناسیونالیستانە بەرامبەر تاکی بێدەسەڵاتی وڵاتانی داگیرگەر. بەو جۆرە کایەی پێگرتنی دەسەڵاتی بۆرجوازی وەك سیستەمێك لە پێگەیینی بەرهەڵستی ناسیونالسیتیدا بەرامبەر داگیرکاریی ناسیونالیستی، جیهانگیر بووە و کار و کاردانەوەکە سەروەری چینایەتییان بەهێزتر کردووە. بە واتایەکی دیکە، دروستبوونی حەزی دەوڵەتی سەراپاگیر لە وڵاتانی داگیرکراودا لە چەشنی دەوڵەتانی داگیرکەر، بووەتە تەواوگەری سیستەمە چینایەتییەکە و هەر وەك توندوتیژی بەرامبەر توندوتیژی، توندوتیژی بەرهەم دەهێنێتەوە، هەرواش داگیرکردنی کۆمەڵگەکان لەلایەن دەسەلاتە سەراپاگیرەکانەوە، لە خودی کۆمەڵگە داگیرکراوەکاندا دەسەلاتی سەراپاگیری بەرهەمهێناوەتەوە. هەر ئەوەشە وادەکات، کە ڕەوتی ڕزگاربوونی وڵاتە داگیرکراوەکان بە ئازادی کۆمەڵگەکان کۆتایی نەهێێت و خواستە و نەخواستە ببنەوە پاشکۆی دەسەڵاتە داگیرگەرەکان و بەشێك لە سیستەمە جیهانگیرەکە و تەنانەت ببنە مەترسی کەمایەتییەکانی ژێردەستی خۆیان.

<u>ئاشکرایە سیستەمی فیدراڵی ڕێگانادات کورد خاوەنی وەزارەتی دەرەوەی خۆی بێت، ئەم کێشەیەش خودی سیاسەتمەدارانی کورد لەکاتی دارشتنی دەستووری کاتی عیراقدا بۆ کوردیان دروستکرد، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە کورد خاوەنی هیچ بەرنامەو ستراتیژێکی سیاسی ناوەکیو دەرەکی تایبەت بەخۆی نەبێت.</u> ل.٩٣

لێرەدا پێویستە ئاوڕێك لە ئایدیای فیدرالیزم و سیستەمی فیدرالیستی (فیدرالیزم لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی دەسەڵاتداران) بدەینەوە. نووسەران زۆر بێباکانە بە دوو وشە بەسەر بیری فیدرالیستیدا تێدەپەڕن و فیدرالیزم لە ڕێکەوتنی پارتەکان و هێزە خێڵەکی و ئایینەکانی عیراقدا کورت دەکەنەوە و چەپ و ڕاستی بەسەردا دەهێنن.

فیدرالیزم وەك هەموو چەمکێکی دیکە، ئاراستە و ئامانج و شێوازی جیاوازی لە خۆگرتووە و پێش ئەوەی لە هیچ گۆشەیەکی ئەم دونیایەدا سیستەمی بەڕێوەبردن، شێوە و وێنای سەروەرانە لە فیدرالیزم بەخۆوە بگرێت، فیدرالیزم شێواز و میکانیزمێك بووە بۆ خودموختاری کەمینەکان و ناوچەکان لە بەرامبەر بە سەراپاخوازی کەنیسە و ئیمپراتۆرەکان، لە سەردەمی دەوڵەتە ناسیونالیستەکانیشدا بیر و ئایدیای بزاڤە دژەدەولەت و دژەناوەندگەراکان بووە، کە لە هەردوو باردا پێداگرتنە لەسەر ئازادی تاك و گروپ و کەمینە و کۆمون و هەرەوەزییە ئازادەکان لە بەرامبەر گشتگیری و سەراپاخوازی دەسەڵاتداران و داگیرگەران.

ئەگەر بە پێوانە بەوانەی سەرەوە، ئەوەی لە عیراقدا بەنێوی فیدرالیزمەوە لە ئارادایە، بنوارین، ئەوا بریتی دەبێت لە یەکگرتنی کۆمەڵێك پارت و خێڵ و مەزهەب وەك داردەستانی داگیرگەران و پاسەوانی لە بەرژوەندییەکانی کۆمپانییە جیهانلوشەکان، کە تێیدا هیچ نەتەوە و کەمایەتی و گروپێکی ئایینی و ناوچەیەك ئازادانە و خۆویستانە و خۆخواستانە نەچووتە پای ئەو یەکگرتنە بانەکییەی فیدرالیزمی دەوڵەتی. بە واتایەکی دیکە، فیدرالیزمی دەوڵەتی جۆرێکە لە سەرکوتی ویست و داخوازی ژێردەستانی کۆمەڵگە و کەمایەتی و گروپەکان و سەرکوتی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری وەك بنەمایەك بۆ یەکگرتنی ئازادانەی تاکەکان و گروپەکان.

نووسەران دێن و ئەم دێوجامەیە لە فیدرالیزم دەکەنە ئامراز و لەوێوە ئایدیای ئازادیخوازانەی فیدرالیزم دەدەنە بەر ڕەخنە و ڕەتدەکەنەوە. فیدرالیزم وەك بنچینەی ڕێکخستنی ئازادانەی کۆمەڵگە لە خوارەوەڕا لە سەر بنەمای سەربەستی تاك و گروپەکان و یەکگرتنیان لەسەر ویست و خواستی خۆیان بە ئامانجی پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتی ئازادانەی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای یەکگرتنی ئازادانەی ئەنجومەن و کۆمون و هەرەوەزییەکان پێشنیارکراوە، تاوەکو لە پایەکانی دەوڵەت و دەسەلاتی سەراپاخواز و سەروەری چینایەتی بدەن و کەم بکەنەوە.

بەلام هەروەك دێمۆکراسی ڕاستەخۆ شێوێنراوە و لەتەك سەروەری کۆمەلێك بەسەر کۆمەلێکی دیکەدا پەیوەستکراوە و شێوەی نوێنەرایەتی ناراستەخۆی پێ بەخشراوە، هەروا فێدرالیزمیش تا ئاستی ڕێککەوتن و یەکگرتنی دەسەلاتە سەروو خەڵکییەکان کورتکراوەتەوە. سەد و ئەوەندە ساڵ لەمەوبەر ئەنارکیستەکان ڕەخنەیان لەو شێوە یەکگرتنە ڕواڵەتییەی سەروەری بۆرجواکان و فیدرالیزمێك کە پاگەندەی بۆ دەگەن، گرتووە تا دەگاتە ئەو ڕێکەوتن و دێوجامە لە فێدرالیزم، کە بە ئەندازیاری هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی لە عیراقدا پێکهێنراوە و سەپێنراوە.

نووسەران لە خۆشباوەڕکردنی تاکی کورددا پەیگیری لە ناڕاستی وتن دەکەن و پاگەندەی لە توانادابوونی دوو ڕامیاری جیاوازی ناوخۆیی و دەرەکی دەکەن، ئەمەش دەکاتە ڕەتکردنەوەی دەوڵەتی ناوەندی، کە نە داگیرگەران و نە دەسەلاتداران و نە خودی نووسەرانیش خوازیاری نین و لە بەرژەوەندییان نییە. هەروەها ئەمە دەتوانێت نووسینی سەر لافیتەیەکی پاگەندەی هەڵبژاردن بێت، بەلام ناتوانێت بەشێکی پەیگیرانەی ناو بەرنامەیەك بێت. چونکە یەك دەوڵەت (بەتایبەت

دەوڵەتــی عیراقــی خــاوەن شوناســی عروبەیــی)، واتە یەك ڕامیــاری ناوخۆیی - دەرەوەیی و یەك پلانــی ئابووری و یەك سیستەم. با بزانین لە دونیای کەتواریدا لە فیدرالیزمە درۆینەکانی تریشدا کە لەوانەیە لای نووسەرانی کورد نموونەیەکی ئایدیال بن، ئایا هیچ هەرێمێك ڕامیاری ناوخۆیی و دەرەکیی سەربەخۆی هەیە؟ ئەگەر نا، دەی کەواتە ڕامیاری ناوخۆیی و دەرەوەیی هەرێمی کوردستانیش بەشێك دەبێت لە ڕامیاری ناوخۆیی و دەرەوەیی گشتی عیراق. ئەوەی لای نووسەران ژیرانییە یان نا، ئەوەیان پرسێکی ترە و ئەگەر خوازیاری گۆڕین و ژیرانەکردنی هەریەك لەو دوو ڕامیارییەن، ئەوا دەبێت لە ناوەندەوە هەوڵ بۆ گۆڕینی بدەن، نەك لە هەرێمەوە وەك بەشێك لە دەوڵەتی عیراق [چونکە لەسەر بنەماکانی سەروەری بۆرجوازی و فیدرالیزمی بۆرجوازی، شتەکان تەنیا لە ناوەندەوە و لەسەر دەستی دەستەڵاتداران لە سەرەوە دەکرێت بگۆڕدرێن]. نەك ئەوەی لە ئەفسانەی سەربەخۆیی نەتەوەیی لە سایەی بۆرجوازیدا، وڕێنەی سەربەخۆبوون و جیاوازبوونی ڕامیاری هەرێم لە عیراق وەك گشت و ناوەند بکەن!

دروستنکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو بەداموەدەزگابینەکردنی پێکهاتە جیاجیاکانیو نەهێنانی بۆ ژێر بڕیارەکانی پەرلەمان، پێماندەڵێت کە حیزبە سیاسییە کوردییەکان لە یەکێك لە گرنگترین هەنگاوەکاندا بۆ دروستکردنی سەروەری نەتەوەیی، تووشی نووچدانو فەشەل بوونو ئیرادەی بنیادنانی کۆمەڵگایەکی سیاسی کوردستانییان نییە. ل. ٩٤

لێرەدا نامەوێت قسە لە ئەفسانەبوونی ڕزگاری و سەربەخۆیی نادروست ناونراوی سەروەری بۆرجوازی بە سەروەری نەتەوەیی بکەمەوە، ئەوەندە بەسە بلێم "بەبێ توانج!". مەبەستی من لە ئەفسانەی سەروەری نەتەوەیی لە سایەی سەروەری بۆرجوازی و سەردەمی

جیهانگیری نیئۆلیبرالّیزمدا، ئەوە نییە ڕزگـاربوون و ئازادی و ئۆتۆنـۆمی تـاك و گـروپ و نـەتـەوەكـان بە نـاكـەتـواری بچـوێنم، تەنیـا مەبەسـتم نیشـاندانی دووری و پێچەوانەبوون و دژبەیەكبوونی ئازادی، یەكسانی، دادپەروەری وەك خواستی تـاك و گـروپ و نـەتـەوەكـان لـەتـەك سـەروەری بۆرجوازییە. چونكە ئەوان پێیانوایە كەسانێك دەتوانن ئەو ئەفسانەیە بكەنە كەتوار!

كاتێك كـە سـەروەری و دەسـەڵاتی نـەتـەوەیـی لـە نـاوەڕۆكـدا سـەروەری و دەسەڵاتی بۆرجوازی بن، ئیتر هێز و سوپای نـەتـەوەیـی خۆبەخۆ دەبنـە كـوتـەكـی دەستی ئەو دەسـەڵات و سـەروەرییە چینـایـەتییە بـۆ سـەركوتـی تـاكـەكـانـی هەمـان نـەتـەوە. لێـرەوە ئەو هێـزە دەزگـایی بێـت یـا نـا، میلیشیای پارتیی بێت یا گـاردی كۆمـاری، هیـچ لـە سـەركوتگەربوونی نـاگـۆڕێت. ئەگەر ڕۆژگـارێك ڕۆڵەی كرێكـار و زەحمەتكێش بۆ ڕزگـاربوون لـە داگیـرگـەر و خۆشـباوەڕی بـە سـەربەخۆیی نـەتـەوەیـی و هـاوبـەشیی و یەكسانی هەموو ئەندامانی نـەتەوە خۆیان فیدا كردبیت و ئامـادە بـووبن بۆ پاراستنی منالّێك لـە ئەنفـالگەران و كێڵگـە و مـاڵی جوتیارێك لـە نـۆكـەرانی بـەعـس گیانیـان بـەخـت بكەن، ئەوا ئـەمـڕۆ چیـتر چـەكـدارانی دەسەڵات، ئەوانە هیچ ئامانـج و پێناویـان نیـن، بەڵكو لـەسـەر فـەرمـانی پارتـەكـەیـان و میرایـەتـی بۆرجـوازی هەرێـم ئامـادەن تـەقـە لـە خۆپیشـاندەران و كرێكـارانی مـانگرتوو و خـەڵكـی نـاڕازی بكەن و وەك بەعسییە نۆكەرەكانی پێش خۆیان، چالاكڤانانی ئازادیخواز تیرۆر یا لـە زیندانەكاندا بەند بكەن!

<u>مێـژووی سیاسـی ئێمە پێمانـدەڵێت پێشـمەرگەی حیـزب هەمیشـە پێشمەرگەی حیزبەو ئۆتۆماتیكی نابێت بە پێشمەرگەی كورد</u>. ل. ٩٤

نەك تەنیـا مێـژووی ڕامیـاریی بـزاڤە بەرهەڵسـتكارە نەتەوەییەكـانی

کورد، بەڵکو هی تەواوی دونیاش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن، بەلاَم بەو ناڕۆشنییەی نووسەران نا. چونکە چەکدارانی پارت، هەموو کات دەتوانن ببنە پارێزەری ئەو نەتەوە و نیشتمانەی نووسەران مەبەستیانە و دەتوانن ببنە هی کورد بەو جۆرەی کە نووسەران مەبەستیان لە کورد (دەسەلاتی بۆرجوازی) کوردە! بەلاَم هیچ کات ناتوانن ببن بە چەکداری کورد، چونکە زۆرینەی کورد خەڵکی ستەمدیدەن و خەڵکی ستەمدیدەش بیەوێت و نەیەوێت، ئەگەر خوازیاری ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری بێت، ئەوا خۆبەخۆ و بەخۆی ئەو هوشیارییە بەدەست دەهێنێت، کە پێویستە دژی هەموو جۆرەکانی سەروەری بێت، هێزێکیش کە دەتوانێت پارێزەری خەڵك بێت، ناتوانێت هاوکات کوتەکی دەستی سەروەران بێت، ئیتر ئەو سەروەرییە دەسەلاتێکی چەتەیی، پارتیی بێت یا دەوڵەتی، هیچ لە کرۆکە دژەخەڵکییەکەی ناگۆڕێت.

هێزی خەڵکی بەشێکە لە خەڵك و ناتوانێت لە سەرووی خەڵکەوە بێت و کوتەکی بەرزکراوە و ڕاگیراوی سەروو خەڵك بێت. هێزی پارێزەری خەڵکی، لە هەرەوەزی و کۆمون و ئەنجومەن و ڕێکخراوە خەباتکارە پیشەیی و جەماوەرییەکانی خەڵکدا پەروەردە دەبێت و پێك دێت. هەر هێزێك لە دەرەوەی ئەو یەکگرتنە ئازادانەوە پێکهاتبێت، هێزی سەرکوتگەربووە و پارێزگاری لە دوژمنانی خەڵکی ئازادیخواز کردووە، هەرواش هەر بەڕێوەبەرایەتییەکیش بۆ کۆمەڵگە، کە لە دەرەوەی پێکهاتنی ئازادانەی کۆمەلایەتیی و سەرووی ویستی تاکەوە سەری هەڵدابێت، ئامرازی سەرکوتی ویست و خواستە کۆمەلایەتییەکان و ئاراستە ئازادخوازانەکانی کۆمەڵگە بووە و دەبێت.

<u>ئەم دۆخی نەبوونی بەدەزگاییکردنە بۆ ئۆرگانەکانی ئاسایش و پۆلیس و وەزارەتی و دارایی و دادیش هەر ڕاستە</u>. ل. ٩٤

نووسەران پاشقول لە نووسەرانی دیکە دەگرن و لە ئەفراندنی ئەفسانەدا پێشیان دەدەنەوە، کەم نین نووسەرانێك کە لە خۆشباوەڕییەوە باس لە سەروەری یاسا و دەسەڵاتی یاسا و نەبوونی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا دەکەن، بەڵام ئەمان باس لە دەزگاییکردنی دەزگەکان دەکەن! ئەگەر پۆلیس و ئاسایش و هەواڵگری و زانیاری و پاراستن و هێزە تایبەتییەکان دەزگەیی نین، ئەدی چین؟ ئەگەر فەرمانگە و کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستان بیرۆکراتی نین، ئەی چین؟ ئەگەر شالیارگەی دارایی و داد (نەك وەزارەتی دارایی و دادیش) دەزگەیان نییە و لە دەزگە پێکنەهاتوون، ئەدی چین؟

من پێچەوانەی ئەم بۆچوونە شتەکان دەبینم، چونکە پارتە بۆرجوازییەکانی کورد لە شاخیش دەزگەی تایبەتی دارابیان هەبووە و پێچەوانەی خەڵکە ڕەشوڕووتەکە کە بە خەیاڵی خۆیان بۆ ئازادی جەنگیون، پارتەکان و سەرانایان وەك دەسەڵات و سەروەرانی داهاتوو کاریان دەکرد و ئازادیخوازانیان ڕاودەنان و لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دەریان دەکردن!

نووسەران لە ڕستەی دواتردا خۆیان، پێچەوانەی ئەم پاگەندەیان، دان بە دەزگەییبوونی ئەو بالانەی دەسەڵاتی بۆرجوازی دەنێن.

<u>لەکاتێکدا پەرلەمانی کوردستان ماوەی چەندین ساڵە بێ بوونی دەستووری هەمیشەیی هەرێمی کوردستان کاردەکات</u>، ل. ٩٥

ئەوەی کە هەرێمی کوردستان دەستووری هەمیشەیی نەبووە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە وێڕای هاوتەریبی دەسەڵاتی ینک و پدک لەتەك دەسەڵاتی بەعسدا، هەرێم لە ساڵی ١٩٩١-٢٠٠٣ وەك ئێستا بەشێك بووە لە عیراق و هاوکات وەك دەزانین چەندین پەیوەندی و مامەڵەی

جۆراوجـــۆر لەنێـــوان دەســـەڵاتە تەریبەکانـــدا هەبـــووە، هەر لە پێشلەشکرییەوە بگـرە تـا ڕێکەوتنـی بازرگـانی و شـتی تریـش، بـۆیە نەبوونی دەستوور زۆر لە ڕاستییەوە دوورە. چونکە لە ساڵی ١٩٩١-٢٠٠٣ لە هەرێمـی بە ڕواڵەت دابـڕاو و پـارێزراوی کوردسـتاندا لە فێـرگەوە بیگرە تا زیندان، بە پێی یاساکانی بەعس و دەستووری ڕژێمی بەعس و عیراق کاریان کردووە، وابزانم نموونەهێنانەوە پێویست ناکات.

هەروەهـا لە پـاش ڕوخـانی دەسـوتاقمەکەی (سـەدام)یشـەوە هەمـوو ئاڵوگۆڕێك کە لە چوارچێوەی عیراقدا ڕوویداوە و دەدات، بەشێکە لە ئاڵوگۆڕی سەرەکی لە سیستەم و دەسەڵاتی ناوەندیدا. کەواتە هەرێمی کوردستان لە هەردوو بارەکەدا لە سایەی دەستوورەکانی عیراقدا کـاری کـردووە و دەکـات و دەسـتووری هەبـووە و هەیەتـی. ئیـتر نـازانم ئەم شـێوەنە خەڵەتێنەرە بـۆ دەسـتووری هەرێـم، دەسـتوورێك کە بڕیـارە کۆیلەتی تاکی ژێردەستەی کورد بۆ سەروەرانی کورد مسۆگەر بکـات، لە پای چییە؟

ئەوەی کە دەسەڵاتداران یاسای زۆروبۆر دەردەکەن، بۆ مرۆڤی کەتواربین و وردبین ئاشکرایە، کە لێکدانەوەی یاساکانی عیراقن و شتێکی ناکۆك بـە یاسای عیراقـی فێـدراڵ-ئیسلامی و فێدراڵ-ناسیونالیستی ئەنجام نەداوە و ناشـتوانن ئەنجـام بـدەن، چـونکە پێکهـاتەی دەســەڵاتی بۆرجـوازیی عیـراق لەسـەر بنەمـای خێڵەکـی و ئایینیـی و نەتەوەیـی، تەواوگەری نەخشـە ئابوورییەکـانی بـازارئازاد و پلانـە ڕامیارییەکـانی نیئۆلیـــــبراڵیزم و دیمۆکراســـــییە جەنگییەکەی ئەمەریکـــــا و هاوپەیمانایيەتی و لەم ناوچەدا پێویستییان بە وەها مۆدێلێك هەیە.

<u>کەچـــی بەردەوام یاســـای گرنـــگ لەســـەر یاســـا بە زۆر دەردەکرێن، زۆرجـاریش بێئەوەی بخـرێتە بەردەم گفتوگـۆی ڕاسـتەوخۆو</u>

جیدی کۆمەڵانی خەڵکەوە. ل. ٩٥

جارێکی دیکە نووسەران، دەستەبژێری "ڕۆشنبیران" و ڕامیاران لەتەك خەڵك یەکسان دەکەنەوە، ئەگینا لە سایەی دەسەڵاتی بۆرجوازیدا لە هیچ کوێیەکی دونیادا یاساکان و دەستوور ناخرێنە بەردەم گفتوگۆی ڕاستەوخۆی خەڵك و بڕیاردانی ڕاستەخۆی خەڵك، تا دیمۆکراتی [بە دیاریهێنراوی دەم موشەکە ژیرەکانی ئەمەریکا]ی کوردستان بەو کارە هەڵسێت یا ڕۆژێك بیخاتە بەرنامەیەوە. بەلکو دەستەبژێرێکی دیاریکراو و هاوخوانی مشەخۆران لەو کارانەدا بواری بەشدارییان هەیە. لە سیستەمی پارلەمانیدا هیچ شتێك[بێجگە لە هەلبژاردنی خراپ لەناو خراپترین] ناخرێتە بەردەم گفتوگۆی ڕاستەخۆی خەڵك. گفتوگۆی ڕاستەوخۆی کۆمەلانی خەڵك لە سایەی سیستەمی نوێنەرایەتیدا بوختانە بۆ دیمۆکراسی بۆرجوازی!

با باسی یاسا نەکەین، تەنیا پرسیار لە شتێکی کاتی و هەڵخەڵەتێنەرانە بکەین، کە بەرنامەی هەڵبژاردنە، ئایا ئەو ئۆپۆزسیۆنەی کە نوسەران دەیانویست خەڵکی پێ خۆشخەیاڵ بکەن، بەرنامە و دروشم و پاگەندەکانی، کە بە داواکاری خەڵکی دەزانین، خستە بەردەم لێکۆڵینەوە و بڕیاردانی دەنگپێدەرانیانەوە نەك هەموو کۆمەڵگەی کوردستان؟ ئیتر ئەم خۆشباوەڕکردنە بە دەسەڵاتی بۆرجوازی و لەتوانادابوونی دەسەڵاتی باش لە پای چییە؟

دوا وشە
وەک لە سەرەتای ئەم نووسینەدا ئاماژەمان پێکرد ئەم هەوڵەی ئێمە هەوڵی دارشتنی بەرنامەیەکی سیاسی کۆنکرێت نییە، بەڵکو پێشنیارکردنی جیهانبینییەکی سیاسییە. ل. ١٠٠

بە پێچەوانەی ئەوەی نووسەران پاگەندەی دەکەن، ئەوەی ئەوان لە پەرتووکۆکەکەیاندا پێشنیاریانکردووە، نەك تەنیا بەرنامەیەکە لە چوارچێوەی جیهانبینی نیئۆلیبرالیزمدا، بەڵکو واوەتر لەوە بەرنامەیەکی پاگەندەیی کاتیی هەڵبژاردنە و بەس.

نووسەران لە بەشێکی تری جیهانبینییە ڕامیارییەکەیاندا باس لە ناڕامیارییبوون و ڕامیارینەکردنی خۆیان دەکەن. ئایا دەکرێت و ئاوەزپەسەندی دەکات، کە کەسانێك ڕامیار نەبن و ڕامیاری نەکەن، کەچی خەریکی داڕشتنی جیهانبینی ڕامیاریی بن؟!

ئەگەر پاگەندەکەی ئەوان دروست بێت و بە گریمانە لێیان وەربگرین، ئەوا داڕشتنی جیهانبینییەکی ڕامیاریی لەلایەن کەسانی ناڕامیار و دوور لە ڕامیارییەوە لە کاری ئەو جادوگەرە دەچێت، کە لە تەرسەقول چوکلێت دروست دەکات!

<u>دەزانین رەنگە لەسەر ئەم تێڕوانینانە بۆ جاری چەندەهەم بکەوینەوە بەر هێرشی ناوزڕاندنو بەخوێنکردنو تەشهیری دەزگای راگەیاندنی حیزبی.</u>ل. ١٠٠

بەپێچەوانەی چاوەڕوانی و خۆقەبەقەبەکردن، کارەکەیان نەبووە جێی سەرنج و قسەوباسی نووسەران و "ڕۆشنبیران"، هەرواش نەبووە جێی تانە و تەشەری دەسەڵاتداران و پارتەکان. چونکە یەکەم بە پێچەوانەی ئەوەی کە خۆیان پاگەندەی دەکەن، ئەوان بەرنامەیەکی ڕیکلامی سەردەمی هەڵبژاردنیان داڕشتووە و ئامانجەکەی لەخشتەبردنی خەڵکی بندەست و نۆژەنکردنەوەی خۆشباوەڕییە بە نەتەوەچییەتی و نیشتمان-هەمووانی و چاوەڕوانڕاگرتنی خەڵکی چەوساوە بە هاتنی میریی باش و ڕامیاری دڵسۆز و خۆشگوزەرانی لە سایەی "بەڕێوەبەرانی کاروبارە

ئابوورییە سەرەکییەکان" سەرمایەداران!

<u>هیوادارین ئەم هاوارەی ئێمە وەک زۆری دی نەبێتە هاواری ناو بیابانێکی چۆڵو هۆڵو کاکی بەکاکی</u>. ل. ١٠١

لێرەدا من دڵنیایان دەکەمەوە، کە لەبەر دوو هۆ نائومێد نەبن، یەکەم، بەرنامەکەیان لە کاتی خۆیدا بۆ قوتارکردنی بۆرجوازی لە ڕکوکینەی ستەملێکراوانی نەخوێندەوار، لەلایەن هەمان دەسەڵاتدارانی ئێستاوە سوودی لێ وەردەگیردرێت. دووەم، ئەوان ئایدیای ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و دادپەروەریخوازییان پێشنیار نەکردووە، تاکو تابوو بکرێت. بەڵکو ئەوان بە مامەخەمەییەوە بە دەسەڵاتداران دەڵێن بۆ پاراستنی سەروەری و دەسەڵاتی چینایەتیتان، پێویستە لەژێر دێوجامەی نەتەوە و نیشتمان و دێمۆکراسیدا ئەم کارانە بکەن، ئەگینا ڕۆژێك دێتە پێش، کە "مێگەل" و نەخوێندەوار [خۆیان واتەنی] وەك دەسەڵاتەکەی سەدام ڕاپێچتان دەکەن و "خۆتان قوربانی یەکەم دەبن"!

ئەگەر پەیام و وردەگیری نووسەران لە دوو ڕستەدا کورت بکەمەوە، ئەوا دەڵێن: میرایەتی ئێستا دەستەبژێرێکی لادێی و شاخی بەڕێوەی دەبەن و پێویستە بگەڕێنرێتەوە دەستی "ڕۆشنبیرانی" شار (واتە ژیران و خوێندەواران) ئەمە سەراپای پەیام و ڕەخنەکەیانە لە ١٨ ساڵ مشەخۆری و تاڵانکردنی کەرتە دەوڵەتییەکان لەلایەن دەسەلاتداران و کۆمپانیاکانیانەوە. تەنیا ئایدیایەك کە تازە خستوویانەتە ناو میدیای کوردی ئایدیای "نایەکسانی ڕەوا" و "نایەکسانی یاسایی"ە، کە ئەمەی دواییان هەردەم لە کۆمەڵگە چینایەتییەکاندا ئامادە بووە و هەیە، تەنیا جیاوازی ئەوەیە، کە هەردەم دەسەڵاتداران ئەو نایەکسانییەکان پیادەکردووە و ڕامیارەکان بۆ مانەوە و هەمیشەییکردنی تاکی چەوساوەیان پێ خۆشباوەڕکردووە. بەڵام بڕواناکەم و تا ئەو جێییەی کە

من شارەزاییم هەبێت، کەس وێرابێتی بەو بێپەردەییە قسە لە ڕەوایەتیدان بە نایەکسانی یاسایی بکات!

دوا وتە، بەداخەوە زۆرجار ناچار بە دووبارەکردنەوە و گەڕانەوە بۆ سەر بابەتەکان بووم، ئەویش لەبەرئەوەی کە نووسەران ئەو بابەتانەیان چەند بارە کردووەتەوە.هەروەها لەبەر کەمی کات و گیرۆدەیی بە کاروباری ڕۆژانەوە، بە دڵنیاییەوە نەمتوانیوە وەك پێویست هەموو لایەنەکانی شی بکەمەوە. بۆیە هیوادارم توانیبێتم پرسیار لەسەر ناڕۆشنییەکان دروست بکەم و لەم ڕەخنەدا سەرنجی خوێنەرانی هێژام بۆ گەڕان بە دوای وەڵامەکاندا ڕاکێشابێت. چونکە ئەرکی ڕەخنەگری ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ، پێشکەشکردنی وەڵامە پێشتر ئامادەکراوەکان یا دووبارەکردنەوە و گواستنەوەی وتەی ناو ڕەفەی پەرتووکخانەکان نییە، بەڵکو خەریککردنی خوێنەرە بە گەڕان بە دوای وەڵامە پەیپێنەبراوەکاندا.

پەراوێز:

[١]. "هەتیمچە" چێشتێکی هەژاران و بێسەرپەرشتانە کە لەناوچەی سنەدا باوە لە کۆمەڵێك کەرەستەی خواردەمەنی دروست دەکرێت، کە دەکرێت هەر یەکەیان سەربەخۆ بۆ خۆیان خواردن بن و چێژ و جۆری تایبەتییان هەبێت.

[٢]. "مێگەل" یەکێکە لەو داهێنانەی کە نووسەران لە سالانی ڕابوردوودا کردیانە شوناسی زۆرینەی خەڵك [نەخوێندەوار و ڕەشوڕوتی کۆمەڵ] و دەروێشەکانیان ڕۆژی هەزارجار وەك بنێشی هەڵبزرکاو دەیجوینەوە.

[٣]. پاشکۆکردنی واژەی "ئازاد" بۆ میدیایەك، کە گوایە پاشکۆی دەسەڵات و پارتەکان نییە، هەوڵێکی هەڵخەڵەتێنەرانەیە، چونکە میدیای ئازاد بە واتای مێدیای بێسانسوور و دەرگە ئاوەڵا بۆ هەمووان. بەڵام دەکرێت واژەی (سەربەخۆ) بەکار ببرێت، هەرچەندە هیچ کام لەو میدیایانە سەربەخۆ نین!

[٤]. "مرۆڤ ئەو بوونەوەرەی کە لە هوشیارییەوە، دڕندەیی ئەنجام دەدات"، سەردێری بابەتێکە دوو سێ ساڵ لەمەوبەر نووسیومە، لەبەرئەوەی بیرۆکەی بابەتەم لەلایەن هاوەڵێکمەوە لەسەری نووسرا و پێش بڵاوبوونەوەی بابەتەکەی من کەوت، هەرچەندەش لێکچوونی زۆر لەنێوان بابەتەکانماندا نییە، لەتەك ئەوەشدا بڵاوکردنەوەیم بۆ کاتێکی دی دواخست.

[٥]. لە هۆنراوەیەکی (بێرتۆلد برێشت) وەرگیراوە.

[٦]. سەرنج بدەنە پەرتووکەکەی جۆن پێرکینز، لە پێگەی ئینتەرنێتی نووسەردا هەم دەتوانن پەرتووکەکەی بەدەستبهێنن و هەم گفتوگۆ دۆکومێنرەییەکانی ببینن /http://www.johnperkins.org

[٧]. بۆنی نەوت، زاهیر باهیر
http://www.dengekan.info/dengekan/11/3682.html

[٨]. لە دەرەوەی ئێدن (Out of Eden)
http://wta.kurdblogger.com

[٩]. سەرنج بدەنە پەرتووکەکەی جۆن پێرکینز، کە خۆشبەختانە بەڕێز (ئاریان بابان) بە خوێنەری کوردی ناساندووە، لە پێگەی ئینتەرنێتی

نووسـەردا هەم دەتوانن پەرتـووكەكەی بەدەسـتبهێنن و هەم گفتوگـۆ دۆكومێنرەییەكانی ببینن http://www.johnperkins.org

[١٠]دیسمۆند توتو دەبێژێت "كاتێك كە مسیۆنێرەكان هاتنە ئەفریكا، ئەوان ئینجیلیان هەبوو و ئێمە زەوی. وتیان "ڕێمان بدەن پەرەستیاری بكەین." ئێمەش چاومان نوقاند. كاتێك چاومان كردەوە، ئینجیل هی بوو و زەوییەكانیش هی ئەوان.

When the missionaries came to Africa they had the Bible and we had the land. They said "Let us pray." We closed our eyes. When we opened them we had the Bible and they had the land.- Desmond Tutu, http://en.wikipedia.org/wiki/Desmond_Tutu

[١١]. ڕێـژەی هەژاری لـە ئاڵمـان: بەپێـی تـوێژینەوەی ئینسـتوتی تـوێژینەوەی ئابـووری ئاڵمـان (DIW) لـە فێـبریوەری 2010دا بەرزبوونەوەی هەژاری بە ڕادەی 11.5 ملیۆن كەس بەپێی داهاتیان لە خوار هێلی هەژارییەن، كە دەكاتە 14%ی دانیشتوانی ئاڵمان و لەچاو 10 ساڵ لەووبەر ڕادەی هەژاری بە ڕێژەی 4% زیادی كردووە. بەپێی تازەترین ئامارەكان 84 ملیۆن كەس واتە 17%ی دانیشتوانی ئەوروپا لەبەردەم مەترسی هەژاری دان. هەروەها بەپێی ئامارەكانی UNICEF لە ساڵی 2005دا كە لەسەر 26 وڵات ئەنجامیگیری كراون؛ لە سویسرا 6.8%، لە ئاڵمان و نەمسا 10.2%، لە یابان 14.3%، لە ئەمەریكا 21.9%ی منالان لە هەژاریدا دەژین.

[١٢]. [١٢] نەوشیروان موستەفا "كێشەیەكی ڕاستەقینە نییە بەناوی كێشەی ژنان، گەر هەبوایە هەموویان لەیەك ڕێكخراودا كۆئەبونەوە"،... "خنكانو سوتان چ پەیوەندییەكی بەتیرۆرەوە هەیە، هەر ئەوە ماوە ژن

بەدەردی خوا بمرێت بڵێن تیرۆرکراوە"، پەرتووکی (کێشەی ئافرەتان و بزووتنەوەی ژنان لەنێوان وەهم و واقعدا) ئامادەکردنی بەڕێز (سالار حەمە عەلی مستەفا).

# Çawpoşînêk le êsta
# Û
# Trajîdyayek bo sbey

**Nûsînî: Hejên**

Serincdandinêkî Rexneyye le Pertûkokey
"Nîgayek le êsta û Xewnêk bo sbey"î
Merîwan Wirya, Aras Fetah,
Bextyar Élî, Rêbîn Herdî

**Le Bllawkrawekanî Sekoy Enarkîstanî Kurdistan**

**Eprîlî 2011**